

ئەلێکساندر سێرگێیێڤیچ

# پووشکین

«ژیان و بەرهەمی شاکاری»

محەمەدی مەلاکەریم

لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە

# ئەلێکساندر سێرگێیێڤیج

# پووشکین

„ژیان و بەرهەمی شاکاری„

د. جمیل نصیف
لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە عەرەبی

محەمەدی مەلاکەریم
لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی

---

بەیارمەتیی « دەزگای لەچاپدان و بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی »
لەچاپدراوە

چاپخانەی « الحوادث » لە بەغدا

ئه • م • گۆرکی لەبارەی ئەدەبی ڕووسی‌یەوە نووسیویە ئەڵێ :
« ئەدەبی لاوی ئێمە لە مێژووی گەشەکردنی ئەدەبی ئەورووپایـدا دیاردەیەکی کەمیابە • من کە ئەڵێم لە ڕۆژاوادا هیچ ئەدەبێ پەیدانەبوە وەك ئەدەبی ئێمە وا گورج هاتبێتە سەر ڕووی کارو ئەوەندە بەهێز بێ‌و ، بلیمەتی‌یەکی مەزن‌و سەرسامکەری وەك ئەمەی ئێمە هەبێ ، تیشك بداتەوە – وەنەبێ لە ڕاستی لامدابێ •• تۆ لە ڕووسیا بەولاوە لە هیچ کوێ ئەوەت بەرچاو ناکەوێ لە ماوەیەکی وا کەمدا ، لە سەد ساڵ کەمتر ، ئەم هەموو ناوە مەزنانە سەر هەڵبدەن • بۆیە ئەدەبەکەی ئێمە مایەی شکۆو شانازیمانە • هێزو جوانیی ئەدەبی ڕووسی لە هەموو سووچێکی ئەم سەرزەمینەدا خەڵکی سەرسام‌و شیفتەی خۆی کردووەو ددان بە قیمەتیدا نراوە » (★) •

بلیمەتیی پووشکین لەئاستی سەرچاوەکانی ئەدەبی ڕووسیی نوێدا ئەگیرسێتەوە • پووشکین باپیرە گەورەی ئەدەبی ڕووسیی نوێ‌یەو ، ئەوکەسەیە کە زمانی ئەدەبیی ڕووسیی داهێناوە • کارە نەمرەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی ڕووس کەلەپووری مرۆڤایەتی‌یان بەپێزو پیت کردووە • خۆشەویستیی میللەتی ئازادی – دۆستی ڕووس‌و بلیمەتی‌و هێزی نەبەزی ئەم گەلە کاریان لە هەڵکەوتوویی پووشکیندا کردووە • پووشکین شاعیری خۆشەویستی لای دڵی لێنین بوو •

---

(★) ئە• م• گۆرکی : برێ وتاری ڕەخنەی ئەدەبی ، بنکەی بلاوکردنەوەی ئەدەبی هونەری ، مۆسکۆ ۱۹۳۷ ، ل ۵۷ ( بە ڕووسی ) •

# ( ١ )

ئەلێکساندر سێرگێیێڤیچ پووشکین لە ٦ی حوزەیرانی ١٧٩٩دا لە مۆسکۆ لەدایك بووە • سێرگێی لڤۆڤیچ پووشکینی باوکی ئەچێتەوە سەر بنەماڵەیەکی ڕەسەنزادەکان • ناوی باوك‌و باپیری پووشکینمان گەلێ جار بەسەر لاپەڕەکانی مێژووی ڕووسیاوە بەرچاو ئەکەوێ • پووشکین خۆی شانازیی بەوەوە کردووە کەوا تەنانەت لە گەلێ ڕووداوی مێژوویی ڕووسیادا «بنەماڵەی یاخیی پووشکین» مان دێتەڕێ • پووشکین ڕەچەڵەکی خۆی ئەباتەوە سەر ( ڕادشی ) کە ڕەسەنزادەیەك بووە شتی کەس نەکردەی ئەفسانەییی زۆری لێ ئەگێڕنەوەو لە سەردەمی ئەلێکساندر نێفسکیدا ژیاوە • نادێژدا ئۆسیپۆڤنای دایکیشی کوڕەزای گانیبالی « بەندەی پیۆتێری مەزن »ە کە پاشان لە سوپای ڕووسیادا بوو بە ژەنەڕاڵ •

باوك‌و دایکی پووشکین ئەچنەوە سەر کۆڕە پایەبڵندەکانی کۆمەڵەی ڕەسەنزادەکانی مۆسکۆ • سێرگێی لڤۆڤیچ پووشکینی باوکی کە قوتابیی ڕێبازی ڕووکەشانەی ڤۆلتێری (*) بووبوو ، پیاوێکی ڕۆشنبیر بووە ، بەڵام سەرچڵ‌و بەرەڵڵایش بووە ، بەتایبەتی هیچ گوێی بە کاروباری کشت‌و کاڵ‌و ژیانی ڕۆژانە نەداوە•ژنەکەیشی ڕابواردن‌و کات بەسەربردنی لە هەموو شتێ پێ باشتر بووە• بۆیە باوك‌و دایکی پووشکین کەوا بەم جۆرە خۆیان بە ژیانی کۆڕو کۆمەڵە پایەبڵندەکانەوە خەریك کردبوو، بایەخێکی ئەوەندەیان نەئەدا بە منداڵەکانیان کە تەنها سیانیان لێ پێگەیشتن : ئۆلگای کچیان کە لە هەر سێ منداڵەکە گەورەتر بوو ، لەگەڵ ئەلێکساندرو لێڤی

(*) ڤۆلتێر : ئەدیب‌و خاوەن بیری گاڵتەچیی بەناووبانگی فەرەنسە – وەرگێڕی عەرەبی •

کوڕی دووەمیان • منالەکانی تریان هەموو هەر بە منالی مردن • پەروەردەکردنی ئەم منالانە درابووە دەست لەلەی بێگانەو ئەم لەلانەیش زوو زوو ئەگۆڕان• ئەم لەلانە بیرەوەریی تاڵو سوێریان لە دڵو دەروونی پووشکیندا بەجێ‌هێشتووە • پووشکین لە قۆناغی ساوایی ژیانیدا تەنها دۆستی دوو کەس بووە : ئەرینا ڕۆدیۆنۆڤنای لەلەی کە ژنە لادێیی‌یەکی موڵکی خۆیان بووە حەزلێ‌کردنی شیعری میللیی خستووەتە دەروونی پووشکینی منالەوەو ، ماریا ئەلیکسێیێڤنا گانیبالگای نەنکی لە دایکەوە • لە بیرەوەری‌یەکانی منالیشی تەنها بیرەوەریی ئەو مانگانەی هاوینی ماونەتەوە کە لە دێکەی نەنکی لەنزیك مۆسکۆوە بەسەری ئەبردن • لە قۆناخی خوێندنی ( لیسێ ) یشدا ، بۆ خۆی ئەڵێ :

**گوندەکەی خۆمانم دێتەوە بەرچاو**
**گوندەکەی خۆمان ، زاخارۆڤۆ**
**کە بە خۆی‌و پەرژینە دارینەکانیەوە**
**وێنەیان بەسەر ڕووی ئاوێنەی ئاوەوە دیارە**
**ئاوی ڕووبارە بەشەپۆلەکە ••**
**کە پردێکی بەسەرەوەیەو ، شەپۆلی سایەدار ئەدا •**
**ماڵی خۆیشمان بەسەر گردەکەوە قنج بووەتەوە •**
**لە شانشینەکەیشیەوە ،**
**بۆ ناو باخچە ڕازاوەکەی گلۆر ئەبمەوە ••**

دیمەنەکانی ژیانی لادێ‌و ، ئەو ڕازو سەرگوزەشتانەی نەنکی‌و لەلەکەی بۆیان ئەگێڕانەوەو ، گەشتی بە شەقامە قەرەباڵغ‌و ڕازاوەکانی مۆسکۆدا لەگەڵ مام نیکیتا ، هەموو ئەمانە شوێن پەنجەی قووڵی خۆیان بە مێشکی پووشکینەوە بەجێ‌هێشتووە •

بنووسانی سەربەدەرەوەبووی وەك ن • م • کارامزین‌و ئی • ئی • دمیتریێف‌و ژووکۆڤسکیی لاو هەمیشە هات‌وچۆی ماڵی پووشکینیان ئەکرد • سێرگێی لڤۆڤیچی باوکیشی بۆرە حەزێکی لە ئەدەب بووە • شیعردانانیشی هەروا تاقی‌کردووەتەوە • ڤاسیلی لڤۆڤیچی برایشی ( مامی پووشکین ) لە سەردەمی خۆیدا شاعیرێکی دیار بووە• ئەو قسەو باسانەیش کە لەبارەی شیعرەوە لە ماڵی باوکی پووشکین ئەکران‌و ئەو شیعرانەی لەوێ ئەخوێنرانەوە ، بە ناچاری ئەبوو هەستی زانست دۆستیی پووشکینی لاو بۆ لای خۆیان ڕاکێشن•ئەمانە هەموو بوون بە یارمەتیدەری بزواندنی بەهرەی شاعیرێتی لە دەروونی پووشکیندا •

بەپێی قسەی براکەی پووشکین خۆی ، پووشکین هەر « لە سەرەتای بیرکردنەوەیەوە » حەز لە شیعری تێدا دیاری‌داوە ، تەنانەت لە هەشت ساڵیدا توانیویە هەندێ وردە کۆمێدیاو شیعری بەدگۆیی لەدژی مامۆستاکانی دانێ • پووشکین شەوگاری درێژی بە خوێندنەوەوە ئەبردە سەرو بۆ ئەم مەبەستە شەونخوونی‌یەکی زۆری ئەکێشا•بەدزی‌یەوە،دوور لە بەرچاوی دایك‌و باوك‌و کەس‌وکار ، لە ژوورەکەی باوکیدا دائەنیشت‌و یەك لەدوای یەك کتێبی موتالاّ ئەکرد • کتێبخانەکەی سێرگێی لڤۆڤیچ پڕ بوو لە بەرهەمی بنووسە ڕووس‌و فەرەنسەیی‌یەکان • پووشکین هەر بەمناڵی لە بەرهەمی شاعیرە ڕووسەکانی سەدەی هەژدەهەم‌و کارە کۆمێدیایی‌یەکانی مۆلیێرو بۆمارشێ‌و هەروەها دانراوەکانی ڤۆلتێرو ڕووناك‌بیرەکانی‌تری سەدەی هەژدەهەم ئاگادار بووبوو • لە یادداشتەکانی، ئۆلگا سێرگێیێڤنای خوشکیدا نووسراوە کەوا « پووشکین زۆر حەزی لە خوێندنەوەی بابەتە بیۆگرافیایی‌یەکانی ناو مێژووی پلووتارخ‌و هەروەها لە خوێندنەوەی ئیلیازەو ئۆدیسسە ئەکرد » •

لە هاوینی ١٨١١دا ڤاسیلی لڤۆڤیچ پووشکینی برازای لەگەڵ خۆی برد بۆ پێتێربوورگ لـە قوتابخانەی لیسێ بینێتە بـەر خوێندن . ئـەو قوتابخانەیە لە تسارسکۆیێ‌سێلۆ کرابووەو بەنیـازی ئەوە دانرابوو کە بەتایبەتی بۆ منالی ڕەسەنزادەکان بێ . لە سایەی یارمەتی‌و پشتگیریی ئە . ئی . توورگێنێڤی زۆر بەدەسەڵات‌و دۆستی سێرگێی لڤۆڤیچەوە ، پووشکین لەم قوتابخانەیەدا وەرگیرا . لە ٩ی ئۆکتۆبەری ئـەو ساڵەدا ئاهەنگی کرانەوەی لیسێکە گێڕرا .

ماوەی خوێندن لەو لیسێ‌یەدا شەش ساڵ بوو . لەو شەش ساڵەدا قوتابی خوێندنێکی گشتی‌و تەواوو یەکجاریی‌وای ئەخـوێند کە لەئاسـتی خوێندنی زانکۆدا بێ . هەر بۆیەیش پرۆگرامی خوێندنەکە پـڕ بوو لە بابەتی جۆربەجۆر ، بەڵام شێوەی دەرزوتنەوەی تێدا زۆر قووڵ نەبوو .

لەگەڵ ئەوەیشا لیسـێکە ، بە پێ‌ودانـی ئـەوڕۆژە ، دەزگایەکی بـەرزی پێ‌خوێنـدن بوو . پرۆفیسـۆر کۆشانسـکی مامۆستای زمانـی ڕووسیی‌و ئـەدەبو ، گالیچی لاوی فەلسەفـەزان کە سەردەمێـکیش جێگای کۆشانسکیی گرتەوەو زۆر جاریش لەگەڵ قوتابی‌یەکانی لەبارەی بابەتەکانی جوانی‌ناسی‌یەوە گفتوگۆی ئـەکردو ، بوودریی فەرەنسەیی برای مارا کە کۆچی‌کردبوو و هاتبووە ڕووسیا ، لە ڕیزی مامۆستاکانی ئەم لیسێ‌یەدا بوون . هەروا یەکێ لەو مامۆستایانەی ئەم لیسێ‌یە کـە کارێکی زۆریان کردە مێشـکی قوتابی‌یەکان ، کوونیتسینی مامۆسـتای زانستە سیاسی‌یەکان بوو کە زۆر بەهرەمەند بوو و بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسەی دواساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمی خستە مێشکی قوتابی‌یەکانیەوە. پووشـکین لە یەکـێ لە چەکامەکانیدا کە بـۆ بیرەوەریی دامەزراندنی لیسێکەی داناوە ، ئەڵێ :

خۆشەویستیی کوونیتسین لە ناخی دڵەوە هەڵقوڵاوە
ئەو بوو پێی گەیاندین ...
ئەو بوو گڕی دەروونمانی خۆش ئەکرد
بەردی بناغە ئەو داینا
ئەو بوو گڕی لە چرای پیرۆز هەڵگیرساند ..

پووشکین لە خوێندندا زۆر وچانەگرو بوردەبار نەبوو . بەڕێوەبەرایەتیی لیسێکەیش بە چاوێکی مۆڕو دوژمنانە ئەیڕوانییە ئەو ، چونکە قوتابی یەکی بوێرو سەربەستو چاونەترس بوو ، بەڵام مامۆستاکانی زۆریان هەستیان بە « بەهرەی مەزنی » کردبوو .

قوتابی یەکانی لیسێکە زۆرتر بایەخیان بە ئەدەب ئەدا . ئەمانە چەند گۆڤاری دەستنووسی ( وەك « لیتسێیسکی موودرێتس = زانای لیسێ » و هیی تر ) یان بلاوئەکردەوە . زۆریشیان شیعروتنیان تاقی کردووەتەوە . هەرچی پووشکینیشە ، ئەوە بە لووتکەی ژیانی ئەقڵیی لیسێکەوە بوو . بە زیرەکیو بیرتیژیو ئاگاداریی زۆریو بەتایبەتی بە بەهرەی شیعر وتنی ، بووبوو بە مایەی سەر سووڕمانی هاوڕێکانی . دۆستە هەرە نزیکەکانی ، پووشینو دێلفیگو کیوخێلبێکێر بوون ، کە ئەم دوانەی دوایی یان شاعیر بوون . دێلفیگ لە نامەیەکیدا کە بە شیعر بۆ یەکێ لە دۆستانی خۆیی نووسیوە ، وەك بڵێی پێشبینیی دواڕۆژ ئەکا ، بلیمەتیی پووشکین هەڵئەسەنگێنێو ئەڵێ :

ئای لە پووشکین ! تەنانەت دارستانیش پێی ناشارڕێتەوە
شمشاڵ بە ئاوازی زوڵاڵی خۆی خەبەری لێ ئەدا
پووشکین ئەپۆللۆیەو لەسەر تەختی ئۆلیمپ دانیشتووە
ئەو کە خۆی سەرەنجام ئەڕوا ، دڵی خواژنی نەمریی بردووە

لەو سەردەمەدا کە پووشکین لە لیسێکە ئەیخوێند ، گەلێ ڕووداوی گەورە گـەورەی مێژوویی ڕوویـانـدا • لە یادداشـتەکانـی پووشکیندا نووسراوە : « سـەردەمی ژیانمـان لە لیسێ لەگەڵ چەرخـی سیاسـیی ڕووسیای نیشتمانماندا بەیەکداچووبوون • زریانەکەی ۱۸۱۲ خەریك بوو هەڵی ئەکرد • ئەو ڕووداوانە کارێکی توندوتیژیان کردە مناڵیی ئێمە • کە جەنگ دەستی پێ کرد هەموو ڕۆژێکی یەکشەممموو یەکێکمان ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیی ئەهێناو کۆشانسکی بە دەنگێکی بەرز لە هۆڵی قوتابخانەکەدا بۆی ئەخوێندینەوە • هەرچەند قوتابی‌یەکان دەستیان بەتـاڵ بووبێ ، هۆڵـی ڕۆژنامە تێدا خوێندنەوەی لیسێکە ڕۆژنامە خوێنـەوەی تێـدا بووە • لـە پشووی نێوان دەرزەکانیشـدا ئـەو دەنـگ‌وباسی بـۆگەن‌بوونی وەزع و زەبروزەنگ و قسەو قسەڵـۆکە نەبڕاوانەمـان ئەخوێنـدەوە کە گۆڤـارە ڕووسی و بێگانەکـان بڵاویان ئەکردنەوە • زۆر جار وائەبوو قوتابی‌یەکانی لیسێکە دەرزەکەیان بەجێ ئەهێشت و ئەچوون بـۆ بەڕێ کردنی ئەو تیپـە لەشکرانەی بە تسارسکۆیێ سێلۆدا ئەڕۆیشتن بۆ مەیدانی شەڕ» • پووشکین پاشان لە یادداشتەکانیدا ئەڵێ : « بەخیلی بەوانە ئەبەم کـە بەلای ئێمەدا تێپـەڕئەبوون ئەڕۆیشـتن بۆ بەرەوڕوووەستانی مـەرگ » • هـەستی خۆشەویستیی نیشتمان بزووتبوەوەو بایەخدان بە بابەتەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بووبوو •

بەهۆی چاوبەیەك کەوتنی ناوبەنـاوی قوتابی‌یەکانی لیسێکەو ئـەو ئەفسـەرە پێشکەوتنخوازانـەی تیپی سـوارەوە کە لـە تسارسکۆیێ سێلۆ خستبووی ، قوتابی‌یەکان ئاگاداری دەنگ‌وباسی سیاسی و ئەدەبیاتی قەدەغە ئەبوون • لەو سەردەمەدا لیسێکە بەوە ناوی دەرکردبوو کەوا مەڵبەندی

بیری ئازادە • لە ڕاپۆرتێکی دووزمانیدا کە بولگارین (*) لەوەپاش پێشکەشی تسار نیکۆلای یەکەمی کردووە لەدژی لیسێکە ، وتراوە « بیری لیبرالی کەوا لە جیهاندا بووە بە باو ، خەریکە مێشکی قوتابی‌یانی ئەم لیسێ‌یە پڕ ئەکا » • ئێستا وای لێ‌هاتووە سەرلێدانی قوتابی‌یە لاوەکان لە لیسێکەیاندا بووە بە شتێکی عادەتی‌و قوتابی‌یەکان لەناو لیسێکەدا هەموو جۆرە کتێبێکی قەدەغە ئەخوێننەوەو ، تەنانەت قوتابخانەکە ئەرخیفێکی هەموو جۆرە دەسنووسێکی (**) تێدایە »• ئەم خەفیەیە لە ڕیزی قسەکانیدا لەبارەی « بڵاوبوونەوەی گیانی لیسێکە » وە ئەڵێ : « قسەو باس‌و خۆخەریک‌کردنی زوربەی قوتابی‌یەکانی لیسێکە شێوەیەکی سیاسیی وەرگرتووە » و «زۆرجار وابووە لاوەکان مامۆستاکانیان بە پرسیاری یەك لەدوای یەکی‌وا بەگیرهێناوە کە لە نامیلکە سیاسی‌یەکان‌و کتێبە قەدەغەکان وەرگیراون‌و ، زۆر ڕێی تێ ئەچێ – کابرای خەفیە نووسیویە – ئەو کۆمەڵە نهێنی‌یەی لە ساڵی ١٨١٦دا دامەزرا کارێکی زۆرو بەدەسەنقەستی کردبێتە قوتابی‌یەکان » •

شەڕی ١٨١٢ هەستێکی قووڵی نیشتمان‌پەروەریی لە دڵ‌و دەروونی پووشکیندا بێدارکردەوە • ڕزگارکردنی ئەورووپای ڕۆژاوا لە دەسەڵاتی ناپلیۆن لەلایەن سوپای ڕووسەوەو هەروەها گەڕانەوەی تیپە

(*) ڕۆژنامەنووس‌و بنووسێکی ڕووسە ، لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەك پۆلۆنیایی‌یە • لە ١٧٨٩ دا هاتووەتە دنیاوەو لە ١٨٥٩ دا مردووە• خامەکەی خۆی بۆ خزمەت‌کردنی ڕژێمی تسار تەرخان‌کردبوو – **وەرگێڕی عەرەبی •**

(**) مەبەستی لە دەسنووسی ئەو کتێبە ئەدەبی‌و سیاسی‌یانەیە کە ڕۆشنبیرە ئازادەکان لەناو خۆیاندا بەدزی‌یەوە ئەیاندان بە یەکترو، لەبەر بابەتە نیشتمان‌پەروەرانەو پێشکەوتخوازانەکەیان کە لەگەڵ خواست‌و ئارەزووی دەوڵەت یەك نەئەکەوت ، لەتوانادا نەبوو لەچاپ‌بدرێن – **وەرگێڕی عەرەبی •**

سەرکەوتووەکانی سوپای ڕووس بۆ نیشتمان ، لەو شیعرانەی پووشکیندا ڕەنگیان داوەتەوە کە لە لیسێکە بووە داینـاون ، وەك لـە چەکامـەی « بیرەوەری یەکانی تسارسکۆییێ سیلۆ »و لە چەکامەی « ناپلیۆن لە ئیلبا »و لە چەند چەکامەی تردا • ئا لەم ماوەیەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی بەدەرەتانی پووشکیندا ، حەزی لە بیری ئازاد بەئاشکرا دیاری ئەدا •

کتێبەکانی ڕادیشێڤو پێشەنگەکانی بیری ڕووناکی فەرەنسەی سەدەی هەژدەهەم کارێکی زۆریـان کردووەتـە گەشەکردنـی بـیری ئازاد لـە پووشکیندا لە سەردەمی لاویدا • پووشکین هەر بە گەنجی کە هێشتا لـە لیسێ ئەیخوێند ، خۆی لە قەرەی پ • یا • چادایێڤی ئەفسەری تیپی سوارە دا کەوا پاشان بوو بە یەکێ لە ئەندامانی کۆمەڵەیەکی سیاسیی نهێنی • گفتوگۆی پووشکین لەگەڵ چادایێڤ کە مرۆیەکی کولتووربالاو بیرتایبەتی بوو ، بوو بە مایەی بەپێزتر بوونی جیهانی گیانیی پووشکینو ئاسۆی لە سیاسەت گەیشتنی بەدەرەتان کرد•پووشکین لە چەکامەی «بۆ لیتسینی»دا کە وێنەی ڕووخانی ڕۆمای کۆنی تێدا ئەکێشێ ، شانو شکۆیەکی زۆر ئەدا بە ئازادیی هاونیشتمانو ، بە بنەمای گەشەکردنی دەوڵەتو شکۆی دەوڵەتی دائەنـێ • ئـەم چەکامەیە ئیشارەتـی زۆری بـۆ باری سـیاسیی ئەوڕۆژەی ڕووسیا تێدایە•سەرەتای شیعری پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەریی پووشکین لەم چەکامەیەوە دەست پێ ئەکا کە سیمای شیعری لیریکی سیاسیی لەوەپاشی دیسەمبەری یەکانی (*) پێـوە دیارە • پووشکین لە یەکێ لـە

---

(*) دیسەمبەری یەکان ، یا دیکابری یەکان ، بە بەشدارانی ڕاپەڕینەکەی ١٤ ی کانوونی یەکەم ( دیسەمبەر ) ی ١٨٢٥ ئەڵێن کە هەندێ لە ئەفسەرە ڕەسەنزادەکان پاش چوونەسەرتەختی نیکـۆلای یەکـەم کردیان ، بەڵام سەرنەکەوتو سـەرکردەکانی تیرباران کـرانو ، گەلێکیش لەوانەی تێیدا بەشداربوون دوورخرانەوە ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

بڕگەکانی چیرۆکەشیعری ناتەواوی «بۆڤا»یشدا هێزی خۆی لە مەیدانی بەدگۆیی سیاسییشدا تاقی کردووەتەوە . لە ساڵەکانی خوێندنیشیدا لە لیسێ دەمارێکی بێخوایی دژ بە سیستێمی ئیکلیرۆسیی تێدا دەرئەکەوێ کە لە چیرۆکەشیعری «ڕەبەن»و ڕیزە چەکامەیەکی تریشدا دیاری ئەدا .

ئەو شیعرانەی پووشکین کە لە قۆناغی لیسێدا دایناون پڕن لە حەزی سەربەخۆییو لە شکۆیێ بەخشینی بەختەوەریی ژین . خۆشیو دۆستی ، زوربەی بابەتەکانی ئەم شیعرانە پێکدێنن . بیری وەك شارستانەتیو هونەرو شاکارنووسییش هەروەها لە شیعرەکانی قۆناخی لیسێی پووشکیندا ڕەنگیان داوەتەوە . هەستی بەختەوەری ، شانبەشانی هەستی پووشکین بە شاعیرێتیی خۆی ، پێکەوە ڕێ ئەکەن . پووشکین هەروەها باوەڕیشی بە پەیامی خۆی — وەك هونەرمەندێك — هەیە . س . کۆمۆفسکیی هاوڕێی بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا پووشکین نەك هەر لە کاتەکانی حەسانەوەی نێوان دەرزەکانی ناو هۆڵی حەسانەوە یا هەر لە کاتەکانی گەڕانو پیاسەدا، بەڵکو تەنانەت لەناو پۆلی دەرز خوێندنو لە کڵێسەیشدا ئیلهامی شیعری بەبیردا ئەهات ، دەس بەجێ ئەتدی ڕووی بە شێوەیەکی ناعادەتی گرژ کردووە یا زەردەخەنەیەکی گەش — بەگوێرەی ئەو بیرەی لەوکاتەدا بە خەیاڵیدا ئەهات — بە ڕوویەوە دیارە . ئیتر گورج بیرەکەی خۆی هەڵئەڕشتە سەر قاقەزو هەر کە لێ ئەبووەوە لە کونجێکی پەڕی ژوورەکەدا گۆشەگیر ئەبوو . ئەوەی نووسیبووی بۆ خۆیی ئەخوێندەوەو ئارامو ئۆقرەی لێ ئەبڕا ، نووکی خامەکەی بە ددان ئەکرۆشتو ڕووی گرژ ئەبوو ، سەرنجی ئاگری لێ ئەبووەوە .

لە کەڵێنی بابەتە بایەخ پێدراوەکانی ئەدەبی سەردەمی لاوێتیو زانگرتنی شاکارنووسیی ئەو ماوەیەی پووشکینەوە ، دەنگدانەوەی گەلێ

لە بیرە پێشکەوتنخوازەکانی شیعری ڕووسیو شیعری ئەورووپای ڕۆژاوای دوادوایییەکانی سەدەی هەژدەهەم ئەکەوێتە پێشچاو • شیعرە دڵداری بابەتو تێپیکوورانە مۆتیفەکانی باتیووشکۆفو ، شیعرە لیریکییە بەرزفڕەکانی ژووکۆفسکیو ، ئاوازی سەرخۆشکەرو گۆرانییەکانی سەر مێزی شاعیری پارتیزان دێنیس داڤیدۆف ، ئەمانە هەموو کارێکی ئاشکرایان کردووەتە شیعری قۆناخی لیسێی پووشکین • پووشکین خۆیشی ئەمانە وا ناوئەبا کە مامۆستای شیعرینی ، بەڵام کە هێشتایش لە لیسێ ئەیخوێند ، هەوڵی ئەوەی بوو ڕێگای تایبەتیی خۆی ببڕێ ، چونکە هەرچی دەسکەوتی ئەدەبی هاوچەرخ هەبوو هەمووی وەرگرتبوو و هەڵیمشتبوو • پووشکین نەیئەویست بەدوای دێرژاڤیندا بفڕێ ، وەك چۆن بابەتە سۆفییانەکانی ژووکۆفسکیو ڕێبازی سۆزپەروەرانەی کارامزینیشی پێ نامۆ بوو • پووشکین ئەوەی لە شیعر ئەوێ ڕاستی بخاتە بەرچاوو بگاتە زمانی بێهەڵەو وێنەی هەستپێکراو • ئەو وەسفە وردو نیازدەربڕە تایبەتییانەی هاوڕێکانی لیسێی پووشکین کە لە گۆشەو پەنای چەکامەکانیدا پرژو بڵاو بوونەتەوە ، وەسفی بەڕاستی جوانو بەتامن • لە ڕیزە چەکامەی « نامەیەك بۆ یوودین »و « خەو »و « ئارەزوو »دا گەلێ وێنەی ڕیالیستانەی سروشتو ژیانی ڕۆژانەمان بەرچاو ئەکەوێ کە دواڕۆژی پووشکینیان وەك شاعیرێکی ژیانی ڕیالیستی پێوە دیارئەدا •

پووشکین بە ئاستی شیعری لیریكو چیرۆکەشیعرەوە نەوەستا • لە ساڵی ١٨١٥دا دەستیدایە نووسینی داستانێکی فەلسەفەییانە • پاش ئەوەیش دەستیدایە نووسینی کۆمێدیایەکی گەورە بە شیعر بە ناوونیشانی فەیلەسووف » • بەداخەوە ئێمە هیچکام لەم کارانەیمان دەسگیر نەبوە •

یەکەمین کاری پووشکین کە لە ڕۆژنامەدا بڵاوبووبێتەوە ، چەکامەی

«بۆ دۆستێکی شیعر داهێن» بوو کە لە ساڵی ١٨١٤دا لە گۆڤاری «ڤێستنیك یێڤرۆپی = مژدەدەری ئەورووپا »دا بڵاوکراوەتەوە • پووشکین زۆر زوو بوو بە شـاعیری دانپیانراوی یەکەمی نـاو قوتابییەکانی لیسێکەی •

لە ئەزموونی سـاڵی ١٨١٥ دا کە چەکامـەی « بیرەوەرییەکانی تسارسکۆیێ‌سێلۆ »ی خوێندەوە ، دێرژاڤینی – کە لە ڕیزی میوانەکاندا دانیشتبوو – بەو چەکامەیە سەرسام کرد • پووشکین خۆی لەبارەی ئـەم ڕووداوەوە ئەڵێ : « هەر کە زانیمان دێرژاڤین دێ بۆ لامـان ، هـەموو تێکچووین‌و سامانلێ‌نیشت • دێرژاڤین پیرێکی بەساڵاچوو بوو ، بەرگی ڕەسمیی لەبەردابوو ، جزمەیەکی مەخمەلی لەپێ‌کردبوو • ئەزموونەکەی تیمە زۆری ماندوو کردبوو • دانیشتبوو • سەری دادابووە سەر بەری دەستی • لە سیمایدا هیـچ بەدی‌نەئەکرا • چـاوەکانی وەك تـەمومژیان بەسەرەوە بێ وابوون‌و، لێوەکانی شۆڕبووبوونەوە• ئەو بەمجۆرە مایەوە• هەر خەیاڵ ئەیبردەوە تا ئەزموونی ئەدەبی ڕووسی دەستی‌پێ‌کرد • لەپڕ بووژایەوەو هاتەوە بەخۆیداو چاوەکانی کەوتنەوە بریسکەدان • بەتەواوی یەکێکی‌تری لێ دەرچوو • شتێکی لەجێی‌خۆ بوو شیعرەکانی بخوێنرێنەوەو چەکامـەکانی شی‌بـکرێنەوەو سەرومـڕ بەشان‌وباڵیـدا هەڵبـدرێ • بـە بزێوییەکی بێ‌هاوتاوە گوێی بۆ هەموو ئەمە شل‌کردبوو • منیش چەکامەی « بیرەوەرییەکانی تسارسکۆیێ‌سێلۆ »ی خۆمم بۆ خوێندەوە • دوو هەنگاو دوور لێیەوە وەستابووم • ناتوانم باسی باری دەروونیی خۆم بکەم • کاتێ گەیشتمە بەیتی پێنجەمی کە ناوی دێرژاڤینم تێدا هێناوە ، دەنگە لاوەکەم دایە زرنـگە •• ئەوەندە گەرم داهاتبووم مەست بووبووم • دڵـم کەوتـە تەپەتەپ •• نازانم چەکامەکەم چۆن تەواو کرد •• نایشزانم پاشان بۆکوێ هەڵاتم •• دێرژاڤینیش بە چڵەپۆپەی شادمانییەوە بوو • داوای کردبووم

بجمه بەردەستی • ویستبووی دەست بکاتە ملم • گەڕابوون بەدوامدا ، بەڵام گەڕانەکەیان بێهوودە بوو نەیاندۆزیمەوە •

ناووبانگی پووشکین لە چوار دیواری لیسێکە چووبووە دەرەوە •• ئەوەتە ژووکۆڤسکیی شاعیر چەکامەکانی خۆیی بەدیاری پێشکەش ئەکا • ئەویش خۆی لە باتیووشکۆڤ و ڤیازێمسکیی شاعیر نزیك ئەخاتەوە • لە ١٨١٦یشدا دەست ئەکا بە سەرلێدانی سەرەمڕی ن • م • کارامزین کە هاوینەکەی لە تسارسکۆیێ سێلۆ بەسەرئەبرد • لەو سەردەمەدا لە کۆڕە ئەدەبی یەکانی پایتەختدا کێشەیەکی توندو تیژ لەنێوان لایەنگرانـــی کارامزین و ژووکۆڤسکی لەسەرێکەوەو لایەنگرانی قانوونە ستاتیکی یەکانی سەدەی هەژدەهەمدا لە سەرێکی ترەوە - کە ئەندامی کۆمەڵەی دەمەتەقێی دۆستانی زمانی ڕووسی » بوون - دەستی پێ کردبوو •

لایەنگرەکانی کارامزین کە لە ساڵی ١٨١٥دا کۆمەڵەیەکی ئەدەبی یان بەناوی ( ئەرزاماس ) پێکەوەنابوو ، کەوتنە تێکۆشـان لەدژی ڕێبازی کات بەسەرچووی کلاسیکی و توانی یان ئـەدەب لە ژیـان نزیك خەنەوەو زمانی ئەدەبیی ڕووسی لە شێوە سلاڤیانی یە کلیشەیی یەکان خاوێن کەنەوەو پشت بە زمانی ژیـانی ڕۆژانـە نوێ کەنەوە • پووشکین یەکێ بوو لە لایەنگرەکانی ئەو کۆمەڵە • پووشکین لە ژیانی قوتابخانـە زۆر بێزار بوو و حەزی لە ژیانی پێتێربوورگ ئەکردو ئارەزووی لە بەشداربوونی کێشە ئەدەبی یەکان زۆر بوو • لە مارتی ١٨١٦دا بۆ پ • ئە • ڤیازێمسکیی تازە برادەری نووسی : « هەرگیز تا ئەمڕۆ ئەوەندەی ئێستا لیسێم لـە بەرچاو قووس نەبوە • بەڕاستی مایەی شەرمەزاری یە مرۆیەکی لاو لـە شوێنێکدا ڕابگیرێ و نەهێڵرێ لە ڕابواردنێکی خاوێنی وەك بۆ سەرقەبران بردنـی خوالێ خۆش بوو ئەکادێمیاو دەمەتەقێ لەگـەڵ کردنی زمانـی

ڕووسی - کوژەکاندا (*) بەشداری بکا » • پووشکین لە زۆر لەو چەکامانەیدا کە لە لیسێکە دایناون ، گاڵتە بە لایەنگرانی « دەمەتەقێی زمانی ڕووسی - دۆستەکان » ئەکا • سەرەنجام پووشکین ئەبێ بە ئەندامی « ئەرزاماس » و نازناوی «سقێرچۆك»ی (**) ئەدرێتێ کە نیشانەی گیانی دۆستایەتیو ڕووخۆشی‌یە • بەپێی شایەتیی ف • ڤیگێلی ئەدیب،ئەندامانی ئەرزاماس بەو چاوە ئەیانڕوانی‌یە خوێندن تەواوکردنی پووشکینی لاو کە بەش‌بەحاڵی ئەوان ڕووداوێکی زۆر خۆش بێ‌و ، بە سەرکەوتنی خۆیانیان دائەنا •

لە سەرەتای تەمووزی ۱۸۱۷دا ئاهەنگی دەرچوونی قوتابیانی لیسێکە بەرپا کرا • پووشکین لە ماڵاوایی‌لێ‌کردنی هاوڕێکانی لیسێ‌و لیسێکە خۆیدا کە هەمیشە یادی لای دڵی هەر ئازیز بووە ، نووسیویە ئەڵێ :

**لە هەرکوێ‌یەك بم ، لەناو کڵپەی ئاگر یا لە جەنگی مەرگدا ،**
**یا لەسەر لێوارە ئارامەکانی ڕووبارە خۆشەویستەکان ،**
**وەفای برایەتیی پیرۆز لەیادناکەم**

★ ● ★

پووشکین لە سەرەتادا ئەیویست بچێتە ناو ڕیزی سوپاوە تا وەك پ • یا • چادایێڤی برادەری ببێ بە یەکێ لە ئەفسەرانی سوارە • بەڵام مێرگیی لڤۆڤیچی باوکی دژی ئەم ئارەزووەی وەستا • بۆیە هەر کە خوێندنی ئامادەکاریی لە لیسێکە تەواوکرد ، لە وەزارەتی دەرەوە

(*) دیارە پووشکین کە لێرەدا « زمانی ڕووسی - دۆستەکان » ئەکا بە « زمانی ڕووسی - کوژەکان » ، مەبەستی گاڵتەکردنە بە خاوەنانی ئەو کۆمەڵە - **وەرگێڕی عەرەبی** •

(**) سیسرك - **وەرگێڕی عەرەبی** •

دامەزرێنرا • پووشکین لە پارچەیەکی بیووگرافیایەکی خۆیدا کە ساڵی ١٨٢٤ نووسیویە ، ئەڵێ : « هەر کە لیسێم تەواوکرد دەستبەجێ چووم بۆ گوندەکەی دایکم لە ناوچەی پسکۆڤ • ئێستایش لەیادمە چەند بەو ژیانەی لادێو بە گەرماوی ڕووسیو بە شاتووە فەرەنگیو بە شتەکانی کە شادمان بووم • بەڵام ئەو کارەی ئەم شتانە کردیانە دەروونم زۆری نەخایاند • من پێشانیش حەزم لە هەراوزەناو ناو خەڵك بووەو ئێستایش هەر حەزم لێیە » • لە سەرەتای پایزی هەمان ساڵدا پووشکین ئەگەڕێتەوە بۆ پێتێربوورگ • ئیتر بەو هەموو کەفوکوڵەی دەروونیەوە جڵەوی خۆی بۆ ژیانی جەنجاڵو پڕ لە هەراوزەناو ڕابواردنی پێتێربوورگ شل ئەکاو بەوە جێگای ژیانی ڕەبەنیو سۆفیەتیی ماوەی لیسێکەی پڕئەکاتەوە • لە قسەی براکەیەوە دەرئەکەوێ کەوا « پووشکین پاش بەجێهێشتنی لیسێکەی ، چەند سەربەستیو لاویی خۆی هەبوە هەمووی خستووەتە کار • کەرەتێك ژیانی کۆڕو کۆمەڵە باڵاکانو ، کەرەتێکی تر ئاهەنگە پڕ هەراوزەناکانو ، لە سەرێکی تریشەوە فڕوفێڵو ڕازو نیازی پشتپەردەکان بەلای خۆیاندا ڕایانئەکێشا • شێتانەو بە تینوویەتییەکی تەواوەوە جڵەوی خۆی بۆ ڕابواردن شل ئەکا • بازنەی پێوەندو دۆستو ناسیاوانی پووشکین لەڕادەبەدەر بەدەرەتانو هەمەڕەنگە بووە • لێرەوە بوو لەگەڵ ژووکۆفسکی بوون بە برادەرو ئەم برادەرییەیان تا دوا هەناسەی ژیان پشتی پێ هەڵنەکرد » • سەرلێدانی شانۆو ئاهەنگە گەورەکانی سەماو کۆڕو کۆمەڵی دۆستو برادەرانو باسو خواسی دڵداری کاتێکی زۆری پووشکینیان ئەگرتەوە • لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو بە ژیانی ئەریستۆکراتییانەی کۆڕە باڵاکان هەڵنەخەڵەتا • کۆڕە باڵاکانی پێتێربوورگ ، بە بیری پووشکین ، « کۆڕی وشكو برنگو ساردو سڕنو ، ئەبێ ئەقڵ بە نەبەدڵی خۆی تێیاندا بێدەنگ بێ •

هەموان بەدەست دڵی لە سۆزی گەرم خاڵی‌یەوە ئەناڵێنن‌و لە دەبەنگیدا چون‌یەکن » و نامەردان ڕێزیان تێدا لێ ئەگیرێ » • پووشکین « گفتوگۆی سەرمێز » ی لەگەڵ برادەران « کە ئەقڵی تێدا دێتەکوڵ‌و ئازادیی بیری تێدا ئەخرێتەکار » ، زۆر لەم جۆرە کۆڕو کۆمەڵانە لا پێ باشتر بوو •

وەنەبێ ساڵانی ژیانی پاش لیسێی پووشکین ( ١٨١٧ - ١٨٢٦ ) کە لە پێتێربوورگ بەسەری‌بردن ، تەنها ساڵانی ڕابواردن‌و کاری هیچ‌وپووچ‌و بێهوودە بووبن‌و بەس ، ماوەی گەشەکردنی بەپەلەی گیانیشی بوون • ئەو بارە کۆمەڵایەتی‌یەی کە لە دوادوایی گرێی یەکەمی سەدەی ڕابوردوودا پێکهات ، ڕێی بۆ ئەوە خۆش‌کرد •

شەڕی ساڵی ١٨١٢ و هێرشی سوپایی پاش ئەم جەنگەی لەشکری ڕووس بۆسەر دەرەوە ، هۆشیاریی سیاسی‌و نیشتمانیی زۆر لە ڕۆڵەکانی گەلی ڕووسیان بێدارکردەوە کە خۆیان لە گێژاوی گەلێ ڕووداوی مێژوویی قەبەدا دی‌یەوە • ئەلێکساندر بێستووژێڤ کە یەکێکە لە ئەندامە سەربەدەرەوەبووەکانی ڕاپەڕینی دیسەمبەری‌یەکان ، لە شایەتی‌یەکەیدا ئەڵێ : « ناپلیۆن دای بەسەر ڕووسیادا • هەر لەگەڵ ئەو بەسەردادانەی ئەودا گەلی ڕووسیش بۆ یەکەمجار هەستی بە خۆی کرد کەوا چهێزێکی بەبەرەوەیە • هەر لەوکاتەیشدا بوو لە سەرەتادا هەستی سەربەخۆیی سیاسی‌و پاشان‌و سەرەنجام هەستی سەربەخۆیی نەتەوەیی‌یش لە دڵی هەمواندا بێداربووەوە « بەڵام ڕووسیا خۆی کە هەموو جیهان بە چاوی ئەو هێزە تەماشای ئەکرد کە ئەورووپای ڕۆژاوای ئازادکرد ، وەك جاری جارانی ، هەر وڵاتێکی پاشکەوتووی شان لەژێر نیڵەی سیستێمی زەوی‌بەندەیدا چەماوە بوو ، هەرچەند بۆڵەبۆڵی ناڕەزایی‌و بێزاری‌یش هەمیشە هەر ڕوولەزیادی بوو • ئەوەبوو جووتیارەکان

بەشێوەیەکی تایبەتی کەوتبوونە ناڕەزایی‌و بێزاری دەربڕین ، چونکە بەهیوا بوون هەر کە شەڕ لەگەڵ ناپلیۆن بڕایەوە ، سیستێمی کۆیلەیی‌و زەوی‌بەندەیی ئەوانیش ببڕێتەوەو دوایی بێ‌و ، بۆ ئەم مەبەستە گەلێ ڕاپەڕینی جووتیاران لە قەراخ زێی دۆن‌و لە گەلێ ناوچەی‌تری ڕووسیا ڕووی‌دا • هەروەها ئاستی هەستی ئازادی‌خوازیی دژ بە سیستێمی زەوی‌بەندەیی لەنێوان لاوە پێشکەوتخوازو ڕۆشنبیرە ڕەسەنزادەکان‌و بەتایبەتی لەنێوان ئەفسەرەکانیاندا پەرەی‌سەند • هۆیەکی ئەمەیش باری گشتیی ئەورووپای ڕۆژاوا بوو کە ئەوەبوو لە گەلێ وڵات [ ی وەك ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئەسپانیا ]یدا بزووتنەوەی ئازادی‌بەخشی نیشتمانی پەرەی‌سەندبوو، کە سەرکەوتنی ڕووسیایش بەسەر ناپلیۆندا ، بەش‌بەحاڵی خۆی، بەشێکی لە هاتنەدیی ئەو ئەنجامەدا هەبوو •

لە ساڵی ١٨١٦وە کۆمەڵەی سیاسیی نهێنیی‌وا لە ڕووسیا وردە وردە دەستیان‌کرد بە پەیدابوون کە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئازادو خەبات لەدژی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی دەوڵەتی ئەلێکساندری یەکەم تێ‌ئەکۆشان • پووشکینی لاوی ئازادی‌خواز لەگەڵ پارێزگارەکانی داب‌و نەریتی کۆنی چەرخی دەرەبەگی‌و کۆیلەیی پێکدا هەڵشاخان • یاکووشکین کە یەکێکە لە دیسەمبەری‌یەکان لە «یادداشتە ڕۆژانەکان»یدا ئەڵێ : « لە ساڵی ١٨١٤ دا لاویێك لە پێتێربوورگ بمایەتەوە ، بۆی ئەبوو بە مایەی بێزاری‌و وەڕزی ، چونکە بەدرێژایی دوو ساڵ ئەوەندەمان ڕووداوی‌وا بە پێش‌چاودا تێپەڕی کە چارەنووسی چەند گەلیان تێدا دیاری‌کراو ئەو لاوانە هەریەکەیان بەجۆرێ تیایاندا بەشداربوون ، بەڵام ئێستا ئەوەتا لێ‌وردبوونەوەی ژیانی هیچ‌وپووچی پێتێربوورگ‌و گوێ شل‌کردن بۆ قسەی بێ‌سەروبەری پیرێژنان کە هەر بە شان‌وباڵی کۆندا هەڵئەدەن‌و بە هەر هەنگاوانێ بەرەوپێشەوە ناقایلن ، لەوانە نی‌یە لە

وزەی کەسدا بێ شانی بۆ شل بکا • ئێمە بەئەندازەی سەد ساڵ لەپێش ئەوانەوەین » • پووشکینی لاویش بوو بە دەربڕی هیواو ئاواتی ئازادیخوازانەو – وەك ئەوڕۆژە ئەیانوت – لیبراڵییانەی ڕەسەنزادە لاوە پێشکەوتخوازە پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەرییەکان •

لە زستانی ١٨١٧ – ١٨١٨دا پووشکین لە پیتێربوورگ ئاشنایەتیی لەگەڵ ن • ئی • توورگێنێڤو ، ف • گلینکاو ، ن • ئی • کریڤتسۆڤی ڤۆلتێریو یاقووبیو ، ئی • یاکووشکینی کۆمارخوازو ، نیکیتا مووراڤیێڤی زیرەكو خوێنگەرمو ، س • ئی • مووراڤیێڤ – ئەپۆستۆلو ، م • ڵوونینو گەلێکیتر لە ئەندامەکانی کۆمەڵە سیاسییە نهێنییەکان پەیداکرد • هەروەها ئی • ئی • پووشینی برادەری یەکەمیشی ئەندامی کۆمەڵە نهێنییەکە بوو •

پووشکین لە دوادوایی ساڵی ١٨١٧دا چەکامەی بەناووبانگو پڕ لە خوێن گەرمیی شۆڕشگێڕانەی «ڤۆلنۆست = سەرفرازی»ی دانا • پووشکین لەم چەکامەیەدا کە بیری دیموکراتییانەی ڕادیشێڤ کاری تێ کردووە – نووسیوەتی ، بە شانوباڵی ئازادیدا هەڵئەداو بە پەیکەری مرۆڤایەتیی ڕاستەقینەی دائەنێ • هێرشیشی تێدا ئەباتە سەر میحرابی کڵێسەکان کە بەوانو بە زیندانەکان پێکەوە پایەو کۆڵەکەی تەختی شایی پێکەوەئەنێن • میری کە پاش دوو ساڵ بە چەکامەی «ڤۆلنۆست»ی زانی ، کردی بە یەکێ لەو بیانووە سەرەکییانەی پووشکینی پێ دوورخستەوە •

پووشکین ، پتر لە چادایێڤ نزیك ئەکەوێتەوە • هەردوو پێکەوە لەبارەی دواڕۆژی مەزنی ڕووسیاوە ئەکەونە «دەمەتەقێیەکی پێشبینیکەرانە » • لە چەکامەی « بۆ چادایێڤ » یشدا کە لە ١٨١٨ دا

دایناوه ، داوای گیان بەقوربانی نیشتمان کردن ئەکاو ئەڵێ باوەڕتان بە بێ گومانیی ڕووخانی حوکمی بەرەڵاو بەلەسە هـــەبێ • پرۆفیسۆر بلاگۆی زۆر جوان باسی ئـــەم چەکامەیەی کردووە کـــە وتوویە : « بێ لێ نانی لاوێـکە بە هەستی یەکەمـین خۆشەویستیی خۆی کە بـۆ نیشتمان‌و شۆڕشە » • لە چەکامەی « گوند »یشدا کە لە ۱۸۱۹دا دایناوە ، پووشکین خراپ باسی « برایەتیی دڕندانە » ئەکاو بێزاریی خۆی لەدژی سیستێمی زەوی‌بەندەیی دەرئەبڕێ • لە « نۆئێل ۱۸۱۸ »یشدا هەنـدێ وردە شیعری توندو تیژی بەدگۆیی لەدژی ئەلێکساندری یەکەم‌و لەدژی ئەراکچێیێڤ‌و لەدژی « سانسۆرە کەرانە » دائەنێ کە ڕژێمی تســاری دایسەپاندبوو • لە شایەتیی یەکێ لە هاوچەرخەکانیەوە دەرئەکەوێ کەوا ئەم وردە شیعرانە هەر کە دائەنران « گورج بە قەڵەم فەرەنـگی لە پارچە قاقەز ئەنووسرانەوەو لە مـاوەی چەنـد سەعاتێـکدا بە هەمـوو شاری پێتێربوورگدا بلاوئەبوونەوەو شارەکە هەموو بەجارێ لەبەریان‌ئەکردن »•

پووشـکین زۆر زوو بوو بە سەربـەندی ژیانـی ئەدەبیی شاری پێتێربـوورگ • لە دوادوایـیی ساڵـی ۱۸۱۷دا کۆمەڵـەی ئەرزاماس تێکچوو ، بەڵام کێشەی ئەدەبی هەر ساردنەبوەوە • ئا لەم‌کـاتەدا بوو پووشکین سەری لە « کۆمەڵی ئازادی دۆستانی ئەدەبی ڕووسی »دا کـە پێوەندی بە ئەڵقە نهێنی‌یەکانەوە هەبـوو • ڕیلییێڤ‌و بێستووژێڤ لـە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە بوون • هەروەها لە دۆستانی پووشکین دێلڤیگ‌و کیووخێلبێـکێرو بۆراتینسـکیی شاعیریـش بەشداری‌یان لەم کـۆمەڵەدا هەبوو • پووشکینیش سەری لە دیوەخانی ئۆلێنینی سەرۆکی ئەکادێمیای هونەر ئەداو لەوێ چاوی بە ئی • ئە • کریلۆڤ‌و ن • ئی • گنێدیچی وەرگێڕی ئیلیازە ئەکەوت • لە بەهاری ۱۸۱۹دا ئەنجومەنێـکی ئەدەبیی ناووبانگ بلاونەکراوە بـە ناوی « چـرای سەوز »ەوە لـە پێتێربوورگ

ڕێکخرا که پێوەندی بە « یەکێتیی خۆشی » یەوە هەبوو ٠ ف ٠ ن گلینکاو شازادە س ٠ پ تروبێتسکۆیو پ ٠ کافێرینو یا ٠ ن ٠ تۆلستۆیو گەلێکی تر لە ئەندامانی یەکێتیی خۆشیو ئە ٠ دێلفیگی دۆستی پووشکین چوونە ناو ئەم ئەنجومەنەوە ٠ هەروەها پووشکینیش بوو بە ئەندامی ٠ لە کۆبوونەوەکانی ئەم ئەنجومەنەدا تەنها باسی مەسەلەکانی ئەدەبو شانۆ نەئەکرا ، بەڵکو لە مەسەلە سیاسییەکانیش وردئەبوونەوەو شیعری دژی دەوڵەتیان ئەخوێندەوە کە بەئاشکراو بەرقەوە گاڵتەیان بە « تساری ئاسمانو جارجار تساری زەوی »یش تێدا ئەکرد ٠

پووشکین هەمیشە هاتوچۆی شانۆی ئەکردو « ئەمدیوی پەردەی بەرنەئەدا »و ، هەستێکی ناسکیشی لە هەڵسەنگاندنی هونەری ئەکتەریدا هەبوو ٠ گریبۆیێدۆفو پ ٠ کاتێنینی شانۆنامەنووسیشی لەماڵی شانۆکاری هەڵکەوتوو ئە ٠ شاخۆفسکی ئەبینی ٠ هەروەها پووشکین یەکێ بوو لە ناسیاوانی ئەکتەری تراژیدیایی یێ ٠ سیمیۆنۆڤا کە لەو سەردەمەدا زۆر بەناووبانگ بوو ٠ لە ناسیاوانی ئەکتەر کۆلۆسۆڤاو ئەکتەر ف ٠ کاراتیگینو سەماکەری بالێ ئیستۆمینایش بوو کە لە «یێڤگێنی ئۆنێگین»دا بە شانوباڵیدا هەڵداوە ٠ گەلێکی تریشی لە شانۆکارە ناودارە ڕووسەکانی ساڵانی بیستی سەدەی ڕابووردوو ئەناسی ٠ یەکەمین کاری ڕەخنەگریی پووشکین پێوەندی بە شانۆوە بووە ٠ لە وتارێکیدا کە لە ساڵی ١٨٢٠دا بە ناوونیشانی «سەرنجەکانم لەبارەی هونەری شانۆوە» لە مەیدانی هەڵسەنگاندنێکی بەرزی هونەری شانۆی ڕووسیدا ، داوا لە ئەکتەر ئەکا قووڵ لە دەوری خۆی بگا ٠ هەروا داوای لێ ئەکا کەوا « هەستی ڕاستو زیندوو بێو ئەکتەرییەکەیشی تەبیعی بێ» ٠

بلیمەتیی پووشکین لە شیعردا ، زۆر بەپەلە بەرەو پێشەوە ئەڕۆیی ٠

باتیووشکۆف کە چەکامەی « بۆ یوورینێف»ی پووشکینی خوێنـدەوە ، هاواری لێ هەڵسا : « وەی لەم هەتیوە ، چۆنە ! چۆن ئەنووسێ ! » • ژووکۆفسکیش بە سەرسامییەوە وتی : « بەهرەیەکی سەرسامکەری هەیە ! وەی لەم شیعرانە ! » • لە کارەکانی ســاڵانی ١٨١٧ - ١٨٢٠یدا سیما ڕەسەنەکانی شیعری پووشکین وەك خۆشەویستیی ژیانو ، ئازادیو، چاوبڕینە وێنەگرتنی ژین بەشێوەیەکی ڕیالیستانەو ، سادەییو ڕوونیی شێوە ڕۆژبەڕۆژ ڕوونتر دیارییان ئەدا •

لە مارتی ساڵی ١٨٢٠دا بوو پووشکین لە نووسینی چیرۆکەشیعری « ڕووسلانو لیوودمیلا » بووەوە کـە هێشتا لە لیسێ بوو دەستی پـێ کردبوو • ناوەرۆکی مێژووییو نەتەوەیی بابەتی ئـەم چیرۆکەشیعرەو وێنەی ئەو ٨ چەتـەولە ڕووسـەی هێزی خراپەو خودسـەرییان لـە «چیۆرنەمۆر»دا بەزاندو ، گەشیی ڕەنگەکانی تابلۆکانیو ژیوارییی گێڕانەوە چیرۆکانەکەیو ، سادەییو قۆزیی شێوەیو زرنگەی شیعرەکانی ، هەموو ئەمـانە لە ئەدەبی ئـەو سەردەمەیان جوێئەکردەوە • ئاوازی ژیان دۆستانەیە « ڕووسلانو لیوودمیلا » لە پۆێمە (★) ڕۆمانتیـکییە پڕ لـە میزاجی تاریکی سۆفیانەکانی ژووکۆفسکی جوێئەکاتەوە • پۆێمەکانی پووشکین هەڵزەقینەوەی پڕ هـەراوزەنای زۆریان نایەوە • هـەرچی پارێزگارانی ئەدەبی کۆن بوون ، بە بیانووی ئەوەوە کـە ناویانلێنابوو بابەتی بێشەرمانەی هەندێ لە تابلۆکانیو شێوەی ڕەمەکیی کارەکـەی دەستیاندایە هێرشبردنە سەر پووشکین ، بەڵام زوربەی خوێندەواران زۆریان پێ جوان بوون • گەلێ هەوڵیش بۆ لاساییکردنەوەو شوێنپێ

(★) پۆێم : بەو چیرۆکە شیعرانە ئەڵێن کـە تارماییەکی لیریکییان بەسەرەوەیە قارەمانێکی سەربەندیان هەیە • بایرۆن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا گەشەی بەم جۆرە ئەدەبە دا - **وەرگێڕ عەرەبی** •

هەلگرتنی « ڕووسلان‌و لیوودمیلا » درا • بۆیەی «ڕووسلان‌و لیوودمیلا» قۆناخی یەکەمی گەشەکردنی هونەریی پووشکینی پێ تەواو ئەبێ‌و ، هەرچی تاقی‌کردنەوەی هێشتا زووی هەیە لــە مەیدانی شاکارنووسیدا هەموو بەمە بڵاوبووەتەوە • پووشکین بەم‌کارەی بەسەر گشت مامۆستاکانی ئەدەبی خۆیدا بازی‌داو هەموویانی خستــە پاش خۆی‌و جێی‌هێشتن • ژووکۆفسکی وێنەیەکی خۆیی بەدیاری دایێ ئــەم ڕستە بەئاب‌وتابەی پێشکەش‌کردنی لەسەر نووسیبوو : « لە مامۆستای بەزیوەوە بۆ قوتابیی سەرکەوتوو » •

ناووبانـــگی پووشکین ڕۆژبەڕۆژ زیـاتر بڵاوئەبوەوە • لاوان شیعرەکانی‌یان لەبەرئەکردو نوکتەو قسە خۆشەکانی‌یان ئەگێڕایەوە • هەرچی شیعرە سیاسی‌یەکان‌و وردە پارچــە بەدگۆیی‌یەکانیشــی بوون ، گەلی‌یەتی‌یەکی تایبەتی‌یان هەبوو • لە یادداشتەکانی پووشیندا کە یەکێکە لە دیسەمبەری‌یەکان ، نووسراوە کەوا : ئەم شــیعرو وردە پارچانــەی بەدگۆیی دەست‌بەدەست ئەگەیشتنە هەموولایەك • چەکامەی « گوند » ڕوونووسیان لەبەر ئەنووسی‌یەوەو لەبەریان‌ئەکرد • هەروا چەکامەکانی « گۆرانیی ئازادی » و « ئووڕا ! ئەوەتا بازی‌دایە ڕووسیا » و پارچەو وردە بابەتەکانی لەم‌چەشنەی • بە خەیاڵی کەسدا نایەت یەکـێك لەو سەردەمەدا بووبێ پێوەندێـکی زیندوو بە ژیانیەوە بەستبێتەوەو ئاگای لە چەکامەکانی پووشکین نەبووبێ • خۆ لەبارەی بەزمە جۆربەجۆرەکانیەوە کــە لــە هەموولایەك بووبوون بە هیی چاولێ‌کەری ، ئەوە چیت ئارەزوو لێیــە بیڵێی ، بیڵێ • بۆنموونە جارێکیان بێچووە ورچێك لە تسارسکۆیێ‌سێلۆ لە زنجیرە ئاسنەکەی بەربووبوو کــە بە کۆڵەکەی لای پەچەکــەوە بەسرابووەوە پێی‌و ، ڕای‌کردبوە ناو باخچەیەکەوە • لەوێ لە یەکێ لــە ڕاڕەوە تاریکەکاندا لووتی بووبوو بە لووتی ئەمپەراتوورەوە • ئەگــەر

لەو کاتەدا تەقە لە دەمانچە بچووکەکەی ئەمپەراتوور هەڵنەستایە ، نەیئەتوانی کەس لەم دیدارە پڕ مەترسی‌یە ئاگادار بکا • هەرچی بێچووە ورچەکەیشە ئەوە دیارە هەر لەویادا کرا بەژێر پێوەو پلیشێنرایەوە • پووشکین بەبۆنەی ئەم ڕووداوەوە ئەڵێ : « بە هەزار دەردی‌سەری کابرایەك دەست کەوت ، ئەویش دەرکەوت ورچ بوو ! » • هەر بە هەمان دەستوور لەناو شانۆیشدا هاوار ئەکا : «ئێستا لە هەمووکاتێ هێمن‌ترە • ئەوەتە سەهووڵ بەسەر ڕووباری نیڤاوە جووڵەی تێ کەوتووە » واتە هیچ مەترسی‌یەك بۆ سەر قەڵاکە(★) نی‌یە • پووشکین بەئاشکرا لەسەر شانۆ وێنەی لووڤێلی فەرەنسەیی پیشان‌دابوو کە میراتگری تەختو تاجی فەرەنسەی کوشتبوو ، ئەم ڕستەیەیشی بەسەر وێنەکەیەوە نووسیبوو : « ئەمە دەرزێکە بۆ تسارەکان ! » • کردەوەکانی پووشکین دەوڵەتیان خستبوە دڵەکوتە • بۆیە پۆلیس لە هەموولایەك هەر بەدوایەوە بوون • تەنانەت جارێکیان تسار ئەلێکساندری یەکەم کە چاوی بە ئینگیلگاردتی بەڕێوەبەری لیسێکە ئەکەوێ ، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی‌و بێزاری لە پووشکین پێی‌ئەڵێ : « ڕووسیای هەموو پڕ کردووە لە شیعری خەڵك هاندەر • لاوان هەموو شیعرەکانی‌یان لەبەرە • ئەبێ دووربخرێتەوە بۆ سیبیر » • بەلام بەسایەی تکاو نزای چادایێڤو پاڕانەوەی کارامزین‌و ژووکۆڤسکی‌یەوە تەنها بەوەندە دەست‌بەرداری بوون کە دووریان‌خستەوە بۆ باشووری ڕووسیاو نەیان‌نارد بۆ سیبیر •

---

(★) مەبەستی لە قەڵای پێترۆپاڤلسکۆیێ‌یە کە کرابوو بە زیندانێکی بەسام‌و سەربەدەرەوەبووترین‌و مەترسیدارترین نەیارەکانی ڕژێمی تساریان تێدا بەندئەکرد - **وەرگێڕی عەرەبی** •

# (٢)

پووشکین بێ ئەوەی هەست بە پێ ناخۆش بوونێکی تایبەتی بکا ، لە کاتێکدا کە خەڵکی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هەستیان بە مشتەکۆڵەی هەناسەچنی ئەراکچێیێف ئەکرد ، پێتێربوورگی جێهێشت . لە دوادوایی نیسانی ١٨٢٠دا پووشکین بۆ ڤیازێمسکیی نووسی : «هەواری پێتێربوورگ هەناسەی شاعیر خەفە ئەکا . من تینووی وڵاتی نامۆیم . ئەمە خوایە بەڵکو هەوای باشوور گیانم ببووژێنێتەوە » . لە شەشی مایسی هەمان ساڵدا پووشکین لەگەڵ نیکیتا کۆزلۆڤی دۆستی بەوەفای پایتەخت بەجێ ئەهێڵێ‌و بەرەو یێکاتێرینۆسلاڤ ئەکەونەڕێ . پووشکین خرابووە ژێر چاوەدێریی ژەنەڕاڵ ئینزۆڤی بەرپرسی کاروباری دانیشتووانی ناوچە تازە ئاواکراوەکانی باشوور . پووشکین واتەنی « ئەم پیرە سەرگرانو دڵپاکە »یش ئەوپەڕی سەربەستیی بەو دابوو .

ژەنەڕاڵ ڕایێڤسکی‌و ژن‌و منداڵەکەی لە پێتێربوورگەوە بۆ قەوقاز ئەچوون . پووشکین دۆستی گیانی بەگیانیی نیکۆلای کوڕی ژەنەڕاڵ بوو . ئەمانە لەڕێدا ، لە یێکاتێرینۆسلاڤ ، پووشکین ئەبینن . ژەنەڕاڵ خولکی پووشکین ئەکا لەگەڵیان بچێ بۆ قەوقازو پووشکینیش ڕوخسەت لە ئینزۆڤ ئەخوازێ . ئینزۆڤ ڕوخسەتی ئەدا . هەر کە ڕوخسەتەکەی ئەدا ، پووشکین دەسبەجێ یێکاتێرینۆسلاڤ بەجێ دێڵێ‌و لەگەل ڕایێڤسکی ئەکەوێتەڕێ بۆ قەوقازو لەوێوە ئەچێ بۆ کریم . لەڕێدا کە بە ناوچەی قەوزاقەکانی دۆندا تێئەپەڕێ ، دەنگ‌وباسی ڕاپەڕینی جووتیارەکانی ئەو ناوچەیەی بەرگوێ ئەکەوێ کە دەوڵەت زۆر دڕندانەو دڵڕەقانە سەری پان کردبووەوە . پووشکین لە شەشی حوزەیراندا ئەگاتە گەڕاوەکانی قەوقاز . دیمەنی ئەو ناوچەیەو خووڕەشتی چیایی‌یەکان کارێکی زۆر

ئەکەنە دڵو دەروونی پووشکین • پووشکین لەمبارەوە پاشان بۆ لێڤی برای نووسیوە ئەڵێ : « ئەوەی کە یەجگار زۆر داخە لە دڵما ئەوەیە ، گیانە ، تۆم لەگەڵ نەبووی ئەم زنجیرە چیاو لووتکە جوانانە ببینی کەوا بەفر ڕازاندوونیەتەوە » • پووشکین لەگەڵ باری سەرنجی سیاسیی دیسەمبەری یەکاندا هاودەنگ بوو • بەوپێ یە بیری لەوە کردەوە کە گەلانی قەوقاز لەدەوری ڕووسیا خڕ کانەوە•ئەم گەشتەی پووشکین بۆ قەوقازو کریم کە سێ مانگی خایاند ، کارێکی هەرگیز لە یادنەچووەوەی کردە دڵو دەروونی • پووشکین لەمڕووەوە بۆ لێڤی برای نووسیوە : « تۆ خۆت بڕیاربدە : ئاخۆ بەختەوەرم یا نە ؟ ژیانێکی لە هەموو ڕوویەکەوە ئازادو بێ خەم ، وەك زۆر بەخۆشی لەناو خێزانی خۆتدا بژیت •• ژیانێکی لەوچەشنەی هەمیشە حەزملێ کردووە ، لەوچەشنەی پێشتر هەرگیز بەنسیبم نەبوە : ئاسمانێکی باشووری یانەی شادی بەدڵ بەخش •• خاکێکی بەتامو شیرین •• سروشتێکی خەیاڵ تێرکەر •• چیاو باخو دەریا •• » • قەوقازو کریم کارێکی زۆریان کردە خەیاڵی شاعیرانەی پووشکین • ئا لەم سەفەرەدا بوو ، کاتێ کە پووشکین بە پاپۆڕ لە کەنارەکانی قەوقازەوە بۆ گوورزووف ئەڕۆیی ، شیعرە ڕۆمانتیکی یانەکەی لاواندنەوەی دانا کە ناوو نیشانی «چرای ڕۆژ کوژایەوە » ی لێ ناوە • لە گوورزووفیش بوو کە چیرۆکەشیعری «دیلەکەی قەوقاز»ی دانا کە لە قەوقاز بیری لە بابەتەکەی کردبوەوە • لە ئەفسانە لادێ یی یانە باوەکەی دەربارەی دڵلێچوونی خانی گیرێی یشەوە لە کچە پۆلۆنیایی یە دیلەکەی خۆی کە ناوی پۆتۆتسکایا بووە ، لە ئاکامی ترژایدیایی یانەی ئەم دڵلێچوونەوە ، چیرۆکەشیعرێکی تری بەناوی «کانی یەکەی باخچەسەرای» دانا •

پووشکین لە مانگی ئەیلوولدا ئەگاتە کیشینیۆف کە ژەنەڕاڵ

ئینزۆف پاش ئەوەی کرا بە فەرمانڕەوای ناوچەی بێسارابیا ـ کارەکەی خۆی گواستبوەوە بۆ ئەوێو ، لەوێ پێکەوە لەگەڵ ژەنەڕاڵ لە ماڵێکدا دانیشتن .

ئەو ساڵو چەند مانگەی پووشکین لە مۆڵداڤیا بەسەری برد ، وەنەبێ هەر ڕووداوی جۆربەجۆری تێدا ڕوودابێ ، بەڵکو وەرزی کارکردنێکی پڕشاکاریش بوو کە زۆری پێوە ماندوو بوو . پووشکین بەهۆی بارو دۆخی توندوتیژی سیاسیی ئەو سەردەمەوە زۆری بیرئەکردەوەو مەینەتی زۆری ئەکێشا .

بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدەهەمدا ڕاپەڕینێکی نوێی لە ڕووسیاو لە گەلێ لە وڵاتانی ئەورووپادا بەخۆیەوە دی . ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٢٠دا ڕاپەڕینێ لە ئەسپانیا ڕوویداو شۆڕشگێڕەکان بە سەرۆکایەتیی ئەفسەرێکی ڕییێگۆ ناو دەسەڵاتیان گرتە دەستی خۆیانو شای ئەسپانیایان ناچارکرد کە ببێ بە لایەنگری دەستوور . لە ئیتالیایش بزووتنەوەی کاربۆناری‌یەکان پەرەی‌سەندو لە ناپۆلییش ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا . لە ١٨٢١یشدا شۆڕشی یۆنان بۆ ڕزگاربوون لە نێڵەی فەرمانڕەوایی تورك دەستی‌پێ‌کرد . لە ڕووسیایش باری سیاسی ئاڵۆزتر بوو . ئەوەبوو لە دوادوایی ساڵی ١٨٢٠دا بەهۆی توندوتیژیی ئەفسەرێکی ئەڵمانی‌یەوە پشێوەیەك لەنێوان تیپی گاردی پێتێربوورگدا بەرپا بوو . لەئەنجامی ئەوەدا بە فەرمانی ئەلێکساندری یەکەمی ترس‌لێ‌نیشتوو تیپەکە تێکدراو سەربازەکانی سزادران . هەرچی ئەراکچێیێفی کۆنەپەرستیش بوو کە خەڵکە هەموو ڕقیان لێ بوو ، دەسەڵاتێکی بێ‌ڕادەو سنووری کەوتبوە دەست .

هەموو جۆرە سانسۆرێك لەجاران توندوتیژتر کراو ، لەوسا

سەخت گیرانەتر کەوتــە پەیجۆری هــەموو جــۆرە بزێوی‌یــەکی ڕووناکبیـــــرانە • ڕاوەدوونانی قوتابی‌یانی زانکۆکـــانو کـــۆڕی ڕۆژنامەنووسان دەستی‌پێ‌کرد • لە ساڵی ۱۸۲۳یشـدا ماگنیتسکی کـە کابرایەکی «دیندار»ی دووئاتەشەو هاوڕێی ئەراکچێێف بوو پێشنیهادی کرد کەوا نازناوی بەرزی «پاسەوانانی پارێزگاری باوەڕی مەسیح» بدرێ بە سانسۆرچی‌یەکان • هەرچی گۆلیتسینی پەردە لەڕوو هەڵماڵراوی بەناو سۆفی‌و وەزیری کاروباری ئایینیش بوو ، کەوتــە ڕاوەدوونانی گۆڤارو ڕۆژنامەکان • سەیر ئەوەبوو ئەلێکساندری یەکەم کە بەسەر چڵەپۆپەی «یەکێتیی پیرۆز»ی (*) کۆنەپەرستەوە بوو ، لەکاتێکدا کە بە هەمووجۆرێ پشتی بزووتنەوەی ئازادی‌بەخشی نەتەوەییی وڵاتانی ڕۆژاوای ئەگرت ، لــە ڕووسیا خۆیدا سیاسەتی بەهێزکردنی سیستێمی خودســەرانەی زەوی‌بەندەییی گرتبوەبەر • ئا لەم بارو دۆخەدا بوو زوربەی ئەندامــە پیاوو زیرەکەکانی ناو کۆمەڵە سیاسی‌یە نهێنی‌یەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامــە کەوا پێویستە خەباتی شۆڕشگێڕانە لەدژی حوکمی خودســەرانە بەتین بکرێ ، بۆیە لە پێتێربوورگ « کۆمەڵەی باکووریی دیسەمبەری‌یەکان » دامەزرا کە ڕیلیێف سەرۆکی بوو • لە ساڵی ۱۸۲۱ یشدا کۆمەڵــەی باشووریی دیسەمبەری‌یەکان پێکەوەنرا کە کاپیتان پێستێل سەرۆکی بوو زوربەی ئەندامەکانیشی لە ئەفسەرانی سوپای دووەم بــوون • لێنین لــە مەیدانی دوواندا لە بزووتنەوەی ڕەسەنزادە شۆڕشگێڕە دیسەمبەری‌یەکان نووسیویە ئەڵێ :

---

(*) یەکێتیی پیرۆز : پەیمانێکە لە ساڵی ۱۸۱۵دا لەنێوان تساری ڕووسیاو ئەمپەراتووری نەمساو پادشای پرووسیادا بەسرا • بەپێی ئەم پەیمانە پێویست‌بوو لەسەر پادشایانی ئەورووپا بەگوێرەی باوەڕی مەسیحی بــەڕێوەبچن لەناو خۆیانــداو ئــەمەش وا مەعنالێ‌درایــەوە کە نــابێ دەسکاریی باری ناوخۆی ئەورووپا بکرێ چونکە خوا وای ویستووەو مەسیحی‌یەتیش لە فەرمانی خوا دەرنەچوونە ـ **وەرگێڕی کوردی** •

« لـــه ساڵی ۱۸۲٥دا ڕووسیا بـــۆ یەکەمجـــار بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی لەدژی ڕژێمی تساری تێدا ڕوودا • ئـــەم بزووتنەوەیە ، وەختە بڵێین ، بەتەواوی ، پشتی بە ڕەسەنزادەکان بەستبوو »(★) •

ئەوە خاسیەتی چینایەتیو مێژوویی یەکەمین قۆناخی بزووتنەوەی ئازادی‌بەخشی ڕووسیای خستەڕوو • دیسەمبەری‌یەکـــان بـــە داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستێمی زەوی‌بەندەیی ، میزاجی کۆمەڵانی خەڵـــکی کۆیلەیان دەرئەبڕی • بەڵام ئەو دیسەمبەری‌یانە ڕەسەنزادەی شۆڕشگێڕ بوون • لەبەر ئەو ڕەسەنزادەیەتی‌یەیان نەیانتوانی پشت بە گەل ببەستن‌و نەیشیان‌ئەویست ، چونکە لە ڕاپەڕینی گەل ئەترسان • لینین لەمڕووەوە نووسیویە ئەڵێ : « ئاسۆی ئەو شۆڕشگێڕانە تەسك بوو • بە شێوەیەکی سـامناك دوورەپەرێز بوون لـــە گـــەل »(★★) • تاوانی ئـــەم لـــە یەك دوورەپەرێزی‌یەی ڕەسەنزادە ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان‌و کۆمـــەڵانی میللەت بوو وا دیسەمبەری‌یەکان بێ‌هێز بوون‌و لەناوچوون •

بەڵام ئەو کارەی کردیان بەفیڕۆ نەچوو • دیسەمبەری‌یەکان لەدژی حوکمی بەرەڵڵاو دەرەبەگە کۆیلەدارەکان ڕاپەڕیبوون • بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەیان بوو بە ئاگری سەرکەل‌و لـــە ساڵانی بیستی سـەدەی ڕابوردوودا ڕێـــگای بۆ ئەدەبی ڕووسی ڕوونکردەوە • پووشکین لـــە شیعرەکانیدا بیروباوەڕی ئەوانی خستووەتەڕوو •

پووشکین کـــە لە گەشتەکەی لەگـــەڵ ڕایێفسکی گەڕایەوە بۆ

---

(★) ف• ئی• لینین : سەرجەمی کارەکانی ، بەرگی نۆزدەهـــەم ، چاپی سێهەم ، ل ۳٤۸ ( بە ڕووسی ) •

(★★) ف• ئی• لینین ، سەرجەمی کارەکانی ، بەرگی پازدەهەم ، چاپی سێهەم ، ل ٤٦۸ ( بە ڕووسی ) •

کیشینیۆڤ ، خۆی لەوێ لەناو کۆڕو کۆمەڵەیەکدا دی‌یەوە بارو دۆخی پێتێربوورگی ئەهێنایەوە یادی . ئەوەبوو لەوێ تووشی ژەنەڕاڵ م . ف . ئۆرلۆڤ بوو کە یەکێ بوو لە ئەندامانی کۆمەڵەی ئەرزاماس . هەروەها لەوێ ئۆخۆتنیکۆڤو ئەندامانی کۆمەڵەی «یەکێتیی خۆشی»ی ناسی . لە تەشرینی دووهەمی ١٨٢٠دا خێڵی داڤیدۆڤ کە خزمی ڕاییڤسکی بوون ، پووشکینیان خوڵك کرد بچێ بۆلایان بۆ گوندی کامێنکا کە گوندی خۆیان بوو لە شارستانی کییێڤ . پووشکین لەوێیش تووشی ئی . د . یاکووشکینی دیسەمبەری‌و چەند ئەندامێکی‌تری کۆمەڵە نهێنی‌یەکە بوو کە وەختی خۆی لای ڤ . ل . داڤیدۆڤ کۆئەبوونەوە . لە ماوەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە پێکەوە ئەیانکرد ، لە ئاژاوەکانی ناو تیپی سێمیۆنۆڤسکی‌و ڕووداوەکانی ئەسپانیاو ئیتالیایش ئەدوان . پووشکین لە ٤ی کانوونی دووهەمی ١٨٢٠دا لە کامێنکاوە بۆ گنێدیچی نووسی : «کاتم لەنێوان ئاهەنگی نانخواردنی ئەریستۆکراتی‌یانەو گفتوگۆی دیموکراتی‌یانەدا دابەش‌بووە» . پووشکین وای هەست‌ئەکرد کەوا لە کۆبوونەوەکانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە سیاسی‌یە نهێنی‌یەدا بەشداری‌ئەکا کە کاتێ هێشتا لە پێتێربوورگ بوو لای‌وابوو هەیەو حەزی ئەکرد لە بوونی دڵنیا بێ‌و خۆیشی ببێ بە یەکێ لە بەشدارەکانی . پووشکین خۆی لە پێتێربوورگ ئەمەی بە پووشینی برادەری وتووە . یاکووشکین کە باسی بەیەك‌گەیشتنی ئەندامانی ئەم کۆمەڵە نهێنی‌یە لە کامێنکا ئەکا ، باسی گفتوگۆیەکمان بۆ ئەگێڕێتەوە زۆر بەگەرمی قسەی لەوە تێدا کردووە کە «ئەم جۆرە کۆمەڵە نهێنی‌یانە چ‌سوودێکیان لەوانەیە بۆ ڕووسیا پێوە بێ» . جا کە گفتوگۆکە بەم ڕێگەیەدا ئەبا تا سەرەنجام سەری لە قسەیەکی خۆشەوە دەرئەچێ ، چاوی پڕ ئەبێ لە فرمێسك‌و هاوارئەکا : «قەت وەك ئێستا کلۆڵ نەبووم . ئەوەتا من ئێستا ژیانی پاك‌و بێ‌گەردو ئامانجی

پیرۆزی خۆم لە پێش چاومدا ئەبینمو .. ئەبینم هەموو ئەوە تەنها نوکتەیەکی بەدنیازانە بوو » . یاکووشکین قسەکانی خۆی بەم جۆرە دوایی پێ دێنێ : « پووشکین تا لەم کاتەدا پڕ بە پێستی جوانی جوان بوو » . دیسەمبەری یەکان نەیانویست پووشکین ڕاکێشن و بیکەن بە ئەندامی کۆمەڵەکەیان . لـــە سروشتی ڕاڕاو بێ سەروبەری دڵنیا نەبوون . سەرەڕای ئـــەوە کـــە مەبەستیشیان بوو بیپـــارێزن ، بەڵام شیعرە ئازادی خوازەکـــانی یان بۆ پڕۆپاگاندە زۆر بەکار ئەهێنا . پرۆفیسۆر م . ف . نێچکینا حەقیقەتی کـــە ئەڵێ : « دەورێکی زۆر بایەخداری یەکێ لـــە ڕێکخەرە ئایدیالی یەکانی سەرجەمی باوەڕە شۆڕشگێڕانەکانی دیسەمبەری یەکان کەوتبوە سەر شانی پووشکینی شاعیر .. ئێمە ئەتوانین لەم ڕووەوە پووشکین بە بەشدارێکی کاریگەر لە ڕاپەڕینی دیسەمبەری یەکاندا دابنێین » .

پووشکین لەوماوەیەدا کـــە بـــە دوورخراوەیی لە کیشینیۆف بەسەری برد ، کارێـکی زۆری کرد . لـــە یادداشتەکانی یەکێ لـــە دانیشتووانی کیشینیۆڤدا نووسراوە : « پووشکین سبەینانی تەرخان کردبوو بۆ پیاسەی ئیلهام بەخش . قەڵەمێك و کۆمەڵێ کاغـــەزی لەگـــەڵ خۆی هەڵئەگرت و ئەڕۆیی . کە ئەگەڕایەوە کۆمەڵە کاغەزەکەی هەموو بـــە شیعر ڕەش بوو بووەوە . لە نامەیەکیدا کە لە کیشینیۆڤەوە بۆ چادایێڤی نووسیوە ، ئەڵێ :

**بلیمەتیی لەسەر یەك بار ئۆقرە نەگرتووم**
**لە تەنهاییدا کاری هێدیو سۆزی بیرکردنەوەی ناسی**
**ڕۆژی خۆمم بەدەستەو ئەقڵم لەگەڵ ڕێکوپێکیدا جووتە**
**فێری پاراستنی ئازایی بیرە درێژەکانم ئەبم**
**لە باوەشی ئازادیی لاوێتیی یاخی بوودا**
**بەدوای بژاردنەوەی ساڵانی فەوتاومدا ئەگەڕێم**
**بۆئەوەی لە مەیدانی بیرووونیدا لەئاستی چەرخدا بم .**

پووشکین لەو سەردەمەدا زۆر خەریکی خوێندنەوە ئەبوو • لە هەموو بابەتێکی ئەخوێندەوە : فەلسەفە ، سیاسەت ، مێژوو • لە سەرەتای نیسانی ۱۸۲۱ دا لەگەڵ نوێنەری سەربەدەرەوەبووی بیری پێشکەوتخوازی ڕووسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا پی • ئی • پێستێل ، کە یەکێك بووە لە دیسەمبەری یەکان ، ناسیاری پەیدائەکا • لەمبارەوە لە یادداشتە ڕۆژانەکانی پووشکیندا ئەمە ئەخوێنینەوە : « گفتوگۆی جۆربەجۆرم لەبارەی میتافیزیکاو سیاسەتو خوو و ڕەوشتو بابەتی ترەوە لەگەڵی هەبوو • خاوەنی یەکێ لەو ئەقڵە هەرە ڕەسەنانەیە کە ناسیومن » • گفتوگۆی پێستێلو پووشکین کارێکی ئاشکرای کردووەتە سەر بەرەوپێش چوونی دەماری ڕادیکاڵی یەتیی ئەم شاعیرە لە مەیدانی سیاسەتدا • پووشکین زۆر زۆر سەری لە م • ف • ئۆرلۆف ئەدا کە پێستێلیش هەروا زۆر جار ئەچوە لایو هەموو ئازادبیرەکانی کیشینۆف لای کۆئەبوونەوە • لە تەشرینی دووهەمی ۱۸۲۱دا ی • ن • ڕاییفسکایا نامەیەك بۆ براکەی ئەنووسێ تێیدا ئەڵێ : «زۆر جار وائەبێ پووشکین دێ بۆلامانو پێکەوە دائەنیشینو لەگەڵ براکەم ئەکەونە گفتوگۆیەکی درێژ لەبارەی گەلێ بابەتەوە » • لەناو ئەو مەسەلانەدا کە پووشکین بایەخی پێ ئەدان ، مەسەلەی توانای چەسپاندنی ئاشتی یەکی پایەدار لەنێوان گەلاندا ، شوێنێکی دیاری هەبوو • لە قسەی ی • ن • ڕاییفسکایاوە دەرئەکەوێ کەوا پووشکین لەوباوەڕەدا بووە گەشەکردنی بەردەوامی دەوڵەت ئەوەمان بۆ دابین ئەکا سەرەنجام بکێشێتەوە بۆ ئەوەی وردە وردە بنەڕەتو پایەی ئاشتی یەکی هەمیشەییو پایەدار بچەسپێنرێو ، ڕۆژێ دێ تاوانبارانی شەڕ «تەنها لەناو ئەوانەدا ئەبن کە هێمنیی گشتی ئەخەنە مەترسی یەوە» • ئا لەمکاتەدایە پووشکین نووسیویە : «ئەقڵ نایبڕێ ڕۆژێ نەیەت بەئاشکرا بۆ خەڵك دەرکەوێ شەڕ چ دڵڕەقی یەکی تێدایە

بنیادەمی بێ دێتە ئێکەنین ، وەك چۆن ئێستا سەختیی کۆیلەیی‌و دەسەلاتی پادشاو شتی‌وایان بۆ دەرکەوتووە • ئاخری خەڵك ئەبێ هەر متمانە پەیدا بکەن کەوا ئێمە بۆئەوە دروستبووین لە ژیانی خۆماندا بەختەوەر بین‌و بە ئازادی بژین » •

لە ماوەی پایزی ۱۸۲۱دا پێوەندی پووشکین لەگەڵ مێجۆر ف • ف • راێڤسکی بەتین بوو • راێڤسکی دوژمنێـــکی سەرسەختی حوکمی بەرەڵلا بوو • لە شوباتی ۱۸۲۲ دا بەهۆی چالاکی‌و هەڵسووڕانیەوە بۆ پڕۆپاگاندە کردن لەنێوان سەربازو بەندی‌یەکانی قـەڵای تیراسپۆلـدا خرایە بەندیخانەوە •

گفتوگۆو دەمەتەقێی پووشکین‌و راێڤسکی کاری لە پووشـــکین کردبوو • لەئەنجامی ئەم کارتێ کردنەوە بوو پووشکین نەخشەی نووسینی کتێبی ( ترازیدیای ڤادیـم ) ی دانا کە مۆرکێـکی سیاسیی پێوەیـە • پووشکین بابەتێکی لای دڵ خۆشەویستی شیعری دیسـەمبەری‌یەکانی لەبارەی دەماری ئازادی‌خوازی‌یەوە لە ڕووسیای کۆندا لەم ترازیدیایەدا باس لێ کردووە •

ئەتوانین سەرەتای بیرکردنەوەی پووشکین لە نووسینی نامیلکەیەکی مێژوویی لەبارەی یێکاتێرینای دووهەمەوە بگێڕینەوە بۆ دوادوایی ساڵی ۱۸۲۲ • پووشکین لەم کارەیدا پەردەی لە ڕووی شێوەی کۆنەپەرستانەو زەوی‌بەندە - دارانەی سیاسەتی یێکاتێرینای دووهەم لاداوە کـە لـەو سەردەمەدا ڕێزێکی زۆری لەلایەن کۆڕە کۆمەڵایەتی‌یە ئەریستۆکراتی‌یە کۆنەپەرستەکانەوە لێ ئەگـیرا • پووشـکین لەم ڕووەوە نووسـیویـە ئەڵێ : « ئاخری ، مێژوو حوکمی خۆی بەسەر ئەو ئەنجامەدا هـەر ئەدا کە ماوەی فەرمانڕەوایی یێکاتێرینا کردیـە سەر خـوو و ڕەوشـتو ،

سەرپۆش لە ڕووی دڵڕەقانەی کارەکانی‌و دەماری خودسەرانەی هەڵئەماڵێ کە پەردەیەکی خۆ بە هێمن‌و خاوەن‌سەبر دانانی بەدەوردا پێچابوو .. ئاخری ، هەر دەری‌ئەخا ئەمە چ کارێکی کردە ئەو گەلەی کە حوکمڕانان زۆریان چەوساندەوە .. ئەو گەنجینەیەی کە دڵدارە چاوچنۆکەکانی ئەو تالآنیان ئەکرد .. هەروەها هەڵە گەورەکانی سیاسەتی ئابووری‌و ، هیچ‌و پووچیی سیاسەتی قانوون‌دانان‌و ساختەچی‌یەتیی بێ‌تامی پێوەندی لەگەڵ فەیلەسووفەکانی سەردەمیشیدا دەرئەخا » . ئەو هەڵسەنگاندنەی ، پووشکین حوکمڕانە خودسەرەکانی سەدەی هەژدەهەمی هەڵسەنگاندووە ، لە ڕووی قووڵی‌و چاونەترسی‌یەوە لە هەموو بیری مێژوویی هاوچەرخەکانی ئەوی تێپەڕاندووە . کورتە مێژووەکەی پووشکین ، تەنانەت لەچاو بەدگۆیی‌یە بێ‌پەردەکانی ئە . ئی . گێرتسێنیشدا کە لەدژی حوکمی بەرەڵلای ڕووسیای نووسیون ، پایەی پێشەنگیی هەیە . پووشکین لەم کورتە مێژووەیدا متمانەی خۆی دەرئەبڕێ کەوا سیستێمی خودسەری‌و کۆیلەیی نزیکە بڕووخێ . پووشکین کە لە واتاو نرخی ئەو دەماری چاك‌کاری‌یە وردئەبێتەوە کە لە کردارەکانی پێوتێری یەکەمدا هەبوون‌و چ گەشەکردنێکی مێژوویی‌یان لە ڕووسیای تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا بەدوادا هات ، هەوڵ‌ئەدا لەوەوە بنەمایەك بۆ ئازادی‌خوازیی ڕەسەنزادە شۆڕشگێڕەکانی سالآنی بیستی سەدەی نۆزدەهەم وەدی‌بێنێ . پووشکین نووسیویە ئەڵێ : « ئازادیی سیاسیی ئێمە پێوەندێکی پتەوی بە ئازادکردنی جووتیارانەوە هەیە . بیری حەز لە چاکتر کردن هەموو جۆرەکان لەدژی خراپەی تەشەنەکردوو یەك‌ئەخا » .

شیعری ئەو ماوەیەی پوشکین کە دوورخرابووەوە بۆ باشوور ، ئەوە ئەخاتە ڕوو کە دەماری شۆڕشگێڕانە لەنێوان ئەندامانی بزووتنەوەی

دیسەمبەری یەکاندا چۆن پەرەی سەندبوو . نامەو شیعرەکانی ئەو ماوەیەی پووشکین کە لە کیشینیۆف ئەژیا ، پڕن لە هێماو دەنگدانەوەی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیو ڕووداوە سیاسییەکانی سەرەتای سالانی دەی سەدەی ڕابووردووەوە . پووشکین لە سالی ١٨٢١دا پارچە شیعری (خەنجەر) دائەنێ کە هانی خەلك ئەدا بۆ خەبات لە دژی حوکمی بەرەللا . لە نامەیەکیشیدا کە لە نیسانی ١٨٢١دا بۆ ڤ . ل . داڤیدۆڤی نووسیوە ، هیوای بەرپابوونی شۆڕش لە ڕووسیا دەرئەبڕێ :

**... کاتێ بەختەوەری ئەچێژین**

**کە قوربانییەکانمان پێکی پڕ لە خوێن هەلبڕن**

جارێکیان لە مالی ئیزۆف دەعوەت ئەبن ، لەسەر مێزی نانخواردن لەمەڕ ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی ئەورووپای ڕۆژاوا ئەکەونە گفتوگۆ . پووشکین کە یەکێ ئەبێ لە دەعوەتکراوەکان ، لەو گفتوگۆیەدا ئەلێ : « جاران گەلان لە ڕووی یەکتردا ڕاستئەبوونەوە ، بەلام ئێستا ئەوەتا پاشای ناپۆلی بەگژی گەلدا ئەچێو ، ئەوە پاشای پرووسیایە هەر لەدژی گەل ئەجەنگێ . هەرچی پاشای ئەسپانیایشە ئەتوانێ هەلبێنێ تای تەرازووی کاملا لە هیی ئەولا قورستر ئەبێ » . کە پووشکین ئەم پێشبینییە ئازایانە دەرئەبڕێ ، بێدەنگییەکی قوول هەموو دانیشتووەکان دائەگرێ . لە قسەی پێ . ئی . دۆلگۆڕووکۆڤی هاوڕێی کیشینیۆڤی پووشکینەوە کە گێڕاویەتیەوە ، وا ئەفامرێتەوە کەوا پووشکین لە گفتوگۆیەکیتریشدا کە لە تەمووزی ١٨٢٢دا کراوە ، وتوویە : « کاربەدەستانی بڕی شارستانی هەموو جەردەو نامەردن . زوربەی ژەنەڕالەکانیش وەك ڕانە مەڕێك وانە . چینی بەشەرەف هەر چینی کشتوکالکارانە » . دۆلگۆڕووکۆف لەسەر گێڕانەوەکەی خۆی

ئەڕواو ئەڵێ : « پووشکین کە بەتایبەتی هێرشی ئەبردە سەر ڕەسەنزادە ڕووسەکان ، هەمووجارێ لە هێرشەکەیدا ئەیوتەوە : « ئەبێ هەموویان بکرێن بەداردا » و « ئەگەر ئەمە ڕووبدا ، ئەو لە لای خۆیەوە ، زۆر بە پێخۆشحاڵی‌یەوە ، پەتی سیدارەکە توند ئەکاتەوە » • یەکێ لە خەفیەکان ڕاپۆرتێکی لە پووشکین دابوو ، لە ڕاپۆرتەکەیدا وتبووی : « بەئاشکرا لە چاخانەکاندا ، جنێو نەك هەر بە سەرکردایەتیی سوپا ئەدا ، بەڵکو جنێو بە حوکوومەتیش ئەدا » • ئارەزوویەکی توندوتیژی ئازادی لە کەللەی پووشکینی دابوو • وێنەی بەندیی دێتە پێش‌چاو کە «هەڵۆی لاو» بانگی لێ ئەکا بۆ ئازادی :

**وەرە ، بفڕین ؛**

**ئێمە باڵـداری ئـازادین • وەختی فڕین هاتـووە ، برا ، وەختی هاتـووە !**

**با بفڕین بـۆ ئـەوێ ، کە لووتکـەی چیـاکان لە پشـت هـەورەوە ئەبریسکێتەوە !**

**بۆ ئەوێ ، کە شینیی ناوچە دەریایی‌یەکان تیشك ئەداتەوە !**

**بۆ ئەوێ ، کە لە منو شەماڵ بەولاوە کەسی پێدا ناگەڕێ !**

پووشکین زۆر بەگەرمی لایەنی ڕاپەڕینەکەی یۆنانی گرتووە • ئەو لە کیشینیۆف چاوی بە ئەلێکساندر ئیپسیلانتی کەوتبوو کە یەکێ بوو لە سەرکردەکانی ئەم ڕاپەڕینە • هەست‌و سۆزی جۆربەجۆر لـەئاست « تاوە شیرینەکانی هیواو ئازادی » کە پووشکین لە شیعرە جوانەکانیـدا لەمەڕ گەلانی قارەمان دەری‌بڕیون ( « ئەی ئافرەتی وەفاداری گریتی ! مەگری • ئەو ، قارەمانانە ، گلا ! » ) ، دڵیان کەیل کردبوو • پووشکین لـە مـارتی ١٨٢١دا ، لـە مـەودای دووانـدا لـەبارەی میزاجی ئـەو یۆنانی‌یانەوە کە لە باشووری ڕووسیا بوون ، نووسیویە : « سۆزو تینی

دەروون گەیبوە پلەی هەرە بەرزی • بیری هەموو یۆنانی‌یەکان لەدەوری یەك بابەت ئەخولایەوە کە ئەویش ئازادیی نیشتمانی پڕشکۆیە • پووشکین بەئاواتەوە بوو بەشداری لە شەڕدا بکا لەدژی تورکەکان بۆ ڕزگاریی یۆنان ( چەکامەی « شەڕ » ) • لە یەکێ لە نامەکانیدا ئەنووسێ : « من متمانـەم زۆرە کـەوا یۆنـان سەرئـەکەوێ » • وێنـەی « یۆنانی‌یـە نیشتمان‌پەروەرە ئازادی خوازەکان » خـەیاڵی شـاکارنووسیی پووشکینی ئەبزواند • بۆیە بیرێـکی زۆری لـەوە ئەکردەوە چیرۆکـە شـیعرێك لـەبارەی جووڵانەوەی ئازادی‌بەخشی یۆنانەوە بنووسێ • سـەرەنجام چیرۆکی «کیرجالی»ی نووسی کە کەرەستەکەی لە یادداشتەکانی خۆیو لە چیرۆکە دەماودەم گێڕراوەکانەوە هەڵێنجاوە •

پووشکین لەو ساڵانەدا کە لە باشوور ئەژیا ، دەماری بێ‌خواییی تێدا بەهێـز بووبـوو • ئـەوەبوو لـە ساڵی ١٨٢١دا چیرۆکی بێ‌دینـانەو لەخوانەترسانەی « گاڤریلیاد »ی بە شیعر دانا • لەم چیرۆکەیدا گاڵتـە بە یەکێ لە بایەخدارترین باوەڕە سەرەکی‌یەکانی کڵێسە ئەکا لەبارەی بەحـەڵاڵی سك‌پڕبووتـەوە • ئـەم چیرۆکـەشیعرە دەنـگدانەوەی پرۆتستۆی پووشـکین بـوو لـەدژی دووڕوویی ئاینـی‌و دەمـاری سۆفیگەری کە حوکمڕانەکانی خوویان دابووپێ •

هەستی ئازادی‌خوازیی پووشـکین بەئاشـکرا لە چیرۆکەشـیعرە ڕۆمانتیکی‌یانەکانیدا دەرئەکەوێ • بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی لـە ئـەدەبی ئەورووپای ڕۆژاوای سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، ڕەنگدانەوەی ئـەو ڕوودا‌وو بوومەلەرزە کۆمەڵایەتی‌یە توندانە بوو کە شۆڕشی بۆرژوازیی فەرەنسە لە دوادواییی سەدەی هەژدەهەمدا بناغەی دانان • فەرمانڕەواییی ئـەقڵ‌و ئاشتیی هەمیشەیی‌و ئازادی‌و هاوسـانی کـە بیری شۆڕشگێڕیی

سەدەی هەژدەهەم مژدەی هێنابوون ، لە مەیدانی پراکتیکادا بە فەرمانڕەوایی بۆرژوا دەرچوون کە شێوەیەکی نوێی کۆیلەیەتی یە کۆنەکەیە (*) .

بەڵام ئەو ڕۆمانسیزمەی لە ساڵەکانی سەر سنووری سەدەی هەژدەو نۆزدەدا پەیدابوو ، بە دانەدواوەیەکی ئایدیۆلۆژی یانەی ئەم هاتووەڕووە نوێیە دانراوە . لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم هاتووەڕووە نوێیە لەلایەن هەموو ڕێبازو لقوپۆپەکانی ڕومانسیزمەوە درایەدواوە کە ئەمەیش واتای سیاسیی جۆربەجۆری ئەگەیاندو بایەخی سیاسیی جیاجیای هەبوو . ئەوەبوو ئەو بنووسە ڕۆمانتیکی یانەی پێوەندیان بە هەڵزەقینەوەی ئەریستۆکراتو دەرەبەگانەی دژ بە شۆڕشی فەرەنسەوە هەبوو ، داوای گەڕانەوەیان بۆ ڕابووردووی دووری دەرەبەگی یانە ئەکرد کە سیمایەکی ئایدیایی یانەیان بەڕوویەوە نابوو و لە ڕێگای ئایینو دەماری سۆفی گەریشەوە هەوڵی ڕامالینی بیرە ڕووناکەکانیان ئەدا . کەچی ئەدیبە ڕۆمانتیکی یەکانی تر لە هەمان کاتدا کە زۆر بەگەرمی سیستێمی دەرەبەگی یان ئەدایە دواوە ، ناڕەزایی خۆیشیانیان لە سیستێمی بورژوازیی خۆی دەرئەبڕی . بەڵام نەیشیانئەتوانی ئەو تیشکە بەدی بکەن کە دواڕۆژیان بۆ دەرئەخا . ئەمەیش بووبوو بە هۆی ئەوەی کارە پڕ لە بێزاریی سەخت ـ دەربڕینەکانیان میزاجێکی ڕەشبینو هەست بە دوورەپەرێزی یەکی تراژیدیایی یانە کردن بگرێتە خۆی . بەمچەشنە ئەتوانین شاعیری ئینگلیز لۆرد بایرۆن بناسینەوە کە لە سەردەمی خۆیدا کارێکی زۆری کردووەتە سەر ئەدەبی ئەورووپا . ڕۆمانتیکی یەکان لە

---

(*) ف . ئینگێلز : گۆڕانی سۆسیالیزم لە خۆزگەبازی یەوە بۆ زانستکاری ، بنکەی بلاوکردنەوەی سیاسیی دەوڵەتی ، مۆسکۆ ، ١٩٤٧ ، ل ٤٠ ( بە ڕووسی ) .

مەیدانی داهێنانی هونەریدا وەك کۆمەڵێکی نوێ کەرەوە سەریان هەڵدا • ئەوەبوو باوەڕی کلاسیکی یان بە هیچ دەرکردو داوای ئازادیی داهێنانی هونەری یان ئەکردو بایەخێکی تایبەتی یان بە وێنەگرتنی کێشەی نێوان ئارەزوووە جیاجیاکانی دەروونی ئادەمیزاد ئەدا •

لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕێبازی سەرەکیی ناو ڕۆمانسیزمی ڕووسی ، بزووتنەوەی ئازادیبەخشی ناو ڕیزەکانی ڕەسەنزادە دیسەمبەری یە شۆڕشگێڕەکانو بێزاری دەربڕینیانی لەدژی سیستێمی دەرەبەگیو کۆیلەیی ئەخستەڕوو • سەربەدەرەوەبووترین شاعیرە دیسەمبەری یەکانی وەك ك • ڕیلییێڤو ف • ڕاییڤسکیو ئە • ئۆدۆیێفسکی شاعیری ڕۆمانتیکی بوون ، هەرچەند لە شیعری ویژدانیی نیشتمانی یاندا ئەو «شێوە بەرز»ەیشیان بەکارئەهێنا کە لە هونەری پێداهەڵدانی کلاسیکی یان خواستبوو • کاری ئەمانە پڕ بوو لە بابەتی سیاسیی پێشکەوتخوازو بیری نیشتمانپەروەرانەو ئازادیخوازانە •

وەنەبووبێ پووشکین هەر ئارەزوویەکی گشتیی لە ڕووکردنە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بووبێو بەس ، بەڵکو سەربەدەرەوەبووترین نوێنەرانی ئەم ڕێبازەیش بوو لە ئەدەبی ڕووسیی سەرەتای ساڵەکانی بیستی سەدەی ڕابووردوودا • بەپێچەوانەی میزاجی ڕۆمانتیکیی کۆنەپەرستانەی ژووکۆڤسکی یەوە ، میزاجی ڕۆمانتیکی یانە لە شاکارەکانی پووشکیندا بە شێوەیەك بوو دەماری ئازادیخوازانەی ئەم شاعیرەی ئەهێنایە قەوامو دەری ئەبڕی • پووشکین بوو چیرۆکەشیعری ڕۆمانتیکیی ڕوسیی داهێنا •

لە ساڵی ١٨٢٢دا چیرۆکە شیعری «دیلی قەوقازی» بڵاوبووەوە • لەم چیرۆکەدا لەگەڵ شەخسیەتی یاخیو مل کەچنەکردووی

قارەمانێکی ڕۆمانتیکی ئەبین بە ئاشنا کە هیوای لە ژیان بە هیچ دەرچووەو بە چاوی سووک سەیری کۆڕو کۆمەڵە بڵندە بۆگەنو ساختەکانی کردووەو عەوداڵی دوای ئازادی بووە • لە قسەی پووشکین خۆیەوە وا دەرئەکەوێ ویستوویە لە کەلێنی شەخسیەتی ئەم دیلەوە « لەم کەمتەرخەمی یە بەرانبەربە ژیانو خۆشیی ژیان •• لەم ئارەزووە پێش وەختەی گیان •• لەم نیشانەو دیمەنانە بدوێ کە بوون بە مۆرکو نیشانەی پێناسینەوەی لاوانی سەدەی نۆزدەهەم » • بەمچەشنە هەر لە سەردەمی «دیلی قەوقازی»یەوە دەماری ڕیالیستانەی پووشکینو هەوڵی بۆ داڕشتنەوەی باری ئەوڕۆژەی کۆمەڵگای ڕووسو بۆ پەردە لە ڕوو هەڵماڵینو وەدیارخستنی قارەمانی بایرۆنی - خراوەتەڕوو •

ئەرکەکەی تریش کە پووشکین لەم کارە ئەدەبی یەدا مەبەستی بووە بیهێنێتەدی ، وێنەگرتنی دابو نەریتە ناوخۆیی و سروشتی یەکانی قەوقازە • بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « بۆ یەکەمجار بەهۆی شیعری ڕووسی یەوە سروشتی بەسامی قەوقازو خەڵکە بە گیانی جەنگ ئاودراوەکانی داڕێژراوەتەوەو وێنەی گیراوە • لە سایەی ئەو چیرۆکەی پووشکینەوە کۆمەڵگای ڕووس بۆ یەکەمجار قەوقازی ناسی • لە کەلێنی وێنەی چێرکێشێنکایشەوە کە خۆی کرد بە قوربانیو دیلە خۆشەویستەکەی خۆی لە کۆتو زنجیر ڕزگارکرد • بایەخی ئازادی وەک گرانبەهاترین شتی ئادەمیزاد دووبادکراوەتەوە •

وێنەی ڕۆمانتیکی یانەو شەخسیەتی بەهێزو دڵداریی ئامادە بۆ قوربانی دان ، ئەمانەن بەهەموویانەوە بابەتی چیرۆکە شیعرێکی تری پووشکینیان لێ پێکدێ کە ئەویش هەر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمەی شاکارنووسیی ئەم شاعیرە • ئەو چیرۆکەیش چیرۆکی (باغچەسەرا)یە • هەرچی واتای سەرەکیی چیرۆکەکەیشە ، ئەوە بێلینسکی لە

« لەدایك بوونێکی سەرلەنوێی ( ئەگەر نەڵێین ڕوون بوونەوەی ) گیانی کێوی لە کەڵێنی هەستی بەرزی خۆشەویستی یەوە »دا بەدیی ئەکا • سەرکەوتنی ئەم دوو چیرۆکەشیعرە ، بەتایبەتی هیی چیرۆکی « دیلی قەوقازی» سەرکەوتنێکی مەزن بوو • وەك بێلینسکی ئەڵێ : « هەموو ئەو ڕووسانەی توانای خوێندنەوەیان هەیە ئەم دوو چیرۆکەیان خوێندووەتەوە • بەرێدا ئەڕۆیشتن و فۆرمەکانی ئەم دوو چیرۆکەیان بەدەستەوە ئەبوو • کچانی شیعردۆست و قوتابی یانی سەر تەختەی قوتابخانەکان بەدزیی ماموستاکانیانەوەو کچە فرۆشیارەکانی پشت مێزی کەل و پەل فرۆشتنی کۆشك و کۆگاکان ، بە دەست ئەیاننووسینەوە • وەنەبێ ئەمەیش تەنها لە پێتەختەکاندا ڕووی دابێ ، بەڵکو لەناو دانیشتووانی ناوچە تەراکەوتووەکانیشدا هەر وا بووە • «دیلی قەوقازی» شەپۆلێکی شوێن بێ هەڵگرتنی بەدوای خۆیدا هێنا • لاوانی پێشکەوتنخواز لەم قارەمانە ڕۆمانتیکی یە عەودالەی دوای ئازادی و « لە کۆمەڵ یاخی و سروشت دۆست »دا ، دەق ، بوونی خۆیانیان بەدی ئەکرد • پووشکین لە سایەی نوێ کردنەوەی بابەت و تابلۆ جوانە پانۆرامایی یەکانی سروشتی قەوقازو کرێم و نەرمیی ڕیسی شیعرو مۆسیقای جوانیەوە ، لە سایەی هەموو ئەمەوە ، توانی هەموو شێوە ئەدەبی یە باوە بەرچاوەکان هەڵوەشێنێتەوەو بێ بە نوێ کەرەوەی ڕاستەقینەی ئەدەب •

وەك پووشکین خۆی ددانی پێدا ئەنێ ، چیرۆکەشیعرە باشووری یەکانی « بۆنی بایرۆنیان لێ دێ » ، کە لە گەشتەکەی قەوقازیدا ئاشنایەتیی لەگەڵ کارەکانی پەیدا کرد • شیعری پڕ لە بێزاری دەربڕین و ، ئازادی خوازیی بایرۆن و ، ڕێبازە سیاسی یە دژ بە دەرەبەگی یەکەی شیعرەکانی زۆر بەدڵی پووشکین بوون و لەگەڵ باری سەرنجی ئەگونجان • لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زەحمەتە دوو شاعیری وا بدۆزینەوە

سروشتیان ئەوەندەی سروشتی بایرۆن‌و پووشکین نەگونجاو بێ‌و بەهۆی ئەوەشـەوە ناوەرۆکی شـیعریان ئەوەندە لەگـەڵ یـەك ناجـۆر بێ • بێلینسکی‌یش لە وەختی خۆیدا ئەمەی دووبادکردووەتەوە • ناوەرۆکی ڕەشبینی ڕێبازی بایرۆنی ، لەڕووی ئورگانی‌یەوە ، لەگەڵ باری ڕوانینی گەشبینی پووشکین بۆ جیهان ناکەوتەیەك • دەماری دوودڵی‌و ئارەزووی ڕووتی ئازادی‌و تاکایەتی‌و لەواقیع هەڵاتن کـە هەموویان مۆرکـی خۆیانیان بە کارەکانی بایرۆنەوە ناوە ، بە پووشکین نائاشنان کـە هەمیشە وای هەست ئەکرد گەلێ پێوەندی زیندوو هەیە بە جیهانی هاوچەرخیەوە ئەبەستنەوە • وەك پووشکین خۆی لەوەپاش دەری‌بڕیوە ، بەوە قـایل نەئەبوو لە یەك‌لاوە سەیری جیهان‌و سروشتی ئادەمیزاد بکا ، وەك بایرۆن ئەیـکرد • گێرتسێن بـە وردی جیاوازیی نێـوان پووشـکین‌و بایرۆنی دەستنیشان کردووە • گێرتسێن ئەڵێ : « پووشـکین ئاگـاداری هـەموو ئازارو ژانەکانی ئادەمزادی هاوچەرخ بوو • بەڵام باوەڕیشی بە دوارۆژ هەبوو کە مرۆی ڕۆژاوایی نی‌یەتی • بایرۆن کابرایەکی ئازادی مەزنە • مرۆیەکە بەتەنها خۆی سەری بە سەربەخۆیی خۆیەوە قاڵ بوو و خۆی لـە کـەش‌وفش‌و فەلسەفەی فیزو بەدگومانیی خۆیەوە پێچابوو • ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ تاریـکترو شـەڕانی‌تری لـێ دەرئەچوو ، بۆیـە هیچ دوارۆژێکی نزیکی نەئەهاتە پێش‌چاو » •

پووشکین باوەڕی بـە دوارۆژی مرۆڤایەتی هـەبوو ، وەك چـۆن باوەڕی بـە سەرەنجامی پیرۆزی ڕووسیا هـەبوو • لـە چەکـامەی «ناپلیۆن» (١٨٢١)یدا کە پڕە لە هەستی مێژوویی‌و لـە تێگەیشتنی ئـەو ڕاستی کەوا ناپلیۆن‌و هەموو ئـەو ڕووداوانەی پێوەنـدیان بـە نـاوی ئەوەوە هەیە ، هەموو بەرو گەشەکردنی شۆڕشی فەرەنسە بوون کـە لـە دوادوایی سەدەی هەژدەهەمدا هەڵگیرسا • هەروا ڕووخانی ناپلیۆن

خۆیشی کە شەڕەکەی ١٨٢١ بەردی بنەڕەتی سەرەتاکەی دانا ، پووشکین تەنها بەوجۆرەی تێناگا کـە مژدەی دواڕۆژی مەزنی ڕووسیای پێیە ، بەڵکو بە مژدەی ڕووخانی ناچاریی تێکڕای هەموو خودسەریشی ئەزانێ :

**سوپاس بۆ ئەو ! ئەو بوو ڕێـگای بە گـەلی ڕووس پیشاندا**
**بەرەو چارەنووسی پیرۆزی**
**وەك چۆن لە ناخی شوێنە بۆ دوورخراوەکەیەوە**
**مژدەی سەربەستیی هەمیشەییی**
**بە هەموو جیهان ڕاگەیاند •**

ڕۆمانسیزم لە کارە ئەدەبی‌یەکانی پووشکیندا ، قۆناغی ڕێ‌خۆش کردن بوو بەرەو ڕیالیزم • لە چیرۆکەشیعرە باشووری‌یەکاندا ، لە وێنەی «دیلە قەوقازی‌یەکە»ی قارەمانی سەردەمی خۆیدا ، لـە وەسف کردنی داب‌و شێوەی ژیانی چیایی‌یەکاندا ، لـە وێنەگرتنی ڕەنـگینی سروشت‌و ، لـە وردیی تابلۆکانیدا ، لە هەموو ئەوانەدا بەئاشکرا هەست بەو دەمـاری ڕیالیستی‌یە ئەکەیت کە کارە باسکراوەکانی لـە چیرۆکە شیعرەکـانی لێك جوێ ئەکاتەوە •

ڕەگەزەکانی ڕیالیزم‌و مۆتیفـە نەتەوەیی‌یەکان لە چیرۆکەشـیعری «برایانی ڕێگر»دا هەر بە خۆیان خۆیان ئەخەنەڕوو •

پووشکین ، وریایانە ، شوێن‌پێی گەشـەکردنی ئـەدەبی ڕووسیی هەڵئـەگرت‌و بەدوای ئـەو گفتوگۆو موجادەلانەدا ئەچوو کـە لەبارەی بابەتەکانی ئەدەبەوە لە پێتێربوورگ ڕوویان‌ئەدا • چیرۆکـەشیعرەکـانی کە لە باشوور داینا‌ون یارمەتیی لەناوچوونی دوا پاشماوەی ڕێبازی ڕزیوی کلاسیکی‌یان داوە • بەڵام پووشـکین کـە لایەنی نـەیارانی کلاسیزمی ئەگرت ، لە هەمان‌کاتیشدا ناڕەزاییی لـە زۆر بابەتی ڕۆمانسی‌یەکـانی

هاوچەرخی خۆی هەبوو • یەکێ لەو بابەتانەی پووشکینیان تووڕە ئەکرد حەزی شاعیرە لاوەکان بوو لە لاواندنەوەی ڕۆمانتیکی‌یانە کە ناوەرۆکی ئـەدەبی ڕووسیی زۆر نـەدارا کـردبوو • پووشـکین لــە وتارێـکی ڕەخنەگرانەدا کـە لـە ١٨٢٢دا ئامادەی ئەکرد ، ئـەم سەرنجـانەی دەربڕیوە : «شاعیرەکانمان زیانی چی‌یان تووش ئەبوو ئەگەر کۆمەڵێ بیری لـەو بیرانە بەڕاستتریان ئامـادە بـکردایە کـە خواسـایی لایان بەدی‌ئەکرێن ؟ بۆنموونە ، ئەدەبەکەمان بە تەنها بیرەوەری لـەبارەی لاوێتیی بەسەرچووەوە ناتوانێ دوور بڕوا » • پووشکین کە بەپێی داب‌و نەریتی بنووسـە ڕووسە پێشـکەوتخوازەکـانی سـەدەی هەژدەهـەم هەڵئەسووڕا ، توانی بەهایەکی ناوەرۆکیی‌وا بۆ ئەدەبی ڕووسی بهێنێتـە بەرهەم شێوەیەکی بیریی بەرزی هەبێ • پووشکین جارێکیان نووسیویە ئەڵێ : «ڕووناکبیر کردنی چەرخ پێویستی بە هەندێ ڕەگەزی بایەخداری بیر کردنەوە هەیە بۆ خۆراك‌پێدانی ئەقڵ کە ئیتر لەمڕۆ بەدواوە ناتوانێ بە شێوە یاری‌یە بیرهەڵفریوێنـەکانی خـەیاڵ‌و هارمۆنی داکـەوێ » • پووشکین گەلێ ئەدیبی بەوە تاوانبار کردووە کە لاساییی بنووسانی بێگانە ئەکەنەوە • پووشکین نامەیەکی بۆ ڤیازێمسکی نووسیوە باسی ژووکۆفسکیی تێدا ئەکاو ئەڵێ : « وەختی ئەوە هاتووە خەیاڵی تایبـەتیی خـۆی‌و بیری بەوی خۆیی هەبێ » • هەروەها ڕەخنەیشی لە شێوەی چاولێ کـەرانەی بەخشانەچیرۆکی بێستووژێفیش گرتووە • پووشکین لە مەیدانی خەباتدا بۆ ڕەسەنایەتیی نەتەوەییی ئەدەبی ڕووسی‌و تاوانبارکردنی چاولێ‌کەریی شیعری «بێ‌گیان‌و دەستەهەڵبەست»ی فەرەنسەیی ، بـە دڵ‌گەرمی‌یەوە نووسیویە ئەڵێ : « ئێمە زمانی تایبەتیی خۆمانمان هەیـە •• ئێمـە داب‌و نەریت‌و گۆرانی‌و ڕازو سەرگوزەشتەو مێژووی خۆمـانمان هـەیە • • کەواتە دەسا بەرەو چاونەترسی‌یەکی پتر •• •

هەروەها پووشکین لە گەرمەی موجادەلەدا داکۆکیی لە «ڕۆمانسیزمی ڕاستەقینە» کردووە ، کە وەك ئەو لێی حاڵی بووە ، لە شوێن‌بێ هەڵگرتنی «ڕاستەقینەی ژیان» دروست ئەبێ • ئەم بۆچوونەی پووشکین لەبارەی ڕۆمانسیزمەوەو ئەم تێگەیشتنەی لە ڕۆمانسیزم ، دەرگایەکی گەورەی گەشەکردنی لە بەردەم ئەدەبی ڕووسیدا کردەوە • هەروەهایشس هەوڵی‌داوە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ئەدەب‌و ، ناڕەزاییی خۆی لە هەڵوێستی دەوڵەت‌و سانسۆر خستنە سەر ئەدەب دەربڕیوە کە نیشانەی بە هیچ‌و سووك‌و بێ‌قابیلەت دانانی ئەدەبە • پووشکین لە سەرەتای ساڵی ١٨٢٣دا بۆ ڤیازێمسکیی نووسیوە : « وەختی ئەوە هاتووە دەوڵەت ناچار بکرێ ڕێز لە ڕاو دەنگمان بگرێ • بە چاوی سووك ڕوانینە بنووسانی ڕووس مەسەلەیەك نی‌یە پیاو بتوانێ لێی بێ‌دەنگ بێ» •

گرتنی ف • ف • ڕاییڤسکی کە لەپاش ئەمە ڕووی‌داو ، ڕاوەدوونانی لیبراڵی‌یەکان لەناو ڕیزی کیشینیۆڤی‌یەکاندا بوون بە هۆی ئەوە کە ئیتر بۆ پووشکین زۆر زەحمەت بێ لەوێ بمێنێتەوە • « کۆڕ » ی باڵای ئاسۆتەسکی کیشینیۆف لەسەر دڵی پووشکین زۆر قورس بوو • هەر ئەمەیش بوو وای‌لێ‌کرد لە پارچە شیعرە بەدگۆیی‌یەکانیدا بە سەرو گوێلاکیدا بێتە خوار •

پووشکین بەهۆی دوورکەوتنەوەیەوە لە پێتێربوورگ کە مەڵبەندی ژیانی ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی بوو ، ئازارێکی زۆری ئەچەشت • هەمیشە بەدەست تەنهایی‌و پەژارەوە هاواری بوو • هەروەها ناڕەحەتی ئەوە بوو کە نامەی کەم دەسگیر ئەبوو • لە نامەیەکیدا کە لە نیسانی١٨٢٣دا بۆ ڤیازێمسکیی نووسیوە ، ئەم سکاڵایەمان ئەکەوێتە بەرچاو : « مۆسکۆیش ، وەك پێتێربوورگ‌و ئەرزاماس ، لە بیری خۆیی بردوومەتەوە » • بۆیە

دۆستو برادەرەکانی لە پێتێربوورگ کەوتنە هەوڵو تەقەلادان بۆ گواستنەوەی لە کیشینیۆڤ ، بەڵام کەسیان زاتی ئەوەیان نەکرد بیر لە داوای گێرانەوەی بۆ پێتێربوورگ بکەنەوە • سەرەنجام بەڕێوەبەری بنووسخانەی کۆنت ڤۆرۆنتسۆڤی شاربەدەستی نۆڤۆرۆسییسکی توانی ڕەزامەندیی تسار ئەلێکساندری یەکەم لە گواستنەوەی پووشکین بۆ ئۆدێسسا وەدەس بێنێ •

لە سەرەتای تەمووزی ١٨٢٣دا پووشکین گەیشتە ئۆدێسسا • بەڵام لەم شارەدا دۆستانی لەچەشنی دۆستەکانی کیشینیۆڤی نەهاتەڕێ • پووشکین نەیتوانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵەی ئەریستۆکراتی ئۆدێسسای لەچەشنی ئەوانەی لە ماڵی ڤۆرۆنتسۆڤو ل • ناریشکینو ئەوانیتردا تووشیان ئەهات ـ بگونجێنێ • پووشکین لە ئۆدێسسا زۆر جار سەری لە ماڵی ئەمالیا ڕیزنیچ ئەدا کە ئافرەتێکی گۆرانیبێژی دەوڵەمەندی ئیتالیایی بوو • دڵی لەم ئافرەتە چوو • لە ماڵی ئەم ژنەدا پووشکین کۆمەڵەیەکی جۆربەجۆرترو گیاندارتری ئەدی • هەرچی ڤۆرۆنتسۆڤیشە کابرایەکی خۆ بەرەوەپێشبەرو ئەریستۆکراتو تڕ ـ زلی ئینگلیز مەشرەب بوو ، پووشکینی تەنها وەك کاربەدەستێکی بچووك تەماشا ئەکرد کە بەشێوەیەکی لێنەهاتووانە لاسایی کەسێکی وەك بایرۆن بکاتەوە ، کە بایرۆن خۆیشی ئەوەندە بەڕێز نەبوو لای • پێوەندی نێوان پووشکینو ئەم ڤۆرۆنتسۆڤە دۆستانە نەبوو و زۆریشیپێنەچوو بوو بە دوژمنایەتییەکی ئاشکرای بێپێچوپەنا • پووشکین بە هەموو توانای خۆی نکوولیی لەوە کرد کە ڤۆرۆنتسۆڤ هەوڵیبۆئەدا کە ئەوەبوو گوایە خۆی بە پارێزگاری ئەدیبان دابنێ • پووشکین لەمڕووەوە بۆ ڤیازێمسکیی نووسیوە : « ئێمە وەنەبێ نەمانەوێ یارمەتی لە کەسانێکەوە وەربگرین کە لە ئاستو سانی ئەوەدا بن ، بەڵام ڤۆرۆنتسۆڤی نامەرد نایەوێ لەمە

بگا • ئەو بە خەیاڵی خۆی وادائەنێ شاعیری ڕووس دێتە بەر کەوشکەنی ماڵەکەی ئەوو چەکامەیەکی لە پێداهەڵدانی ئەودا پێیە ، یا بەرهەمێـــکی ئامادەکردووە پێشکەشی ئەوی بکا ، ئەم جۆرە کەسانە ئیستەرەم ئەیانەوێ بە ڕێزلێ گرتنەوە لەگەڵیان بجووڵێنەوە » •

ئا لەم سەردەمەدایە پووشکین دەستئەداتە ڕوانینە پیشەی ئەدیب وەك چۆن ئەڕوانێتە پایەیەکی ڕەوشت ، بەڵـــکو تەنانەت وەك پایەیەکی مەتریاڵیی سەربەخۆیی شەخسی ئەدیب خۆیو سەربەخۆیی ئەدەبیش بە شێوەیەکی تێکڕایی – تەماشای ئەکا ( « گفتوگۆی کتێبفرۆشێك لەگەڵ شاعیرێك » ) •

پووشکین پاشانیش هەر لەسەر خەباتی سەرسەختانەی خۆی لەدژی حوکمڕانیی بەرەڵڵاو دەسکەلاکانی بەردەوام بوو لەپێناوی سەربەخۆیی ئەدەبی ڕووسیداو لـــەدژی دابو نـــەریتی سەرشۆڕانـــەی تایبەتیی پارێزگارانی هونەرو ئەدەبی دەربار • پووشکین لایوابوو بایەخدارترین شتێ کە ئەدەبی پێشکەوتخوازی ڕووسی لە ئەدەبی ئەورووپای ڕۆژاوا پێ جیـابێتەوە ، هـــەست بە سەربەخۆیی کردنـــە • پووشکین لـــەمڕووە نووسیویە ئەڵێ : « ئەدەبی ئێمە بەوەدا لە ئەدەبی ئەوان جوێئەبێتەوە کە نیشانەی پەستیی کۆیلەییی پێوە نییە • خاوەن بەهرەکانی لای ئێمـــــە سەربەخۆنو هەست بە سەربەرزی ئەکەن » •

لە یادداشتە ڕۆژانەکـــانی ل • س • پووشکینی برای پووشکینی شاعیردا نووسراوە : « پووشکین لە ئۆدێسسا گەلێ شتی نووسیو گەلێ زیاتریشی خوێندەوە • سێ بەشی داستانی «ئۆنێـگین»ی لـــەوماوەیەدا نووسی • زۆر بەگەرمی بە نووسینەوە خەریك ئەبوو • هـــەموو ڕۆژێ بەشێکی کاتی خۆی بۆ ئەوە تەرخانئەکرد • سبەینـــان زوو لە خـــەو

هەڵئەستا • بەرلەوەی لەسەر قەرەوێڵەی نووستنەکەی بێتەخوار چەند سەعاتێك ئەینووسی • زۆرجار وائەبوو برادەرەکانی ئەچوون بەسەریدا ، ئەیاندی چووە بە بیر کردنەوەدا یا بەدەم ڕێکخستنی بەیتێکی شیعرەوە داویەتە قاقای پێکەنین • پاییزی ئۆدێسسا کارێکی باشی کردە شاکارنووسیی پووشکین » • پووشکین زۆر جار سەری لە کتێبخانەکەی فۆرۆنتسۆف ئەداو ئەرخیفەکەیی ئەمدیوو ئەودیو ئەکرد • لەوێ بوو نامەکانی ئە • ن • ڕادیشێڤو یادداشتەکانی یێکاتێرینای دووهەمی خوێندەوە کە ئەمەی دوایی یان لەو سەردەمەدا قەدەغە بوو • پووشکین بایەخێکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبو مێژوو ئەدا • لە یەکێ لە نامەکانیدا کە بۆ براکەیی نووسیوە ، ئەڵێ : « ئای لە خوێندنەوە •• هۆیەکی چۆنە بۆ فێربوون ! » •

لە سەرەتای ساڵی ١٨٢٣وە شەپۆلی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئازادی بەخشی نیشتمان لە ئەورووپای ڕۆژاوا کەوتە کشانەوە • ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕی یەکانی ئیتالیاو ئەسپانیا سەرکوت کران و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی دەرەبەگی یش لە سەرانسەری ئەورووپا پەرەی سەندو دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ئەوێ کە لە « یەکێتیی پیرۆز »دا یەکیان گرتبوو ، سەرپان کردنەوەی هەموو بزووتنەوە ئازادی بەخشەکانی ئەورووپایان کردبوو بە سەردەستەی ئامانجەکانیان •

بەزینی شۆڕش لە ئەورووپا ، نائومێدی یەکی زۆری لەناو خەڵکی پێشکەوتخوازدا پەیداکرد • هەروەها بوو بە مایەی دوودڵی پەیدابوون لەوە کە ئاخۆ توانای ئەوە هەیە ئازادی لە ڕووسیا بهێنرێتەدی • پووشکینیش لە هەست کردن بە سەرەنجامی تراژیدیایی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەورووپا بەدوور نەبوو • ئەو هەرچەند وەك جاران

هاواری ئەکرد « گەردەلوول نیشانەی ئازادی‌یە» ، شیعرە ویژدانی‌یەکانی سالّی ۱۸۲۳ و نیوەی یەکەمی سالّی ۱۸۲٤ ی ( « دەروێشی ئازادی‌چێن»و «شەیتان»و ئەوانی‌تر ) پڕبوون لە نائومێدی‌و مۆتیفی خەمـگینی • لـە سەرێکی‌تریشەوە پووشکینی تووڕەو ڕقھەستاو هاواری ئەکردە «خواژنی گرگرتووی بەدگۆیی » و بە شووڵە هارو شێتەکەی ئەم خواژنە بەرئەبوە گیانی ئەو «دەبەنگ»انەی ئەڵێن «ئازادی نی‌یە»و «ئەوکەسانەیش کـەوا باوەڕیان بێ ئەکردن» کە «شەرەفی بانـگەواز» بێداری نەکردبوونەوە • پووشکین لە ماوەی کارکردنیدا لە داستانی «یێفگێنی ئۆنێگین»دا ، کـە وێنەی «کۆڕی باڵا»ی ساردو بۆشی ئەکێشا ، پیشی ئەخواردەوە •

زۆرتری وەخت مۆنی باڵی ڕەشی بەسەر پووشکیندا ئەکێشا • ئـەو خۆی لە دوادوایی ئابی سالّی ۱۸۲۳دا وای بە براکەی ڕاگەیاند کـەوا «گیرۆدەی دۆزداماویم» • لە نامەیەکیشیدا کە لە تەشرینی دووهەمدا بۆ دێلفیگی نووسیوە ، ئەم ڕستەیەمان بەرچاو ئەکەوێ : «وەڕزی •• ئەمەیە کە بەدرێژایی تەمەنم لەکۆڵم نابێتەوە » • پووشکین بـە خـۆی ئەڵێ : «زیندانیی دوورخراوە» •

پێوەندی پووشکین لەگەڵ فۆرۆنتسۆف کە بـە «کابرا دەرباری‌یە جلفەکـە»و بە «کێوی» ناوی‌ئەبرد ، ڕۆژبەڕۆژ ئاڵۆزتر ئەبوو • بەڵام بەش‌بەحـاڵی یێ • ك • فۆرۆنتسۆڤا ، ئەوە ئاشقی بووبوو و دڵی لـە خۆشەویستیی کەیل بوو • ئەمە لە پارچە شیعرەکانی «ماڵاوا»و « نامـەی دڵداری»و «نووشتە»و گەلێکی‌تردا ڕەنگی‌داوەتەوە •

فۆرۆنتسۆف کە شیعرە بەدگۆیی‌یەکانی پووشکین شێتیان کردبوو و لەولایشەوە لە ژنەکەی ئەترسا لێی ، زۆر بەتوندی داوای دوورخستنەوەی ئەم شاعیرە ئەو حەزلەچارەنەکردووەی ئەکرد لە ئۆدێسا • لەم‌بارەوە بۆ

پێتێربوورگی نووسیبوو : «ڕزگارم کەن لە پووشکین » . فۆرۆنتسۆف بە هێما لە دەزگـــای بێرۆکراتی پێتێربوورگی گەیاندبوو کـــەوا لەوانەیە پووشکین لە ئۆدێسسا بە بڵاوکردنەوەی «بیرو باوەڕی مەترسیدارو بیر لە سەرەنجام نەکراوە»وە خەریك بێ‌و زراوی بەمە بردبوون . نامەیەکی پووشکین کە پۆلیس دەستی بەسەردا گرتبوو کەوتبوە دەستی دەوڵەت . پووشکین لەو نامەیەدا ئینکاری « نەمریی گیان »ی کردبوو و بێ‌باوەڕیی بە باش دانابوو ، گوایە ئەوە «هەڵوێستێکی بیری‌یە لە هەمووشتێ پتر لەگەڵ ڕاستی ئەگونجێ» . پووشکین لەونامەیەدا وەك تاوانێکی سیاسی سەیری بێ‌باوەڕیی کردبوو . نەیارانی پووشکین ئەم نامەیەیان قۆستەوە . تــسار ئەلێکساندری یەکەم فەرمانی‌دا پووشکین لەکاردەربکرێ‌و دووربخرێتەوە بۆ شوێنێکی‌تر ، بۆ گوندێکی دوور لە ناوچەی پسکۆف‌و لـەوێ لـەژێر چـــاودێریی پۆلیس‌و کڵێسەدا دابنرێ . پووشکین بەرلەوەی ئۆدێسسا بەجێ‌بێڵێ ، چەکامەی «بۆ دەریا»ی نووسی کە ماڵاوایی لە سروشتی دەریا تێدا ئەکا ، کە بەش‌بەحاڵی ئەو نیشانەی ئازادی‌یە .

## ( ٣ )

پووشکین ئۆدێسسای بەجێ هێشت •

لـە سێی تەمووزی ١٨٢٤دا پووشکین ئۆدێسسای بەجێ هێشت • لە مۆسکۆدا پێشتر ئەوەیان لێ قەدەغە کردبوو کە بەرێی ئەم سەفەرەیدا بە مۆسکۆدا تێپەڕێ • گفتێکیان لێ سەندبوو کە لە ڕێگا لە هیچ کوێ لانەدا • بۆ نۆی ئاب پووشکین گەیشتە میخایلۆڤسکی • ماڵی باوکی پووشکین هەموو لەوێ بوون • هاتبوون بۆ هاوینەخۆری • پۆلیسی شارستانی پسکۆف ئیستەرەمیان لە سێر گێی لڤۆڤیچی باوکی پووشکین کردبوو کە ئەبێ وریایانە چاودێریی کوڕەکەی بکاو بیخاتە ژێر سەرپەرشتیی خۆیەوە • لەوەیش زیاتر لەسەر سەرۆکی دێری سڤیاتۆگۆرسکیش پێویست کرابوو کە ئەویش چاودێریی پووشکین بکا • بەمهۆیانەوە ناکۆکی یەکی توندوتیژ لەنێوان پووشکینو باوکیدا پەیدابوو کـە زراوی لـەم دوورخستنەوە نوێیەی کوڕەکـەی چووبوو • بەڵام زۆری نەخایاند باوك بـە خاووخێزانەوە ناوچـەکەی بەجێ هێشت • ژیانی بەهۆی دوورخستنەوەوە کرکو چۆڵی پووشکین لێرەوە دەستپێ ئەکا •

پووشکین لە سەرەتادا هەستی بە تەنیایی یـ لی مەینەتبار ئەکرد لـەو دێیەدا • لە نامەیەکیدا کە بۆ ژنەکەی ڤیازێمسکیی نووسیوە ، ئەڵێ : « وەڕزی ، بە شێوەیەکی چاوچنۆکـانە ، ژیانی بێمانام ئەماشێتەوە » • برادەرەکانی پووشکین ، بەهۆی ئەوەوە ، زۆر پەرێشانو ناڕەحەت بوون• ڤیازێمسکی بەبۆنەی ئەم چەرمەسەرە تازەیەی تسارەوە بۆ پووشکین ، نووسیویە : « کێیە ئەم پیاوکوژییە ناپیاوانەیەی لێ وەشاوەتەوە ؟ » •

پووشکین ژیانێکی دوورەپەرێز ئەژیا لە میخایلۆڤسکی • کاتی ئەوی هەموو بۆ خوێندنەوەو دانان تەرخان کردبوو • خـۆی لەبارەی ژیانی ئەوێیەوە نووسیویە ئەڵێ : « دراوسێ لە ناوچەکەدا کەمن • مـن لـەم

ناوچەیەدا تەنھا لەگەڵ یەك خێزان ناسیاویم پەیداکردووە • لەگـەڵ ئەوەیش زۆر کەم سەریان لیٚ ئەدەم • ڕۆژم بە خەریك بوونی وەرزشی ئەسپ سواری یەوە ئەبەمەسەر • ئیٚوارانیش گویٚ لە ڕازەکانی دایەنەکـەم ئەگرم ، کە تاقانە ڕوونووسی ڕەسەنی تاتیانای دایەنە • تاقانە دۆستم هەر ئەوەو هەر لەگەڵ ئەویشدا وەڕزی یەکەم لەکۆڵ ئەبیٚتەوە • لـــە گوندی تریگۆرسکیش کە ئەکەویٚتە نزیکی میخایلۆفسکی یەوە ، سەری لە خیٚزانی ئۆسیپۆفای خاوەن موڵك ئەدا • لـــەویٚ لاوانی ئـــەدیو بایەخ بیٚدان و خۆشەویستیی دەسگیر ئەبوو • لەم تریگۆرسکەدا تووشی بەتووشی ئـــە • بی • کیٚرنەوە بوو کە کچیٚ بوو لە خزمەکانی ئۆسیپۆفا • پووشکین چەند چەکامەیەکی خۆیی بۆ ئەم کچە تەرخان کردووە • کیٚرن لە یادداشتەکانیدا باسیٚکی زیندووی سیمای ئەو سەردەمـــەی پووشکینی کردووە • کیٚرن ئەڵیٚ : « هەڵسووڕانی لەگەڵ خەڵکی تر ، لەڕووی سەنگینی یەوە ، زۆر بیٚ دەسمایە بوو • تاویٚ ڕووخۆشەو ئەیکا بە هەراوزەنا • تاویٚکی کەیش خەم دایگرتووە • بۆ تاوی سیٚهەم سەری لیٚشیٚواوەو نازانیٚ چی بـــکا • بۆ تاوی چوارەمیش لە هیچ ناترسیٚو سڵ ناکاتەوە • کەچی تاوی پیٚنجەم تا ڕادەی ئەوپەڕی خۆشەویستی پیشان ئەداو ، بۆ تاوی شەشەمیش بەڕادەیەك بنیادەمی بیٚزار ئەکرد لە وزەیدا نەبیٚ لیٚی بیٚ دەنگ بیٚ • لە توانای کەسدا نەبوو هەڵی بیٚنیٚ باری دەروونی پاش دەقیقەیەکی تر چۆن ئەبیٚ •• هەستی خۆیی پیٚ نەئەشاررایەوە • ئەگەر شتیٚکی جوان کـــاری لـــە دەروونی بکردایە ئەوەندە جوانی لیٚ دەرئەچوو لە کەس نەیەت باسی بـــکا » • سەردانی لەپڕی پووشین لە میخایلۆفسکی لە کانوونی دووهەمی ١٨٢٥دا ، بەختەوەری یەکی زۆری خستە دڵی پووشکین • لە دەسەڵاتی پووشیندا نـــەبوو پاشانیش بیٚ هاتنـــەجۆش و خرۆشی دەروون ، یـــادی ئـــەو بەیەك گەیشتنەوەی لەگەڵ پووشکینی برادەری بـــکاتەوە • پووشین لـــە

بیرەوەری‌یەکانیدا لەمەڕ پووشکین نووسیویە : «چارەوێ بەناو تەپۆلکە بەفردا داویانەتە غار .. لەبڕ پێچێکی توندمان هاتەڕێ . دەس بەجێ‌و بێ‌چاوەڕوانی‌یەکی لەمێژ، وڵاخەکانمان بەدەم دەنگی زەنگوقوڕەوە خۆیان کرد بە ناو دەروازەدا . ئەوەندەم هێز بەبەرەوە نەمابوو لەبەر گوێسوانەی ماڵەکەدا ڕایانگرم . بەلایا تێپەڕین‌و تەنها لەناو بەفری حەوشەکەدا گیرسانەوە . وردبوومەوە ، ئەبینم ئەوە پووشکینە لای دەرگای ماڵەکە لەژێر گوێسوانەکەدا بەپێی پەتی ڕاوەستاوە ، تەنها کراسێکی لەبەرایەو هەردوو دەستی بۆ سەرەوە هەڵبڕیوە . پێویست‌ناکا باسی هەستی ئەودەمەم بکەم . بازێکم لە عەرەبانەکە دایە خوارو گرتمە باوەش‌و ڕامکێشایە ژوورەوە بۆ ناو هۆدەکە .. قسەو گفتوگۆو نوکتەو بیرەوەری‌یەکی زۆری ڕۆژگاری زوومان گێڕایەوە .. » . پووشین بۆچوونی پووشکینی لەبارەی بوونی کۆمەڵەیەکی سیاسیی نهێنی‌یەوە لایەنگری کرد . هەر لەمدەمەدا پووشکین یادی ف . ف . ڕایێفسکیی برادەری گیراوی کردەوە . پووشینیش هەواڵی ناووبانگ پەیداکردنی بەرهەمەکانی خۆیی پێ ڕاگەیاندو باسی چەکامەکانی بۆ کرد کە لە هەموو ڕووسیادا بەناو گەلدا بڵاوبوونەتەوەو ، سەرەڕای دەنگوباسی سیاسی‌و ئەدەبی ، دەسنووسە کۆمێدیایی‌یەکەی گریبۆیێدۆفیشی بۆ هێنابوو کە ناوی « مەینەتیك » بوو « بەهۆی ئەقڵەوە » ، و تازە لەو سەردەمەدا بڵاوبووبوەوە . بەهاری ئەو ساڵە دێلفیگیش سەری لە پووشکین دا لەو شوێنەی بۆی دوورخرابوەوە .

پووشکین لە میخایلۆفسکی لە نزیکەوە لە ژیانی جووتیارە زەوی‌بەندەکان شارەزا بوو . لە قسەکانی جووتیارەکانەوە کە بیری ئەو سەردەمەیان کردووەتەوە کە پووشکین لە میخایلۆفسکی ژیاوە ، وا دەرئەکەوێ کە هیچ گوێی بە کاروباری ناوماڵ‌و کشتوکاڵەکەی خۆی

نەئەدا • لای ئەو چون یەك بوو کۆیلەو خزمەتکارەکانی ماڵی لە دێبەرەکەی ئەودا کاربکەن یا لە دێبەرەکانی خۆیاندا • مەسەلەکە وا ئەهاتە پێش چاو ، وەك بڵێی کاروباری کشتوکاڵی هیچ مەبەست نەبێ • بەڵام حەزی لەوەبوو لەگەڵ جووتیارەکان بدوێ‌و هاتوچۆی بازاڕەکانیان بکاو سەرنجی ژیانی گەل بدا • پووشکین کردبووی بە خوو سەر لە ئاهەنگەکانی سەماو هەڵپەڕکێی لاوانی ئاوایی بداو بۆ ئەم مەبەستە کراسی سووری لەبەرئەکردو جزمەیێکی لە پێ هەڵئەکێشا • بایەخدانی پووشکین بە ژیانی گەل‌و شاکارە گەلی یەکان ، کە هەر لە منالی یەوە لێی بووبوو بە خوو ، لە گوندی میخایلۆفسکی گەشەی کرد • پووشکین لەوێ گۆرانی یە گەلی یە مێژوویی‌و هەریەکە بەبۆنەیەکەوە دانراوەکانی ئەنووسی یەوە • ئێوارانیش حەزی لەوە بوو گوێ بۆ ڕازەکانی دایەن ئەرینا ڕۆدیۆنۆڤنا شل بکاو بی یاننووسێتەوە • جارێکیان لە باسی ئەم ڕازانەدا بۆ براکەیی نووسیوە : « ئای کە ڕازی خۆش‌و بەتامن ! هەر ڕازێکیان چیرۆکەشیعرێ دێنێ » • هەروەها جارێکیشیان وتوویە : « کۆڵینەوە لە گۆرانی یە کۆنەکان‌و لەوانی‌دی بۆ زانینی وردی خاسیەتەکانی زمانی ڕووسی کارێکی پێویست‌و ناچاری یە » •

گومان لەوەدا نی یە کە سەردەمی ژیانی پووشکین لە میخایلۆفسکی لەبارەی ڕووداوی دەرەکی یەوە دەوڵەمەند نی یە ، بەڵام لەم سەردەمەدا بوو بلیمەتیی ئەم شاعیرە پێ گەیشت‌و ، هێزی بەزەبری خۆی وەدەستهێنا •

ئەوەبوو پووشکین لە ساڵی ۱۸۲٤دا چیرۆکە شیعری «قەرەج»ی نووسی • پووشکین لەم چیرۆکەشیعرەدا لە کەلێنی وێنەی ئەلێکۆوە کە « ئازادیی تەنها بۆ خۆی ویستووە » ، ئەو نائومێدی‌و لە واقیع

دوورکەوتنەوەیە تاوانبار ئەکا کە نیشانەی قارەمانەکانی بایرۆنن • لەم چیرۆکەشیعرەدا بە زمانی ئەم قەرەجە پیرەوە کە پەندە میللی‌یەکان ئەلێتەوە ، پەردە لە ڕووی خۆپەرستی‌و تاکایەتیی فیز - زلی ئەلێکۆ هەلئەمالێ کە بە چاوی سووك ئەڕوانێتە داب‌ونەریتی گەل کە دالدەی داوە • ئەو بیرۆکەیەی لە چیرۆکەشیعری « قەرەج » دا دەربڕراوە ئەوەیە هەر کۆمەلگایەك قانوونی تایبەتیی خۆی هەیە کە ئەبێ تاك ملی بۆ کەچ بکا • زیاد لەوە پووشکین ئەو دەمارانەی لاوازییشی دۆزیوەتەوە کە لە شەخسیەتی ئەلێکۆدا هەن‌و ، باسی سەرکەوتنی هەولدانیشی بۆ ڕزگاربوون لە کارتێکردنی ئەو دەوروبەرە کردووە کە تێیدا ژیاوە • هەروەها پەردەی لە ڕووی « کۆیلەیەتیی هەناسەچنی شاران»یش هەلمالیوە کە ئەوەتە :

**شەرم‌ئەکەن لە دلداری ، بیر ڕاوئەنێن**
**بازرگانی بە ئازادیی تایبەتیی خۆیانەوە ئەکەن**
**سەر لە پێشی بتدا دائەنەوێنن**
**سوالی پارەو کۆت‌و زنجیر ئەکەن**

بەلام پووشکین بەو بیرەی ڕووسسۆ قایل نابێ کە بایرۆنیش بۆ خۆیی پەسەند کردووە کە داوای هەلاتن ئەکا لەوەی هەیە بەرەو جیهانێ کە دەستی شارستانەتیی هاوچەرخی پێ نەگەیشتبێ‌و ئەوە بە مەرجی ڕزگاریی کەسایەتیی تینووی ئازادی دائەنێ •

چیرۆکەشیعری «قەرەج» دوا کارێکە پووشکین بە گیانی ڕۆمانتیکی‌یانە نووسیبێتی • هەروەها نیشانەی بە ناچیز دانانی تاکایەتیی ڕۆمانتیکی‌یەکان‌و تێگەیشتنی ڕووتیانە لە ژیان لەلایەن ئەمەوە • لەگەل ئەوەیشدا پووشکین لە شاکارەکانی لەوەپاشیدا پارێزگاریی لایەنە

بەهێزەکانی ڕۆمانسیزمی پێشکەوتخوازی کردووە کە بریتین لە دەربڕینی ناڕەزایـی لـە دیمەنە سەلبی یەکـانی ژیانو ، سـەرهەڵبڕین بـەرەو دواڕۆژێـکی جـۆرو لـەبارو ، پێـرەویی ئـازادیی شاکارداهێنـانو ، شی کردنـەوەی دەروونو تاموبۆنی تایبـەتیی شیعری لیریـکی • ئـەم نیشانە تایبەتی یانەی ڕێبازی ڕۆمانسی بە شێوەیەکی ئۆرگانی بـە ناخی ڕیالیزمی هونەریی پووشکیندا چوونەتە خوارەوە •

ئـەو ڕووداوە مێژوویی یـە گـەورانەی لـە دوادوایی سـەدەی نۆزدەهەمـدا ڕوویاندا ، خـاوەنبیرە پێشـکەوتخوازەکانی ناو گـەلی ڕووسیان ناچارکرد کەوا بیرێکی زۆر لە ناکۆکی یە کۆمەڵایەتی یە توندو تیژەکـان بـکەنەوە ، ئـەو ناکۆکی یانەی ئـەوان خۆیان ئاگایان لێ یانەو بەسەریانەوە شایەتن •

پووشکین لـە ناوەڕاستی سـاڵانی بیستی سەدەی ڕابووردووەوە گەیشتـە ئەنجام گیری یەکی بەش بەحـاڵی ئەو سەردەمـە لـە هـەموو ئەنجام گیری یەکی تر قووڵتر • ئەو ئەنجامەیشی لە ناکۆکی یەکانی چەرخی خۆیو ڕووداوە مێژوویی یە تووشەکانیەوە دەرهێنابوو •

بەش بەحاڵی پووشکین ئاشکرا بوو کەوا کۆمەڵانی گەل لە ڕەوتی کاری مێژوویدا هێزێـکی قەبەنو ، چاری ئەو مەسەلانەی پێوەندیان بە گۆڕانە سیـاسی یە بەڕاستی یەکـانی ژیانی گـەلانەوە هـەیە ، بـە بێ ڕوون کردنەوەی قانوونو نیشانە مێژوویی و نەتەوەیی یەکانی ئەو ژیانـە لەکردن نایێ • پووشکین ئەم ئەنجامەی دەرهێنابوو کەوا « تەنها لە توانای مێژووی گەلدا هەیە داخوازی یە ڕاستەقینەکانی ئەو گەلە خۆی ڕوون بکاتەوە»و ، کەواتە پێویستە لەناو واقیعی مەوزووعیی خۆیدا ، لە کەلێنی دۆزینـەوەی قانوونەکـانی گۆڕانی مێژوویی واقیعی مەوزووعی یەوە ،

بەدوای چاری مەسەلە سیاسیو کۆمەڵایەتی یەکاندا بگەڕێین •

چەرخی وەرگەڕانو تەنگوچەڵەمە مێژوویی یەکان توانی سەرنجی پووشکین ڕاکێشێ • پووشکین لەمماوەیەدا کەوتە بیرکردنەوە لە « ناکۆکی یە هەمیشەیی یەکانی هەرچی کە گەوهەری بێ » ، ئەو ناکۆکی یانەی کە مۆرکی خۆیانیان بە بەرەوپێش چوونی ژیانەوە ناوە • هەروەها کەوتە بیرکردنەوە لە جیهانی ناوخۆی ناکۆكو بەگرێوگۆڵی تایبەتیی ئادەمیزاد ، ئەو جیهانە ناوخۆیی یەی لەناو کۆڕێکی کۆمەڵایەتیی دیاریدا گەمارۆی ئادەمیزادەکە ئەدا • پووشکین کە لەوە گەیشتبوو هەرشتێ قانوونێکی خۆی هەیە ، لە لێ تێ گەیشتنی کاری مێژوویدا کابرایەکی شێت گیری لێ دەرنەچوو •

ڕابووردووی نزیکی ڕووسیا [سەردەمی پیۆتری گەورە]و ژیانی ئەورووپای هاوچەرخی پووشکین کە ڕۆڵی ناپلیۆن جێبەنجەیەکی ئاشکرای بە دیاری کردنی سەرەنجامیەوە هەبوو ، متمانەیان بە بایەخی پیاوانی سەربەدەرەوەبوو و بەو کارەی ئەیکەنە سەر ڕەوتی مێژوو - بێ پەیداکردبوو • بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پووشکین لە تێگەیشتنیدا لە ناوەرۆکی کاری مێژوویی ، هەر دیلی چەندو چۆنیەتی یەکانی ڕێبازی ئایدیایی مێژووی تایبەتیی چەرخی ڕوونکاری بوو • پووشکین لە گەشەکردنو بەرەوپێش چوونی مێژوودا ڕۆڵی سەرەکیی بە ڕوونکاریو بیروباوەڕی سیاسیو قانوونو پەروەرشتو دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەدا•

پووشکین ، وێنەگرتنی ڕابووردووی نەتەوەیی گەل بە شێوەیەکی هونەریو لە کەلێنی گەشەکردنی لەبەرچاوی مێژوویی یەوە ، بە ئەرکێکی بایەخدار ئەزانێ لە ئەستۆی ئەدەبی ڕووسیدا • لە نامەیەکیدا کە لە شوباتی ١٨٢٥دا بۆ ن • ئی • گنێدیچی نووسیوە ، ئەڵێ : «ڕابووردووی

گەل بەتایبەتی هیی شاعیرە » .

پووشکین لە زستانی ١٨٢٤ - ١٨٢٥دا بە چالاکیو گەرمی‌یەکی لەبەرچاوەوە ، بە بابەتێکەوە خەریك بووە لەمەڕ مێژووی ڕووسیا . لە هەمان کاتیشدا خەریکی لێکۆڵینەوەی « مێژووی دەوڵەتی ڕووسیا » بووە کە ن . م . کارامزین نووسیویە . زیاد لەوە خەریکی لێکۆڵینەوەی مێژووە تۆمارکراوەکانی‌تری ڕووسیایش بووە . هەروا داوایشی لە براکەی کردووە کتێبی « ژیانی پووگاچیۆف » ی بۆ بنێرێو، بایەخێکی تایبەتیی بە کەسایەتیی یەکێ لە سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکانی جووتیارانی ڕووسیا داوە کە (ستێپان ڕازین)ە کە لە ساڵی ١٨٢٦دا چەند گۆرانی‌یەکی بە شێوەی شیعری میللی لەبارەیەوە داناوە . هەروا بە دڵ گەرمی‌یەکی زۆرەوە بە دانانی تراژیدیای «بۆریس گۆدوونۆف»یشەوە خەریك بووە .

پووشکین لەم بەرهەمەی خۆی ڕازی بووە . ئەوەتە لە نامەیەکیدا کە لە ١٨ی تەشرینی‌یەکەمی ١٨٢٥دا بۆ ڤیازێمسکیی دۆستی نووسیوە ، ئەڵێ : «ئازیزەکەم ! بەبۆنەی ئەوەوە کە تراژیدیایێکی ڕۆمانتیکیم نووسیوە ، پیرۆزبایت لێ ئەکەم . بۆریس گۆدوونۆف کەسی سەرەکیی ئەم تراژیدیایەیە . خوێندمەوە بۆ خۆم . لە خۆشی‌یاندا دەستم کرد بە چەپڵەلێدانو قیژاندم : ئای لە زیرەکیت پووشکین ! ئای لە زیرەکیت بەچکە سەگ ! » .

«بۆریس گۆدوونۆف» تەرخانە بۆ ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی دوادوایی سەدەی شازدەهەم ، ئەم ماوەیەی کە پووشکین یەکێ لە درامایی‌ترین ماوەکانی مێژووی نوێی تێدا بەدی‌ئەکرد . پووشکین کەرەستەی ئەم کتێبەی لە کتێبی «مێژووی دەوڵەتی ڕووسیا»ی کارامزینو لە کتێبەکانی‌تری مێژووی ڕووسیا وەرگرتووە . پووشکین لە تەشرینی

دووهەمی ۱۸۲٤دا سەرێکی لە شاری پسکۆڤ دا کە یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی ڕووسیا • لەم سەردانەیدا گەلێ بابەتی بەپێزی لە بیردا جێگیر بوو کە بۆ دوارۆژی تراژیدیاکەی گەلێ بەکەڵك بوون •

پووشکین ویستوویە ئەم تراژیدیایە ، بۆ دەرخستنی « چارەنووسی گەل » بخاتە کار • هەڵاوێردەیی تراژیدیای « بۆریس گۆدوونۆف » لە قووڵیی ڕێبازە ڕیالیستی یەکەی (★) و ، بە ناخی مێژووی ڕووسدا چوونە خوارەکەی‌و ، وردی یە مێژوویی یەکەی‌و ، لە بەرفراوانیی ئەو تابلۆیانەدایە کە تێیدا ڕەسم کراون‌و ، بەتایبەتی هیی ژیانی ڕووسیای دوادواییی سەدەی شازدەهەم‌و سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمن •

بێلینسکی باسی ئەوەی کردووە کەوا وێنەگرتنی ژیانی ئەم چەرخەی ڕووسیا [لەم تراژیدیایەدا ـ و • ك •] ، « ئەوەندە قووڵ پڕە لە گیانی ڕووسایەتی‌و ، ئەوەندە لەگەڵ ڕاستی یەکانی مێژوودا دەست پاکە ، بە بلیمەتیی پووشکینی شاعیری نەتەوەپەرستی ڕووسی ڕاستەقینە نەبوایە ـ نەئەهێنرایەدی » •

---

(★) تۆزێ پێشتر دیمان چۆن پووشکین ئەم تراژیدیایەی بە کارێکی ڕۆمانتیکی یانە ناوبردووە • پووشکین ـ وەك ، وەختە بڵێم ، هەموو هاوچەرخەکانی خۆی ـ ئەمەی لەوەوەیە کە ئەمیش‌و ئەوانیش هەموو وا بەربلاو لە ڕۆمانسیزم گەیشتبوون تێکڕای ئەدەبی دژی کلاسیزم بگرێتەوە • پووشکین‌و هاوچەرخەکانی لەم جۆرە لە ڕۆمانسیزم گەیشتنەیاندا شوێن‌پێی هیگلی فەیلەسووفی ناسراوی ئەڵمانیان هەڵگرتووە کە ئەدەبی کردووە بە دوو بەشەوە : ئەدەبی کلاسیکی ( واتە : ئەدەبی یۆنانی‌و ڕۆمانی‌و هەر ئەدەبێ لاساییی ئەوانی کردبێتەوە ) و ئەدەبی ڕۆمانتیکی ( واتە : ئەدەبی باوی ئەورووپای مەسیحی ) • بەم‌چەشنە پووشکین‌و هەموو ڕۆمانتیکی یەکانی هاوچەرخی ، لە ڕووس‌و لە ئەورووپایی ، شێکسپیریان بە ئەدیبێکی ڕۆمانتیکی داوەتە قەڵەم ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

له قسه‌ی پووشکین خۆیه‌وه واده‌رئه‌که‌وێ که‌وا ویستوویه « بۆریس گۆدوونۆف » بۆ « زیندووکردنه‌وه‌ی شکۆی به‌سه‌رچوو ، به هه‌موو ئه‌و ڕاستی‌یه‌وه که تیایه‌تی » بخاته‌کار • ئه‌م تراژیدیایه هه‌موو چینه‌کانی دانیشتووان ئه‌گرێته‌وه : گه‌ل ، ڕه‌سه‌نزاده‌کان ، قه‌شه‌کان • سه‌ره‌ڕای ئه‌وه که په‌رده له ڕووی کێشه‌ی سیاسیی ناو چینی ڕه‌سه‌نزاده‌کانیش هه‌ڵئه‌ماڵێ • پووشکین توانیویه ، به ئه‌وپه‌ڕی ڕوونی‌یه‌وه ، خاسیه‌ته‌کانی کولتووری ڕووسی پێش چه‌رخی پیۆتێری گه‌وره‌و ، هه‌روه‌ها له چه‌ند دیمه‌نێکدا پۆڵۆنیای چه‌رخی ده‌ربه‌گی‌یش ده‌رببڕێ •

له تراژیدیاکه‌دا ، هه‌روا پێوه‌ندی گیروگرفتی گه‌ل به ده‌سه‌ڵاتی تساری‌یه‌وه به شێوه‌یه‌کی زۆر تیژ خراوه‌ته‌ڕوو • پووشکین له‌م تراژیدیایه‌دا په‌رده‌ی له ڕووی دوژمنایه‌تیی گه‌ل بۆ چینی ڕه‌سه‌نزادان‌و حه‌زنه‌کردنی له تسار هه‌ڵماڵیوه که له‌ئه‌نجامی تاوان‌کردنێکدا بوو به شاو هه‌ر له‌به‌ر هه‌مان هۆ له‌لایه‌ن گه‌له‌وه له‌سه‌ر ته‌خت هێنرایه‌خوار • تراژیدیاکه پڕه له مۆتیفی دانه‌دواوه‌ی خودسه‌ری‌و حوکمی به‌ره‌ڵڵا • به ڕێکه‌وتی ڕووت نی‌یه پووشکین له‌باره‌ی مۆرکی سیاسیی ئه‌م تراژیدیایه‌وه بۆ ڤیازێمسکیی براده‌ری نووسیوه ، ئه‌ڵێ : « هه‌رگیز نه‌متوانیوه هه‌موو گوێی خۆم له‌ژێر کڵاوی قوتی شێته‌دا بشارمه‌وه » • ڕاسته‌که‌یشی هه‌ر شێته‌که‌یه تسار بۆریس له تراژیدیاکه‌دا گوناهبار ئه‌کا •

دیمه‌نی هه‌ڵبژاردنی تسار له دیمه‌نه جوانه‌کانی تراژیدیاکه‌یه • ئه‌وه‌ته یه‌کێ له نیشته‌نی‌یانی مۆسکۆ ئامۆژگاریی یه‌کێکی‌تر ئه‌کا که‌وا به پیاز ئاو به چاوی خۆیدا بهێنێ تا وا بێته به‌رچاو که ئه‌گری • له ڕه‌شنووسی تراژیدیاکه‌دا دیمه‌نێکی‌تریشمان به‌رچاو ئه‌که‌وێ یه‌کێ له

هاونیشتمانان بە هەمان مەبەست بە هاونیشتمانێکی تر ئەڵێ : « ڕێنم بدە نقورچێکت لێ بگرم یا چنگێ لە مووی پشت دەسکەنە بکەم » •
مەبەستی پووشکین لەم ئامۆژگاری یە کۆمیدیایی یانە ئەوەیە گوێ پێ نەدانی کۆمەڵانی گەل لەئاست هەڵبژاردنی تساردا دەربڕێ • پووشکین وێنەی گەلیش وا ئەکێشێ کە « ڕەگەزی یاخیگەری » بێ • یەکێ لە قارەمانانی تراژیدیاکە ئەڵێ : « گەل هەمیشە حەزی لە یاخی یەتی یە » • یەکێکی تریش لەبارەی « باری سەرنجی گەل »ەوە وا قسە ئەکا کە ئەم باری سەرنجی گەلە هێزێکی سیاسیی ئەوتۆیە هەموو شتێ ئەو ئەیبڕێتەوە • گەل لەم تراژیدیایەی پووشکیندا قارەمانی سەرەکی یە •

پووشکین پێوەندی یە سیاسی یەکانی ئەو سەردەمەی بەڕاستی و بەوردی دەربڕیوە • هەروەها وێنەی دیمیتریی ساختەچی یش لە تراژیدیاکەدا بە شێوەیەکی ڕاست کێشراوە کەوا یەکێکە لە دەستکردەکانی قەشە پۆڵۆنیایی یەکان و سیاسی یەکی سەرەڕۆیە •

ئەمەیش شایانی سەرنج لێدانە کەوا باووباپیری پووشکین خۆیشی لە تراژیدیاکەدا وا خراونەتەڕوو کە لایەنێکی هاوبەشی کێشە سیاسی یەکەن • پووشکین بە زمانی بۆریس گۆدوونۆفەوە وەسفی بنەماڵەی پووشکین وائەکا کە بنەماڵەیەکی یاخی بن • ئێمە ئەتوانین لە «بۆریس گۆدوونۆف»دا هەندێ ئیشارەتی سیاسیی تریش لەدژی حوکمی بەرەڵڵای تساری و لەدژی ئەلێکساندری یەکەم بەدی بکەین کە لە ڕێکخستنی کوشتنی باقلی یەکەمی باوکیدا بەشدار بووە •

یەکێ لەو شتانەی سەرنجی پووشکینیان ڕاکێشاوە ، نموونەی کۆکراوەی مێژووی کۆنی ڕووسیایە کە لە تراژیدیاکەدا لە شەخسی پیمێندا خراوەتەڕوو • پووشکین نووسیویە ئەڵێ : «وەنەبێ پیمێن

دەستهەڵبەستی خۆم بێ . من لە پیمێندا هەموو ئەو سیمایانەم خڕ کردووەتەوە کە لە مێژوونووسە کۆنەکانماندا دڵیان بردووم : خۆش خوویی لە دەروون کاریگەر ، دڵپاکی ، شتێکی تری لە یەککاتدا هەم حەکیمانەو هەم مناڵانەیش . من وام بەخەیاڵدا ئەهات کەوا ئەم شەخسیەتە لە یەک کاتدا هەم تازەیشەو هەم دڵی ڕووسیش هۆگریەتی » . بێلینسکی شەخسیەتی پیمێنی زۆر بەدڵ بووە . ئەم ڕەخنەگرە مەزنەمان لەبارەی پیمێنەوە نووسیویە ئەڵێ : «گیانی ڕووسانە لێرەدا دەرئەکەوێ . . لێرەدا هەمووشتێ بۆنی ڕووسی لێ دێ » .

لە سەرنجێکی وردی ژووکۆفسکی‌یەوە حاڵی ئەبین کەوا پووشکین لەم تراژیدیایەدا « قووڵی‌یەکی زۆرو شارەزایی‌یەکی فرەی لە دەروونی ئادەمیزاد دەربڕیوە » .

پووشکین ددان بەوەدا ئەنێ کەوا لێکۆڵینەوەی کارە مێژوویی‌یەکانی شێکسپیر یارمەتی‌یەکی زۆری لە نووسینی ئەم تراژیدیایەدا داوە . لەگەڵ ئەوەیشدا لە بەرهەمەکانی ئەم درامانووسە ئینگلیزەدا ڕۆڵی سەرەکی شاو شازادەکان ئەیبینن ، بەڵام لای پووشکین ، دەوری بنەبڕکەر لە گەشەپێدانی ڕووداوە مێژوویی‌یەکاندا بەتایبەتی هیی گەلە . لێ تێگەیشتنی دەوری کۆمەڵانی گەل لە مێژووداو ، هەروەها دەرک پێ کردنی ئەو ڕاستی‌یە کەوا « تەنها مێژووی گەل ئەتوانێ داخوازی‌یە ڕاستەقینەکانی گەل ڕوون کاتەوە » ئەمانەن کەوا زەمینەی ئایدیایی سەرچاوەی قووڵی ڕیالیستی‌یەتی‌و لەپێشترێتیی تراژیدیاکەی پووشکینیان بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمە درامایی‌یەکانی شێکسپیر - لێ پێک دێ .

پووشکین کەرەستەی فۆلکلۆریشی لە کتێبی « بۆریس

گۆدوونۆف»دا بەکارهێناوە • ئەوەتە لە یەکێ لە دیمەنە جوانەکانی تراژیدیاکەدا لە مەیخانەیەکدا لەسەر سنووری لیتڤانیا ، پووشکین گەلێ قسەی بەتام‌وخوێ‌و نوکتەی خۆش دێنێتە ناوەوە لەوانەی پێشتر لە گوندی میخایلۆڤسکی بیستبوونی ، کاتێ کە لەوێ گوێی بۆ گۆرانیی میللیی لە چەشنی «لە شار ڕووی‌دا ، لە کازان» شل‌ئەکرد •

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا داب‌ونەریتی کلاسیکی لە درامای ڕووسیدا ، هێشتا هەر زۆر زەق ئەکەوتە بەرچاو • زۆرتری بەرهەمە دراماییەکانی ئەم سەردەمە هێشتا پێوەندێکی ئەوتۆیان بە باری ژیانی ڕووسیاوە نەبوو ، بەڵام لە دوادوایی سەدەی هەژدەهەمەوە لە بەرهەمە کۆمیدیاییەکانی فۆنڤیزین‌و کاپنیستداو ، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لە بەرهەمە دراماییەکانی کریلۆڤدا ، سەرەتای دەسەڵات پەیداکردنی داب‌ونەریتی ڕیالیستی بەدی‌ئەکەین • بەڵێ ڕاستە دەوری گەورە لە سەرکەوتنی ڕێبازی ڕیالیستیدا لەناو درامای ڕووسیدا بە نسیبی کۆمیدیا نەمرەکەی گریبۆیێدۆڤ بوو کە ناوی « مەینەتێك بەهۆی ئەقڵەوە»یە ، بەڵام ڕاستەکەی پووشکین بوو جڵەوی درامای ڕووسیی بە لای نزیك‌کەوتنەوەدا لە ڕێبازی ڕیالیستی وەرچەرخاند •

پووشکین ئەوەی لە لای سەرووی ئەرکەکانی سەرشانی خۆیەوە دانابوو کە تراژیدیایەکی میللی بنووسێ وا بێتە ناو ناوانەوە جێگای تراژیدیاکانی دەربار بگرێتەوە • ئەم ئەرکەیشی زۆر بەباشی بەجێ‌هێنا• پووشکین نووسیویە ئەڵێ : « چی لە تراژیدیادا بەرەوپێش براوە ؟ ئامانجی تراژیدیا چی‌یە ؟ ئادەمیزادو گەل ، چارەنووسی ئادەمیزادو چارەنووسی گەل • هەر بۆیەیش لام‌وایە پێویستە لەسەر درامانووس کەوا نەك هەر (زیرەك)و (خەیاڵ‌بزێو) بێ ، بەڵکو چەکی (فەلسەفەو ••

بیری مێژوونووسی لەسەر سانی دەوڵەت) یشی هەڵگرتبێ » • پووشکین کە بەراوردی لەنێوان فۆرمە هونەری‌یەکەی خۆی‌و سیستێمی کۆنی هونەری ڕێبازی کلاسیکیدا کرد ، بەوە جاڕی پێڕەوی ڕێبازی ڕیالیستیی دا • پووشکین نووسیویە کەوا ویستوویەتی «هێنانە پێش‌چاوی ڕاستی کەسەکان‌و چەرخ‌و گەشەکردنی کەسەکان‌و ڕووداوە مێژوویی‌یەکان» لە جێی ناتەواوی‌یەکانی سیستێمی هونەریی بەسەرچوودا دانێ •

ڕێبازی ڕیالیستی‌یانەی هونەریی پووشکین ، وردەوردە لە کۆڕی بەردەوام بوونیدا لە کاری دانانی « بۆریس گۆدوونۆف »و بەشە پێشینەکانی داستانەشیعری « یێڤگێنی ئۆنێگین »دا پێ ئەگا • دەست‌پاکی لەگەڵ ڕووداوو باری ڕاستەقینەی ژیان ، لای ئەو ئەبێ بە سەنگ‌و ترازوویەکی بایەخدار • لێرەدا پووشکین هەوڵی ئەوە ئەدا کە وێنەی ژیانی کۆن‌و هاوچەرخی ڕووسیا بەجۆرێ بکێشێ ، بە ڕاستی‌و وەك لە مێژوودا دێتە بەردەست ، هەموو سەرێکی بگرێتەوە • ئەوەی ئێستا پووشکینی تووشی دڵەکوتە کردووەو بیری شاکارنووسینی تێدا ئەوروژێنێ ، ئەو ئازارو ژانەیە کە قارەمانە ڕۆمانتیکی‌یەکە ئەیچێژێ کە ئەویش جیهانی خۆییی پووشکین خۆیمان ئەخاتە بەردەست ، بەڵکو تابلۆ مەوزووعی‌یەکانی ڕووداوەکەو ، ژیانی خەڵکە ڕاستەقینەکان‌و ، خوو و ڕەوشت‌و داب‌و نەریتیان‌و ، ڕووداوە مێژوویی‌یە ڕاستەقینەکان‌و، سەرەنجامی گەل‌و کەسایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکەیەتی •

هێنانەدیی ئەم ئەرکانە پێویستی بە فۆرمی هونەریی نوێی‌وا هەبوو کە ئەدەبی ڕووسی پێشتر بە خۆیەوەی نەدیبوون • پەیداکردنی ئەم جۆرە فۆرمانەو دارشتنی شێوەیەکی هونەریی تایبەتی بۆ وێنەگرتنی ژیان

به چەشنێکی ڕاستەقینەو دەستپاکانە ، لەوانەبوو بە هەنگاوێکی یەجگار گەورە دابنرێ بە ڕێگای گەشەکردنی مێژوویی ئەدەبی ڕووسیدا ، بەڵکو بە جێبەجێکردنی شۆڕشێکی ئەدەبیی ڕاستەقینە بدرێتەقەڵەم • پووشکین قارەمانانە دەستیدایە چارکردنی ئـەم ئەرکە ئازایانەیـە • ئـەو خۆی لە هاوینی ساڵی ١٨٢٥دا لە ڕەشنووسی یەکێ لە نامەکانیدا نووسیویە : « وا هەستئەکەم هێزی گیانیم گەشەکردنی تەواوی خۆی هێناوەتەدی • من ئەتوانم کاری شاکارانە بهێنمە بەرهەم » •

پووشکین بەدرێژایی ماوەی نیشتەجێبوونی لە دێی میخایلۆفسکی هەر خەریکی دانانی داستانی « یێفگێنی ئۆنێـگین » بـوو • ئـەم داستانە لەبریتیی ئەوەی بێ بە تابلۆیەکی بەدگـۆیی‌و ناتۆرە پێدا هەڵدانی خوو و ڕەوشت‌و داب‌ونەریتی باو ، وەك پێشان بەتەمابوو وای بنووسێ ، بوو بە کارێکی چیرۆکنووسانەی ئازادو ڕیالیستانە لەبارەی ژیانی کۆمەڵگای ڕووسی هاوچەرخی شاعیر خۆی‌و لەبارەی چارەنووسی وەچەی نوێـی چەرخی خۆیەوە • لە ساڵی ١٨٢٥یشدا بە دوو ڕۆژ چیرۆکێکی خۆشی بە ناوونیشانی « گـراف نوولین » نووسی بـڕ بوو لە شتی خۆش‌و باسی ڕاستەقینەی ژیان‌و ، وێنەی جوانی زۆری ژیان‌و خەڵکی تێدا بوو • زۆر دەستپاکانە وێنەی ژیانی دێهاتـی خاوەن‌موڵکەکانی تێـدا کێشرابوو • پووشکین لە وێنەی نوولینـدا بەشێوەیەکی بەدگۆیانە وێنـەی « ڕووسی پاریسی »و ئەریستۆکراتی کۆزمۆپۆلیتی کێشاوە • بێلینسـکی ئیشارەتـی بۆ ئەوە کردووە کەوا « شاعیر ـ واتـە پووشـکین ـ بـە زیرەکی‌یەکی بێ‌هاوتاو لە کەلێنی شەخسیەتی نوولینەوە وێنەی یەکێ لە کەسـە هیچ‌و پووچەکانی کۆمەڵە پایەبڵندەکانی کێشاوە کە لە ژیاندا زۆر زۆرن » • ڕەخنەنووسی مەزن هەروا لەسـەر ڕەخنـەکەی خۆی ئـەڕواو ئەڵـێ : « هەرچی لەم چیرۆکەدا هەیە بۆنی سروشتی ڕووسیای لێ دێ‌و ڕەنگی

دێزی ژیانی گوندی ڕووسیی لێ نیشنووه • پووشکین تاقه کەسێکه توانیبێتی وا بەو هەموو ئاسانیو ڕوونی یە تابلۆی ئەوەندە قووڵو لەگەڵ ڕووداو دەستپاکو ئەمین بکێشێ • • • هەر لەم ماوەیەشدایە «زاوا» بەجۆرێکیوا ئەنووسێ کە لەگەڵ گیانی شیعری میللیدا بگونجێ • لە دوو چەکامەی « ئێوارەیەکی زستان »و « ١٩ی تەشرینی یەکەم »یشدا بە گەلێ تابلۆی لیریکیوا ئاشنا ئەبین کە هەموو لە سروشتی نیشتمان هەڵێنجراون • •

پووشکین کە لە حاڵی دوورەپەرێزیشدا بوو لە لادێ ، هەر بەدوای هەواڵی گەشەکردنی ئەدەبی ڕووسیدا ئەگەڕاو ، لەبەر تیشکی هەڵوێستە ستاتیکی یە تازەکانی خۆیدا بەرهەمەکانی ئەو ئەدەبەی هەڵئەسەنگاند • لە نامەکانیدا کە لە میخایلۆفسکی یەوە بۆ دۆستەکانی نووسیون لە پێتێربوورگ و ، لە سەرنجە ڕەخنەگری یەکانیدا بە پێداگرتنەوە داکۆکیی لە بیرۆکەی سەربەخۆیی نەتەوەیی ئەدەبی ڕووسی ئەکردو باری بۆچوونی خۆیی لەبارەی گیروگرفتی میللی یەتی ئەدەبەوە ئەخستەڕوو کە گیروگرفتێك بوو دەمەقاڵەیەکی توندوتیژی لەسەر بوو •

پووشکین وا لە میللی یەت گەیشتبوو کە بریتی یە لە بەسەر «ئاوێنەی شیعر»ەوە ڕەنگدانەوەی «سیمای تایبەتی»و «جۆری بیرو هەست»ی گەلو ئەو «دابونەریتو بیروباوەڕو خوو» انەی تایبەتین بە گەلێکەوەو لە گەلێکی تردا وەگیرناکەون • پووشکین کە بەربەرەکانێی ئەدەبی ئەریستۆکراتی ناو سالۆنی هەندێ لە ئەدیبانی ئەکرد ، هەوڵی ئەوەی ئەدا کە هەستی دیموکراتانە لە ئەدەبی ڕووسیدا بڵاوبکاتەوە • پووشکین لە بواری داکۆکی کردنیدا لە مافی ئەدیب لە وێنەگرتنی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵەدا ، بەوکارەی کۆمەڵە بابەتەکانی ئەدەبی چەرخی

خۆیی بەرفراوان ئەکرد • پووشکین سوور بوو لەسەر ئامۆژگاری کردنی خەڵك بۆ لێکۆڵینەوەی شیعری میللیو زمانی گەلی سادە • بیری میللیەتیو هەستی مێژوویی‌و هەروەها بیری خەبات لەدژی دەماری کۆزمۆپۆلیتییەتیی نانەتەوەیی کە لەناو کۆڕو کۆمەڵە ڕەسەنزادەکاندا بووبوو بە باوو بە چاوی سووك ئەیانڕوانی‌یە هەموو شتێکی نیشتمانیو ڕووسی – ئەم بابەتانە هەموو چووبوونە ناو ئایدیۆلۆژییی نیشتمانیو شۆڕشگێڕانەی دیسەمبەرییەکانەوەو ، پووشکینیش لە هەموو ئەم بیروباوەڕانەدا هاوبیریان بوو • پووشکین زۆر بەتوندی لەدژی «بەزۆر پێکەوەگونجاندنی هەموو شتێکی ڕووسی لەگەڵ هەموو شتێکی ئەورووپایی » ئەوەستا • بیری میللیەتی ئەدەب لە مێشکی پووشکیندا لەگەڵ داوای ڕاستگۆیی لە وێنەگرتنی ژیاندا – تێکەڵی یەك بووبوون • پووشکین ڕێبازی ڕیالیستێتیی پێشنیهاد کردووە کە بێ بە بناغەی بەرەوپێش چوونی لەوەپاشی ئەدەبی ڕووسی • سەرەڕای ئەوەیش پووشکین لە وتارە ڕەخنەییەکانیدا کە لە سالانی ناوەڕاستی بیستەکاندا نووسیونی ، بەهای شارستانەتیی ڕووس‌و تایبەتی‌یە نەتەوەییەکانی ئەم شارستانەتی‌یەی دووباد کردووەتەوە کە وەك ئەو خۆی ئەڵێ لە دەوڵەمەندیی وشکاونەهاتووی زمانی ڕووس‌و شیعری گیانی گەل دەربڕی کریلۆڤو ، لە بلیمەتیی بەرفراوان‌و بەدەرەتانی لۆمۆنۆسۆفدا خۆیان ئەخەنەڕوو •

لە ناوەڕاستی ساڵەکانی بیستدا پووشکین وەك پێشەوای ئەدەبی ڕووسی‌و هیوای مەزنی ئەو ئەدەبە ، ددانی پێدا نرا • ڕیلییێڤی شاعیری بەناووبانگی دیسەمبەری بۆ پووشکینی نووسیوە ئەڵێ : «ڕووسیا هەمووی ڕووی کردووەتە تۆ • هەموان خۆشیان‌ئەوێت‌و متمانەیان پێت هەیەو چاوت‌لێ‌ئەکەن • دەسا تۆیش شاعیرو هاونیشتمان بە ، • بۆیمە

ڕۆمانتیکی یەکانی پووشکین کوتەکێکی پشت‌شکێنیان سرەواندە ڕێبازی کلاسیکی . ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەناو ئەدەبی ڕووسیدا سەرکەوتنی وەدەست‌هێنا ، بەڵام پووشکین لە بۆپێشەوەچوونی خۆیدا هەر بەردەوام بوو . ئەوەبوو ڕێبازی ڕیالیستی لە شاکارنووسی یەکانیدا کەوتە سەرهەڵدان . پووشکین لە ساڵی ١٨٣٠دا لە بەشی «گەشتەکەی ئۆنیگین»دا باسی یەك بەدوای یەکدا هاتنی ڕێبازەکان لە کارەکانیدا ئەکاو ڕازی ئەوە ئەگێڕێتەوە بۆ پەیدابوونی بایەخدانی قووڵی بە ژیانی گەلەکەی :

**لەودەمەدا حەزم**
**لە بیابانو ، لێوارە مرواری ڕەنگەکانی شەپۆلو ،**
**فەرتەنەی دەریاو ، کۆمەڵە تاوێرو ،**
**ئایدیای کیژی بەفیزو .**
**ژانی سەرلێ‌دەرنەچوو بوو .**
**ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکی‌تر بوون .. خەونێکی‌تر بوون .**
**ئێوە ، ئەی خەونە بەهاری‌یە ڕازاوەکانم !**
**ملتان کەچو ، سەرتان شۆڕ کرد**
**زۆرتری ئەوەی لە پێکی شیعرمدا بوو ،**
**ئاو بوو .**
**بەڵام ئێستا عەودالی دوای وێنەی لە چەشنێکی‌کەم :**
**حەزم لە لێژە لمینەکان ،**
**لە جووتێ نەمامی بەلاَلووکە لە بەردەمی کۆلیتێکا هەڵچووبن ،**
**لە زنجێکو تەیمانێکی هەڵوەشاوە ،**
**لە هەورێکی خۆڵەمێشی‌یە بە ئاسماندا مەلە بکا ،**
**لە گۆماوێکە لە بەردەم لۆدەیەك کادا ڕاکشابێ ،**

دڵ لە خۆشی‌یان شبێوا
سەرلەنوێ باوەڕو ، سرووش‌و ،
ژیان‌و ، فرمێسک‌و ، دڵداریی
تێدا بووژایەوە .

لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٥دا ڕاپەڕینەکەی دیسەمبەری‌یەکان ڕووی‌دا لە پێتێربوورگ . پێش ڕوودانی ڕاپەڕینەکە بە چەند ڕۆژێ ، هەواڵی مەرگی تسار ئەلێکساندری یەکەم‌و داهاتنی ماوەی چۆڵیی تەختی پاشایی گەیشتە میخایلۆفسکی . پووشکین کە ئەم هەواڵە بزواندبووی ، بڕیاری‌دا خۆی لە بەرگی خزمەتکارێکی ماڵە ئاغادا بشارێتەوەو بەوشێوەیە بڕوا بۆ پێتێربوورگ . ئەیویست بەر لە هەرچی دەستی بگاتە ڕیلییێف . لە یادداشتەکانی لەوەپاشی ڤیازێمسکیدا نووسراوە : « ئەگەر وای‌بکردایە ، شەوی ١٣ – ١٤ی کانوونی‌دووهەم لای ڕیلییێف ئەکەوتە ناو لیتەی هەڵچوونی یاخی‌بوونەکەوە » ، بەڵام نیازەکەی نەهاتەدی ، چونکە زۆری پێ‌نەچوو بە ژێرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی دیسەمبەری‌یەکانی زانی .

پووشکین بەو تراژیدیایە زۆر دڵگران بوو کە ژیانی چاترین ڕۆڵەکانی ڕووسیای سەردەمی خۆیی پێ تەواوبوو . لە دۆستەکانی ئەو بووشین ، کیووخێلبێکێر ، ڕیلییێف بێستووژیڤیان تێدابوو . هەرچەند هەواڵ‌و باسی پایتەختی بۆ ئەهات ، دڵەکوتەیەکی زۆری پێوە ئەبوو بۆی . وەك دوورخراوەیەك بیری لە خۆی‌و لەوە ئەکردەوە ئاخۆ ئەتوانێ خۆی لە (میخایلۆفسکیی لەعنەتی) ڕزگار بکا ؟

لە کانوونی دووهەمی ساڵی ١٨٢٦دا بۆ ژووکۆفسکیی نووسیوە ئەڵێ : « لەوانەیە دەوڵەت خۆی لەوە دڵنیا بووبێ کە من نەچوومەتە ناو ئەم

پیلانەوەو هیچ پێوەندیکی سیاسیم لەگەڵ ئەوانە نەبوە کە هەراکەی ١٤ی کانوونی یەکەمیان بەرپاکرد • بەلاَم ئەو خۆی لە ڕۆژنامەکاندا جاڕی غەزەب گرتنی خۆیی تەنانەت لەوانەیش داوە کە هەندێ شتیان سەبارەت بە پیلانەکە زانیوەو پۆلیسیان لێ ئاگادار نەکردووە • لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ئێمـە دەوڵەتو پۆلیس بخەینە لاوە ، کێ ئەمێنێتەوە ئاگـای لێ نەبووبێ ؟ لە هەموو سووچو ماڵو شەقامێکدا باس هەر باسی ئەوە بوو • ئەمە خۆی بەسە بۆئەوەی بکرێ بە یەکێ لە بەڵـگەکانی بێ‌تاوانیی من • لەگەڵ ئەوەیشدا من هێشتا لە پۆلیس ڕزگار نەبووم • ئەمەیش ئەوەیان بۆ ئاسان‌ئەکا کە تاوانی ئەوەم بدەنەپاڵ کـە گفتوگۆی سیاسیم لەگـەڵ یەکێ لە تاوان‌دراوەپاڵەکان کردووەو ، ئەوانەیش بەشی ئەوان دۆستی منیان تێدایە • با ئێستا بڵێین دەوڵەت ئەیەوێ لێم خۆش‌بێ‌و بە کینـەی خۆی نەمگرێتەوە • منیش ، ئەگەر ئەو وا بکا ، ئامادەم بڕیاری لەگـەڵ بدەم ( ئەگەر بڕیاردان پێویست بێ ) • بەلاَم مـن بێ هیچ پێچ‌وپەنایەك پێت‌ئەڵێم نابێ کەس لەجیاتیی من هیچ گفت‌و پەیمانێ بداو لەبریتیی من هیچ بگرێتە ئەستۆ • هەڵسووڕانی لەمەوپاشی من لەسەر دەوڵەتو ئـەو ڕەوشتە ئەوەستێ کە ئەو لەگەڵم ئەیگرێتەبەر » •

پووشکین ئەبوو بەرلەوەی هیچ گۆڕانێك بەسـەر وەزعیـدا بێ ، چـەند مانگێکی‌تریش چـاوەڕوان بێ • تساری نوێ نیکۆلای یەکـەم لەوەدا دوودڵ بوو کـە چـۆن چـارەنووسی شـاعیری دوورخـراوە دیاری‌بکا • تسـار بۆشنیاکی خەفیـەی دنیادیدەی نارد بۆ شـارستانی پسکۆف دەنگوباس‌و هەواڵی لەمەڕ هەڵسووڕان‌و قسەی پووشکین لـەو ناوچەیە بۆ کۆبکاتەوە • ڕاپۆرتەکەی بۆشنیاك بەجۆرێ بوو دەوڵـەتی هێدی ئەکردەوە ، بەلاَم ئەوەیشی تێدابوو کە پووشکین لە دڵو دەروونی ڕەشەخەڵکەکەوە نزیکەو ، قسەیەکیشی کردووە وتوویە تێدا کـەوا :

« هەموو گیان‌لەبەرێ مافی بەهرەوەرگرتنی لە ئازادی هەیە » • تسار لەوەوە بڕیاری‌دا كارێكی دووڕوو لەگەڵ پووشكین بكا • لە ١٣ی تەمووزدا فەرمانی‌دا كەوا ئەو حوكمەی بەسەر دیسەمبەری‌یەكاندا دراوەو پووشكین بە بیستنی هەواڵەكەی زۆر ناڕەحەت بووبوو ، جێ‌بەجێ بكرێ • شەوی ٣ لەسەر ٤ی ئەیلوولیش پووشكین لەگەڵ یەكێ لە گەورەپیاوانی دەوڵەت بەرەو مۆسكۆ كەوتبوە ڕێ •

پووشكین ئەبوو هەر كە گەیشتە مۆسكۆ بچێتە حوزووری تسار • پووشكین ئارامی‌و هێمنیی خۆی لەدەست‌نەدا • بێ‌ڕاشكاوی قسەی‌كرد • لە وەڵامی پرسیاری نیكۆلای یەكەمدا كە لێی‌پرسی ئەگەر لە ١٤ی كانوونی‌یەكەمدا لە پێتێربوورگ بوایە لایەنی كێی ئەگرت ، وتی : « لایەنی یاخی‌بووەكانم ئەگرت » • نیكۆلای یەكەم لە شایەتی‌دانی دیسەمبەری‌یەكانەوە بەوەی زانیبوو كە شیعری پووشكین چ كارێكی كردووەتە سەر گەشەكردنی بیری ئازاد لە ڕووسیادا • نیكۆلای یەكەم بەهیوابوو ئەگەر پووشكین لە دوورخستنەوە ئازاد بكا ، بتوانێ ڕای‌بكێشێ بۆ لای خۆی •

پووشكین كە شكاتی ئەوەی لای تسار كرد كە سانسۆر تەنگی پێ‌هەڵچنیوە ، تسار لە وەڵامدا پێی‌وت ئەو خۆی ئەبێ بە سانسۆر بەسەر شیعریەوە • داوایشی لێ‌كرد كەوا ڕاپۆرتێ لەبارەی پێ‌خوێندنی گەلەوە ئامادە بكا • مەبەستی لەمە لەلایەكەوە ئەوەبوو كە پووشكین لەم «مەردایەتی»یەی تسار سەرسام ببێ‌و ، خۆیشی لە سەرێكی تریشەوە شارەزای بیری پووشكین ببێ •

( ٤ )

پووشکین لە ساڵی ١٨٢٨دا کە لە بەشی هەشتەمی داستانی «ییڤگێنی ئۆنێگین»دا بیری گەیشتنەوە مۆسکۆی خۆی ئەکاتەوە، کە لە دوورخرانگەوە گەڕاوەتەوە، نووسیویە ئەڵێ :

**مۆسکۆ !**

**ئای چۆن لە لێکدابڕانە خەمگینەکەم و ،**

**لە دەربەدەری و ئاوارەیی بەختمدا ،**

**هەمیشە بیرم لێ ئەکردیتەوە !**

**مۆسکۆ !**

**ئای لە زڕەی ئەم زەنگە .**

**چۆن پێوەندێکی بە دڵی ڕووسەوە هەیەو ،**

**چەند بیرەوەریی تێدا ئەبزوێنێ !**

مۆسکۆ ، کە پووشکین لە ماوەی دوورخرانەوەکەیدا زۆری بیر لێ ئەکردەوە ، بە پێشوازی‌یەکی گەرمیەوە چوو . کە پووشکین پاش گەڕانەوەی بە چەند ڕۆژێ لە بەلشۆی تیاتر [شانۆی گەورە] لە بەرچاوی خەڵکدا دەرکەوت ، «دەس‌بەجێ دەنگەدەنگێ پەیدابوو . ناوی پووشکین لەو دەنگەدەنگەدا بەرگوێی خەڵکەکە کەوت . هەموو سەیرکەرەکان چاویان تێ‌بڕی و ڕووی بایەخ‌دانیان بە لای ئەودا وەرچەرخا . کە کاتی ئەوە هات خەڵکەکە بچنە دەرەوە ، هەموو لەدەوری خڕبوونەوە .. » . لە قسەی یەکێکەوە کە بە چاوی خۆی دیویە ، وادەرئەکەوێ «خەڵك» لەوکاتانەدا کە بۆ گەڕان ئەچوون بۆ دەوروبەری نۆڤینسکی ، «کۆمەڵ کۆمەڵ» لەدوای پووشکینەوە «ئەڕۆیشتن» . پووشکین لە مۆسکۆ کردبووی بە عادەت چاوی بە برادەرەکانی وەك ڤیازێمسکی و ،

چادایێڤ‌و ، بۆراتینسکی‌و ڤێنێڤیتینۆڤی شاعیرو ، ئادەم میتسکێڤیچی شاعیری مەزنی پۆلۆنیایی ئەکەوت. لە شایەتیی یەکێ لە هاوچەرخەکانیان وا دەرئەکەوێ کەوا پووشکین حورمەتێکی یەجگار زۆری ئەم شاعیرەی پۆلۆنیای ئەگرت . میتسکێڤیچیش بەرانبەر بەم ڕێز گرتنـەی پووشکین لێی ، دۆستایەتی‌یەکی دڵسۆزانەی لەئاستیدا دەرئەبڕی . پووشکین پاشان لە پارچە شیعری «لەناو ئێمەدا ئەژیا»دا ئەوەی هێناوەتەوەیاد کـەوا چۆن لـەو دەمەتەقێ‌و گفتوگۆیانەیاندا کـە ئەوو میتسکێڤیچ ئەیانـکرد ، خەونیان بە « دواڕۆژێـکی‌وا » وە ئەدی « گەلان هەموو وەك خێزانێـکی گەورە پێکەوە تێدا بژین‌و ، ڕق‌و کینەو ناحەزی‌یان لەبیر چووبێتەوە » . ناووبانـگی پووشکین بەیەکجاری لەڕادەبەدەر بوو . یەکێ لە هاوچەرخە مۆسکۆیی‌یەکانی نووسیویە : «شار تێکڕا ئەیناسێ .. هـەموو بایـەخی پێ ئەدەن . کوڕە یەکی‌یەکان هەوڵ‌ئەدەن لەگەڵی دانیشن » .

کتێبـە تـازە دانراوەکـانی پووشـکین بەگـەرمی‌یەکی زۆرەوە پێشوازی‌یان لێ‌کرابوو . مێژوونووسی لاو م . پ . پۆگۆدین ڕازێکی پڕمانای لەبارەی ئەوەوە بۆ گێڕاوینەتەوە کـە چـۆن پووشکین خـۆی تراژیدیای بۆریس گۆدوونۆڤی بۆ کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی ڕۆشنبیرانی ڕەسەنزادەکانی مۆسـکۆ خوێندەوەو ، چەهەستێکی خستـە دەروونیان . پووشکین خۆی ئەم تراژیدیایەی لەگەڵ خۆی هێنابوو :

« ... گوێمان بۆ قسەیەکی سادەو ڕوون‌و بەدڵ‌ئاشنا شل‌کرد . قسەکـە ، سەرەڕای ئـەوە ، شـاعیرانەو دڵـگیریش بوو . بێ‌دەنگ‌و لەسەرخـۆ ، یاخـود وردتر بڵێین بـە سەرسامی‌یەکیشەوە گوێمان بۆ یەکەمین دیمەنەکان ڕاگرت . بەڵام هەرچەند ئەو لە خوێندنەوەکەیدا بەرەوپێش ئەچـوو ، هەستی ئێمـەیش زیاتر گڕی‌ئەگرت . خـۆ ئـەو

دیمەنەی مێژوونووسەکەو گریگۆریی پێکەوە تێدا خڕئەبنەوە ، ئەوە هەمووومانی حەپەساند • هەرچی ئەوەیشە کـە بەسەر من هـات ، ئەوە لەوانە نی‌یە خۆم بتوانم وێنەی بکێشم • وام بەخەیاڵدا ئەهات کەوا خۆڵی سـەر گۆڕەکـەی نێستۆری دۆسـتو خۆشـەویستم لادراو نێستۆر لـە گۆڕەکەیدا بەرزەپێ ڕاستبووەوەو بە زمانی پیمێن دەستی بە قسە کرد • لام‌وابوو گوێم لە دەنگی زیندووی مێژوونووسی کۆنی ڕووسە • کاتـێ کە پووشکین گەیشتە قسەکانی پیمێن لەبارەی سەردانی ئیڤانی بەسام لە خەڵوەتخانەی کیریل‌و لەخواپاڕانەوەی ڕەبەنەکانەوە کـە هاوارئەکەنە خوا : « خوایە ! ئارامی‌و هێمنی بەسەر گیانە سەرکێشە سزادیتووەکەیدا بارێنە ! » ، هەموو وامان‌لێ‌هات وەك بیرمان شێوابێ • بەشێکمان مووی سەرمان گرژبووەوە • توانای ئەوەمـان نەمـا ئارامی‌و هێمنیی خۆمـان ڕاگیرکەین • لەم‌لاوە یەکـێکمان لە شوێنەکەی خۆیدا هەڵئەبەزی‌یەوەو، لەولایشەوە یەکێکی‌تر هاوارهاواری بوو • هیی‌وایشمان تیابـوو چـاوی فرمێسـکی تێ‌زابـوو • زەردەخـەنەیەکیش کـەوتە سـەر لێـوی هەندێکی‌ترمان • بێ‌دەنگی‌یەکی تەواو باڵی خـۆی بەسەردا کێشاین • کەچی لەپڕ هاواری سەرسامی‌و سەرسووڕمان ، بۆنموونە وەك کە ئەم بەیتانە خوێنرانەوە ، هەڵئەستا :

**تاپۆکەی ئیڤانی سامدار کردوومی بە کوڕی خۆی**
**لە قووڵاییی گۆڕەوە بانگی‌کردم : دیمتری !**
**گەلی یاخیی لەدەورم وروووژاند**
**حوکمی بۆریسی دا کە یەکێ بێ لە قوربانی‌یەکانم •**

خوێندنەوە بڕایەوە • سەیرێکی درێژی یەکتریمان کرد • پاشـان بەپڕتاو پەلاماری پووشکینمان دا • بوو بە دەس‌لەملان‌و ، هەراو قاقـای پێکەنین بەرزبووەوە • فرمێسك زایە چاوانمـان • کەوتینـە پیرۆزبایی

کردن لە یەکتر : «ئای .. ئای .. خواردنەوە بێنن !» . بوتڵە شەمپانیا پەیدابوو . پووشکینیش کە دی چ کارێکی کردە دەروونی ئەو لاوە هەڵاویردانە ، لەخۆشی‌یاندا گەشایەوە . زۆری پێ‌خۆش‌بوو کە گوێمان بۆ شل‌کردبوو . دەستی‌پێ‌کرد گۆرانی‌یەکیشی لەمەڕ ستێنکا ڕازین بۆ خوێندینەوە کە چۆن جارێکیان بە شەو بەکۆڵی بەلەمێکی پێش‌شکاوەوە لە قۆڵگادا نیشتە سەر ئاوو پەڕی‌یەوە . هەروەها سەرەتای « رووسلان‌و لیوودمیلا »و «دارپەڵکێکی سەوز لە پێش‌دەمی کەندرێکا»یشی بۆ خوێندینەوە . لەبارەی پلانێکیشەوە دەربارەی دیمیتریی ساختەچی‌و ئەو خوونکارەی لە بەرپێی تەختەی سێدارەدا لە کراسنایا پلۆشاد « مەیدانی سوور » بە چاوەڕوانیی شوویسکی‌یەوە لەگەڵ خەڵکدا قسەی خۆش ئەکاو لەبارەی پێوەندی نێوان مارینا منیشێك‌و دیمیتریی ساختەچی‌یشەوە دەستی‌کرد بە قسەکردن بۆمان . ئەم دیمەنەی دواییی لە کاتی گەشتدا بەسواریی ئەسپێکەوە دانابوو و سەرەنجام نیوەی لەبیرچووبووەوە . زۆریش خەفەتی بۆئەوە خوارد . ئای ! لە جوانیی ئەو سبەینێیە کە تامردن نیشانەی هەر ئەمێنێ ! » .

ئەو دڵڕفێنی‌و فرەبەهرەیی‌یەی لە شەخسیەتی پووشکیندا هەبوون ، بوون بە هۆی پەرەسەندن‌و هێزی ناووبانگی . لە یادداشتەکانی میتسکێڤیچدا نووسراوە کەوا پووشکین لەسایەی بزێوی‌و زیرەکی‌و ڕوونیی ئەقڵیەوە دڵی گوێگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو و گرەویدەی بووبوون . بیرێکی بێ‌هاوتا تیژی هەبوو . حوکمی ڕاست‌و بەجێ بوو . چەشنێکی ناسك‌و سەرشاری هەبوو . هەرچی سیما دەرەکی‌یەکانیشینی ئەوە لە یادداشتەکانی ف . ئە . ناشۆکینای ژنی یەکێ لە برادەرەکانیدا ، بەشێوەیەکی گەش‌و زیندوو ، وێنەیان کێشرابوو : « چوارشانەیەکی ئەرژەنگی قژلوول بوو . جووتێ چاوی شینی پێوەبوو ، بە شێوەیەکی

بێمانەند دڵیان ڕائەکێشا • هیچ کام لەو تابلۆیانەی بۆی کراون نەیتوانیوە یەك لە سەدی جوانیی گیانیی سیمای ، بەتایبەتی هیی چاوە سەرسامکەرەکانی ، بخاتە بەرچاو • بەپەلە قسەی ئەکرد • زۆر بزێو بوو • ڕووخۆش بوو • بە دەنگێکی بەرزو بە شێوەیەکی ورووژێن پێ ئەکەنی • دوو ڕیزی ڕێك ددانی لێوە دەرئەکەوت کە لە سپی‌یەتیدا بە مرواری نەبێ نەئەشیا بە هیچ بەراورد بکرێن • نینۆکیشی نەئەکرد تا بەسەر پەنجەکانیدا درێژ ئەبوونەوە •

پوشکین پاش گەڕانەوەی لە دوورخرانەوە ، خۆی لە بارو دۆخێکی سەختدا دی • ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕووس لە باشترین ڕۆڵەکانی بێبەش کرابوو • ئەوانە یا کوژرابوون یا خرابوونە زیندانەوە یا دوورخرابوونەوە یا دەرکرابوون • کارەکە بەجۆرێ بوو کەس نەیئەوێرا ناوی کەسیان بەئاشکرا بەسەر زمانیدا بێنێ • لە شایەتی‌یەکی گیرتسێنەوە وا دەرئەکەوێ کەوا «یەکەمین ساڵەکانی پاش ساڵی ١٨٢٥ ساڵانێکی تووش‌و سەخت بوون» • کۆنەپەرستیی دەرەبەگی دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو و «چلکاوخۆرەکانی وەچەی چەرخی تسار ئەلێکساندر» کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەوری تاج‌و تەختی نوێدا خڕبووبوونەوە • پاشەڕۆژی ڕووسیا دێزو تاریك ئەهاتە بەرچاو • لەسەر پووشکینیش پێویست بووبوو کەوا لەم بارو دۆخە سەخت‌و تووشەدا هەڵوێستی کۆمەڵایەتیی خۆی دیاری‌بکا • پووشکین لەوە گەیشتبوو کەوا سەرنەکەوتنی دیسەمبەری‌یەکان خەتای «ناچیزیی هۆ»و بنەماکانی شۆڕشگێڕە ڕەسەنزادەکان بوو • پووشکین هەرچەندیش دانی بەوەدا ئەنا کە ڕێبازی دیسەمبەری‌یەکان لە ڕووی پراکتیکی‌یەوە بۆ هێنانەدیی «گۆڕینی سیاسی» ڕیالیستی‌یانە نەبوو ، هەروەك جاران باوەڕی بە - خۆی واتەنی - پێویستیی هێنانەدیی «گەلێ گۆڕانی گەورە گەورە» هەبوو ،

ئەو گۆڕانانەی کە دیسەمبەری یەکانیش بۆ هێنانەدی یان تێکۆشان و هەڵوەشاندنەوەی سیستێمی کۆیلەیی و زەوی بەندەیی لە ڕیزی پێشەوەیانەوە بوو • پووشکین لای وابوو ئەبێ ئەو گۆڕانانە بە ناچاری لە ژیانی ڕووسیادا بهێنرێنەدی • هەموو وردبوونەوەی سیاسیی لەوەپاشی پووشکین لەبارەی ئەم پرسیارە بایەخدارەوە بوو : کام هێزی کۆمەڵایەتی ئەتوانێ « ئەو گۆڕانە گەورە گەورانە » بهێنێتەدی ؟ •

پووشکین لای وابوو بڵاوکردنەوەی پێ خوێندن ، کە بەباوەڕی ئەو «ئازادیی نەتەوەیی» یەکێ ئەبێ لە ئەنجامە ناچاری یەکانی ، هۆیەکی زۆر بەتوانای گەشەکردنی کۆمەڵایەتی یە • بۆیە ئەو بە ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەزانی کەوا بایەخێکی تایبەتی بە پێ خوێندن بدا • ئەم بیرە کەوتووەتە ناو ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتەیشەوە کە پووشکین لەبارەی «پەروەرشتی نەتەوەیی»یەوە ئامادەی کردووەو لە دوادوایی ساڵی ١٨٢٦دا پێشکەشی تسار کراوە • پووشکین لە چەکامەی «ستانسی»دا کە لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا دایناوە ، وەك نموونەیەکی مێژوویی سیاسەتی پێشکەوتخوازی دەوڵەت ، وێنەیەکی پیۆتێری مەزنی کێشاوە کە «ئازایانە ، بە دەستێکی دەسەڵات بەربەرڵڵا ، پێ خوێندنی بڵاوکردەوە»و «لە ئازادیی گەل نەترسا» • پووشکین پێشنیهادی کرد بۆ دەوڵەت کە « لە لووتکەوە » دەست بکا بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی دژی زەوی بەندەیی کە دیسەمبەری یەکان بۆ هێنانەدیی تێکۆشابوون • دیارە ئەمەی پووشکین تەقەلایەکی بێ بەرو بێ سوود بوو ، بەڵام بەڵگەی ئەوەیشە کەوا بۆ بیروباوەڕی دۆستە دوورخراوەکانی هەر بەوەفا بووە • پووشکین لە چەکامەکانی ساڵانی ١٨٢٧ - ١٨٢٨ یشیدا وەك « ١٩ی تەشرینی یەکەم » و « ئەریۆن » ، لە نامە بەناووبانگەکەیشیدا کە بۆ دیسەمبەری یەکانی نووسیوە کە

ڕەهەندەی سیبیر کرابوون ، پێوەندی بەتینی خۆیی پێیانەوە دووبارە کردووەتەوە • پووشکین لەم نامەیەیدا ڕووئەکاتە ئەو برادەرانەیو پێیان ئەڵێ :

**نە کارە خەمگینەکەمان بەفیڕۆ ئەڕواو**

**نە بەرز ڕوانینی بیری باڵامان**

ئەو متمانەیەی خۆیشی‌یان بە بێ‌گومانیی سەرکەوتنی ئازادی بۆ دەرئەبڕێ کە لە نامەکەی سەردەمی لاوی‌یدا «بۆ چادایێف»و لە چەکامەی «ئەندرێی شێنیێ»ی ساڵی ١٨٢٥یشیدا بووبوو بە مۆرکو نیشانە • پووشکین یەکەمین کەسە کە مەسەلەی دیسەمبەری‌یەکانی بە باشی هەڵسەنگاندووە • لە ساڵی ١٨٢٧یشدا سڵاوەکەی «دۆستی یەکەمم ، دۆستی گرانبەهام» بۆ پووشین‌و ، چەکامەی «بۆ سیبیر» بە ژنەکەی دوورخراوەی دیسەمبەری نیکیتا مووراڤیێڤدا کە ئەویش بەدوای مێردەکەیدا ئەچێ بۆ سیبیر ، بۆ هەموو دوورخراوە دیسەمبەری‌یەکان ئەنێرێ‌و ، داوایان‌لێ‌ئەکا «سەبرو بوردەباریی سەربەرزانە»ی خۆیان بپارێزن‌و متمانەیان بە دواڕۆژ بێ • سەرەڕای ئەوە بۆ «دۆستە بە کاری قورس حوکم‌دراوەکان»یشی دووبادئەکاتەوە کەوا هێشتا گیتارەکەی وەك جاران ئازادە • لە چەکامەی «ئەریۆن»یشدا کە خۆی بە گۆرانی‌بێژی دیسەمبەری‌یەکان ناوئەبا تێدا ، ئەڵێ :

**لەو لێوارەدا کە تۆفان فڕێی‌داومەتە سەری ،**

**هەر سرووده پێشووەکانم بە گۆرانی ئەڵێمەوە**

لە چەرخی ڕەشی نیکۆڵای یەکەمدا ئەدەب بووبوو بە تاقە تریبوونێ لەوانەبێ دەنگی ناڕەزایی لە کۆیلەیی‌و ناهەقی‌کردنی بیرۆکراسی‌یانەی ڕەسەنزادەکان‌و دەنگی بانگ‌بۆڕاهێشتنی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی‌و ئازادیی لێوە دەرببڕدرێ •

هەڵوێردەیی پووشکین لە سەرجەمی هاوچەرخەکانی ، بەوە بوو یەکەم کەس بوو لەو دەورە قەبەیە گەیشت کە ئەدەب لەوڕۆژەدا وەك زوبانی حاڵی بیری کۆمەڵایەنیی ڕووس و وەك هۆیەك لە هۆیەکانی گەشەکردنی گیانی نەتەوە ، ئەیتوانی بیگێڕێ •

لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وادا کە حوکمڕانیی بەربەرەڵاو بێتخووب و سنوور بینەقاقەی سادەترین بیروباوەڕی گرتبوو و بانگی خووڕەشتی کۆیلەیی ڕائەهێشت و ، « گیانە مردووەکان » بووبوون بە فەرمانڕەوای هەموان و ، لەولایشەوە دیاربوو کەوا خەڵکە باشەکان هەموو «بەردئاسا هاڕراونەتەوە» ، شاعیری مەزن ، وەك بە بیری پووشکیندا ئەهات ، واتای (پێغەمبەر)ی گرتبوە خۆی کە داوای ئەوەی لێ بکرێ «بە وشە گڕ بەربداتە دڵی خەڵك» • لەبارەی ئەم بابەتەوە بوو پووشکین پاش ١٤ی دیسەمبەر بە ماوەیەکی کەم ، چەکامە بەناووبانگەکەی «پێغەمبەر»ی دانا •

پووشکین لەو ماوەیەدا کە لە مۆسکۆ نیشتەجێ بوو ، لە کۆڕێکی لاوانی خاوەنبەهرەو ڕۆشنبیری - فراوان نزیك ئەکەوێتەوە کە پێیان ئەوتن ( وێڵدۆستان ) • ڤێنێڤیتینۆڤی شاعیرو ، ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی کیرێیڤسکیو گەلێکی تر ئەندامی ئەم کۆڕە بوون • لە ساڵی ١٨٢٧ ەوە گۆڤاری « مۆسکۆڤسکی ڤێستنیك = مژدەدەری مۆسکۆیی » دەستی کرد بە دەرچوون • مێژوونووس م • ب • پۆگۆدین کە لە «وێڵدۆستان» بوو ، سەرنووسانی ئەم گۆڤارە بوو • پووشکین دەستی ئەم گۆڤارەی گرت • نموونەی بەرهەمی ئەدەبیی خۆی بۆ ئەناردو لە نووسینیشیدا بەشداریی ئەکرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەڵوێستی فەلسەفەییو ستاتیکیی وێڵدۆستان ڕازی نەبوو کە گرەویدەی شێللینگ بووبوون و لە زەینێکی ڕامانانەو گریمانانەوە لەگەڵ هونەرو

ئەرکەکانی ئەستۆی هونەر مامەڵەیان ئەکرد • بەمچەشنە پووشکین وردە وردە لـە گۆڤارەکـە تەری‌یەوە • لە سەرەتای مـارتی سـاڵی ۱۸۲۷دا پووشـکین بۆ دێلڤیـگی برادەری نووسی : « تۆ بەهـۆی مۆسکۆڤسکی ڤێستنیك‌و میتافیزیکای ئەڵمانی‌یەوە سەرکۆنەی من ئەکەی • خوا هـەر خۆی ئەزانێ چەندم ڕق لێ‌یانەو چەند بە چاوی سووك سەیریان‌ئەکەم • مۆسکۆڤسکی ڤێستنیك وەك ئەوە وایە پیاو لە چاڵێکدا دانیشێ‌و بپرسێ : گوریس چی‌یە ؟ (★) کات لای من ئەوەندە بەنرخە بە هیچ کلۆجێ ئامادە نیم لەگەڵ هیچ‌کام لەم ڤێستنیکانە لەناوی‌بەرم • پووشکین لەوباوەڕەدا بوو کەوا گەشەکردنی ڕووسیا پێویستی بـە «زانستێـکی کاریـگەر»و پێشـکەوتن لـە مـەیدانی زانیاری‌و بە ڕایـەکی گشتیی کۆمـەڵایەتیی پێشکەوتخواز هەیە کە «خاوێنیی داب‌ونەریتی گەلی خوێندەوار پشتی پێ‌بەستێ» • ئـەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسی‌و ئەدەب ، بـە باوەڕی پووشکین ، لەبەر ڕووناکیی ئەوەدا دیاری‌ئەکرێ • پووشکین ڕۆژێکیان ئەم سەرنجەی پیشان‌دابوو : « لـە هەموو هێرشەکانی بزووتنەوەکـانی روونکاری‌و لە هـەموو پەلامـارە کولتووری‌یەکاندا تیپەکـانی زانایان‌و ئەدیبان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوە بوون » •

لـە دواساڵەکـانی ساڵانی بیستدا نیشـانەی دیاری شاکارەکـانی پووشکین ئەوەبوو زۆر قووڵ ، وەك یەك ، بە ناخی واقیعی ئەو چەرخەو بە کورۆکی ڕابووردووی مێژوویی ڕووسیادا ڕۆچووبوو • لە ساڵانی ۱۸۲۷ – ۱۸۲۸دا لە دانانی بەشی هەشتەمی ڕۆمـانە شـیعری «یێڤگێنی ئۆنێگین» ئەبێتەوە کـە گەلێ وێنەی ڕیالیستانەی کۆمەڵـگای مۆسـکۆی تێدایە • لـە هاوینی سـاڵی ۱۸۲۷یشدا دەست‌ئەکا بـە دانانی ڕۆمـانی مێژوویی «بەندەکەی پێوتێری مەزن» کە تەواوی نەکردو بە یەکـەمین

(★) لە بابەتی « برسی خەو بە کولێرەوە ئەبینێ » ی پەندی کوردی‌یە – وەرگێڕی کوردی •

تاقی کردنەوەی گەورە دائەنرێ لە مەیدانی پەخشانی هونەریدا •

بێلینسکی لەبارەی «بەندەکەی پێوتێری مەزن»ەوە نووسیویە :
«ئەم ڕۆمانە حەوت بەشە نایابە کە بەتەنها بەشێکیان توانیویە لە هەموو ڕۆمانە مێژوویی یەکانی لە چەشنی زاگۆسکین‌و لاژێچنیکۆف ڕەت کا ، لە هەر ڕۆمانێکی تری ڕووسی بگری ـ چاکترو بەرزترە، چ سەرجەم‌و چ یەکەیەکە»•
لە باری مێژوویی یەوە ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی ڕاست وێنەی ژیان‌و داب‌و نەریتی سەردەمی پێوتێری مەزنی گرتووە ، سەرەڕای ناکۆکی یە سەرەکی یەکەیشی کە بریتی یە لە لێك هەڵەنگووتنی پێرەوە تازەکانی ژیان‌و ڕەوشت لەگەڵ ئەو بنەما کۆنانەی ڕەسەنزادەکان پشتیان پێ قایم ئەکەن • پووشکین کە وەسفی پێوتێری مەزن ئەکا ، ئەیەوێ مۆتیفە سەرەکی یەکانی چەکامەی «ستانسی» بۆپێشەوە بەرێ ( «ئیشکەرێکی هەمیشەیی چووە سەر تەخت»و «بە دەستێکی دەسەڵات بەربەرەڵلا ، ئازایانە، خوێندەواریی بلاوکردەوە»• پووشکین بەمەبەستی گونجان لەگەڵ پێرەوی هەڵاوێژدەی خۆی کە وێنەکێشانی پیاوە سەر بەدەرەوەبووەکانی دەوڵەتە «بێ هیچ جۆرە ماستاوبۆکردن» یکیان هەوڵ ئەدا کەوا ژیانی ناوماڵی پیۆتێری مەزن ، هەروەها سادەیی ئەو پیاوەو ، بەئاسانی گەیشتنە لای‌و ، خێزانی خۆ خۆشویستنی ـ بخاتەڕوو • پووشکین کە پیۆتێری مەزن وەك «دامەزرێنی ڕووسیا» ئەخاتە بەرچاو ، دەری ئەخا کەوا چۆن ئەم پیاوە بەپێی باری چینایەتی نا ، بەڵکو بەگوێرەی ڕادەی وێڵ‌و کەماڵ‌و لەبەر ڕووناکیی زانست‌و توانای شەخسیدا ، حوکمی بەسەر خەڵکدا ئەداو لە خۆیی نزیك ئەخستنەوە • پووشکین کە ئەم خاسیەتی بەپێی مێژوو ڕاستەی پێوتێری مەزنی دەرئەخست ، بیری خۆیی لەمەڕ لەپێشیی لێهاتنی شەخسی یەوە لە ڕەسەنیی وەچە ـ دەرئەبڕی • پووشکین جارێکیان سەرنجی ئەوەی داوە کەوا «ناوی کەسانی وەك مینین‌و لۆمۆنۆسۆف لەئاست هەموو باووباپیرانماندا لەپێشترە ••

پووشکین باش لە سروشتی ناکۆکی هەڵسووڕانی پیۆتیری مـەزن گەیشتبوو • کە لەساڵەکانی سیدا خەریکی نووسینی بابەتێکی مێژوویی شێوە بووە لەبارەی پیۆتیری مەزنەوە ، وای نووسیوە : « ئەوەی کە ئەبێ بـە مایەی سەرسامی ، ئـەم جیـاوازی یەی نێوان ئەو دەزگـایانەیە کـە پیۆتیری مەزن دایهێنان ، لەگەڵ فەرمانە وەختی یەکانیدا • هەرچی ئـەو دەزگایانەن ، ئەوە بەرهەمێکن لە بەرهەمەکانی ئەقڵی بەدەرەتانو پڕ لـە وێڵو نیازی خاوێنی • هەرچی فەرمـانە وەختی یەکانیشینی ، ئەوە زیاتر شێوەی دڵڕەقیو میزاج گۆڕانیان بەسەردا زاڵە • تەنانەت وا دێتـە پێش چاو کـە بەزۆری قامچی ڕاگەیەنرابن • جـۆری یەکەمیـان چاوبڕینە نەمری ، یا هەر هیچ نەبێ چاوبڕینـە دواڕۆژە • جۆری دووهەمیشیان وەك بڵێی لەدەست خاوەن مولکێکی هەڵەشەو سواری سەری خۆبوو دەرباز بووە • لەگـەڵ ئەوەیشـدا پووشـکین باش لـە واتـای مێــژوویی و ناچارەیی کارەکانی پیۆتیری مـەزن حـاڵی بووبوو و لایەنە چـاك کارو دروستکەرانەکەیی خستووەتەڕوو • لە «بەندەکەی پیۆتیری مـەزن »دا وێنەی پیۆتیر وا کێشراوە کەوا چاك کەرێکی ئاشتی پەروەرو بیرڕوونەو هەروا پیاوێکی سەربەدەرەوەبووی دەوڵەتیشە •

وەنەبێ بایەخدانی گـەرمی پووشکین بـە چەرخو بە کەسایەتیی پیۆتیری مـەزن تەنیا پێوەندی بەوەوە بووبێ کـە هیوای وابوو بتوانێ دەوڵەت بخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوە هەندێ کاری پێشکەوتخوازانەی وا بـکا باری ناباری وڵاتیان پێ ڕاستبکاتەوە ، وەك ئـەو کـارە چاکانەی پیۆتیر کردنیو پووشکین بەوجۆرەی هەڵئەسەنـگاندن کـە «شۆڕشێکی ئاشتی کـارانەن»و بە وەرچەرخانێـکی لـە ژیانی ڕووسیـادا دائـەنان • پووشکین ناوەرۆکی سەرەکیی مێژووی لـە بەوەویـش ڕۆیشتنیـــدا بە شێوەیەکی خاوو خلیچك بەڵام هەمیشەیی و بەردەوام ــ بەدی ئەکرد •

پووشکین کـە متمانەیەکی زۆری بەوە هەبوو کـە «ئازادیی نەتەوەیی ئەنجامی ناچاریی بێخوێندنە» ، لایوابوو میللەتی ڕووس کە ڕێگایەکی ڕەسەنو تایبەتیی خۆی گرتبووەبەر ، لە سایەی ڕیفۆرمەکانی پێوتیرەوە کەوتووەتە سەر ڕێگای خوێندەواریو بەوەیش ئەوەی لە هەمان کاتدا بۆ خۆی دابین کردووە کە لە دواڕۆژیشدا بتوانێ ئازادیی سیاسی بۆ خۆی دابین بـکا •

زۆری پێنەچوو تسار نیکۆلای یەکەم متمانەی پەیداکرد کـەوا پووشکین هێشتا دەستبەرداری قەناعەتە سەربەخۆکانی خۆی نەبوە • ڕاپۆرتەکـەی پووشـکین لەمـەڕ پەروەرشتی نەتەوەیی ، گـەشەپێدانی خوێندنو خەبات لەدژی سیستێمی کۆیلەیی بە پرۆگرامی پێگەیاندنی وەچەکانی پاشەوە دانابوو • ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی هەستپێکراوو لە بەرچاو بیروباوەڕی زۆر لە دیسەمبەرییەکانی لەمبارەوە وەبیری تسـار هێنابووەوە • هـەر بۆیەش بوو تسـار بێسێودوو ڕاپۆرتەکەی دایـە دواوە • تسار بێنکێندۆرفی سەرۆکی پۆلیسی ڕاسپاردبوو بـە پووشکین ڕابگەیەنێ کەوا «بنەمـا لای دڵ خۆشەویستو پەسەندەکەی ئەو ، کـە گوایە پێخوێندنو بلیمەتی بۆ ئەوە ئەشێن ببن بە بنەمایەکی بێهـاوتای پێگەیشتن ، بنەمایەکی وایە ئارامیی گشتی ئەخاتە مەترسییەوە» • دەق هەروەك لەگەڵ ڕادیشێڤیان کرد کە لە دوورخرانگە گەڕایەوە ، ئەمیش هەروا ئاگادارکرایەوە کـەوا ئازادییەکەی بیروباوەڕیەتی ، شتێکی تر نییە ، بەرەو «لێواری کەنداو»ی ئەبا هەروەك بێنکێندۆرف نووسیویە •

دەسبەجێ واتای ڕاستەقینەی ئەو سانسۆرە خۆییە بۆ پووشکین دەرکەوت کە تسار بەسەریدا سەپاندبوو • ئەوەبوو نەك تەنها ڕێگایاننەدا کـەوا بەرلـەوەی ڕەزامەندیی تسـار بـۆ لەچاپـدانی بـەرهەمـەکانی

وەدەست بێنێ ، لەچاپیان بدا ، بەڵکو ڕێگای خوێندنەوەیشی یانیان لە هیچ شوێنێکدا نەدا . «بۆریس گۆدوونۆف» چەند ساڵ بەقەدەغەیی مایەوە . هەربۆیەیش بوو کە ئەم تراژیدیا نامەیەی لە بەردەمی کۆمەڵێ خەڵکدا خوێندەوە ، سەرزەنشتێکی بۆ هات . کە چەکامەی «ئەندرێی شێنیێ»یش کە هێمایەکی بۆ سەرپان کردنەوەی دیسەمبەری یەکان تێدا بەدی کرابوو ، لە هاوینی ١٨٢٦دا کەوتە دەست میری ، بڕیاردرا پووشکین بخرێتە ژێر سانسوری نهێنیی پۆلیسەوە . « ئێمە بە وریایی یەکی زۆرەوە شوێن پێی پووشکین هەڵئەگرین» . بێنکێندۆرف بەمجۆرە دڵی تساری ئارام کردووەتەوە . ئەوەیش لەوەوە بوو کە سەرۆکی پۆلیس لەخۆڕایی هیوای وابوو «بتوانێ قەڵەی پووشکین بخاتە سەر ڕێبازێکی ئەوتۆ سوودی دەوڵەتی تێدابێ» . لە هاوینی ساڵی ١٨٢٨دا پووشکین کەوتە بەر مەترسیی دوورخستنەوەیەکی نوێ . ئەوەبوو تسار نیکۆلای یەکەم بە بۆیێمی بێ خوایانەی «گاڤریلیادا»ی زانی . بۆیە پووشکین ناچاربوو نامەیەك بۆ تسار بنووسێ مەسەلەکەی تێدا بۆ ڕوون بکاتەوە . لە ماوەی ئەم ساڵانەدا بارو دۆخێکی پڕ لە هەستو بیری ڕەشبین بەسەر پووشکیندا هات کە لەم کتێبانەیدا ڕەنگیان داوەتەوە : «بیرەوەری» ، «دیاری یەکی بێهوودە» ، «دیاری یەکی بەڕێکەوت» . پووشکین لە ساڵی ١٨٢٨دا نووسیویە « سەرلەنوێ لە کۆڕی ئارامیدا هەور بەسەر سەرمەوە توند بوو » ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ، وەك بڵێی ئەیەوێ متمانەو هێز بخاتەوە بەر دڵی خۆی ، دەست ئەکاتەوە بە پاڕانەوە لە « سەربەرزی و گوڕی لاوی یە لووت بەرزەکەی » .

لە نیوەی دووهەمی ساڵانی بیستدا تروسکەی شیعری لیریکی پووشکین ڕووئەکاتە کزی . پووشکین لەم سەردەمەدا گەلێ بەرهەمی پڕ لە واتای قووڵو هەستی بایەخداری داناوە کە هەندێ لەوانە بۆ

نمـوونه بریتین لـه «بۆ سیبیر» ، «شـاعیر» ، «سـێ سەرچـاوە» ، «بیرەوەری یەکان» ، «بەسـەر گردەکانی گرووزیاوە» ، «خۆشەویستی»و گەلێکی تریش •

لـە شیعری لیریـکی ماوەی پێگەیشتوویی پووشکیندا کێشـەی نێوان مۆتیفەکانی خەفەت‌و ناهومێـدی‌و نێوان باوەڕی قووڵ بـە ژیان‌و بەهـا پرشنگدارەکانی‌و بە دواڕۆژی ڕەنگ‌ئەداتەوە • ئاوازی گەشبین ، بێ‌گومان ، سەرئەکەوێ ، لـە لاواندنەوەنامەی « بە شەقامە جەنجاڵەکاندا ئەخولێمەوە»دا بیرێـکی خەمـگین دەربارەی مـەرگ وەك قانوونێـکی نەگۆڕو وەك دوایی‌یەکی ئەوتۆی ژیان کـە کـەس نەتوانێ خـۆی لێ دووربگرێ ، باڵی خۆی بەسەر پووشکیندا ئەکێشێ • بەڵام سـەرەنجام ئەم مۆتیفانە بـە مۆتیفی سەرکەوتنی ژیان دوایی‌یان‌دێ کـە هیواو متمانە ئەخاتەوە دڵی پووشکین :

**لێ‌گەڕێ ، با ژیانی لاو**
**لە گوێی گۆڕا یاری بکا بۆ خۆی**
**با جوانیی هەمیشەییی سروشتی کەمتەرخەم**
**هەر گەشە بکا ••**

پاش وەختێك پووشکین دەربارەی «ژیانی لاو» کـە بەسەر مەرگدا زاڵ ئەبێ ، چەکامـەی «ئاوات» ئەنووسێ • ئـەم چەکامـەیەی دوایی لەگـەڵ لاواندنەوەکـەی پێشوو هـاوئاوازە • ئەوەیش لەوەوەیە کـە پووشکین زۆر چاك لـەوە ئەگا کە ژیانی چەرخەکەی پڕە لە مەینەت‌و ئازارو خـەم ، بەڵام پڕیشـە لـە ڕۆشنبینی‌و باوەڕ بـە دواڕۆژ • ئـەم مۆتیفە ، بە ناخی سەرانسەری کاری شاکارانەی پووشکیندا ئەخولێتەوە •

پووشکین لە لاواندنەوە بەناووبانگەکەی ساڵی **۱۸۳۰**یدا «ئەی خۆشی‌یە کزبووەکەی ساڵە شێتەکان» هاوارئەکا :

**بەڵام ، برادەرینە ! من قایل نابم بە مەرگ •**
**من ژیانم ئەوێ تا تامی ئازارو بیرکردنەوە بکەم**
**من ئەزانم کەوا لەناو دەردو خەمو دڵەکوتێدا**
**خۆشی ئەچێژم ••**

پووشکین هەمیشە بەمچەشنە سەری بە میزاجی پەژارەو ناهومێدی شۆڕ ئەکرد کە لە بارو دۆخی ژیانی مرۆخنکێنەوە پەیدائەبوو • پووشکین هەروا خەفەتی خۆی بە خەفەتی پرشنگدار ناوئەبا •

پووشکین لە پایزی ساڵی **١٨٢٧**دا سەری لە گوندی میخایلۆڤسکی دا • پووشکین بە عادەتەکەی خۆی بەدەست سۆزی شاکارنووسییەوە گرفتار بوو • ئا لەم گوندەو لەم سەردەمەدا بوو دەستیکرد بە نووسینی ڕۆمانی «بەندەکەی پیۆتیری مەزن» • بیرێکی زۆری لە گیروگرفتەکانی مێژووی ڕووس کردەوە • ئە • ن • ڤوولف لە دەفتەری ڕۆژانەکانیدا بەبۆنەی سەردانیەوە لە پووشکین لە میخایلۆڤسکی ، هەندێ لەو گفتوگۆو دەمەتەقێیەی نووسیوەتەوە کە سەبارەت بە هەندێ بابەتی مێژوویی لەنێوانیاندا ڕوویداوە • پووشکین وتوویە : «من سەرم سووڕ ئەمێنێ کەوا کارامزین چۆنی توانیوە بەرگە پێشووەکانی «مێژووەکەی» بەم شێوە وشکە بنووسێو باسی ئیگۆرو سڤیاتۆسلاڤ بکا ؟ ئەم ماوەیە لە مێژووی ئێمەدا ماوەی قارەمانەتییە • من بێگومان سەرەنجام مێژووی پیۆتیری مەزنو مێژووی ئەلێکساندر لەسەر شێوەی کووربسکی (★) ئەنووسم • ئەبێ ئێمە باسی

---

(★) لەوانەیە پووشکین مەبەستی ئەندرێی میخایلۆڤیچ کووربسکی (١٥٢٨ ـ ١٥٨٣) بێ • لە ئینتسیکلۆپیدییای ئەدەبیدا نووسراوە : « کووربسکی لە کتێبی ( مێژووی میری مەزنی مۆسکۆیی)دا زۆر بە توندوتیژی سیاسەتو ڕەوشتی ئیڤانی چوارەمی تاوانبارکردووە • پووشکینیش هەر داوای ئەمە ئەکا لە مێژوونووس ـ وەرگێڕی عەرەبی •

ڕووداوەکانی ئەم چەرخەی خۆمان بکەین تا ئەوانەی پاش ئێمە دێن بتوانن بمانکەن بە بەڵگە بۆ خۆیان • ئێستا لەتوانادا هەیە تەنانەت مێژووی حوکمڕانیی نیکۆلاو بەڵکو مێژووی ١٤ی دیسەمبەریش بنووسرێ » •

پووشکین لە گەڕانەوەیدا لە میخایلۆفسکی یەوە بۆ پێتێربوورگ ، ڕووداوێکی لە ئێسگەی پۆستەی زالآزادا لێ ڕوودا هەرگیز لەیاد ناچێتەوە • فەرموون ئەمەیش ڕازی ئەو ڕووداوە : « •• لەپڕ چوار عەرەبانە گەیشتن • هەریەکەیان سێ ئەسپ ڕایانئەکێشان • ئەم عەرەبانانە لەتەك گەورەپیاوێکی میریدا بوون •• چوومە دەرەوە سەیرێکیان بکەم • بەندی یەك وەستابوو • پاڵیدابوو بە کۆڵەکەیەکەوە • لاوێکی لاوازی باڵابەرزی لێ نزیك بووەوە • ڕیشێکی ڕەشی بەردابووەوەو پاڵتۆیەکی ئەستووری لەبەردابوو • کە چاوی بە من کەوت ، چاوەکانی بریسکانەوە • بە دەستی خۆم نەبوو ، ئەمە سەرنجی ڕاکێشام • سەیرێکی وردی یەکترمان کرد • ناسیمەوە• ئەبینم کیووخێلبێکێری برادەرمە • باوەشمان کرد بەیەکدا ، بەڵام جەندرمە لە یەکی جوێ کردینەوە • کاربەدەستەکەی میری کە عەرەبانەکانی بەدەست بوو ، پەلی گرتمو بەدەم جنێودانو هەڕەشەکردنەوە ڕایکێشام • گوێم بۆ شل نەکرد • کیووخێلبێکێر لەهۆشی خۆی چوو • جەندرمەکان ئاویان بۆ هێناو خستیانە ناو یەکێ لە عەرەبانەکانو ڕۆیشتن •

پووشکین سەرانسەری زستانی ساڵی ١٨٢٧و نزیکەی هەموو ساڵی ١٨٢٨ی لە پێتێربوورگ بەسەربرد • لەوماوەیەدا لەگەڵ دێلفیگو م• ئی • گلینکای ئاهەنگسازو ئە • س • گریبۆیێدۆف چاویان بەیەك ئەکەوت • پووشکین ناوی ئەمەی دوایی یانی وا هێناوە

کە «مرۆیەکی زۆر باش‌و بێ‌هـاوتایە» • گـەلێ جار لای دێلفیگ بابەتـی ئـەدەبی‌یان ئەخـوێندەوە • بەرهـەمە تازەکـانی پووشـکین‌و بۆراتینسکی‌و ژووکۆڤسکی‌و هەروەها ئەو چەکامەو پەخشانانەی بۆ ئەو ساڵنامە ئەدەبی‌یە ئەنێردران کە دێلفیگ بە ناوی « سفێرنیێ تسفێتی = گوڵەکـانی باکوور»ەوە بڵاوی‌ئەکردنـەوە ـ لەوشـتانە بوون کـە لەو بەیەك گەیشتنانەدا ئەخوێنرانەوە • بەڵام پووشکین خـۆی باسـی ژیانی خۆی لە پێتێربوورگ وا کردووە کە « پەخشانێکی دڵنەگرتوو »ەو(★) تەنانـەت ئـەو هۆیانـەی ڕابواردن‌و کات‌بەسـەربردنیش کـە کـۆڕە پایەبڵندەکـان پەنایان‌ئـەبردە بـەریان‌و پووشـکینیش جـاروبار ڕووی‌تێ‌ئەکردن ، هیچ خۆشی‌یەکیان نەئەخستە دڵو دەروونی •

لە شایەتیی یەکێ لەهاوچەرخەکانی پووشکینەوە وا دەرئەکەوێ کەوا پووشکین بەدرێژایی ئەم ماوەیە «ژیانێکی ئێجگار پرژو بڵاو •• » ژیاوە ، بەڵام جارجـار لـە کۆڕی ئـەم هۆیانـەی ڕابواردنی کۆمـەڵە بڵندپایەکانیشدا ڕووگرژ ئەهاتە پێش‌چاوو جۆرە دڵەکوتەیەکی تێـکەڵ بە پەژارەو ، دەروونێکی نائارامی پێوە بەدی‌ئەکراو ، وا ئەهاتە پێش‌چاو کەوا ماندووەو گیانی ئۆقرەناگرێ •• بێ‌گومان باڵ بەسەرداکێشانیشی لەلایەن ئەمپەراتوورەوە ، بارێـکی قورس بوو بەسەرگیـانیەوە بەربینی گرتبوو » •

پووشکین لە ساڵی **١٨٢٨**یشدا چیرۆکە شیعری «پۆڵتاڤا» ئەنووسێ •

لە یادداشتەکانی م • یووزێفۆڤیچدا ، کـە یەکێ بووە لـە ناسیارانی

---

(★) بابەتێکی ئەدەبی کە لەوانەبێ مرۆ بـێزار بـکاو دڵ گەرم نەکاو خەیاڵی بەرزو باڵای تێدا نەبێ ، بە « پەخشان شێوە »ی ناوئەبەن • بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەوەوە بوو ، ئەڵێن « شیعر شێوە »یە ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

پووشکین ، لەبارەی چۆنیەتیی نووسینی بۆیئمی «پۆلتافا»وە ڕازێك نووسراوەتەوە ، ئەڵێ :

« ئەوە لە پێتێربوورگ ڕووی‌دا • بارو دۆخەکەی لەوانە نەبوو کەس پێی هەڵگیرێ • پووشکین بەدرێژاییی ڕۆژ لە ماڵ نەئەچووەدەر • هەر لەپشت مێزی نووسینەوە دائەنیشت • تەنانەت لە خەویشدا بەیتە شیعری بۆ ئەهات • بەچەشنێ جاری‌وا ئەبوو لەسەر جێگاکەی هەڵئەبەزی‌یەوەو بازی‌ئەدایە خوارەوە ، قەڵەمێك‌و پارچە قاقەزێکی بەدەستەوە ئەگرت‌و بە تاریکی دەستی‌ئەکرد بە نووسینەوەیان • هەرچەند برسی‌یەتی زۆری‌بۆ ئەهێنا ڕای‌ئەکرد بۆ نزیکترین چێشتخانەو لەوێش شیعر هەر بەدوایەوە بوو • چ‌جۆرە خواردەمەنی‌یەکی دەسگیر بوایە بەپەلە ئەیخواردو بە ڕاکردن ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە تا گورج ئەو بەیتە شیعرانە بنووسێتەوە کە بەڕێگادا یا لەسەر سفرەی نان‌خواردن لای خڕبووبوونەوە • بەم‌جۆرە ڕۆژی سەدان بەیتی لا خڕئەبووەوە • ئەو بیرانەیش کە جاروبار شیعر یارمەتیی‌نەئەدا دەریان‌بڕێ ، بە پەخشان ئەیخستنە سەر قاقەز • بەڵام ئەو پاگژو دەسکاری‌کردنانەی پاشان ئەیکردن ، زۆر کەمیان نەبێ نەماوە • من لەیادمە پووشکین «پۆلتافا»ی لە ماوەی سێ هەفتەدا نووسی‌یەوە » •

پووشکین لەو سەرەتایەدا کە بۆ ئەم چیرۆکە شیعرەی نووسیوە ، ئیشارەتی بۆ ئەوە کردووە کەوا :

« شەڕی پۆلتافا بایەخدارترین‌و بەختەوەرترینی ئەو ڕووداوانە بوو ماوەی حوکمڕانیی پیۆتێری مەزن بەخۆیەوەی بینین • ئەم شەڕە پیۆتێری لە مەترسیدارترین دوژمنەکانی ڕزگارکردو بوونی ڕووسیای لە باشووردا چەسپاندو گەلێ دەسکەوتی جەنگیی نوێشی لە باکووردا

پێوەبوو بۆیو بەڵگەی پێشانی دەوڵەت دا کەوا ڕیفۆرمەکانی تسار چەند بایەخدار بوونو چۆن پێویستبوو بکرێن » •

چیرۆکی پۆڵتاڤا چیرۆکێکی قارەمانانەیە ، وێنەگرتنی شەڕی پۆڵتاڤای کردووە بە مەودای بایەخ پێدانی خۆی بەوپێیە کە ڕووداوێکی مەزنی مێژوویی‌یەو ، مەیدانی ئەوەی بە ڕووسیا دا یەکێ لە شوێنە لەپێشەکانی نێوان دەوڵەتانی ئەورووپا داگیربکا • بێلینسکی بیری سەرەکیی ئەم چیرۆکەی بەکورتی بەمجۆرە باس کردووە کە وتوویەتی : شەڕی پۆڵتاڤا تەنها شەڕێکی ئەوتۆ نەبوو بەوە ناسرابێ کە هێزێکی سوپایی گەورەی تێدا بەکارهێنراوەو هەموو بەشدارەکانی لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوونو دەستبەرداری نەبوونو خوێنێکی زۆری تێدا ڕژاوە • نەء هەر ئەوەندە نەبوو • شەڕێ بوو لەپێناوی دوارۆژی سەرانسەری دەوڵەتێکدا » • ئەم ڕەخنەگرە لەبارەی خستنەڕووی شەڕی پۆڵتاڤاوە نووسیویە ئەڵێ : «پۆرترێتی شەری پۆڵتاڤا بە پەڕێکی بەزاتو لێزان وێنەکێشراوە • ئەوەندەی بزووتن تێدایە وێنەکێش ئەتوانێ وەك ڕاستەوخۆ لە سروشتەوە ، لێوەی وەرگرێ » •

لە پایزی ساڵی ١٨٢٨دا پووشکین داوای کرد ڕێی‌بدرێ بڕوا بۆ قەوقاز تا لەوێ بچێتە ناو سوپای ڕووسیاوە کە لەدژی تورکیا ئەجەنگی ، بەڵام داواکەی درایەدواوە • هەروەها ئەو داوایەیشی درایەدواوە کە داوای کردبوو ڕێی‌بدەن بچێتە دەرەوە بۆ خوێندن •

لە کانوونی‌یەکەمی ساڵی ١٨٢٨دا پووشکین هات بۆ مۆسکۆ • لە مۆسکۆ لە کۆڕێکی گەورەی دانسدا بۆ یەکەمین جار لووتی بەلووتی ن • ن • گۆنچارۆڤاوە تەقی کە لەو سەردەمەدا بە جوانترین کچانی مۆسکۆ ئەدرایە قەڵەم • پووشکین شەیدای جوانیی ئەم کچە بوو • ئیتر

له مارتی ساڵی ۱۸۲۹دا • له بنەماڵەی گۆنچارۆڤ ئەدا هەمیشە سەری لە بنەماڵەی گۆنچارۆڤ ئەدا
خوازبێنیی کچەکەی کرد • لەئەنجامی ئەوەدا کە وەڵامێکی دیاری
خوازبێنی یەکەی دەسگیر نەبوو ، بێ گوێدانە ئەوە کە ڕێگای چوونی
بۆ قەوقاز لێ گیرابوو ، بڕیاریدا بڕوا بۆئەوێ •

پووشکین لە یەکێ لە نامەکانیدا ددانی بەوەدا ناوە کەوا
«پەژارەیەکی سەرلێدەرنەکردوو بوو لە مۆسکۆ کردیەدەرەوە» •
پووشکین هیوای وابوو لە قەوقاز لەگەڵ هەندێ لە دیسەمبەری یە
دوورخراوەکانو لەگەڵ ن • ن • ڕایێفسکیو لیڤی برای یەك بگرنەوە
کە لەوێ لە ڕیزی سوپادا بوون • لە ماوەی ئەم سەفەرەیدا سەرێکیشی
لە ژەنراڵ یێرمۆلۆفی قارەمانی شەڕی ساڵی ۱۸۱۲ دا کە میری ڤینی
لێ هەڵگرتبوو و لە نزیکی ئۆرلۆف کە پتر لە دووسەد کیلۆمەتر لە
ڕێگای گشتی یەوە دووره ـ ساڵانی خانەنشینیی بەسەرئەبرد • پووشکین
لە ماوەی کەوتنەوە گەشتیدا بایەخێکی زۆری بە دابونەریتی گەلانی
قەوقاز دا کە سیاسەتی دەستدرێژیکەرانەی سیستێمی تسار لانی
خستبوون • هەروا بیری لەوەیش ئەکردەوە کە چۆیەك ئەبێ بە مایەی
دەستەبەرکردنی بەستنی پێوەندێکی دۆستایەتی لەنێوان ئەم گەلانەو
گەلی ڕووسدا • پووشکین دوو هەفتە لە تیبلیسی مایەوە • لەو دوو
هەفتەیەدا ئاگاداری یەکی لە هونەری خانوودروستکردنو فۆلکلۆرو
دابونەریتی گرووزیا پەیداکرد • لاوانی پێشکەوتنخوازی گرووزیاو
ڕووس ئەم ڕێکەوتەیان بە هەل زانیو ئاهەنگێکی بڕشکۆیان لەسەر
شەرەفی پووشکین ڕێکخست کە زۆری پێخۆش بوو و زۆری بەدڵ بوو•

پووشکین لە تیبلیسی یەوە چوو بۆ سەرلێدانی ئۆردووگای
فەرماندەی مەزن ژەنراڵ پاسکێڤیچ • لە ڕێگادا تووشی ئەو عەرەبانەیە

بوو کە تەرمەکەی گریبۆییدۆفی تێدابوو کە لە وڵاتی فارس کوژرابوو • لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٨٢٩دا پووشکین کە بەڕێوەبوو بۆ ئەرزڕۆم کە پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم داگیر کرا، لەودیو شاری قارسەوە گەیشتەوە بە سوپای ڕووس • تەنها بە چەند ڕۆژێ پێش ئەوە ڕێگای پووشکین درابوو لە تەقەکردندا لەدژی تورکەکان هاوبەشی بکا • پووشکین لێرە چاوی بەوانە کەوتەوە کە زۆر بەسۆزەوە چاوەڕوانی پێگەیشتنەوەیان بوو • بەمچەشنە بۆیلوا لەبارەی ڕاپەڕینەکەی ١٤ی دیسەمبەرەوە زۆر وردە بابەت لەوانەوە بزانێ کە خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداری‌یان تێدا کردبوو • بەیەك گەیشتنەوەی پووشکین‌و دیسەمبەری‌یەکان بوو بە مایەی دڵداخورپان‌و پەشێویی پاسکێڤیچ • لەبەرئەوە دەستبەجێ ناردیەوە بۆ ڕووسیا • پووشکین کە لەم گەشتەی گەڕایەوە « گەشتێ بۆ وڵاتی ئەرزڕۆم »ی نووسی • لە گەلێ چەکامەی وەك « قەوقاز »و « هەرەس »و « بەسەر گردەکانی گرووزیاوە »ی پووشکیندا ، ئەوشتانەی لەبارەی قەوقازەوە لەم گەشتەیدا چووبوونە دڵی‌و ، بایەخدانی قووڵی بەم وڵاتە ڕەنگیان داوەتەوە •

کاتێ کە پووشکین بە ڕێی گەڕانەوەوە بوو بۆ پێتێربوورگ ، بەهۆی بێنکێندۆرفەوە سەرکۆنەیەکی توندی لە تسار نیکۆلاوە وەرگرت کەوا چۆن بێ ڕوخسەتلێوەرگرتنی لەوەپێشی ئەو چووە بۆ قەوقاز ؟

لەسەرەتای ساڵی ١٨٣٠یەوە دێلفیگ دەستی‌کرد بە دەرکردنی «لیتێراتوورنایا گازێتا = ڕۆژنامەی ئەدەبی» لە پێتێربوورگ • پووشکین بەهۆی ئەوەوە کە لەوکاتەدا خۆی لە بەشداری‌کردن لە گۆڤاری « مۆسکۆڤسکی ڤێستنیك »دا دوورخستبوەوە ، ڕێگای لەپێش خۆیدا بە بەربەرەڵا هاتە پێش‌چاو کە لە نووسینی ئەم ڕۆژنامە نوێیەدا بەشداری‌بکا • ئەم

ڕۆژنامەیە بەوناوەوە پەیدا بوو کە ئۆرگانی دۆستە ئەدەبی یەکانی پووشکین بێ • فیازێمسکی و بۆراتینسکی و ئۆ • سامۆفی ڕەخنەگر لەناو ئەوانەدا بوون کە لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان ئەکرد • پووشکین زنجیرە وتارێکی ئەدەبی و گەلێ سەرنجی لە « لیتێراتوورنایا گازێتا »دا بڵاوکردەوە کە هەموو نیشانەی ئەوە بوون چۆن ئەم شاعیرە هەوڵی ئەدا هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناو ئەدەبی ڕووس لەدەوری ئەم ڕۆژنامەیە خڕکاتەوەو ئەدەب لە واقیع نزیکخاتەوە • کاری گەورەی پووشکین لەوەدا دیاری ئەدا کە پەردە لە ڕووی هەڵسووڕانی خەفیەکارانەو کۆنەپەرستانە لە ئەدەبدا هەڵماڵێ کە ڕۆژنامەنووسی کرێگرتەو نۆکەری جەندرمە بوولگارینی سەرۆکی نووسینی ڕۆژنامەی ڕەسمیی « سێڤێرنایا پچێلا = هەنگی باکوور » خەریکی ئەبوو • بوولگارین کە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامە نوێیە ناڕەحەتی کردبوو و بە تەنگ پێ هەڵچنینێکی مەترسیداری خۆیی ئەزانی ، بە شێوەیەکی نامەردانە دەستی کرد بە لەدووگەڕانی پووشکین و لە « سێڤێرنایا پچێلا »دا دەستی دایە بەدگۆیی یەکی چەپەڵ و لەسەرنووسینی خراپی بەرهەمەکانی • بوولگارین ئەیویست ناووبانگی لیتێراتوورنایا گازێتا لە پێش چاوی میری ناشیرین بکاو ئەوەبوو بەمەبەستە پەنجەی بۆ پێوەندی دەستەی بنووسانی بە دیسەمبەری یە دوورخراوەکانەوە درێژ ئەکرد • ن • پۆلیڤۆیی سەرۆکی بنووسانی گۆڤاری « مۆسکۆڤسکی تێلێگراف = تەلگرافی مۆسکۆ »یش کە لەدوورەوە یەکەم بەهۆی هەڵوێستی گوێ نەدانی پووشکینەوە بە گۆڤارەکەی و دووهەم بەهۆی ڕەخنەگرتنی بەجێیەوە لە کتێبی « مێژووی گەلی ڕووس » کە ئەو دایناببوو ، ڕقی لێ بوو ، لە هێرش بردنە سەر بەرهەمەکانی پووشکیندا دایە پاڵ بوولگارین • ئەم شەڕەقەڵەمە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٨٣١ درێژەی کێشا • پووشکین لە وتارێکیدا کە باسی ڕۆمانە ڕەخنەو ڕەوشت شێوەکانی بوولگارینی تێدا کردووە کە بە ناوی

خواستەمەنیی « فیۆفیلاکت کۆسیچکین » ەوە بڵاوی کردبوونەوە ، گاڵتەی وا بە بوولگارین کردبوو کە گوایە بنووسێکی بێ بەهرەیە • پووشکین نەیارێکی بەهێز بوو • ئەو کوتە کانەی ئەیسرەواندنە ناحەز جێ گرو کوشندە بوون • بێلینسکی یش پاشان ئەو ئالایەی هەر بەبەرزی ڕاگرت کە پووشکین لە ساڵەکانی سیدا هەڵی گرتبوو بۆ خەبات لەدژی ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانو بەتایبەتی لەدژی بوولگارین •

لە دوادوایـیی ساڵەکانی بیستو سەرەتای ساڵەکانی سیدا ڕوون بووەوە کەوا زوربەی ڕەخنەگرەکانی هاوچەرخی پووشکین شایانی ئەوە نەبوون لە سروشتو واتای کارە ڕیالیستی یە مەزنەکانی بگەن • زۆر لەو هاوچەرخانەی هەر بەو چاوە سەیریان ئەکرد کە شاعیرێکی ڕۆمانتیکی یەو داوایان لێ ئەکرد کە بەردەوام لەسەر شێوەی « دیلەکەی قەوقاز » بنووسێ • ئەمانە وا لە سادەیی شێوەی پووشکینو وێنەگرتنی واقیعی ڕۆژانەو « هیچ وپووچ » حاڵی بووبوون کەوا نیشانەی لێ کەوتنی بەهرەیەتی • ڕەخنەگرانی لەچەشنی ن • پۆلێقۆی ( « مۆسکۆفسکی تێلێگراف » ) و • نادێژدینا ( « ڤێستنیك یێڤرۆپی » ) لەوە نەگەیشتن کەوا هەر پووشکین بوو ئەدەبێکی ڕووسیی نەتەوەییی ڕاستەقینەی داناو ئەو بوو بە ڕێگای ڕیالیزمیدا برد • گۆگۆل ناکۆکیی نێوان پووشکینو ڕەخنەلێ گرەکانی بە شێوەیەکی ڕاست ڕوون کردووەتەوە کە وتوویە : « هیچ کام لە شاعیرەکانی ڕووسیا بەهرەیەکی ئەوتۆی نەبوە بەخیلیی پێ ببرێ لەسەری ، ئەوەندەی کە پووشکین بوویەتی • هیچ کامیان ئەو شۆرەتو ناووبانگەی نەبوە کە ئەو بوویەتی ، بەلام کارەکانی ئەم دوایی یەی کە بە ناخی دڵی ڕووسیادا چووە خوارەوە تیایانداو ، بە دەشتە بەدەرەتانەکانیدا گەڕا بێ یانو ، خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانو دابونەریتی هاونیشتمانەکانی تەرخان کرد تیایانداو ، ویستی بەوە ببێ بە

شاعیری ڕاستەقینەی نەتەوەیی ، ئا ئەم کارانەی لەلایەن کۆمەڵی ئەوانەوە کە جاران زۆر پێیان باش بوون ، بەساردی پێشوازی‌یان لێ کرا » . بلیمەتیی پووشکین پێش سەردەمەکەی کەوتبوو . پووشکین بەهۆی ستەم‌و هیچ‌و پووچی‌و کەللەڕەقیی زوربەی ڕەخنەلێ‌گرەکانیەوە کە لە ئەرکەکانی سەرشانی ئەدەبی ڕووس‌و ڕێگای پێشکەوتنی ئەم ئەدەبە نەگەیشتبوون ، تووڕەو نارەحەت بوو . پووشکین پێی‌نەئەکرا شوێن‌پێی باری سەرنجە ستاتیکی‌یە پاشکەوتووەکانی ئەوان هەڵبگرێ . هەروەها نەیشی‌ئەویست ڕووبەڕوو لەدژی داخوازی‌یەکانی « کۆڕی بڵندپایە » بوەستێ کە ئەدەبی بەهۆی ئامۆژگاری دائەنا لە چەشنی ڕەوشت‌پەرستیی سەر بە سیستێمی ئەو ڕۆژە . بەپێی ئەوەی شێڤیریۆفی ڕۆژنامەنووس گێڕاویەتەوە « پووشکین ئەوەی بێ قووت‌نەئەچوو باسی شیعری بکرێ‌و داوای لێ‌بکرێ نموونەی شیعرەکانی لە بەردەمی کۆمەڵەی کۆڕی بڵندپایەدا بخوێنێتەوە . شازادە زینایدا ڤۆلکۆنسکایا کردبووی بە خوو هەموو هەفتەیەك دیدارێکی ئەدەبی ڕێك‌بخا . لە یەکێ لەو دیدارانەدا زۆربەگەرم داوا لە پووشکین کرا هەندێ شیعری خۆی بخوێنێتەوە . ئەویش بە بێزاری‌یەکی زۆرەوە چەکامەی « ڕەش‌و ڕووتان »ی خوێندەوە . کە لە خوێندنەوەی بووەوە لە دڵی خۆیدا ئەیوت : « ئیتر بڕای‌بڕ جارێکی‌تر ناوێرن داوای شیعر خوێندنەوەم لێ بکەن » .

لەم چەکامەیەو لە چەکامەی « بۆ شاعیر »دا پووشکین بەئاشکرا بیری ئازادی‌و سەربەخۆیی شاعیر لە « هەرچی‌و پەرچی »و « گەجەرو گوجەر » دەرئەبڕێ‌و ئەوەش ئەخاتە دووتوێی واتای ئەم دوو وشەیەوە کە مەبەستی « گەجەرو گوجەر »و « هەرچی‌و پەرچی »ی ناو کۆڕی بڵندپایەکانە کە هەرگیزاو هەرگیز کاریان بە شیعری ڕاستەقینە نی‌یە . بانگەوازی پووشکین لە شاعیر کەوا بە « ڕێگای

سەربەست »دا بڕوا ، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە بانگەواز بۆ ڕێبازی « هونەر بۆ هونەر » ، هونەرێ جوێ لە ژیانو لە کۆمەڵ ئەکا • لە شایەتیی میتسکێڤیچەوە کە لەماوەیەدا لە پووشکینەوە نزیك بووە دەرئەکەوێ کەوا پووشکین ئەو ئەدیبانەی بە سووك تەماشاکردووە کە بێ ئامانج ئەنووسنو ، هیچ حەزی لە فەلسەفەی ڕەشبینیو کەمتەرخەمیی ئەریستۆکراتی‌یانە نەبوە کە لای گۆتە بەدیی کردووە •

پووشکین خزمەت‌کردنی ڕووسیاو داکۆکی لێ‌کردنی بیروباوەڕە پێشکەوتخوازەکانی سەردەمی خۆی بە بەرزترین ئامانجێ دائەنا کە ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکا • سەرەڕای ئەوەیشس وەك شاعیرێك زۆر سەخت هەستی بە تەنهایی ئەکرد • جاریوا ئەبوو وای ئەهاتە پێش‌چاو « ژیانو بەهرەی ئەو بەخششێکی زڕن ، بەخششێکی بێ‌مایەن » • ژانی تراژیدیاویی پووشکین ڕەنگدانەوەی لێك‌جاییی کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی پێشکەوتخوازی ڕووسی چەرخی زەوی‌بەندەیی‌و ، گەلی لەژێر نیـڵەی سیستێمی خودسەرانەی زەوی‌بەندەیدا ڕەتاو ـ بوو •

لە نیسانی ساڵی ١٨٣٠دا پووشکین سەرلەنوێ خوازبێنیی ن • ن • گۆنچارۆڤا ئەکاتەوەو ئەمجارە ئەیدەنێ • پووشکین کە لە پلەی یەکەمدا بەو دەسکەوتە ئەژیا کە بەهۆی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانیەوە دەستی ئەکەوتو لەبەرئەوە گەلێ‌جار ئەکەوتە تەنگ‌وچەڵەمەی دارایی‌یەوە ، بەهۆی ئاهەنگی بەڕێوەبووی گواستنەوەی بووکەکەیشیەوە تووشی گەلێ ئەرك‌و مەینەتی تازەی نەبوونی بوو • جۆش‌و خرۆشی دایکی بووکێو داخوازی‌یە بێ‌جێ‌کانیشی ئەوەندەی‌تر قوڕەکەیان خەست‌کردەوە • جا بۆئەوەی بتوانێ چارێکی ئەم‌مەسەلەیە بکا ، لە سەرەتای ئەیلوولی ئەو ساڵەدا باری‌کرد چوو بۆ بۆڵدینۆ کە گوندێکی سێرگیی لڤۆڤیچی باوکی بوو لە ناوچەی نیژنێ‌گۆرەد دەستی لە بەشێکی هەڵگرتبوو بۆ کوڕەکەی •

پووشکین وتوویە : « پایز .. کاتی خۆشەویستی دڵم و.. سەردەمی هەوڵ و تەقەلای ئەدەبیمە » . پووشکین بۆڵدینۆی بەدڵ بوو . لە بۆڵدینۆوە بۆ پ . ئە . پلێتنێفی کتێب بڵاوکەرەوەی برادەری نووسیوە : « برا ، ئازیز ! ئای کە ئەم گوندە خۆشە ! تۆ سەرنج بدە : دەشتێکی هەتاهەتایە نەبڕاوە .. دەرودراوسێ کەس بەدەورتدا نی یە .. چەندت حەزلێ یە بە وەرزشی سواری یەوە خەریک بە .. چەندت پێ خۆشە لە ماڵەوە دانیشە بنووسە .. کەس نایەتە ڕێت ڕێت لێ بگرێ .. خەریکم شتی هەمەبابەتی شیعرو پەخشانت بۆ ئامادەئەکەم » . ماوەی نیشتەجێ یی پووشکین لە بۆڵدینۆ ماوەی هەڵقوڵانی سەرچاوەی خەیاڵی شاکارنووسیی بوو . لەو لێکۆڵینەوانەدا کە لەبارەی کەسایەتیی پووشکینەوە نووسراون، بە ڕیزو بەپێی مێژوو ناوی ئەو بەرهەمانە نووسراوە کە پووشکین ئەو پایزە لە بۆڵدینۆ نووسیونی . ئا ئەم ڕیزەی بنەوە بەئاشکرا هێزی بلیمەتیی پووشکین ئەخاتەڕوو :

٧ی ئەیلوول – « شەیتانەکان » .

٨ی ئەیلوول – « لاواندنەوەیەك » ( « ئای بۆ گەشەی کزبووی ساڵە دێوانەکان » ) .

٩ی ئەیلوول – لێ بوونەوە لە « دووکاندار » .

١٣ی ئەیلوول – « ڕازێك لەبارەی قەشەو خزمەتکارە نەفامەکەیەوە » .

١٤ی ئەیلوول – « چاودێری کەری ئێسگە » .

١٨ی ئەیلوول - لێبوونەوە لە بەشی هەشتەمی ڕۆمانی « یێڤگێنی ئۆنێگین » ( واتە لە بەشی « گەشتەکەی ئۆنێگین » ) .

٢٠ی ئەیلوول - سەعات نۆی ئێوارە ، لێبوونەوە لە چیرۆکی « ژنە ڕەسەنزادەیەکی جووتیار » .

٢٥ی ئەیلوول - لێبوونەوە لە بەشی نۆهەمی داستانی « یێڤگێنی ئۆنێگین » .

١ی تەشرینی یەکەم - « گۆنا سووورەگوڵە ڕەخنەلێگرەکەم » .

٥ی تەشرینی یەکەم - « جیایی » .

٥ - ١٠ی تەشرینی یەکەم - « ماڵۆچکەیەك لە کۆلۆمنا » .

١٢ - ١٤ی تەشرینی یەکەم - « شەڕەشیر » .

١٦ی تەشرینی یەکەم - « سەجەرەی باووباپیرم » .

١٧ی تەشرینی یەکەم - « نووشتە » .

١٩ی تەشرینی یەکەم - سووتاندنی بەشی دەهەمی « یێڤگێنی ئۆنێگین » .

٢٠ی تەشرینی یەکەم - لێبوونەوە لە « کرێوە » .

٢٣ی تەشرینی یەکەم - لێبوونەوە لە « سواری ڕژد » .

٢٦ی تەشرینی یەکەم - لێبوونەوە لە « مۆتسارت و سالیێری » .

١ی تەشرینی دووەم - نووسینی « مێژووی گوندی گۆریووخین » .

٤ی تەشرینی دووەم - لێبوونەوە لە « هاوینە بەردینە » .

٦ی تەشرینی دووەم - لێبوونەوە لە « ئاهەنگێ لە سەردەمی چاوەقووڵەکەدا » .

سەرەڕای هەموو ئەمانەیش پووشکین هەر لە بۆلدینۆ گەلێ وردە چەکامەو سەرنجو وتاری ڕەخنەیی‌و بەرپەرچدانەوەی نووسیوە •

هـەر لەو پایزەی بۆلدینۆیشـدا بوو ڕۆمانی « یێڤگێنی ئۆنێگین » تەواوبوو کە مەزنترین کارە ئەدەبی‌یەکانی پووشکینە •

بێلینسکی نووسیویە ، ئەڵێ :

« ڕۆمانی یێڤگێنی ئۆنێگین بە بێ‌خەوش‌ترین کارەکانی پووشکین‌و بـە ئازیزترینی ڕۆڵەکـانی خەیاڵی لای دڵی دائـەنرێ • پووشـکین سەرانسەری ژیان‌و گیان‌و ، خۆشەویستیی خۆی خستووەتە چوارچێوەی ئەم ڕۆمانەوەو ، هەموو هەسـت‌و ، بۆچـوون‌و ، ئایـدیای خۆی تێـدا دانـاوە » •

پووشـکین پـتر لـە هەشت ساڵی بـە نووسـینی ئـەم ڕۆمانـەوە بردووەتەسەر • لە ٤ی تەشرینی دووهەمی ١٨٢٣دا لە ئۆدێسساوە بـۆ ڤیازێمسکیی دۆستی ئەنووسێ : « لەبارەی نووسینیشەوە ئەوەی ئێسـتا ئەینووسم ڕۆمان نی‌یـە ، ڕۆمانەشیعرە • جـیاوازیی نێـوان ڕۆمـان‌و ڕۆمانەشیعر جیاوازی‌یەکی دۆزەخانەیە • پووشـکین لە ئایـاری سـاڵی ١٨٢٣دا لە کیشینیۆڤ دەستی بە نووسینی ئەم ڕۆمانە کردووە •

پووشکین لە سەرەتادا نیازی‌وابوو شێوەی بەدگۆیی بدا بە ڕۆمانەکە• لە یەکی کانوونی‌یەکەمی ساڵی ١٨٢٣ دا توورگێنیێڤی ئاگادارکردووەتەوە کەوا « پۆیێمی نوێی یێڤگێنی ئۆنێگین ئەنووسم‌و تالاّو هەڵئەهێنمەوە » • لەو سەرەتایەیشدا کە بۆ بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەی داناوە ، بە خـۆی ئەڵێ : « بنووسی بەدگۆ » • ڕۆمانەکەیش بە وەسفێـکی لاقرتی‌ئامێزی ڕەوشت‌وخوو دائەنێ ، بەڵام لەوەپاش بیری ئەگۆڕێ • پووشکین زۆر

بە تیژی ڕای هەندێ لە دۆستەکانی داوەتە دواوە کە ئەڵێن ڕۆمانەکە لە پۆێمی بەدگۆیانەی « دۆن جوان » ی بایرۆن ئەچێ . لە مارتی ساڵی ١٨٢٥ دا بۆ بێستووژێڤی دۆستی نووسیوە ، ئەڵێ : تۆ باسی بەدگۆنامەکەی بایرۆنی ئینگلیز ئەکەی‌و لەگەڵ کارەکەی من بەراوردیان ئەکەی‌و داوای ئەوشتانەم لێ ئەکەی کە لەوا دێنە پێش‌چاو . نەخەیر ، برا ! تۆ زۆرت لێم ئەوێ . بەدگۆیی کوا لەم کاری منەدا هەیە ؟ یێڤگێنی ئۆنێگین شتی‌وای تێدا نی‌یە ئەوەی بایرۆن بێنێتەوە یاد . ئەگەر هەر بە لێ‌کەوتن لە بەدگۆیی بکەوتمایە ، کۆرنیشەکە درزی‌ئەبرد » .

پووشکین ، وەك دەرئەکەوێ ، لەم دواوشەیەی نامەکەیدا ئیشارەت بۆ ئەو کۆرنیشە ئەکا کە دەرباری پێتێربوورگی بەسەرەوە دروست کراوەو کۆشکی تسارو لووتکەی چینی ئەریستۆکراتی لێ‌یە .

گومانی تێدا نی‌یە کەوا پووشکین لە وێنەکێشانی جلفڕیی دڕندانەی ڕەسەنزادەکان‌و کۆڕی ئەریستۆکراتی ئەو ڕەسەنزادانەدا لە ڕۆمانەکەیدا ، ڕەگەزی بەدگۆیی هێشتووەتەوە . بەڵام ئامانجی سەرەکیی پووشکین هەر بریتی‌یە لە خستنەکاری « یێڤگێنی ئۆنێگین » بۆ کێشانی وێنەیەکی بەربڵاوی ژیانی ڕووسی‌و گەلێ نموونەی خەڵکی ڕووس‌و ، ئەو بارو دۆخەی لەو چەرخی ئەوەدا بووە . بابەتی ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٨١٩ دا دەست‌پێ‌ئەکاو تا بەهاری ١٨٢٥ ئەخایەنێ .

کە پووشکین لە ئەیلوولی ١٨٢٠ دا لە بۆڵدینۆ لە نووسینی ڕۆمانەکە ئەبێتەوە ، ئەم پلانە بۆ تێکستی تەواوی دائەنێ‌و ئیشارەتیش بۆ شوێن‌و کاتی هەر بەشێکی بەجیا ئەکا .

بەشی یەکەم : سەرەتا .

گۆرانیی یەکەم : خاندرا ، کیشینیۆف ، ئۆدێسا .

گۆرانیی دووەم : شاعیر ، ئۆدێسسا ١٨٢٤ ٠

گۆرانیی سێهەم : کچە ڕەسەنزادەکە ، ئۆدێسسا ، میخایلۆڤسکی ١٨٢٤ ٠

بەشی دووەم :

گۆرانیی چوارەم : گوند ، میخایلۆڤسکی ١٨٢٥ ٠

گۆرانیی پێنجەم : جەژنی نازناو ، میخایلۆڤسکی ١٨٢٥ ، ١٨٢٦ ٠

گۆرانیی شەشەم : شەڕەشیر ، میخایلۆڤسکی ١٨٢٦ ٠

بەشی سێهەم :

گۆرانیی حەوتەم : مۆسکۆ ، میخایلۆڤسکی ، پێتێربوورگ ، مالینیکی ، ١٨٢٧ ، ١٨٢٨ ٠

گۆرانیی هەشتەم : گەڕان ، مۆسکو ، پاڤلۆڤسکی ١٨٢٩ ، بۆلدینۆ ٠

گۆرانیی نۆهەم : کۆڕی بلندپایەی مەزن ، بۆلدینۆ ٠

لەگەڵ ئەوەیشدا ، پووشکین وای‌دانەنا کە ڕۆمانەکە بە دوایی‌هاتنی بەشی نۆهەمی دوایی‌هاتووە ٠ پووشکین سەرەنجامی داهاتووی ئۆنیگینی زۆر مەبەست‌بوو ٠ ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٢٩دا کاتێ کە پووشکین لە قەوقاز بوو، بۆ یووزیفۆڤیچ ئەگێڕێتەوە کە یەکێ بووە لە برادەرەکانی کەوا دوو ڕێگە لەپێش ئۆنێگیندا هەبوو : یا لە بزووتنەوەی دیسەمبەری‌یەکاندا بەشداری‌بکا ، یا نە لە قەوقاز بمرێ ٠ جا کە لە بۆلدینۆ بوو دەستی‌کرد بە نووسینی بەشی دەهەمی کتێبەکە کە ئەیویست ڕووداوەکانی ساڵانی ١٨٠٥ - ١٨٢٥ی بەپێی ڕیزی ڕوودانی مێژوویی‌یان تێدا جێ‌بکاتەوەو

لە کەلێنی ئەو ڕووداوانەوە ، وەك دەرئەکەوێ ، باسی ڕاپەڕینی دیسەمبەری یەکان بکا • بەڵام بەهۆی بارو دۆخی سانسۆری ئەو سەردەمەوە کە پەلی بەسەر هەمووشتێکدا کێشابوو ، ئەوە لە چارەی ئەم بەشە نەنووسرا کەوا ڕووناکی ببینێ • هەروا هەڵگرتنی ڕەشنووسەکەیشی سەرەڕۆیی یەکی زۆری تێدابوو ، لەوانەبوو ڕاوەدوونانێکی نوێی بۆ پووشکین بەدەمەوە بێو سەرلەنوێ تووشی هێنانو بردنی بکا • لە ١٩ی تەشرینیدووهەمی ساڵی ١٨٣٠دا کە ئاهەنگێکی گەورە بۆ ژیاندنەوەی بیرەوەریی دامەزراندنی لیسێ کرا ، پووشکین تێکستی بەشی دەهەمی ڕۆمانەکەی سووتاندو تەنها بەشێکی هێشتەوە کە بە شفرە نووسیبوویەوەو ئەو شفرەیەیش تا سەرەتای ئەم سەدەیە ڕاست نەکرایەوە • لە هاوینی ساڵی ١٨٣١دا پووشکین ئەو بەشەی کە بۆ « گەڕان »ی ئۆنێگینی تەرخانکردبوو ، لە تێکستی ڕۆمانەکەی جوێکردەوەو بەشی دەهەمی داڕشتەوەو کردی بە بەشی هەشتەم • لە پایزی ساڵی١٨٣٣داو هەروەها لە ساڵی ١٨٣٥دا دیسانەوە گەڕایەوە سەر ڕۆمانەکەو نیازیوابوو بەردەوام بێ لە نووسیندا • بەم جۆرە ڕۆمانی « یێڤگێنی ئۆنێگین » هاوڕێی ماوەیەکی تەمەنی پووشکینە کە پتر لە نیوەی تەمەنی شاکارنووسینی ئەگرێتەوەو لەناو کارەکانیدا کارێکی ئەوتۆیە کە هەموو کارەکانیتری بچێتەوە سەر •

لە ماوەی خەریكبوونی پووشکیندا بە نووسینی ڕۆمانی « یێڤگێنی ئۆنێگین »وە ڕووسیا ڕووداوێکی بایەخداری وەك ژێرکەوتنی ڕاپەڕینی دیسەمبەری یەکانی ١٤ی دیسەمبەری ١٨٢٥ی بەسەرداهات • ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕووس گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە دیو گۆڕانێکی گەوهەری لە ژیانی پووشکین خۆیو لە گەشەکردنی گیانیشیدا ڕوویدا • ئەبوو هەموو ئەمە کارێکی ئاشکرا بکاتە نووسینی ڕۆمانەکەو

گەشەکردنی بابەتەکەی • بۆیە ڕێکەوتی ڕووت نەبوو پووشکین ئەم کتێبەی خۆی بە یەکێك لە بەرەکانی « هەندێ لێوردبوونەوەی ساردی کارو چەند سەرنجێکی خەماوەر » بداتەقەڵەم « کە دڵ لە دووتوێی خۆیدا خستوونیەتە گەنجینەوە » •

بێلینسکی وەسفی ئەم ڕۆمانە وائەکا کەوا ئێنتسیکلۆپێدیای ژیانی ڕووسە • ئەم ڕەخنەگرە هەروەها وتوویە : « ئێمە بەر لە هەرچی لە ئۆنێگیندا تابلۆیەکی تایبەتیی کۆمەڵگای ڕووس لە ماوەی یەکێ لە هەرە دڵگیرترین کاتەکانی گەشەکردنیدا بەدی ئەکەین کە بە شیعر داڕێژراوەتەوە « یڤگێنی ئۆنێگین » لەمڕووەوە « پۆیێمێکی مێژوویی »ی پڕ بەپێستی واتای زاراوەی پۆیێمی مێژوویی‌یە ، هەرچەند هیچ شەخسیەتێکی مێژوویش لەناو قارەمانەکانیدا نی‌یە » • بەسەر پارچە خامی بەرپانی ڕیالیستی‌یانەی ئەم ڕۆمانەوە گەلێ تابلۆی تەواوی ژیانی پێتێربوورگ‌و مۆسکۆ ئەکەوێتە پێش‌چاوی خوێندکار • هەروەها ژیانی ڕەسەنزادەکانی ناوچەکانیشی لەڕوودا ئاوەڵائەبێتەوە • هەر لەسەر ئەم پارچە خامە وێنەی کۆڕو کۆمەڵە جیاجیاکانی دەرەبەگەکان کێشراوەو باسی بوونی چینەکانی‌تریش هاتووەتەناوەوە • لە بەشی « گەڕانەوەی ئۆنێگین » یشدا پووشکین پانۆرامای گەلێ شارو شوێنی ڕووسیا ئەخاتە بەرچاو •

پووشکین لە گەڵێنی سەرەنجامی قارەمانانی ڕۆمانەکەی‌و لە چوارچێوەی وێنەی ئۆنێگین‌و لێنسکیدا ئەو کۆڕە تەسك‌و بێ‌دەرەتانە تایبەتی‌یەی ڕەسەنزادە ڕۆشنبیرە پێشکەوتخوازەکانی ڕووسی سەرەتای سالانی بیستی خستووەتەڕوو کە کۆمەڵێ بوون دیاردەیەکی لەهەموان‌بەدەریان لەناو چینی خاوەن‌موڵکەکاندا لێ پێك‌ئەهات • ئەم

کۆمەڵە لاوە ڕقێکی زۆریان لە بارو دۆخی دڕوندانەی دەرەبەگیی دەوروبەری خۆیان ئەهاتەوە • هەستیان ئەکرد کەوا لەناو ئەو بارو دۆخەدا کە سیستێمی سیاسیی کۆنەپەرستی حوکمڕانیی بەربەرەڵلا بۆی دروست کردوون ، خەریکن ئەخنکێن • بۆیە سەرانسەری هەڵس و کەوتی ئەم کۆمەڵە ڕەگەزی بێزاری دەربڕینی لەدژی سیستێمی زەوی بەندەیی تێدا بوو • بەڵام لە هەمان کاتیشدا یا لەوانە نەبوون هێزی تەواوی ئەوتۆیان هەبێ بەشی خەریک بوونی هەڵسووڕانی کۆمەڵایەتی بکاو لەبەرئەوە کۆت و زنجیری کۆڕی بڵندپایە دەست و پەلی بەستبوونەوە ، وەك لە ئۆنێگیندا دیاری ئەدا ، یا خەیاڵی ڕۆمانتیکی سەری لێ ئەدان و شارەزای ژیانی ڕیالیستی نەبوون وەك لە لێنسکیدا بەدیی ئەکەین • پووشکین سەرەنجامی دراماییی کۆمەڵە ڕەسەنزادە ڕۆشنبیرەکان ئەخاتە پێش چاوو زیاد لەوە لە باری سەرنجی ئەو شارەزاییی یەوە کە لە ژیانی ڕووسیای سەردەمی خۆیەوە دەسگیری بووبوو - ئەیشیداتە بەر ڕەخنە •

ئۆنێگینیش و لێنسکی یش پەروەردەی بەردەستی پێرەوەکانی کولتووری ئەریستۆکراتی بوون کە هیچ پێوەندێکی ئەوتۆی شك نەئەبرد بە گیانی نیشتمانی و نەتەوەییی ڕووسیایەوە ببەستێتەوە •

پووشکین دەری خستووە کەوا ڕیشەی درامای ژیانی ئۆنێگین لە سروشتی خودپەرستانەیدایە کە لەسەر بەهاکانی زەمینەیەکی دەرەبەگی یانە ئەژی • هەروەها لەوەدایە کە هیچ بنەمایەك شك نابا پشتی پێ ببەستێ و ، لەبارەی گیان و بیرەوە هەژارەو نایشتوانێ هیچ هەستێکی بەهێز بکاو کارێکی ئەوتۆی لێ ناوەشێتەوە شتێکی لێ بێتەڕوو • تەنانەت دڵداریش ، بەش بەحاڵی ئۆنێگین ، تەنها بریتی یە لە « زانستی دڵ بۆ لێدانێکی ناسك » •

ئـەوەی کـەوا پووشـکین سەرنجی‌داوە کـە ئەوەتە ئۆنێگین لـە دیسەمبەری یەکان نزیك‌بووەتەوە ، تەنهـا لەسـایەی ئەو هـەستو بیرە نوێیانەوە بوو بـە شتێکی‌وا ڕێی تێبچێ ڕوویدا کە پاش ئەو گـەشتەی بەم‌لاو بەولای ڕووسیادا کردی - دیاری‌یان‌دا تیـایدا ، کـە ئـەوەبوو وردەوردە وای‌لێ‌هات لە نیشتمانەکەی خۆی بـگاو خۆشی‌بوێ •

پووشکین لـە وێنەی تاتیانا لارینادا نموونەی کیژی ڕەندی ڕووسی دروست‌کـردووە • تاتیـانا لارینـا زۆر توند لـە دەوروبەرە لادێیی‌یە دەرەبەگی‌یانـە هیچ‌وپووچو سووکەکـەی خـۆی وەلاکـەوتووە کـە دەوروبەرێـکی ئەوتۆ بووە هەستی قێزلێ‌هاتنەوەی لـە دڵیدا بەتەواوی ورووژاندووە ، هەروەك چۆن لەوەپاش ڕاستی‌یەکی لای‌دڵ‌نابەسـەندی دەربارەی کۆڕی پایەبڵندانیش بۆ دەرکەوتووە • بیروباوەڕی چەوتیش کـە تاتیانا لە کتێبە بێگانەکانیەوە وەرگرتوون ، ڕۆڵێکی هەست‌پێ‌کراویان لـە گەشـەکردنی شەخسیەتیدا گێڕاوە • بەڵام دەسـەڵاتی دایەنەکـەی بەسەریدا توانیویە بەسەر کارتێ‌کەریی ئەم بیروباوەڕانەدا زاڵ‌بێ • ئەم دایەنـەی کـە ژنـە جووتیارێـکی کۆیلەی ساویلـکە بووە ، توانیویە باشترین ڕواڵەتەکانی سروشتو ڕەوشتو کەسایەتیی خۆی لە تاتیـانادا پەروەردەبـکا • تاتیـانا سـروشتی ولاتەکـەی خـۆیو « کـەلەپووری ڕابووردووی گەلی سادە »ی خۆش‌ئەوێ • سیمای کەسایەتیی نەتەوەیی بەشێوەیەکی تایبـەتی لە تاتیانادا کەوتووەتەڕوو کـە گیانێکی ڕووسانەی بەسۆزی لە لەشدا بووە •

تاتیانایێ کـە خـاوەنی گیانێـکی وا قـووڵو بـەرز بێ لەبـارەی ئافرەتو ئەرکی سەرشانی ئافرەتەوە ، ناتوانێ لە بارو دۆخی کۆمەڵگای پایەبڵندی هیچ‌وپووچو لـە هەموو شتێـکی بڵنـد بێ‌بەریدا هـەست بـە

بەختیاری بکا • پووشکین لە کەلێنی چارەنووسی تاتیاناو لێنسکیو تەنهاییی یێڤگێنی ئۆنێگینەوە دەری خستووە کەوا چۆن گیانە زیندووەکانی کۆمەڵگای ڕووس ئەوەیان لە چارە نووسراوە یا بە کلۆڵیو بەدبەختی بژین یا نە بمرن • کەچی ئەوانەی هەموو خۆشیو خێروبێرێکی ژیانیان دەسگیر بووە ، ئەوانە کەسانی لە چەشنی بوویانۆڤو پووستیاکۆڤو پێتووشکۆڤو پیاوە بەرزەکانی کۆمەڵەی پێتێربوورگن •• بەکورتی هەموو ئەو « گیانە مردووانە »ن کە گۆگۆل لە سەردەمێکی تردا بە هەموو هێزو توندییەك پەردەی لە ڕوو هەڵماڵینو بەوە یەکێك لە بایەخدارترین بیرەکانی پووشکینی گەشەپێدا •

ڕۆمانەکەی پووشکین بانگەوازی بەسووكڕوانینە کۆمەڵگای دەرەبەگیو کۆیلەییو بێزراندنی ژیانی سووكو هیچپووچە • لە ڕوویەکی کەیشەوە هاواری ڕێزلێگرتنو قەدرزانینی هەموو شتێکی جوانو بەڕاستی مرۆڤانە هەڵئەداو بە هەموانی ڕائەگەیەنێ کەوا ئەبێ کولتووری ڕووس کولتوورێ بێ پێوەندی بە گەلو ژیانی گەلەوە هەبێ • هەر بۆیەیشە ڕۆمانی یێڤگێنی ئۆنێگین کارێکی ئەدەبیی وایە تا ڕادەیەکی زۆر شێوەی میللیی پێوەیەو وەك بێلینسکی نووسیویە « ••• لەڕاستییشدا خستنە قەوارەیەکی ئەوتۆی هوشیاریی کۆمەڵگای ڕووسە لەوانەیە یەکەمی چەشنی خۆی بێ ، بەڵام لەوسەرەکەیشەوە ، بەشبەحاڵی ئەو [ هوشیارییە – و• ك• ] ، هەنگاوێکە بۆپێشەوە ، بەڵام چهەنگاوێك » •

پووشکین لەم ڕۆمانەیدا بە بەزەییپێداهاتنەوەیەکی زۆرەوە وێنەی ژنە دایەنەکە ئەکێشێ • لە کتێبی « گەشتێ لە مۆسکۆوە بۆ پێتێربوورگ »یشدا یەکێ لەو سەرنجانەمان بەرچاو ئەکەوێ کە

سروشتی تراژیدیاییی شەخسیەتی ئەم دایەنە ئەخەنەڕوو وەك ئەو وێنەی کێشاوە • پووشکین لەم کتێبەیدا بە مەبەستی چینی جووتیارە زەوی بەندەکان نووسیویە : « کلۆلیی ژیانی ژنو مێردی بەو نیشانەیە دائەنرێ کە گەلی ڕووس لە گەلانی‌تر جوێ‌ئەکاتەوە • ئەگەر بێتو گۆرانی‌یەکانمان بکەین بە بەڵگە ، ئەبینین تێکڕا ناوەرۆکیان دەردەدلی کچێکی جوان ئەخاتەڕوو کە بەزۆر دراوەبەشوو بە کابرایەکی نەتەویستی یا سەرزەنشتی مێردێکی لاوی ژنێکی نەبەدڵە • خۆ گۆرانی‌یەکانی شایی‌یەکانمان ئەوە هەموو خەمگینو پڕ لە نائومێدین وەك لوورەلووری چەمەرگەکان • جارێکیان لە ژنە جووتیارێکی بەساڵداچوویان پرسی ئاخۆ لەئەنجامی دڵداری‌یەوە شووی‌کردووە یاخێر ؟ وەڵامی‌دایەوە : دڵداری ؟ دڵداریی چی ؟ کەڕەتێکیان **ویستم** [ لەبارەی شووکردنەوە ـ وە • ك • ] لە قسەی خۆم نەیەمەخوار • کابرای سەرکار هەڕەشەی لێ‌کردم کە ئەمخاتە ژێر دارو فەلاقە • خۆشەویستی لە ڕاستی‌یەکەیدا ئەمەیە • کۆیلەیی‌یەکە لە خراپە خۆی کۆنترە » •

پووشکین کە باسی ژیانی ژنە دایەنەکەی کردووە ، زۆر ورد وێنەی ئەم خراپەیەی کێشاوە کە ئەو باری کۆیلەیی‌یە ئەخاتەڕوو کە جووتیارەکان لەژێر باریدا ئەناڵێنن •

گومانی تێدا نی‌یە ڕۆمانەکەی پووشکین دانەدواوەیەکی دیموکراتی‌یانەی واقیعی دەرەبەگە ڕەسەنزادەکانی بە شێوەیەکی لۆجیکی تێدا نی‌یە • بێلینسکی کە پەنجەی بۆئەوە ڕاکێشاوە کەوا پووشکین « لە ژیانی ڕەسەنزادەکاندا هێرش‌ئەباتە سەر ئەوشتانە کە لەگەڵ واتاو بەها ئینسانی‌یەکاندا ڕێك‌ناکەون ، بەڵام هەرچی ئەو بنەڕەتەیە کە پشتی بوونی چینی دەرەبەگی پێ بەندە ، ئەوە بەش‌بەحاڵی

ئەو [ واتە : پووشکین - وەك • ] ڕاستی‌یەکی هەمیشەیی‌و نەبڕاوەیە » - سەرنجی ئەمەی داوە • بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ، ڕۆمانەکە بیروباوەڕە ئینسانی‌و ئازادی‌خوازە دژ بە واقیعی دەرەبەگی‌و کۆیلەیی‌یەکانی پووشکینی خستوەتەڕوو •

ئە • م • گۆرکی کە نرخی مێژوویی ڕۆمانەکەی پووشکین هەڵئەسەنگێنێ ، ئەڵێ :

« ئۆنێگین ، وەك جۆرێکی ئادەمیزاد ، بە تەنها یەکێ لە بەرهەمەکانی سالانی بیست دائەنرێ • بەڵام پووشکین هەر کە ئەم جۆرە دەروونی‌و ئەقڵی‌یە تازەیەی دی ، دەستوبردی‌کرد بۆ لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنی‌و یەکەمین ڕۆمانی ڕیالیستانەی نووسی ، ڕۆمانێکی ئەوتۆ کە بە سەرنجی ئێمە ، جگە لە جوانی‌یە هەرگیز سیس‌نەبوەکەیشی ، نرخی بەڵگەیەکی مێژوویی ئەوتۆیشی هەیە وێنەیەکی وردترو ڕاستری لەوەی چەرخی کێشابێ کە دەیان کتێبی قەبە تا ئەمڕۆ کێشاویانە » •

بێلینسکیی ڕەخنەگری مەزن‌و شۆڕشگێڕی دیموکرات لە وتارە بلیمەتانەکانیدا لەمەڕ پووشکین ، لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕۆمانی یێڤگێنی ئۆنێگینی کردووە •

بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « ئۆنێگین کارێکی ئەدەبیی نەتەوەیی‌یانەی ڕووسی‌و تا ئەوپەڕی پلە ڕەسەنە • ئەم ڕۆمانەشیعرەی پووشکین‌و شاکارە بلیمەتانەکەی گریبۆیێدۆڤ « مەینەتێك بەهۆی ئەقڵەوە[*] » پێکەوە شان‌بەشانی یەك بنەڕەتێکی پتەویان بۆ شیعری ڕووسیی نوێ‌و بۆ ئەدەبی ڕووسیی نوێ داناوە • « مەینەتێك بەهۆی ئەقڵەوە »یش ، هەروەك

---

(*) درامایەکە بە شیعر ، بەم‌و بە «یێڤگێنی ئۆنێگین» بنەڕەتی ئەدەبی ڕیالیستیی ڕووسی‌یان داناوە - **وەرگێڕی عەرەبی** •

ئۆنێگینی پووشکین ، بە یەکەمین نموونەیەکی بەشیعر دائەنرێ واقیعی ڕووسیای ، ئەوەندەی ئەم وشەیە واتا ئەگرێتەخۆی ، خستبێتەڕوو . لەم ڕووەوە ئەم دوو کارە هەردوکیان بەشداری یان لە دانانی بنەڕەتێکدا بۆ ئەدەبی لەوەپاش کردووەو ، بە هەردوکیانەوە ئەو قوتابخانەیە بوون کە لێرمۆنتۆف و گۆگۆلیان لێ دەرچوو . ئەگەر « ئۆنێگین » نەبوایە ، ڕێی تێ نەئەچوو « قارەمانی ئەم چەرخەی ئێمە(★) » ببینین . ئەگەر «ئۆنێگین»و «مەینەتێك بەهۆی ئەقڵەوە»یش نەبوونایە ، گۆگۆل نەیئەتوانی هەستی ئەوە لەخۆیدا بکا بتوانێ واقیعی ڕووسیا بەو هەموو قووڵی یەو بەو ڕاستی یە وێنەبگرێ » .

ئەم ڕۆمانە ڕیالیستی یەی پووشکین داینا ، لاپەڕەی یەکەمی مێژووی ڕۆمانی مەزنی ڕووسیی سەدەی نۆزدەهەمی کردەوە . هەروەها ئەو ڕێگا نوێ یەیشی پیشان دا کە پێویست بوو ئەدەبی ڕووسی بیگرێتەبەر .

پووشکین گەلێ بیری جوانکاریی بە دەوروبەری ڕۆمانی « یێڤگێنی ئۆنێگین » دا کۆکردووەتەوە کە بابەتی هەموویان پێوەندی بە ژیانی هاوچەرخی شاعیر خۆیەوە هەیە . بۆنموونە پووشکین نیازی وابووە شتێ بنووسێ بە ناوی « ڕۆمانێك لە چەند نامەیەکدا » باسی ژیانی کۆمەڵگای ڕووسی ماوەی پاش ڕاپەڕینی دیسەمبەری یەکانی تێدا بکا . لە ڕەشنووسەکانی پووشکین خۆیدا پلانی ئەم ڕۆمانەو تەنانەت چەند کۆپلەیەکیشی هەڵگیراوە .

پووشکین هەروەها لە بۆڵدینۆ گەوهەری ملوانکەی کارە

---

(★) ڕۆمانە بەناووبانگەکەی لێرمۆنتۆف . دوکتۆر سامی الدروبی کردوویە بە عەرەبی و ، بنکەی لەچاپدان و بلاوکردنەوەی « پرۆگرێس » لە مۆسکۆ لە دوا ساڵەکانی پەنجادا بلاوی کردووەتەوە – وەرگێری عەرەبی .

درامایی‌یەکانی خۆیشی دانا . مەبەستم لەم گەوهەرە کۆمەڵەی « شانۆنامە کورتەکان »یەتی . پووشکین لەم شانۆنامانەدا ، وەك پسپۆڕێکی مەزنی کەڵکەڵەو خولیاکانی ئادەمیزادو مامۆستایەکی لێهاتووی پێکەوەنانی ئەو جۆرە کەسانەی کە هەریەکی سروشت و ڕەوشتێکی تایبەتی بەخۆیانەوەیان هەیەو ، وەك هونەرمەندێکی گەورەی داڕشتنی لێك هەڵپڕاژانە درامایی‌یە تیژەکان ئەکەوێتەڕوو . ئەم کارە درامایی‌یانەی پووشکین ئەوە پیشان ئەدەن کە توانایەکی چەند بلیمەتانەی لە زۆر توند بە ناخی ژیانی گەلانی‌تردا چوونەخوارەوەو لە وێنەکێشانی سایکۆلۆژی‌و خووڕەوشتی هەرکام لە چەرخە مێژوویی‌یەکاندا هەیە .

ئەوەتە لە « سوارچاکی پیسکە » دا بە ڕاستگۆیی‌یەکی مێژوویی مەزنەوە پەردە لە ڕووی چەرخی دوادوایی سەدەکانی ناوەڕاست و لە تەنگ‌وچەڵەمەی ژیانی سوارچاکی هەڵماڵراوە کە بە قوناغی ڕمانیدا تێئەپەڕی . هەروەها داب‌ونەریت و ژیانی ناو قەڵاکانی سوارچاکانیش خراوەتەڕوو . پووشکین لەم کارەدا وێنەی ئەوەی کێشاوە کە چۆن هێزی نوێ کە بریتی‌بوو لە دەسەڵاتی زێڕو پارە پەلی ئەهاویشتە ناو کۆمەڵگای دەرەبەگی‌یەوە . ئەم بابەتە لە کەڵێنی نموونەی سوارچاکی پیسکەوە پەردەی لە ڕوو هەڵماڵراوە . پووشکین توانیویە بە قووڵی‌یەکی سەرسام‌کەرەوە سایکۆلۆژیی پیسکەیی‌و ، ئەو دڕندەیی‌و جانەوەری‌یەی دەسەڵاتی پارە دەربڕێ کە بەدەست سوارچاکی پیسکەوەیە . ئەم سوارچاکە پیسکەیە بڕیاری مەرگی بێوەژنەکەو ناڵەکانی ئەداو دەست‌بەرداری کوڕەکەی خۆی ئەبێ کە ئەوەتە ئەیخاتە ژێر باڵی ڕەحمەتی سوودخۆرەکان ، کەچی هەموو بەختەوەری‌و شان‌و شکۆی خۆی لە پێوەند بە سنووقە پڕلەزێڕەکانەوەدا بەدی‌ئەکا .

بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « ئەم درامایە لە ڕووی هێزی سروشتی

کەسەکانی‌و لێ‌هاتوویی ڕێکخستن‌و پێزی ناوەڕۆك‌و جوانیی شیعرو لە ڕووی دەوڵەمەندی‌و تەواوی‌یەوە ، بەکورتی لە ڕووی هەموو ئەم شتانەوە ، بە کارێکی ئەدەبیی جوان‌و گەورە دائەنرێ » .

پووشکین هێشتا لە گوندی میخایلۆفسکی بوو بیری هونەریی تراژیدیای « مۆتسارت‌و سالێری »ی کەوتە خەیاڵەوە . بنەمای خولگەی هونەریی ئەم تراژیدیایە واتەواتێکە لەو سەردەمەدا بڵاوبووبوەوە گوایە کەوا بەرپرسی مەرگی ناوادەی مۆتسارتی مۆسیقاری بەناووبانگی ئەڵمان سالێری‌یە کە ئەویش مۆسیقارێکی‌تری ئەڵمانەو ، گوایە ئەم سالێری‌یە ئەم مەرگی مۆتسارتەی بەهۆی ئیرەیی‌پێ‌بردنەوە بۆ ڕێکخستووە . لەم‌بارەوە سەرنجێکی پووشکینمان بەردەست کەوتووە ئەڵێ : « کە بەشی یەکەمی دۆن‌جوان پێشکەش‌کرا ، ئا لەوکاتەدا کە شانۆکە - کە پڕبوو لە شارەزایانی چاوئەبلەق‌بوو - بێ‌دەنگ‌و کڕوکپ هارمۆنیی ئاوازەکانی مۆتسارتیان نۆش‌ئەکرد ، ئا لەوکاتەدا فیکەیەك دەنگی دایەوە . هەموان بە سەرسامی‌و ناڕەزایی‌یەوە لایان بەولایەدا کردەوە کە فیکەکەی لێوە هات . ئەبینن وا سالێریی بەناووبانگ بە حاڵێکی وەك هاری‌یەوە هۆڵەکەی بەجێ‌هێشت‌و ئیرەیی سنگی کرمێ کردووە . سالێری هەشت ساڵە مردووە . هەندێ لە گۆڤارەکانی ئەڵمانیا پاش مردنی نووسیوویان کەوا سالێری بەسەر جێی مەرگەوە بەجۆرێ کە وابکەیەنێ تاوانێکی زلی کردووە ، ددانی بەوەدا ناوە کە زاری کردووەتە خۆراکی مۆتسارتی مەزنەوە . دڵ‌پڕئیرەیی‌یێ کە بۆ خۆی ڕەوابیبینێ فیکەی بەسووك‌بۆڕوانین بۆ دۆن‌جوان لێ‌بدا ، بێ‌گومان ئەوەیشی بۆ ڕەوائەبینێ کەوا ژار بکاتە خۆراکی ئەوکەسەوە کە ئەو شاکارەی داناوە » .

ناوەڕۆکی ئەم سەرنجە بنەمای خولگەی تراژیدیاکەیە . پووشکین

لەم تراژیدیایەدا هەوڵی ئەوەیەتی کەوا لە کەلێنی جووتە نموونەی مۆتسارت‌و سالێری‌یەوە گیروگرفتی دەوری هەرکام لە هەوڵ‌و سرووش لە دانانی کاری هونەریدا چاربکا • ئەو هێزە بەتوانایەی لە بلیمەتیی شاکاردانانَدا هەیە ، خستوویەتیە نموونەی مۆتسارتەوە • هەروەها لەم تراژیدیایەدا پەردە لە ڕووی سایکۆلۆژیی ئیرەیی پێبردنیش هەڵگیراوە •

پووشکین لە تراژیدیای « میوانە بەردینە »دا کە بێلینسکی بەتایبەتی زۆر بەدڵی بووە ، بە ئەفسانە کۆنە ئەسپانیایی‌یەکەی لەمەڕ دۆن‌جوانی بێ‌شەرم‌و شکۆوە ڕووەوە خەریك‌بووە • لەم تراژیدیایەدا بە شێوەیەکی ڕوون‌و یەجگار زۆر دەربڕ ، وێنەی خووڕەوشت‌و نموونەو ڕەنگ‌و ڕووی خۆماڵیی ئەسپانیای چەرخی ڕێسانس [ ڕاپەڕین ] ـ کێشراوە • ئەو مەرگە تراژیدیایی‌یەی لەسەرەنجامدا ژیانی دۆن‌جوانی بێ دوایی‌هات، ئەو بیرە ئینسانی‌یە قووڵەی پووشکین دەرئەخا کەوا دووبادی‌ئەکاتەوە ئەبێ خۆشەویستیی ڕاستەقینە خۆشەویستی‌یەکی بەرز بێ •

لە « ئاهەنگێ لە سەردەمی چاوەقووڵەکەدا »یشدا پووشکین سرووودێکی گەشبین بۆ ژیان دائەنێ کە بەسەر مەرگدا زاڵ‌ئەبێ • « تراژیدیا کورتەکان »یش خستنەسەرێکی بایەخداری سەر دەسکەوتە مەزنەکانی هونەری جیهانیی درامایە •

درامای ئەفسانەیی « حۆریی دەریا »یش کە بەشێوەیەکی شاعیرانەی نایاب وێنەی ژیانی کۆنی ڕووس ئەگرێ ، بە یەکێك لەو کارە درامایی‌یانەی پووشکین دائەنرێ کە بە ناتەواوی ماونەتەوە •

پووشکین ، ئەو پایزەی لە بۆڵدینۆ بوو «چیرۆکەکانی بێلکین(*) »ی

(*) کۆمەلە چیرۆکی بێلکین ، یا چیرۆکەکانی بێلکینی ڕەحمەتی ـ وەك پووشکین خۆی ناوی بۆ داناوە ـ ئەم چیرۆکانەی تێدایە :
=

نووسی که بناغەی پەخشانی هونەریی ماوەی سەدەی نۆزدەهەمی پێ دانا • دەماری دیموکراتی‌یانەی شاکارنووسیی پووشکین لە « چیرۆکەکانی بێلکین »دا بەئاشکرا دیاری‌ئەدا • لە « دووکاندار »و « ئێسگەوان »و هەروەها لە چیرۆکە شیعری « ماڵۆچکەیەك لە کۆلۆمنا »یشدا کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە لە دوانەکەی پێشووەوە نزیکە ، پووشکین لا بە لای ژیانی شارستانی‌یەکان‌و کاربەدەستە بچووکەکان‌و بەتایبەتی بە لای بابەتی شار خۆیدا ئەکاتەوە• لە چیرۆکی «ئێسگەوان»دا بە ڕاستی‌و دڵ‌لەگەڵ‌بوونێکی زۆرەوە باسی ئازارو ژانی ئەو مرۆ سادانە کراوە کە بەختەوەری‌یان ژێرپێ خراوەو کەس کەمترین سەنگ‌و ترازوویەك بۆ ژیانیان دانانێ • نموونەیەکی وەك ڤیرین سەرنجی مرۆ بۆلای‌چارەنووسی کەسانی سادەی شاراوەو دڵ‌لەگەڵ‌بوونیان ڕائەکێشێ • « قوتابخانەی سروشتی » لە ئەدەبی ڕووسیدا سەرەتاکانی خۆی لە «ئێسگەوان»و «دووکاندارو» و «ماڵۆچکەیەك لە کۆلۆمنا»وە وەرگرتووە •

---

=

١ ـ گولله ، ٢ ـ کڕیوە ، ٣ ـ دووکاندار ، ٤ ـ ئێسگەوان ، ٥ ـ ژنە جووتیارە ڕەسەنزادەکە • ئەم کۆمەڵە چیرۆکە سەرەڕای ئەو بایەخەی هەیەتی لەوەدا کە بنەڕەتی پەخشانی هونەریی ڕووسیی داناوە ، وەك بنووسی ئەم کتێبە پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە ، بایەخێکی فرەسەریشی هەیە هەر سەرێکی بگری هێڵێکی تەواو ئەگرێتەوە کە بەدرێژاییی نەش‌ونوماکردن‌و پێگەیشتنی ئەدەبی ڕووسیی سەدەی نۆزدەهەم نەش‌ونومای کردووەو پێگەیشتووە • بۆنموونە نەك بڵێین هەر ئەمە هەیە ، دەروون‌کۆڵی بەتایبەتی لە چیرۆکی « گولله »دا ، یا هەستی دیموکراتی‌یانە کە بە هاوسۆزیدا لەگەڵ ڕۆڵە سادەکانی گەل‌و بە دەربڕینی تراژیدیای ئادەمیزادی لەژێر پێ شێلراودا دەرئەکەوێ وەك لە چیرۆکی « ئێسگەوان »دا کە ئەمەیش نموونەیەکە بەدرێژاییی سەرانسەری مێژووی ڕۆمان‌و چیرۆکی ڕووسیی سەدەی نۆزدەهەم سەروبڕ هەر گەشەی‌کردووەو پێگەیشتووەو نموونەی وەك لێرمۆنتۆڤ‌و گۆگۆل‌و دۆستۆیێڤسکی‌و چێخۆڤی خستووەتەوە ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

بەهۆی ئەوەوە کە لەئەنجامی بڵاوبوونـەوەی چاوەقووڵەدا لـە ناوچەکانی ناوەڕاستی ڕووسیا لە پاییزی ساڵی ١٨٣٠دا ، هاتوچۆ بە ناوچەی بۆڵدینۆدا قەدەغەکرابوو ، پووشکین ماوەیەکی زۆر بەناچاری لە بۆڵدینۆ مایەوە ، تا لە دوادوایی تەشرینی دووهەمدا ڕێگای‌درا ئەوێ بەجێ‌بێڵێ‌و بچێ بۆ مۆسکۆ ٠

لە ١٨ی شوباتی ١٨٣١دا لە مۆسکۆ شایی پووشکین‌و ن ٠ ن ٠ گۆنچارۆفا کرا ٠ پووشکین بەم‌بۆنەیەوە نووسیویە : « من خاوەن‌ژنم ٠ من بەختـەوەرم ٠ ئاواتی تاقانـەم ئەوەیە هـیـچ گۆڕانێ بەسەر ژیانمـدا نەیەت ٠ لەمە باشتر نابێتەوە » ٠ پاش شایی‌یەکە دەس‌بەجێ ماڵی پووشکین چوون بۆ تسارسکۆیێ‌سێلۆو ، بۆ پاییزیش گواستیانەوە بۆ پێتێربوورگ ٠

# ( ٦ )

یەکەم ساڵەکانی دەیەی ١٨٣٠ لە ساڵەکانی تری ئەو سەردەمە جیابوون لەوەدا کە گەلێ ڕووداوی مێژوویی مەزنی ئەوتۆیان تێدا قەوما سەرنجی هەمیشەی پووشکینیان بۆلای گیروگرفتە سیاسیو کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕاکێشا • ئەوەبوو لە تەمووزی ١٨٣٠دا شۆڕشێ لە فەرەنسا بەرپابوو پووشکین بایەخێکی زۆری دایەو دڵی لەگەڵی بوو • خۆخەریك کردنی پووشکین بە لێکۆڵینەوەی شۆڕشی دواساڵەکانی سەدەی هەژدەهەمی فەرەنسەیشەوە هەر بۆ ئەمساڵە ئەگەڕێتەوە • هەر لە تەشرینی دووهەمی ١٨٣٠دا ڕاپەڕینەکەی پۆڵۆنیا ڕووی‌دا کە بوو بە مایەی دڵەکوتەیەکی لەناخەوەی پووشکین • پووشکین زۆر بەو هەڕەشانەی شەڕ بێزارو ناڕەحەت بووبوو کە ئەورووپای ڕۆژاوا بەدرێژایی ماوەی ڕاپەڕینەکە لە ڕووسیای ئەکرد • پووشکین لە حوزەیرانی ١٨٣١دا بۆ ڤیازێمسکیی نووسیوە : « وادیارە ئەورووپا داوێکی بۆ ناوینەتەوە » • پووشکین کە دەست‌تێوەردانی ئەورووپای لە پێوەندی پێکەوەی ڕووسیاو پۆڵۆنیادا ئەدایەدواوەو پێی قایل‌نەئەبوو ، لە باری سەرنجی دەوڵەتی ڕووسیایشەوە هەڵنەئەسووڕا • پووشکین لە نامەیەکیدا کە بۆ یێ • م • خیترۆڤای کچی فێلد مارشاڵ کوتووزۆڤی ناردووە ، نووسیویە ئەڵێ : « لە ناخی شۆڕشی ساڵی ١٨٣٠یەوە بیرەوێکی مەزن هەڵئەقوڵێ ، ئەوەیش بیرەوی ڕەوایەتی *Legitimate* یە کە لەمەوبەر تا ئەوبەری ئەورووپادا ژێرپێ خراوە ». لەبارەی زیرەکیی پووشکینەوە لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوەدا ، میتسکێڤیچ لە یادداشتەکانی خۆیدا شایەتی‌ئەدا کەوا : « پووشکین کە لەبارەی سیاسەتی دەرەوە یا ناوەوە قسەی ئەکرد ، وات‌ئەزانی گوێت بۆ کابرایەك ڕاگرتووە شارەزاییەکی تەواوی لە کاروباری ڕەسمیدا هەیەو

بە خوێندنــەوەی ڕۆژانــەی لێـکۆڵینەوەو دەمەتەقـێی ناو پەرلەمانــەکان قاڵبووە » • پووشکین شوێن هەواڵی گۆڕانی ڕووداوەکان ئەکەوت • ڕۆژنامەکانی فەرەنسە کە چاکیان لێ کردبوو بەلادا داوای ڕێکخستنی هێرشێکی خاچپارێزانەیان ئـەکرد لەدژی ڕووسیا ، ڕقـی پووشـکینیان بەشێوەیەکی تایبەتی بەو هەڵوێستەیان هەستاندبوو • پووشکین لە وەڵامی ئەوانەدا کە هەڕەشەی دەستتێوەردانە کاروباری تایبەتیی ڕووسـیایان ئەکردو « مەترسیی نەفرینی کڵێسەیان ئەخستە پێش‌دەمی ڕووسیا » ئەو هاوینە دوو چەکامەی « بیرەوەریی بۆرۆدینۆ(*) »و « بۆ ئەوانەی بوختان بەدەم ڕووسیاوە ئەکەن »ی نووسی • لە چەکامەی یەکەمی ئەم دوانەدا بە هەستێکی بڕ لە سۆزی گەرمی نیشتمانپەروەری‌یەوە بیری سـاڵی پڕشکۆی ١٨١٢ ئەکاتەوەو ئەڵێ :

**ڕۆژی بۆرۆدینۆ ڕۆژێـکی مەزن بوو**
**کە لە ماتەمی برایاندا لە خوا ئەپاڕاینەوە ، ئەمانوتەوە :**
**هێرشیان هێنا ، هۆز هۆز لەپاڵ یەکدا ڕیز بووبوون**
**هەڕەشەی کوڵۆڵی‌و قوڕبەسەری‌یان لە ڕووسیا ئەکرد**
**ئەورووپا هەمووی نەبوو هاتبوو بۆ ئێرە ؟**

---

(*) مەبەستی بیرەوەریی شەڕە بەناووبانگەکەی بۆرۆدینۆیە کە لە ٢٦ی ئابی ١٨١٢ ( ٧ی ئەیلوول بەپێی ساڵنامەی نوێ )دا لە بەردەرگای مۆسکۆدا ڕووی‌دا لەنێوان لەشکری بۆسەر مۆسکۆ هێرش‌هاوردووی ناپلیۆن لەسەرێکەوەو سوپای داکۆکی لە مۆسکۆ ـ کەری ڕووسیادا بە سەرکردایەتیی کوتووزۆف لە سەرێکی‌کەوە • شەڕەکە سێ ڕۆژ درێژەی کێشاو دواییی بەوە هات کە سوپای ڕووس سـرەواندنێکی ئازارگەیێنی سرەواندە ناپلیۆن • هەرچەند ئەم تێ‌سرەواندنە ڕێی لە بەردەوامیی هێرش‌هێنانی ناپلیۆن بۆسەر مۆسکۆ پێ نـەگیرا ، بـەڵام لە ڕوویـەکی‌تـرەوە بوو بـە سەرەتـای لاکردنەوە بـە لای سەرەنجامی ناچاریی ناپلیۆندا ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

کام چارەی سیا بوو بۆ ئێرەی هێنان ؟
ئێمەیش وەك دیواری پۆلاڕێژ لە ڕوویاندا وەستاین
بە سنگ پێشوازیمان لە ڕیزی ئەو هۆزانە کرد
کە بەدەنگ ئارەزووی خۆڵی بابی بووەوە هاتبوون
شەڕێ بوو ، شەڕی دوو هاوکووف
با وا بێ ! ڕەنگ بێ لە کۆڕی قسەو شانازی کردنیاندا
هەڵاتنی ناهومێدانەی خۆیانیان لەیادچووبێ ،
ئازادیی ڕووس و بەفری ڕووسیایان لەیادچووبێ ،
کە شان و شکۆی لەو دەشتانەدا لە گۆڕ نان .
ئەو خوانەی بۆیان ڕازێنرایەوە چاکیان لەبیرە ،
دیسانەوە خەریکە بەکێشیان ئەکاتەوە بۆ لای خۆی
چونکە بە بۆنی خوێنی سلاڤی سەرخۆش ئەبن .
بەڵام ئەمجارەیش باری سەرخۆشی بەسەر شانیانەوە زۆر قورس ئەبێ .
لە ماوەی نوێی تەسك و ساردیاندا ،
لەژێر گژوگیای مەزراکانی باکووردا ،
خەوی میوانان خەوێکی دوورو درێژ ئەبێ !

لە چەکامەی « بۆ ئەوانەی بوختان بەدەم ڕووسیاوە ئەکەن »یشدا ، بە شانازی و شان و شکۆی نیشتمانپەروەرێکەوە ، ڕووی دەمی کردووەتە ئەو ئەورووپایی یانەی وتاری بەئاب‌وتاب ئەنووسن و دنیایان لە هەراو زەنای هەڕەشەی شەڕ لە ڕووسیا پڕ کردووە :

یا بڵێی پێویستە لەسەرمان جارێکی‌تریش بچینەوە مەیدانی شەڕ لەگەڵ ئەورووپا ؟

یا بڵێی گەلی ڕووس دەست‌بەرداری دابی داسەپاندنی سەرکەوتن بووە ؟

یاخود ژمارەمان کەمە ، یا نە خاکی ڕووسیا لە پێرمیاوە تا تاڤریداو ،

**لە گلمتکە ساردەکانی فینلەندەوە تا کۆلخیدی گڕگرتوو •**
**لەکرێملی بەجۆشەوە تا شووورەی سەختی چین**
**لەنــاو برووسـکەی بێشەلانـی سەردەمـی پۆلاییـنـدا**
**جارێـکی‌تر ڕاست‌نابێتەوە ؟**

ئەو بابەت‌و وێنانەی پێوەندیان بـە خـەباتی سـالی **١٨١٢**ی گـەلی ڕووسەوە بۆ سەربەخۆیی‌و ، بە سەرکەوتنی ڕووسیاوە بەسەر ناپلیۆندا بووە ، هەر لە ڕۆژانی قوتابی‌یەتیی پووشـکینەوە لـە لیسێ ، شوێنێـکی دیاریان لـە شاکارنووسی‌و وردبوونەوەیدا داگیر کردووە • پووشـکین لە ڕیزە بڕگە شـیعرێـکی ناو ڕۆمانی « یێڤگـێنی ئـۆنێگین »دا بە هەموو شـانازی‌یەکەوە بیر لە سالی پڕشـکۆی **١٨١٢** و سـووتانەکەی موسـکۆ ئەکاتەوە کە قایل نەبوو سەر بۆ ناپلیۆنی هەلمەت‌هاوردوو شۆڕبـکا • شەڕی سـالی **١٨١٢** بەردی بناغـەی بزووتنەوەی ئازادی‌بەخشی لـەناو ڕیزی لاوە پێشکەوتخوازەکانی چینی ڕەسەنزادەکاندا دانا کە بزووتنەوەی دیسەمبەری‌یەکانە • پووشکین کـە یەکەمین مێژوونووسی بزووتنەوەی دیسەمبەری‌یەکانە ، لـە بەشی دەیەمی « یێڤگێنی ئۆنێگین »دا سـەرەتای ئەم بزووتنەوەیە بۆ « گەردەلوولەکەی سالی **١٨١٢** » ئەگێڕێتەوە •

هـەروەك پێشان وتمـان ، ڕووداوە سیاسی‌یەکـانی سـالی **١٨٣٠** بیرەوەری‌یەکانی پووشکینیان لەبارەی ڕووداوەکانی سالی **١٨١٢**وە پتر ورووژاند • لـەو ڕۆژانەدا بوو پووشـکین چەکـامەی « لـە پێش‌دەمی گۆڕی پیرۆزدا » ی نووسی‌و پێشـکەشی یادی کوتووزۆڤی کـرد • پووشکین لـەم چەکامەیەدا بەئاشکرا لە ناچیزی‌و دەبەنگیی ژەنەڕالەکانی نیکۆلای یەکـەم ئەدوێ کـە گوایە بەوە بەناووبانگ بوو کە غیرەتێکی لەڕادەبەدەری لەئاستی « ناووبانگ »ی سوپایی ولاتەکەیدا بووە •

هەر لە ساڵی ١٨٣١دا بوو پووشکین دەستی بە نووسینی ڕۆمانی « ڕۆسلاڤلیۆڤ » کرد هەر لە ساڵی ١٨١٢وە • پووشکین هەر لە یەکەم بەشەکانی ڕۆمانەکەدا بە زمانی قارەمانی ڕۆمانەکەوە کە کچێکە پۆلینای ناوەو بە هەستی نیشتمانپەروەری ناووبانگی دەرکردووە ، هەڵسەنگاندنێکی بەرز سەرکەوتنی گەلی ڕووس لە شەڕەکەی ساڵی ١٨١٢دا هەڵئەسەنگێنێ • بیرێکی بایەخداریتریش لەم ڕۆمانەدا خراوەتەڕوو کە ئەویش داکۆکی کردنە لەدژی هێرشی ئەدەبی کۆنەپەرست بۆسەر مەسەلەی دیسەمبەرییەکان ، وەك مەسەلەیەکی پەڕاستی نیشتمانپەروەرانەو هەروەها پێشکەوتخوازانەیش • پووشکین هەمان کات لە ڕومانی « ڕۆسلاڤلیۆڤ »دا پەردە لە ڕووی ئەو کردارە نانیشتمانپەروەرانەیش هەڵئەماڵێ کە کۆمەڵەی ڕەسەنزادەکان لە ساڵی ١٨١٢دا ناووبانگیان پێ دەرکردبوو و لە ساڵانی ١٨٣٠ - ١٨٣١یشدا ڕەوشتیان هەر بەوجۆرە بوو • خەریكبوونی پووشکین بە نووسینی ئەم ڕۆمانەوە یەکێ بوو لە ئەنجامەکانی خەباتی لەدژی دەماری نانیشتمانپەروەریو کۆزمۆپۆلیتیو سەرشۆڕکردن بۆ هەر شتێکی بێگانە ، کە پیاوماقووڵانی ڕەسەنزادەکانی پێ ناسرابوون • پووشکین هەر لە ساڵی ١٨٢٦ەوە لەبارەی کۆڕی پایەبڵندانەوە بۆ ڤیازێمسکیی نووسیوە : « ئێمە لە سەروساختماندا لەگەڵ بێگانە ، هەرچی تارماییەکی شانو شکۆ یا شەرموشۆ بێ شکینابەین » • لەبارەی ئەریستۆکراتیەتی ناو چینی ڕەسەنزادەکانیشەوە لە ١٨٢٨دا نووسیویە : « کۆمەڵە خەڵکێ هەن هیچ مەبەستیان نییە نیشتمان شانو شکۆی هەبێ یا تووشی دەردو مەینەت ببێ • شارەزاییشیان لە مێژوو لە سەردەمی شازادە پۆتیۆمکین تێناپەڕێ • ئەو وردە زانستەیش کە لەبارەی سەرژمێرییەوە هەیانە ، لە سنووری ئەو ناوچەیە ناچێتەدەرەوە کە زەویوزارە دەرەبەگییەکانی

خۆیانی بەرکەوتووە • لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا خۆیان بە نیشتمانپەروەر ئەزانن ، لەبەر هیچ نا هەر لەبەرئەوە کە حەزیان لە شۆربای بۆتفینیایەو منالەکانیان کراسی سوور لەبەرئەکەن » • پووشکینیش هەروەك گریبۆیێدۆفو دیسەمبەری یەکان زۆر ڕقی لە کۆزمۆپۆلیتیزمی ڕەسەنزادەکانو نیشتمانپەروەریی درۆزنانەی بنووسە کۆنەپەرستەکانی وەك زاگۆسکینو کووکۆلنیك بوو کە چەنەبازی یان پێوە ئەکردو بە شانوباڵی حوکمی بەربەرەڵلایاندا هەڵئەدا •

لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٣١دا ڕۆژنامەی « لیتێراتوورنایا گازێتا » داخرا • پووشکین لەئەنجامی ئەوەدا بڕیاریدا کەوا هەوڵبدا گۆڤارێکی ئەدەبیی ئەوتۆ دەرکا نەك تەنها بۆ ئامانجی ئەدەبی ، بەڵکو بۆ ئامانجی سیاسییشی بەکاربێنێ • پووشکین بیری وا کردبووەوە کەوا یەکێ لە ئەرکەکانی سەرشانی ئەو گۆڤارەی دەری ئەکا ئەوە ئەبێ کەوا لەدژی ئەوانە تێبکۆشێ کە « بوختان بەدەم ڕووسیاوە ئەکەن » •• لەدژی ئەو بڕگە « کینەلەدڵ »ەی « ئەورووپا » تێبکۆشێ کە خۆیواتەنی « لە هێرشەکەیدا چەك نا ، بەڵکو ، وەك هار ، بەدناوکردنی ڕۆژنامە بەکاردێنێ » • پووشکین لەمبارەوە ئەیگوت : « دەبا ڕێمان بدەن ئێمەی بنووسی ڕووس وەڵامی ئەم هێرشە سووكو بێئابڕوانەی ڕۆژنامەکانی بێگانە بدەینەوە » • پووشکین هەوڵی ئەدا ئەو تەیمانە تێك بدا کە بەدەوری گۆڤاری « سێڤێرنایا پچێلا »دا کرابوو کە بوولگارین دەری ئەکردو مافی بڵاوکردنەوەی هەواڵە سیاسی یە قەبەکانی ئەو سەردەمەی بۆ قۆرخ کرابوو ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا پووشکین نە لە ساڵی ١٨٣١دا پێی کرا ئەم پرۆژانەی خۆی جێبەجێ بکاو نە لە ساڵی ١٨٣٢دا •

پووشکین لە ساڵانی ٣٠دا بەشێکی زۆری کاتو هەوڵی خۆی بۆ

نووسینی وتاری ڕەخنەیی تەرخان کردبوو . لە وتارەکانی ئەو ساڵەیدا لەسەر دووبادکردنەوەی بیرەکەی پێشووی هەر بەردەوام بوو کە داوای نزیك کەوتنەوەی ئەدەبی ڕووسی لە واقیع و لە ژیانی چەرخ ئەکردەوە . پووشکین لای وابوو ئەبێ بایەخدارترین ئەرکی سەرشانی ئەدەب ، لەو سەردەمەدا ، بریتی بێ لە گەشەپێدانی چیرۆك و ڕۆمان ، چونکە دوو جۆرە ئەدەبی دیموکراتن و لە کۆڕو کۆمەڵانێکی فراوانی خوێندەوارانەوە نزیکن . پووشکین کە پەنجەی بۆ نەریتی ڕیالیستانەی هونەری چیرۆکی ڕووسیی ئەو سەردەمە ڕاکێشاوە کە لە چیرۆکە پێشینەکانی گۆگۆل و لە چیرۆکەکانی باڤلۆڤدا خۆی پیشان داوە ، ڕەزامەندیی خۆی لەوە دەربڕیوە .

پووشکین هەمیشە ویستوویە خاوەن بەهرە تازەسەرهەڵداوەکانی ناو ئەدەبی ڕووس هان بدا . بە شان و باڵی گۆرانی یەکانی کۆلتسۆڤدا هەڵداوە . یەکێ لە هاوچەرخەکانی پووشکین قسەیەکی گێڕاوەتەوە وای لێ دەرئەکەوێ کەوا کۆلتسۆڤی شاعیر کە ئەبرێتە ناو کۆمەڵی ئەدیبانی پێتێربوورگ ، لەو پێشوازی یە دۆستانەیە سەرسام ئەبێ کەوا لەلایەن پووشکینەوە لێی ئەکرێ . کە لە بەردەمی پووشکینی شاعیری بەناوو بانگدا ئەوەستێ تۆزێ تێك ئەچێ ، بەڵام نە هیچ نیشانەیەکی خۆ بەزل زانینی چاکەکەران و نە هیچ تارمایی یەکی نیعمەتی باڵ بەسەردا گرتنی تێدا بەدی ناکا . پووشکین توند دەستی ئەگوشێ و وەك لەگەڵ یەکێ لە دۆستانی کۆن و هاوخوانانی خۆی قسە بکا ، وای قسە لەگەڵ ئەکا . پووشکین هەروەها پیرۆزبایی لە هەنگاوە پێشینەکانی بێلینسکی یش کردووە کە لە مەیدانی ڕەخنەنووسیی ڕووسیدا ناونی . گۆگۆلیش بەش بەحاڵی خۆی لە سەردەمی لاویدا کەڵکی لە ئامۆژگاری یەکانی پووشکین وەرگرتووە و هەمیشە پشتگیریی لێ دیوە .

گۆگۆل ئەڵێ : « پووشکین ناچاری کردم وا سەیری مەسەلەکە بکەم کە بەڕاستم بێ • ئەو دەمێ بوو هەوڵی ئەدا بمهێنێتە سەر ئەوە دەست بدەمە نووسینی کارێکی ئەدەبیی مەزن • دواجار کە پێش چاو خستنێکی مامناوەندیی دیمەنێکی مامناوەندیم بۆ خوێندەوەو لە هەر بەرهەمێکی ترم کە پێشتر بۆم خوێندبووەوە پێی جوانتر بوو - پێی وتم : « بەڕاستی گوناهێکی گەورەیە پیاو توانای ئەوەی هەبێ ڕێی لە کابرایەك بکەوێ و گورج بە گۆشت و پێستیەوە بە چەند دێرێك زیندووی بکاتەوەو گیانی بکاتەوە بەبەردا ، کەچی گوێی نەداتێ و لێی گەڕێ ! » • پووشکین بوو ئیلهامی بیری هونەریی هەرکام لە «پشکن»و « گیانە مردووەکان »ی خستە دڵی گۆگۆلەوەو یەکەم کەس بوو گوێی بۆ بەرهەمەکانی شل کردو یەکەم کەسیش بوو هەڵی سەنگاندن •

پووشکین کە ئەچوو بۆ بۆڵدینۆ لە ڕێگا گەلێ ئاژاوەو هەرای ناو جووتیارانی بە چاوی خۆی دی • ئاهۆی چاوەقووڵەکە هۆی ڕاستەوخۆی ئەو ئاژاوەو هەرایانە بوو ، بەڵام یاخی بوونەکەی بەهۆی چاوەقووڵەکەوە ئەو ناڕەزاییە گشتی یەی دەرئەبڕی کە لەناو جووتیارە زەوی بەندەکاندا بڵاوبووبووەوە • پووشکین ، زۆر توند ، لە هەستی دژ بە سیستێمی زەوی بەندەییی ناو گەل گەیشتبوو • جارێکیان بۆ یێ • م • خیترۆڤای کچی فێلد مارشاڵ کوتووزۆڤی نووسیوە : « گەل لەژێر پێدا سواوو کینە لەدڵە » • لە « چەند سەرنجێك »یشدا « دەربارەی چاوەقووڵەکەی ساڵی ١٨٣١ » نووسیویە : « گەل بێزاریی خۆی دەرئەبڕێ » • هەر لە ساڵی ١٨٣١دا کە ڕاپەڕینی جووتیارەکان و ئەو دڕندەیی و جانەوەری یەی لەدژی یاخی بووەکان خرایەکار ، لەناخەوە هەژاندبووی ، بۆ ڤیازێمسکیی دۆستی نووسی : « تۆ کە ڕوو لە هەرلایەك بکەیت ئەم گشت ترازیدیایە

بەرچاوت بگریٚ ، وەختێ بیر کردنەوە لە کۆمیدیای چەپەڵی ئەدەبەکەمان لەکویٚ دێنێ ؟ » .

پووشکین لە دواساڵەکانی ژیانیدا ، وەك بنووسێکی کۆمەڵایەتی ، چالاکانە کاری ئەکرد . ڕیزە وتاریٚکی وەك « گەشتێك لە مۆسکۆوە بۆ پیتێربوورگ » و « جۆن تێنێر » و « ئەلکساندر ڕادیشێڤ » و « چەند سەرنجێك لەبارەی یاخیبوونی جووتیارەکانەوە »و گەلیٚکی تری نووسی ، کە لە بایەخدارترین گیروگرفتە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی سەردەمی خۆی ، بەتایبەتی گیروگرفتی جووتیارە زەویبەندەکان دوابوو تیایاندا . بابەتی جووتیاران شوێنێکی دیارو جیٚ گرتووی لە شاکاری هونەریی پووشکیندا هەیە . پووشکین لە بۆڵدینۆ دەستی کردووە بە نووسینی « مێژووی گوندی گۆریووخین » کە چیرۆکێکی بەدگۆییی بەرفراوانە ویستوویە لە کەلێنیەوە ڕووخانی وردەوردەی ژیانی گوندی زەویبەندەکانو لات کەوتنی چینی جووتیارانو زۆرو ستەمی خاوەنمولکو سەرکارەکانیانو یاخیبوونی جووتیارەکان بخاتەڕوو . بەڵام لە چەکامەی « گۆنا سوورەگوڵە ڕەخنەلیٚ گرە کەم ! »دا تابلۆیێکی دڵتەزێنی ژیانی گوندی ڕووسی خراوەتەڕوو .

پووشکین لەوباوەڕەدا بوو کەوا لات کەوتنی گوندەکانی جووتیاران لەئەنجامی « گویٚنەدان »ی خاوەنموڵکەکانەوە بە بارو دۆخی جووتیارانو خۆیواتەنی هەڵمشتنی هەموو بەری ڕەنجو تەقەلایانەوە پەیدابووە . بۆیە لەم قۆناغەدا مەسەلەی « هەڵوێستی چینی ڕەسەنزادان بەرابەر بە گەل چییە ؟ » [ گفتوگۆی «ئە»و «ب» ] لە هەموو شتیٚ زیاتر مێشكو بیری پووشکین بەخۆیەوە خەریك ئەکا .

پووشکین لە ساڵی ١٨٣٢دا دەستی کردووە بە نووسینی ڕۆمانی

« دووبرۆڤسکی » کە لە ڕیزی کۆمەڵە مەسەلەیەکدا مەسەلەی پێوەندی بەرابەربەیەکی نێوان جووتیاران‌و ڕەسەنزادەکانی بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژ تێدا خستووەتەڕوو .

پووشکین لایەکی ژیانی ڕەسەنزادەیەکی بەشی‌خۆبووی خەڵکی بیلۆڕووسیای خستووەتە ناو ڕۆمانی « دووبرۆڤسکی »یەوە کە فامیلی ئۆستڕۆڤسکی بووە ( و ڕۆمانەکەیش لەپێشدا ناوی وابووە ) پ . ف . ناشۆکینی برادەری باسی ئەم کابرایەی بۆ گێڕاوەتەوە . ئەم ئۆستڕۆڤسکی‌یە داوەری‌یەکی بووە لە دادگادا ، یەکێ لە دراوسێکانی شکاتی لێ کردووە . لەئەنجامی ئەو داوەری‌یەوە هەرچی زەوی‌وزاری بووە هەمووی لەدەست دەرچووەو خۆی‌و جووتیارە زەوی‌بەندەکانی لە زەوی‌یەکە دەرکراون . ئەویش ئیتر دەستی‌داوەتە تاڵان‌وبڕۆو چەتەیی لە سەرەتادا لەدژی کاربەدەستانی میری‌و پاشان لەدژی خەڵکی‌تریش . ناشۆکین خۆی ئەم ئۆستڕۆڤسکی‌یەی لە بەندیخانەدا دیوە [ چیرۆکەکانی پووشکین وەك برادەرەکانی بۆ پ . ئی . بارتینێڤیان گێڕاوەتەوە ] .

ڕووداوی ڕۆمانەکە ، وەك دەرئەکەوێ ، بۆ سالانی بیستی سەدەی نۆزدەهەم ئەگەڕێتەوە . هەڵاوێردەیی «دووبرۆڤسکی» لە پلەی یەکەمدا لەوەدایە کە تابلۆیەکی بەرفراوانی ژیان‌و ڕەوشتی خاوەن‌موڵکەکانی لادێ‌یە . بێلینسکی پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کردووە کەوا « فۆرمی کۆنی ژیانی ڕەسەنزادەکانی ڕووس بە وردی‌یەکی شەیتانانە لە کەلێنی ترۆیێکوورۆڤەوە وێنەگیراوە . ترۆیێکوورۆڤ زەوی‌بەندە ـ دارێکی دەوڵەمەندو بەدەسەڵاتە . ژیان ئەوەندەی ناز لێ گرتووە لە کەڵکی خستووەو ئارەزووباری‌یەکی بێ‌سنووریشی هەیە . ترۆیێکوورۆڤ زۆر حەزی لە ڕاوە . بۆیە سەگەکانی زۆر لە جووتیارە زەوی‌بەندەکانی

خۆشتر ئەژیان • لەبارەی مێژوویی‌یشەوە ترۆیکوورۆف بەرهەمێکی نموونەئاسای بەرهەمەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگیو کۆیلەییی سەردەمی یێکاتێرینای دووهەمە • سامانو دەسەڵاتی ترۆیکوورۆف لەئەنجامی ئەو کوودیتاوە دەستپێئەکا کە دەسەڵاتی لە ساڵی ١٧٦٢دا خستە دەستی یێکاتێرینای دووهەم • پووشکین کە لەنێوان ترۆیکوورۆڤی بەناووبانگو دەوڵەمەند لەسەرێکەوەو دووبرۆڤسکیی هەژار بەڵام پیری دڵو دەروون فراواندا لە سەرێکی‌کەوە ، بەراورد ئەکا ، ئەیەوێ سەرەنجامی ئەو کۆمەڵە ڕەسەنزادانە بخاتەڕوو کە هەریەکێ ئەسڵو نەسەبێکی نەجیبیان هەیە ، بەڵام هەژارن • پووشکین خۆیشی ئەچێتەوە سەر ئەم کۆمەڵە •

هەرچی وەچەی نوێی ئەریستۆکراتی زەوی‌وزارداری لادێ‌یشە ، ئەوە بەهۆی نموونەی وەك ڤێرێیسکیی « لاسایی‌کەرەوەی ئەورووپایی‌یان »ەوە نموونەی بۆ هێنراوەتەوە کە کۆنت نوولینەو پیربووە • لە شەخسیەتی ڤێرێیسکیدا شارستانەتیی ڕووکەشو خۆقیت‌کردنەوە بە ڕەوشتی دەرەبەگانەی ئاسیایی تێکەڵی یەك بوون • ڤێرێیسکی هەوڵی ئەوەیەتی مارەی کچێکی حەزلەیەکێکی‌ترکردوو لە خۆی ببڕێ • پووشکین لەم ڕۆمانەیدا درێژەئەدا بە ڕەخنەگرتنەکەی خۆی لە ڕەوشت‌وخووی کۆمەڵەی ڕەسەنزادە ئەریستۆکراتەکان کە لە ڕۆمانی « ڕۆسلاڤلیۆف »دا دەستی‌پێکردبوو • ڕۆمانی « دووبرۆڤسکی » گەلێ وێنەی بەدگۆیانەی «وەچەی بیرۆکرات»ی کاربەدەستە بەکرێ‌گیراوەکانی تێدایە کە کاتی خۆیانیان بە شتی هیچ‌وپووچەوە بەسەرئەبردو جووتیارەکان کەمتریان لە ترۆیکوورۆف ڕقلێ‌نەبوو • تابلۆی لادێی خاوەن‌موڵکەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم پڕبوو لەم نموونە جۆربەجۆرانە کە سەرۆك‌پۆلیسەکانی ناوچەو دەمڕاستەکانی دادگاو قەشەکەی کیستێنیۆڤیش ئەگرێتەوە کە چارەنووسی گەلی هیچ مەبەست

نەبوو • ئەگەر ئەم نموونانە لە ڕۆمانەکەدا نەبوونایە تابلۆکە بەناتەواوی ئەمایەوە •

ڕۆمانەکە لەوشوێنەیدا کە وێنەی میزاجی جووتیارە زەوی‌بەندەکان پیشان‌ئەدا ، تیژی‌یەکی تایبەتی پەیدائەکا • پووشکین نایەوێ تارمایی‌یەکی ئایدیالیزم بەسەر چینی جووتیارەکاندا بکێشێ • پەنجەیش بۆئەوە درێژئەکا کەوا ئێمە ئەتوانین لەناو جووتیارەکان خۆیاندا پێوەندی دوژمنایەتی بەدی‌بکەین‌و بزانین چۆن ڕەوشت‌وخووی دەرەبەگی گەلێ لەم خزمەتکارانەی دەرەبەگەکانیشی خراپ‌کردووەو ، بوون بە داردەستی ئەوان‌و ڕەوشتی خاوەن‌موڵکە زەوی‌بەندە - دارەکانی وەك ترۆیکوورۆڤیان بۆخۆیان کردووە بە سەرمەشق‌و لەم ڕەوشتە بەدانەیاندا چاویان‌لێ‌ئەکەن •

پووشکین لەم ڕۆمانەیدا دوژمنایەتیی جووتیارە زەوی‌بەندەکانمان لەگەڵ خاوەن‌موڵکەکان بۆ ئەخاتەڕوو • ئەرخیپی ئاسنگەر ئەکا بە نموونەیەکی ئەو جووتیارانە • ئەرخیپ بەوە دەست‌بەردار نابێ کە لەڕووی سەرۆکی پۆلیسی دادگادا ئەوەستێ ، بەڵکو لەڕووی دەرەبەگەکەی ئاغای خۆیشیدا ڕاست‌ئەبێتەوەو بەئارەزووی دڵی خۆی‌و بەپێچەوانەی حەزی دووبرۆڤسکی چیی پێ‌خۆش‌ئەبێ بە دادگای ئەکا • لە وەڵامی کرووزانەوەی یێگۆرۆڤنایشدا کە دەستەودامێنی ئەبێ دڵی بە کاربەدەستەکانی دادگاکە بسووتێ کە لەوانەیە لەو ئاگرەدا کوڵ‌وکۆیان دامرێتەوە ، بە هەموو توندوتیژی‌یەکەوە ئەڵێ : « ئەی ئەگەر وانەبێ ، چۆن ئەبێ ؟ » • جا کە کوڵ‌وکۆی دادگاکە دائەمرێتەوە ، ئەڵێ : « ئێستا چی ئەبێ ، با بێ ! » •

چەوساندنەوەی کۆیلانەو ستەمی خاوەن‌موڵك ، گەل ناچاری

جووتیارانی ناو « یاخیبوون » ئەکا . ئەمە ئەو بیرۆکەیە کە لە وێنەکانی ڕۆمانەکە دێتە دەستمان ، ئەو وێنانەی کە نیشانەی دڵ‌پێ‌سووتانێکی لەناخەوەی پووشکینن بە چینی جووتبارە زەوی‌بەندەکان . ڕۆمانی « دووبرۆڤسکی » تا لەمڕووەوە تەنانەت لەپێش ڕۆمانی « کیژی کاپیتان »یشەوەیە .

شەخسیەتی دووبرۆڤسکی لەناو هەموو شەخسیەتە ڕەسەنزادەکانی ڕۆمانەکەدا شەخسیەتێکی تایبەتی‌و هەڵاوێردەیە . ئەو لەباری سەرنجی خاوەن‌موڵکەکانەوە بە پاشگەزبووەوە ئەدرێتەقەڵەم . دووبرۆڤسکی کابرایەکی یاخی‌یە . ئێمە لە گەلێ لە کارەکانی پووشکیندا ، هەر لە چیرۆکەشیعرە ڕۆمانتیکی‌یەکانیەوە بیگرە ، وێنەی یاخی‌یەکمان دێتەڕێ کە دەنگی بێزاری لەدژی کۆیلەیی‌و خودسەری بەرزئەکاتەوە . بەڵام یاخیبوونەکە لە ڕۆمانی « دووبرۆڤسکی »دا ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیی هەست‌پێ‌کراوی گرتووەتەخۆی . پووشکین نموونەی ئەم ڕەسەنزادە یاخیبووەی ناو ڕۆمانەکەی زۆر لە نموونە یاخی‌یەکانی ناو چینی جووتیارە زەوی‌بەندەکانەوە نزیك دروست‌کردووە . لەگەڵ ئەوەیشدا پووشکین قارەمانەکەی نەکردووە بە سەرکردەی جووتیاران‌و هاوبیرو ڕایان ، بەڵکو خۆی بە دەرخستنی مۆتیفە شەخسی‌یەکانی یاخیبوونی دووبرۆڤسکی‌یەوە خەریك کردووە . کاتێکیش کە کێشبە لەدژی ترۆیکوورۆڤ دوایی دێ‌و ماشا شوو ئەکا بە ڤێریسکی ، دووبرۆڤسکی هاوڕێکانی جێ ئەهێڵێ‌و پێیان ئەڵێ : « ئێوە هەموو خاوەن‌موڵکن » . بەمجۆرە لە کۆمەڵی زەوی‌بەندەکان بە نامۆیی ئەمێنێتەوە .

پووشکین وێنەی دووبرۆڤسکیی لەبەر ڕووناکیی داب‌ونەریتی ڕۆمانی سەرەڕۆیی‌و خۆبەقەڵبەداندا کە لەوسەردەمەدا باوبووە ، لە سنوورێکی

تایبەتیدا داڕشتووە • ئەم ڕاستی‌یە ئەبوو لەڕێی ڕۆمانەکەدا ببێ بەکۆسپ و نەهێڵێ بابەتە کۆمەڵایەتی‌یە جووتیارانە دژبەکۆیلەیەتی‌یەکەی گەشەپێ‌بدا، سەرەڕای ئەوە کە پووشکین ڕۆمانەکەیشی تەواونەکردووە •

بابەتی ڕاپەڕینەکانی جووتیاران کە لە ڕۆمانی دووبرۆفسکیدا قسەی‌لێ‌کراوە، سەرنجی پووشکینی ڕاکێشاوە و لای بەلای ڕاپەڕینەکەی پووگاچێڤدا پێ‌کردووەتەوە •

پووشکین ئەکەوێتە بیرکردنەوە لە نووسینی « مێژووی پووگاچێڤ» • لە شوباتی ١٨٣٣دا عەرزوحاڵێك ئەدا بە وەزیری جەنگ تکای‌تێدا لێ‌ئەکا کەوا ڕێی‌بدا سەیری دۆکوومێنتە دەسنووسەکانی ناو ئەرشیفی تایبەتیی ڕاپەڕینەکەی پووگاچێڤ بکا • لە دوادواییی هاوینی ئەوساڵەدا ئەچێ بۆ ئەوشوێنانەی ڕاپەڕینەکەی پووگاچێڤ گرتبوونیەوە • سەر لە کازان و ئۆرێنبوورگ و گوندی بەناوبانگی بێرد ئەداو قسە لەگەڵ ئەو جووتیارە پیرانە ئەکا کە پووگاچێڤیان لەیاد بووەو، ئەو گۆرانی‌یە میللی‌یانە کۆئەکاتەوە کە لەبارەی پووگاچێڤەوە دانرابوون و ئەرشیفە ناوخۆیی‌یەکانیش ئەپشکنێ • بێ‌گومان پووشکین لە سنووری بایەخدان بە مێژوو لای‌دابوو بۆ بایەخدان بە ژیانی ئەو چەرخەو هیچ هەلێکی لەکیس‌نەداوە کە بۆی‌لوابێ بتوانێ قسەی لەگەڵ جووتیاران تێدا بکا لەبارەی ژیانیانەوەو ، قسەی لەگەڵ نەکردبن • یەکێ لە خزمەکانی پ • ف • ناشۆکین کە لە ساڵەکانی سیدا دۆستی پووشکینیش بووە ، بۆی گێڕاوینەتەوە ئەڵێ : « هەرگیز لە ئێسگەکانی پۆستەدا چاوەڕوانیی ئەوەی نەئەکرد ئەسپەکانی عەرەبانەکەی بۆ بگۆڕن ، بۆخۆی بەپێ ئەکەوتەڕێ • هیچ جووتیارو ژنە جووتیارێکی نەهاتووەتەڕێ بێ‌ئەوەی کەوا لەبارەی کاروباری کشتوکاڵکردنیان و ژیانی خێزانی‌یان و پێویستی‌یەکانیانەوە قسەی لەگەڵ بکا ـ بەجێی بهێڵێ •

هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی‌یش حەزی‌لێ‌بووە خۆی لە قسەو باسی کرێکارانی کۆمەڵە پیشەوەرەکان هەڵقورتێنێ • زمانی گەلی ئەوەندە باش ئەزانی ئەیتوانی متمانەو باوەڕی خەڵکی بێ وەدەست‌بێنێ‌و ئەوانیش بێ هیچ سڵ‌کردنەوەیەك قسەی لەگەڵ بکەن » •

پووشکین لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە بۆڵدینۆ لائەدا • ماوەیەکی ئەو پایزە لەوێ ئەمێنێتەوە • نووسینی کتێبی « مێژووی پووگاچێف »و ڕازێ « لەبارەی ماسی‌و ڕاوچی‌یەوە » و کتێبی «سوارە مسینە»و ڕازێ «لەبارەی مەرگی کچی تسارەوە »و چیرۆکی « قزی قەرە »و چەند چەکامەیەك لێرە تەواو ئەکا •

لە ساڵی ۱۸۳٤دا کتێبەکەی پووشکین لەبارەی پووگاچێفەوە لەچاپ‌درا ، بەڵام تسار نیکۆلای یەکەم ناوەکەی گۆڕیبوو و کردبووی بە « مێژووی یاخی‌بوونەکەی پووگاچێف » •

پووشکین کە لە چیرۆکی «قزی قەرە »دا وێنەی ژیانی کۆڕی پایەبڵندان ئەکێشێ ، لە کەڵێنی وێنەکەی گێرمانەوە لایەنی تراژیدیایی پێوەندی سەرمایەدارانەی بۆرژواو دەسەڵاتی مرۆتۆقێنی پارە ئەخاتەڕوو کە مرۆ تێك‌ئەداو ئەیگەنێنێ •

پووشکین کە هێشتا بە نووسینی ڕۆمانی « دووبرۆفسکی »یەوە خەریك‌بوو بەبیریداهاتبوو کەوا لەبارەی ڕاپەڕینەکەی پووگاچێفیشەوە کارێکی ئەدەبی بنووسێ • ئەوەبوو لە ساڵی ۱۸۳۳دا پلانێکی بۆ نووسینی ئەم کارە ئەدەبی‌یە نوێ‌یە داناو لە پایزی ۱۸۳٦دا لە نووسینی بووەوە •

چیرۆکی « کیژی کاپیتان » بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری « سەفریمێنیك = هاوچەرخ »دا بڵاوکرایەوە کاتێ کە پووشکین خۆی هێشتا لەدنیادا

بوو • تاقە بەشێکی کە بەهۆی ڕەخنەی سانسۆرەوە بڵاونەکرایەوە ، ئەو بەشە بوو کە پووشکین خۆی ناوی لێ ناوە « ئەو بەشەی بەهەڵە پەڕیبوو »•

پووشکین لە کیژی کاپیتان »دا تابلۆیەکی خۆبەخۆ گۆیای ڕاپەڕینەکەی جووتیاران و شێوە کاولکارییەکەی ئەو ڕاپەڕینەی دروست کردووە • پووشکین کە لە سەرەتای چیرۆکەکەیدا باسی هەراوهوریاکانی پێش ڕاپەڕینەکەی پووگاچێفی جووتیارانی کردووە ، ویستوویە پەردە لەڕووی ڕەوتی بزووتنەوەی دەیان ساڵی گەل هەڵماڵێ کە سەرەنجام کێشایەوە بۆ هەڵگیرسانی ئاگری ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی جووتیاران کە لە ساڵی ۱۷٦۲وەوە تا دوادوایی ساڵی ۱۷۷٤ی خایاند • لە کەلێنی وێنەی میرۆنیچ و قەوزاقە بێلۆگۆرسکییەکان و باشکیرییە عەیدارەکەو تاتارەکەو چووڤاشەکەو جووتیارەکەی کارگاکانی ئووراڵ و جووتیارە پۆڤۆلژییەکانەوە ، لە کەلێنی هەموو ئەمانەوە تابلۆیەکی دەربڕی سەرانسەری ئەو ڕەگەزانە پیشان بدا کە بزووتنەوەکە پشتیان پێ ئەبەستێ و ، بەدەرەتانیی بنکەی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەکە بخاتەڕوو • هەروەها پووشکین ئەوەیش ڕوون ئەکاتەوە کەوا نەتەوەکانی باشووری ئووراڵ کە زۆریان لە دەستی چەوساندنەوەی سیستێمی تسار چەشتبوو ، هەموو پشتیوانی ڕاپەڕینەکەی پووگاچێف بوون • ئەم چیرۆکە ئەوەیش دەرئەخا کەوا ئەو ڕاپەڕینە چەند بەدەرەتان بوو و سروشتێکی میللی و جەماوەریی هەبوو • پووگاچێف لە هەرکوێ دەرکەوتایە گەلێکی کەیلی بەختەوەری و وروژان لەشانیدا ڕائەپەڕی • پووشکین لە «مێژووی پووگاچێف »دا سەرنجی ئەوەی داوە کەوا « ڕەشەخەڵکەکە هەموو لایەنی پووگاچێفیان ئەگرت » • ئەو گەلەی کەوا چیرۆکی « کیژی کاپیتان » وێنەی کێشاوە ، وەنەبێ خاوەنی سیمای شەخسیەتی تایبەتیی خۆی نەبووبێ • پووشکین هەوڵی ئەوەی داوە کە چینی جووتیارە زەوی بەندەکان و

بەشدارانی ڕاپەڕینەکە لە هەموو ئەو هەڵوێستانەیاندا بخاتەڕوو کە
هوشیاری‌یان‌و لێ‌حاڵی‌بوونی واتای کردەوەکەیان ئەگەیەنن .

جووتیارەکان وەك پووشکین وێنەی کێشاون ، وا کەوتوونەتە
پێش‌چاو کە باش لە ناوەڕۆك‌و ڕێبازی ڕاپەڕینە دژ بەخاوەن‌موڵك‌و بە
سیستێمی زەوی‌بەندەیی‌یەکەی پووگاچێف گەیشتوون . لە دەسنووسی
یەکەمی چیرۆکەکەدا گرینیۆف ، سەرەڕای سافیلیچ ، خزمەتکارێکی‌تریش
لەگەڵ خۆی ئەبا کە ئیڤانە کە ئەچێتە پاڵ پووگاچێف .

خاوەن بیرەکانی سەدەی هەژدەهەم‌و نۆزدەهەم بە هەموو جۆرێك
ویستوویانە پووگاچێف بەدناوبکەن . بە پیاوخراپێکی ئەوتۆیان لەقەڵەمداوە
هەموو مەبەستی هەر تاڵان‌و چەپاو بووبێ‌و لە هەمان کاتیشدا ویستوویانە
بڵێن گوایە هیچ پرۆگرامێکی سیاسیی نەبوە .

بەڵام بەپێچەوانەی بوختانی ڕەسەنزادەکانەوە ، پووشکین لە
چیرۆکەکەیدا پووگاچێف بە مرۆیەکی بەزات‌و خاوەن‌تەجرەبەو وەك
سەرکردەی ڕاپەڕینێکی جووتیاران ئەخاتە پێش‌چاوو ، ئاشکرای ئەکا کەوا
زیرەك‌و وریاو چاونەترس‌و ئازاو مرۆیەروەر بووەو پێوەندی بەگەلەوە
بەتین بووە .

شەخسیەتی ڕاستەقینەی پووگاچێف بە تێکڕای ئەم سیفەتانەدا
دەرئەکەوێ . بەڵام بەش‌بەحاڵی پووشکین ئەم سیفەتانە بەهەموویانەوە
شەخسیەتی نەتەوەیی گەلی ڕووس ئەخەنەڕوو . پووشکین لە « گەشتێك
لە مۆسکۆوە بۆ پێتێربوورگ »دا نووسیویە : « بڕوانە جووتیاری ڕووس.
هیچ تارمایی‌یەکی پیشەی کۆیلەیی لە ڕەوشت‌و قسەیدا بەدی‌ئەکەن ؟ خۆ
لەبارەی زیرەکی‌و چاونەترسانیەوە ، ئەوە لەوە دیارترن کە پێویست بە
وەبیرهێنانەوەیان هەبێ . هەروەهایش لەبارەی بەرفراوانی‌و دەس‌بەجێیی

حاڵی‌بوون‌و تێگەیشتنی • خۆ خۆش‌مامەڵەیی‌و کاربەدەستەوەهاتنی ئەوە سەریان لێ سووڕ ئەمێنێ • تۆ هەرچەند هەوڵ‌بدەی لەناو گەلی ئێمەدا ئەوجۆرە کەسانە نادۆزیتەوە کە فەرەنسەیی‌یەکان پێیان‌ئەڵێن : گەلحۆ • تۆ هەرگیز ڕووسێکت بەرچاو ناکەوێ سەرسامی‌و سەرسووڕمانی خۆی بەشێوەی تووڕەیی دەربڕێ یا بە چاوی سووك سەیری کەسێکی نامۆ بکا»• پووشکین هەموو ئەم سیفەتە بەرزانەی لە شەخسیەتی پووگاچێڤی نوێنەری ڕاستەقینەی گەلدا بەدی‌کردووە •

هەرچی ئەو سیفەتانەیشە کە پووشکین لە وێنەی پووگاچێڤی سەرکردەی شۆڕشی جووتیاراندا دەری‌خستوون ، ئەوە ئەتوانین بەکورتی بەم‌چەشنەیان باس‌بکەین : پێوەندی قووڵ‌و ئورگانی بەگەلەوە ، بەزەیی‌نەهاتنەوە بە هەرچی‌یەکی دژبەگەلدا ، سەرەڕای مەردایەتی‌و مرۆڤایەتی‌و هەروەها بەهرەی تایبەتیی خۆی‌و قارەمانەتیی ڕووسانەیش •

بەڵام هەر لە کەلێنی وێنەی پووگاچێڤ‌و هاوڕێ نزیکەکانیشیەوە ، پووشکین لاوازی‌و کرچ‌وکاڵیی سیاسیی بزووتنەوەکەی دەربڕیوە • وێنەی « بابە تسارمان » بە ناخی هەستی گەل خۆیداو بە هیوای ئەوەیدا کە بە « تسارێکی میللەت‌پەروەر »ی هەبوو - ڕۆچووبوو •

پووشکین شەخسیەتی پووگاچێڤی زۆر قووڵ دەربڕیوە • پووگاچێڤیش ، وەك هەر جووتیارێکی سادەی زەوی‌بەندە ، بەوە ناسراوە کە هیچ متمانەو باوەڕی بە هەرشتێکی پێوەندی‌دار بە خاوەن‌موڵکەوە نەبوە ، بەڵکو نەیاریشی بووە ، با ئەو خاوەن‌موڵکە لایەنی خۆیشی ( واتە لایەنی پووگاچێڤیشی ) گرتبێ وەك شڤابرین یا بەدڵ لەگەڵی بووبێ وەك گرینیۆڤ• دڵپاکی‌و خاوێنی‌یەکەیشی لەو سیفەتانەن گەلیان پێ دەست‌نیشان ئەکرێ • پووشکین بە شێوەیەکی زۆر ناسك تارماییەکی سادەلەوحی‌یەکی

مناڵانەی پووگاچێڤ دەرئەبڕێ لەوەدا کە گەلێ جار بەڕاستی باوەڕئەکا کەوا ئەچێتەوە سەر بنەماڵەی تسارەکان • پووشکین لە دیمەنێ دواندا ، بە لەرەیەکی قسەی خۆش کردنەوە ، پەنائەباتە بەر لەچوارچێوەخستنێکی خۆبەزل پیشاندانی پووگاچێڤ • لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم گاڵتەپێ کردنە ناسکە تێکەڵ بەخۆشەویستی یەی پووشکین بۆ پووگاچێڤ ، هەرگیز بەجۆرێ نی یە کە پایەی پووگاچێڤ لە دەروونداکەم کاتەوەو پێ پێکەنینی لە دڵی خوێندەواراندا بزوێنێ ، ئەوەندی کە هەستی لەگەڵبوونو خۆشویستنی ئەخاتە دەروونیەوە ، ئەو لەگەڵبوونو خۆشویستنەی کە مۆرکی خۆیان ناوە بە هەڵوێستی پووشکینەوە لەئاست پووگاچێڤ • ئەم جۆرە دیمەنانە لەوانەن کە سیما مێژوویی یە دیارو بەرچاوەکانی وێنەی پووگاچێڤ دووبادبکەنەوەو بەهێزتری بکەن ، ئەو پووگاچێڤەی کە بەش بەحاڵی پووشکین تەنها سەرکردەی ڕاپەڕینێکی ئەوتۆی جووتیاران نەبوو کۆشکی دەوڵەتی ڕەسەنزادەکانی لەبنەڕەتەوە هێنایەلەرزە ، بەڵکو « یێمێلکا پووگاچێڤ »ی قەوزاقی ساویلکەیش بوو •

لەگەڵ ئەوەیشدا بایەخدارترین سیفەتێکی شەخسیەتی پووگاچێڤ ئەو مەزنیو قارەمانەتی یەیەتی کە پووشکین زۆری بەدڵ بووە • ئەمەیش بە شێوەیەکی ڕەمزی لە کەلێنی وێنەی ئەو تاقە هەڵۆوە دەربڕاوە کە ڕازەکە لێی ئەدوێ • پووشکین لە کەلێنی ئەم وێنەوە تراژیدیایی یەتیی سەرەنجامی پووگاچێڤمان بۆ دەرئەخا •

وێنەکێشانی ڕیالیستانەی بزووتنەوەی جووتیاران یەکێکە لە کارە شانازی پێوەکراوەکانی ئەم شاعیرە مەزنە • لەم سەردەمەی ئێمەدا کە پتر لە سەد ساڵ لە سەردەمی نووسینی چیرۆکی « کیژی کاپیتان »ی دوورئەخاتەوە ، خوێندەوارێکی سۆڤیەتی ، کرێکارێکی لێنینگرادی ڕای خۆی لەم

چیرۆکەدا بەم جۆرە دەربڕیوە : « بەڕاستی کتێبێکی جوانە •• شەڕێکی ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەرانەیە • پووشکین لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە چینی ڕەسەنزادەکانە ، ڕێز گرتنی خۆی لە پووگاچێف ناشارێتەوەو ، ئێمەیش قەدری ئەمەی ئەزانین •• » •

شەخسیەتی ساڤێلیچ بە لێزیادکردنی گەوهەریی وێنەی چینی زەوی‌بەندەکان ئەدرێتەقەڵەم کە زۆر قووڵو واتادارانە کێشراوە • وێنەی ساڤێلیچی بەوەفا بۆ ئاغاکانی شتێکی پێویستە بۆ وێنەگرتنێکی ڕیالیستانەی ڕاستی مێژوویی ئەو چەرخە ، دەق وەك چۆن هەمان وێنەی جووتیارە شۆڕشگێڕەکانیش پێویست‌بوو • پووشکین چینی جووتیارە زەوی‌بەندەکانی لەبارەی پێوەندی جۆربەجۆرو هەمەسەرەیانەوە بە خاوەن‌موڵکەوە بەوجۆرە دەرخستووە کە بوون •

بێلینسکی ڕاستی‌و دەست‌پاکانەیی وێنەی پیرە ساڤێلیچی زۆر بەدڵ بووە کە ئەرکی چاودێری‌کردنی قارەمانی ڕۆمانەکەی لە سەردەمی منالیدا خرابووە ئەستۆ •

ئەو ئەدەبیاتە کۆمەلایەتی‌یانەی داکۆکی‌یان لە باری سەرنجی خاوەن‌موڵك ئەکرد ، هەمیشە ئەیانویست داکۆکی لە سیستێمی زەوی‌بەندەیش بکەن بە بیانووی ئەوە گوایە جووتیار « دڕندە »و « نائینسان »ە • بەڵام پووشکین لە کەلێنی وێنەی ساڤێلیچەوە ویستوویە بە شێوەیەکی هەست‌پێ‌کراوو لەبەرچاو پەردە لەڕووی بوختانی بنووسە کۆمەلایەتی‌یە ڕەسەنزادەکان بەگەلەوە هەڵماڵێ • وێنەی ساڤێلیچ لە حوکمی هەلسەنگاندنێکی بەنرخی ڕەوشتە بەرزەکانی « گەلە نیازپاکەکەمان »دا بوو لەلایەن پووشکینەوە ، ئەو ڕەوشتە بەرزانەی کە چینی ڕەسەنزادەکان هەمیشەو بە هەمووجۆرێ ئەیانویست بە سووكو

هیچی لەقەڵەم بدەن • پووشکین کە ساڤێلیچ ئەخاتە تای تەرازووی بەرانبەری بۆپرێی فەرەنسەییی شەرموشکۆ لەڕوو هەڵگیراو ، بەوە ڕاستی یەکی قووڵ دەرئەخا کە بیووگرافیای شەخسیی گرینیۆف دەری ئەخا ، ئەوەیش ئەوەیە کەوا باشترین سیفەتی گیانو ڕۆحی گرینیۆف لە پلەی یەکەمدا بە دەستی ساڤێلیچ دروست کراوە ، دەق وەك لە مەسەلەی تاتیانا لارینادا کە لەمڕووەوە قەرزاری دەستی دایەنەکەیەتی ، واتە قەرزاری دەستی گەلە • پووشکین پشت بە وێنەی تراژیدیاییی ساڤێلیچو هەروەها وەختە بڵێم پشت بە وێنەی دایەنەکەی تاتیاناو بە ئەرخیپ لیسی ، لە « گۆرانی یە بێ دەنگەکان »یدا ، بێزاریی خۆی لەدژی سیستێمی زەوی بەندەیی دەرئەبڕێ •

بەڵام لە کەلێنی ئەو وێنانەوە کە پووشکین کێشاونی ، دەرئەکەوێ کەوا دلڕەق خاوەن موڵکەکانن نەك جووتیارەکان • ئەدەبی کۆمەڵایەتیی کۆنەکار هەمیشە باسی پێویستیی گەشەپێدانی « سۆزی خاوێن »ی گەلی کردووە • بەڵام پووشکین بەهۆی ئەم چیرۆکەیەوە « سۆزی خاوێن »ی بەرانبەر بە گەل بێدارکردووەتەوە • جیاوازی یەکی گەورەو ئاشکرا لەنێوان ئەم دوو هەڵوێستەدا هەیە ئەتوانرێ بەکورتی بەم جۆرە بخرێتەڕوو کە پووشکین ویستوویە جووتیاران لە خاوەن موڵکەکان بپارێزێ ، بەڵام لیبرالی یەکان ویستوویانە داکۆکی لە خاوەن موڵکەکان بکەن لەدژی جووتیارەکان •

ئەو وێنەیەی خێزانی میرۆنۆڤی ئەفسەر کە پووشکین کێشاویە پڕە لە سۆز بەرانبەریان• بنەماڵەی میرۆنۆف لەو کەسانە بوون کە خاوەن موڵکی بە شتێکی « پیرۆز » ئەزانن • پووشکین لێرەوە ئەوەمان ئەخاتە پێش چاو کەوا لە خێزانێکی ئاوادا ئەگونجێ کچە ڕووسێکی بالای دڵو دەروون

سادەو خاوێن و خاوەن هەڵوێستی ڕەوشت پەروەرانەی بەرز بەرانبەر ژیان و، گیان نەترس و ئازای وەك ماشا میرۆنۆڤا پەیدابێ •

پووشکین کە وێنەی پیرە گرینیۆف ئەکێشێ ، داوا لە خاوەن موڵکەکان ئەکا کەوا مامەڵەیەکی مرۆیانە لەگەڵ جووتیارە زەوی بەندەکانیان بکەن ، وەك چۆن داوایشیان لێ ئەکا کەوا وەچەی لاو بە گیانی ئازادی خوازی و لەبەر تیشکی زانستدا پەروەردە بکەن • پووشکین هیچ جۆرە سیمایەکی ئایدیایی بەسەر بنەماڵەی گرینیۆڤدا ناهێنێ • بەپێچەوانەوە پیشمانمان ئەدا کەوا نە گرینیۆڤی پیرو نە گرینیۆڤی لاو هیچ کامیان کۆ لە دەرخستنی دەماری خودسەریی توندوتیژی خاوەن موڵکە بەگیانی ڕەوشتی دەرەبەگانە ئاودراوەکان ناکەنەوە ، ئەو ڕەوشتەی کە بەئاشکرا لە جەزرەبەدانی لەلە فەرەنسەییەکەی گرینیۆڤی لاوو لەو ئازارەدا دیاری ئەدا کەوا بە ناهەق تووشی ساڤێلیچ هات • پووشکین ، ئا بەم ڕەنگە ئەوەمان پیشان ئەدا کەوا مرۆڤایەتی و ڕەسەنزادەیی و شەرەفی ئادمیزاد لەگەڵ ڕەوشتی سیستێمی کۆیلەیی دەرەبەگی ناگونجێ •

ئامانجی ئایدیایی « کیژی کاپیتان » لە نەویستنی سیستێمی کۆیلەیی و داکۆکی لێ کردنی مافی جووتیارە زەوی بەندەکاندایە لەدژی ستەمی خاوەن موڵکەکان و هەروا لە بەشان و باڵدا هەڵدانی ئازادیدا • هەموو ئەمانەیە « کیژی کاپیتان »یان کردووە بە کارێکی ئەدەبیی وا ناوەرۆکێکی ئایدیایی باڵای هەیەو ڕاستییەکی مێژوویی گەورەی تێدایە •

بێلینسکی لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی ئەم چیرۆکەی پووشکیندا نووسیویە : « (کیژی کاپیتان) کارێکی ئەدەبیی لەچەشنی (ئۆنێگین)ە بەپەخشان نووسراوە • پووشکین لەم چیرۆکەیدا وێنەی ڕەوشتی کۆمەڵگای ڕووسی سەردەمی تسار یەکاتیرینای کێشاوە • زۆر لە

تابلۆکـانی ئـەم چیرۆکـە لە ڕووی ڕاستیو ڕیالیستی‌یەتیی ناوەرۆكو مامۆستایانەتیی خستنەڕووەوە گەیشتوونەتە چڵەپۆیە » .

پووشکین لە « کیژی کاپیتـان »دا فۆرمی ڕیالیستانەی وێنەگرتنی هونەریی ڕابووردووی مێژوویی گەل دووبادئەکاتەوە . پووشکین ژیانی گەلمان لـە کەلێنی تاقانەیی نەتەوەیی مێژوویی‌و ناکۆکی‌یە مێژوویی‌یە دیارەکانی ئـەم ژیانەوە ئەخاتە پێش‌چاو . ئەوەتە ڕەنگدانەوەی « گیانی چەرخ »مان تا لەم‌چالاکی‌یەدا بۆ دەرئەخا . ئەمە شایانی سەرنجـە کـەوا ڕێبـازی ڕیالیستانەی دواساڵەکـانی شاکـار هێنانەبەرهـەمی پووشـکین تیژی‌یەکی کۆمەڵایەتیی دیاری پێوەیە . ئەوەتـە لـە «دووبرۆفسکی»و « کیژی کاپیتان »و « چەند دیمەنێکی چەرخی شۆڕەسواری »دا پووشکین دەستی‌داوەتە وێنەکێشـانی کێشەی چینایەتی‌و ناکۆکی‌و لێك هەڵپرژانی نێوان جووتیاران‌و ڕەسەنزادەکـان . « کیژی کاپیتـان » هەروەك کـارە ئەدەبی‌یەکەی‌تری پووشکین « کۆیلەکـەی پیۆتێری مەزن » سـەرەتای ڕۆمانی مێژوویی ڕووسی‌یە .

هەڵاوێردەیی ڕۆمـانە مێژوویی‌یەکانی پووشـکین لەوەدایە کـە پلەیەکی بەرزی هونەری‌یان هەیە . ئەو وێنانەی پووشکین لە ڕۆمانەکانیدا ئەیانـگرێ چڕو ڕوونن . پووشکین لەو ناتەواوی‌یانە ڕزگاربووە کـە باری سەرشـانی زۆر لـە ڕۆمـانی مێـژوویی ـ نووسەکـانی ڕۆژاوای قورس‌کـردووە کـە بریتیـن لـە درێژدادڕی لـە باسـکردنی ژیـانی ڕۆژانەداو وشەکاریی بەدەسەنقەست‌و کەڵەکەکردنی ناتۆراڵی‌یانەی وردە ڕووداوی مێژوویی‌و حەز لە ئارایشت‌و ڕازاندنەوە کردن .

پووشکین لـە ساڵانی سیـــدا زیاتر لە جـارێ بەگەرم ئارەزووی کردووە ڕۆمانێکی گـەورە لەبارەی بارو دۆخی ژیانی سەردەمی خۆیەوە

بنووسێ • جارێکیان بە (دال)ی دۆستی وتووە : «ئەگەر ڕادەی ئارەزووم لـە نووسینی ڕۆمانێ بهێنمە بەرچـاوت هـەرگیز باوەڕم پێناکەی » • پووشکین هەر لەماوەیەدا دەستئەکـا بـە نووسینی چیرۆکی « مـاریا شۆنینگ » کە بە بابەتێکی لەچاو شاکارەکانی تریدا ـ نوێوە خەریك بووە تیادا ، ئەوەیش ژیانی کچێکە لە بنەماڵەیەکی هەژاری کرێکار • پووشکین هـەر لـە سـاڵانی سیـــدا پلانی ڕۆمانێـکی گەورەی لـەبارەی ژیانی کۆمەڵـگای ڕووسی هاوچـەرخی خۆیەوە داناوەو بەشی یەکەمیشی بـە ناوونیشانی « پێـلامی ڕووس » نووسیوە ، بەڵام لەچـارەی ئـەم پلانـە نەنووسرا بێتەدی •

شێوەی پەخشاننووسینی پووشـکین بەوەدا لـە هیی کەسـانی تر جوێئەکرێتەوە کـە لەڕادەبەدەر سادەیەو کورتەو وردەو لە وێنەگرتنی واقیعدا بـە ناهەق باری سەرشانی خۆی قورس ناکا • گۆگۆل لە مەیدانی هەڵسەنـگاندنی « کیژی کاپیتان »دا نووسیویە کـەوا ئـەم چیرۆکـەی پووشـکین « باشترین کارێـکی ئەدەبیـی ڕووسی‌یـە لـە مـەیدانی چیرۆكنووسیدا • هەرچی ڕۆمانو چیرۆکمان هەیە لـە بەرانبەر «کیژی کاپیتان »دا وەك شەربەتێکی تفت دێنە بەرچاو • بێگەردی‌و ناساختـەیی لـەم ڕۆمـانەدا گەیشتووەتە ڕادەیەکی ئـەوەندە باڵا تەنانـەت واقیعیش لەچاویدا وەك ساختەو دەسکاری‌کراوی لێ دێ • تا لەم چیرۆکەدا بۆ یەکەمجار لووتمـان بـە لووتی کەسـانی بەڕاستی ڕووسەوە ئـەتەقێ : فەرماندەرێـکی ساویلکەی قەڵایەك ، ژنی فەرماندەرەکە ، ئەفسەرێك بە پلـەی مولازیم ، قەڵاکـە خـۆیشی کـە لـە سەردەمێـکی‌وادا ئاژاوە هەمووڵایەکی گرتووەتەوە ، لـە تۆپێك بەولاوە شك‌نابا ، چەند کەسێکی ساویلکەیش • هەرچی لەم ڕۆمانەدا هەیە ڕەپ‌وڕەوان ڕاستی‌یە ، بەڵکو لەوانەیە لە ڕاستی‌یش بەرزو باڵاتر بێ » •

پەخشانی پووشکین «ڕستەی» بەدەسەنقەست « ڕازاوە »ی تێدا نی‌یە • چڕی‌یەکی تاڕادەی ئەوپەڕی چڕی گەیشتوو ، وێنەکێشانێکی ورد ، گرژبوونەوەو چوونەیەك • داڕشتنیش بەپەلەو بەشێوەیەکی درامایی ئەگۆڕێ • ئەمانەن خاسیەتی شێوەی پەخشان نووسینی پووشکین •

لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەخنەی سەردەمی پووشکین نەیتوانی پەخشانی ئەو بەوجۆرە هەڵسەنگێنێ کە شایانیەتی • بۆنموونە ئەوەتەن • پۆلیڤۆی بەوجۆرە لە « چیرۆکەکانی بێلکین » ئەدوێ کە « لە کۆمەڵە شانۆکاری‌یەکی گاڵتەجاڕی » بدوێ « کە بێ‌بەزەیی‌یانە لە کەمەربەندی سادەیی پەستاوترابن » •

پووشکین داهێنانی پەخشانێکی هونەریی ڕیالیستانەی ڕووسیی بە یەکێ لە بایەخدارترین گیروگرفتەکانی گەشەپێدانی ئەدەبی ڕووسی داناوە • ڕۆمانو چیرۆك لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە ئەدەبی ڕووسیدا سەریان‌هەڵداو ، لە ساڵانی سی‌یەوە وایان‌لێ‌هات دڵی خوێندەواری ڕووس ڕاکێشن‌و ئەوانیش بایەخیان بدەنێ • گۆڤارەکانی ساڵانی سی پتر لەجارێ پەنجەیان بۆ ئەم ڕاستی‌یە ڕاکێشاوە • ئەوەتە بێلینسکی لە ساڵی ١٨٣٥دا نووسیویە ئەڵێ : « چەرخی ئێمە چەرخی ڕۆمانە » •

پووشکین لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەوە بوو کە سەرنجیان‌دابوو ڕۆمانو چیرۆك چۆن بەرەوپێشەوە ئەڕۆن‌و ئەچنە ناو دڵی خەڵکەوە • لە ساڵی ١٨٣٠یشدا باسی سەرکەوتوویی ڕۆمانی « ئیڤان ڤیژیگین » ی بوولگارینی کردووەو ئەوەی دووبادکردووتەوە کە پێویستە ڕەخنە هۆی ئەم سەرکەوتوویی‌یە دەرخا ، سەرەڕای ئەوەیش کە سەرکەوتنی ڕۆمان هێشتا لەخوار ئەو خاسیەتە چاکانەوەیە کە هەینی •

نەك هەر لە سالانی سیدا ، بەڵكو لە سالانی ١٨٢٢ - ١٨٢٥ەوە پووشكین ئامۆژگاریی ڤیازێمسكیو بێستووژێڤی كردبوو ڕووبكەنە ڕۆماننووسین • لە سالی ١٨٢٧دا لە نامەیەكیدا كە بۆ م • پ • پۆگۆدینی سەرنووسانی گۆڤاری « مۆسكۆڤسكی ڤیستنیك »ی نووسیبوو ، ئیشارەتی بۆ ئەوە كردووە كەوا ئەبێ چیرۆك « بەشێكی گەوهەریی گۆڤارەكە بێ وەك چۆن مۆدە بەشێكی جێگرتووی گۆڤاری ( تێلێگراف(*) )ە » • پووشكین لە سالی ١٨٣٦یشدا بەبایەخ پێدانەوە باسی ئەوەی كردووە كە « چیرۆكو ڕۆمان لە هەموولایەك ئەخوێنرێنەوە » •

پووشكین لایوابوو بایەخدارترین هۆیەكی سەركەوتنی ڕۆمان ئەوەیە كە بەئاسانی بەدەستەوە دێ • پووشكین لە سالی ١٨٣٠دا سەرنجی ئەوەی داوە كەوا ئەو ڕازانەی بە زمانی پەلەوەرو گیانەوەرەوە ئەگێڕرێنەوە ( هەروەك ڕۆمان ) ، وەك چۆن بازرگانو مرۆی كۆڕی پایەبڵندو ئافرەتانی مناڵبەخێوكەرو تەنانەت مناڵیش ئەیانخوێننەوە ، ئەدیبیش هەروا ئەیانخوێنێتەوە • بەلام شیعری لیریكی تەنها ئەو كەسانە ئەیخوێننەوە كە حەزیان لە شیعرە • ئەم جۆرە كەسانەیش زۆر نین » • پووشكین لە سالی ١٨٣٦یشدا ئەم بیرەی لە نامەیەكی بێ ئیمزادا كە بەبۆنەی دەرچوونی گۆڤاری « سەڤرێمێننیك »ەوە نووسیویە - دووبارە كردووەتەوە •

پووشكین بە شوێنپێی ئە • ن • ڕادیشێڤی داكۆكیلێكەری مەزنی جووتیارە زەویبەندەكاندا ، بە « مێژووی گوندی گۆریووخین »و « دووبرۆڤسكی »و « كیژی كاپیتان » سەرەتای بایەخدانی بە گیروگرفتی

(*) گۆڤاری « مۆسكۆڤسكی تێلێگراف »ی ن • پۆلێڤۆی •

جووتیاران دانا کە لە ساڵانی چلی سەدەی ڕابووردووەوە بوو بە بابەتی
سەرەکی‌و بەرچاوی بایەخ‌پێدراوی بیری کۆمەڵایەتی‌و پێشکەوتنخوازی
ڕووسی • ئەم بەرهەمە ناوبراوانەی پووشکین پڕن لە سۆزی ئەم
شاعیرە بەرانبەر بە دەردو ئازاری میللەتی کۆیلەیی بەسەردا براوو ، لە
تێگەیشتنی ئەو ڕاستی‌یە کە ئەڵێ : بەرپرسی ناڕەزایی‌و بێزاری
دەربڕینی جووتیارەکان بریتی‌یە لە زوڵم‌و جەوری خاوەن‌موڵکەکان‌و
تەنگ‌هەڵچنینیان پێیان‌و لە ستەمی سیستێمی کۆیلەیی • لەگەڵ ئەوەیشدا
پووشکین ددانی بەوەدا نەناوە کە شۆڕشی جووتیاران ڕێگای چارکردنی
ناکۆکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ناو ژیانی ڕووسەو ، ئەم شۆڕشەی بە
« یاخی‌بوونێکی بێ‌بەعناو بێ‌بەزەیی‌یانە » داناوەو ، لە هێزێکی
بڕووخێن‌و وێرانکەری ئەوتۆ بەولاوەی تێدا بەدی‌نەکردووە کە هیچ
نرخێکی ئاوەدانکەرەوەی تێدا نەبێ • پووشکین زراوی لەو « ئاژاوە
توندوتیژە سیاسی‌یانە » چووبوو « کە ترس‌ولەرز ئەخەنە دڵی
ئادەمیزادەوە » • ئەو لای‌وابوو لەوانەیە لە ڕێگای ئاشتی‌خوازانەوە
چاری ناکۆکیی نێوان خاوەن‌موڵك‌و کۆیلە زەوی‌بەندەکانی ڕووسیا
بکرێ • ئەمە لایەنی لاوازی بیروباوەڕی پووشکینەو یەکێکە لەو
خەیاڵ‌پڵاوانەی وەك ڕەسەنزادەیەك لە مێشکیدا پەروەردەی ئەکردن‌و ،
نیشانەی ئاسۆ تەسکیی چینایەتی‌یەتی • بێلینسکی وەختی خۆی نووسیویە :
« شەخسیەتی ئەم شاعیرە هەمیشە بەشێوەیەکی جوان‌و مرۆپەروەرانە
ئەکەوێتەڕوو ، بەڵام لە هەمان‌کاتیشدا لە پلەی یەکەمدا شەخسیەتێکی
ئەریستوکراتی‌یە • ئێوە هەردەم لە پووشکیندا ئەو مرۆیە بەدی‌ئەکەن
کە بە گیان‌و لەش بۆسەر ئەو پێڕەوە بنەڕەتی‌یە ئەگەڕێتەوە کە
گەوهەری ئەو چینەی لێ پێك‌دی کە ئەو وێنەی ئەکێشێ • بەکورتی
ئێوە هەمیشە لە پووشکیندا خاوەن‌موڵکێکی ڕووس بەدی‌ئەکەن • هەرچی

لـەو چینەدا نامرۆیانە بێ ، ئەو دژی ئەوەستێ ، بەڵام پێڕەوی چینەکەی هەمیشـە وەك ڕاستی‌یەکی بێ‌بڕانەوە بەلاوە ئەمێنێتەوە » • پووشـکین نەیتوانی لـە پرۆگرامەکەیدا کـە بۆ چارکردنی گیروگرفتەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی ڕووسی دانابوو ، لە بیرو باوەڕی تاقمـە پێشکەوتخوازە بەرچـاو ڕوونەکـەی ناو چینی ڕەسەنزادەکـان بـەولاوە بڕواو بازی بەسەردا بدا •

لەپاش کارەساتەکەی ساڵی ۱۸۲٥ەوە پووشکین بەگـەرم کـەوتە گـەڕان بەدوای ئەو ڕێـگایانەدا کـە گـەشەکردنی پێشکەوتخوازانەی ڕووسیـــایان پێ دابین‌ئەکرێ • هەروەهـا زۆریشی بیـر لـە دواڕۆژ ئەکردەوە • پووشکین لەکاتێکدا کە بە سیستێمی دەرەبەگی‌و کۆیلەداری ڕازی نەبوو ، ئەیشیدی چۆن ئەو سیستێمەی دەستنیشان‌کراوە بۆئەوەی جێگەی بـگرێتەوە کـە سیستێمی فەرمانڕەوایی دارایی‌یە کـە تا ئـەو سەردەمـە لـە ئەورووپای ڕۆژاوادا جێ‌گیـر بووبوو ، لـەو کـەمتر ستەمـکارو دڵڕەق نی‌یە • پووشـکین ورد لـە خاسیەت‌و نیشانەکـانی سیستێمی نوێی بۆرژوا ئەکۆڵی‌یەوە • لە وتارێکیدا کـە بـە ناوونیشانی «جۆن تێنێر» نووسیویە ، بە قیزلێ‌هاتنەوەوە ئیشارەتی بۆ ئەو ناکۆکی‌یە توندوتیژانە کردووە کە دیموکراسیی بۆرژوا لە ئەمەریکای باکووردا کـە تا ئەو سەردەمەیش هێشتـا دەوڵەتێـکی سەرمـایەداریی لاو بوو ، بەدەستیانەوە ئەیناڵاند •

پووشـکین جارێـکیان نووسیویە : « دیموکراسیمـان دی • لـەو کەمتەرخەمی‌یە ناپەسەندەو لەو پڕوپووچە بێ‌بەزەیی‌یانانەو لەو خودسەری‌یە بەکـەس‌قووت‌نەچوەی تێـدایەتی سەرسام‌بووین • هـەرچی شتێـکی مەردانەو دوور لە خۆپەرستی بێ‌و هەرچی گیانی ئادەمیزاد بەرزبکاتەوە ،

لەلایەن خۆپەرستیی بێبەزەیی‌یانەو ئارەزووی دەستی‌خۆخستنی هۆیەکانی خۆش‌گوزەرانی‌یەوە پێشێل کراوە • • شان‌بەشانی خوێندەواری‌و ئازادی ، کۆیلەیی قولەڕەشەکانت ئەکەوێتە بەرچاو ••» پووشکین لە کەلێنی وێنەی کابرای ئیتالیایی حازرقسەوە لە « شەوانی میسر »دا پەردەی لەڕووی دەسەڵاتداریی زێڕ هەڵماڵیوە کە شێوەی شەخسیەتی ئادەمیزاد ئەشێوێنێ‌و دەری‌بڕیوە کەوا ئەم دەسەڵاتداری‌یەی زێڕ تا چ‌ڕادەیەك دوژمنی هونەرە • پووشکین لەوە گەیشتبوو کە پیشەسازی شتێکی چەند بەبایەخە بۆ ڕووسیا ، بەڵام ترسی ئەوەیشی لێ نیشتبوو کە لە سایەی سیستێمی سەرمایەداریدا سەرەنجامی گەل چۆن ئەبێ • لە وتاری « گەشتێك لە مۆسکۆوە بۆ پێتێربوورگ »دا نووسیویە : « سکاڵای کرێکارانی کارگەکانی ڕووسیا بخوێننەوە ، مووی سەرتان لەترساندا ڕاست‌ئەبێتەوە • ئازارو سزایەکی لای دڵ ناخۆش‌و دەردو مەینەتێکی پاساونەدراوو بێ‌بیانووی چەند زۆر ئەچێژن ! لەلایەکەوە دڕندەیی‌و کێوی‌یەتی‌یەکی ئەوتۆ کە بێ هیچ کەمترین هەستێکی بەزەیی لەگەڵ ئەو خەڵکە ئەکرێ • لە لایەکی‌تریشەوە هەژاری‌یەکی ئەوتۆ مرۆ ترسی لێ ئەنیشێتە دڵ ! ڕەنگ‌بێ ئێوە وابزانن من باسی دروست کردنی ئەهرامەکانی فیرعەون ئەکەم یا لەو جووانە ئەدوێم کە لەژێر حەیزەرانی میسری‌یەکاندا کاریان‌ئەکرد • نەخەیرو ئەمجاریش نەخەیر ! باسم لە کارگەکانی فاسۆن‌دروست‌کردنی کاك سمث‌و دەرزی دروست‌کردنی کاك جاکسۆنە •• ئەبێ ئەوەیشتان لە پێش‌چاو بێ کە ئەمە هیچی بە گوناح‌و تاوان نادرێتەقەڵەم ، بەڵکو لە چوارچێوەو لە سنووری بەکەس‌نەشکێنراوی قانووندا ئەکرێ • مرۆ وای بەخەیاڵدا دێ کەس لە کرێکار کلۆلتر نەبێ ، بەڵام سەرنجی ئەوەیش بدەن کە ئامێرێکی نوێ ئەدۆزرێتەوە لەپڕ پێنج شەش هەزار کەس لە ڕەنجی

سەختی بازوو ئازاد ئەکا ، بەڵام لە دواهۆی پارووەنانێکیشیان بێ بەش ئەکا کـە بەری دڵیان بـگرێو نەهێـڵێ [ لەبرسـانا ـ و. ك. ] گیـانیـان دەرچێ » .

پووشکین خەونی بە دوارۆژێکی مێژوویی‌یەوە ئەدی بۆ ڕووسـیا کـە بتوانرێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و گـەشەپێدانی فێرەخوێندەواری کردن‌و بیرڕووناك‌کردنەوەی گـەل‌و بەرەوپێش بردنی داب‌ونـەریت‌و گەشەکردنی ئازادیی ڕاستەقینەو پێوەندی مرۆڤایەتیی تێدا یەك‌بخرێ . لەچارنەهاتنی ئەم گیروگرفتـە بوو لە بارو دۆخی ئەو سەردەمەدا ، لـە دواساڵەکانی ژیانی پووشکیندا بۆی بووبوو بە سەرچاوەی گـەلێ ژان‌و ئازاری تراژیدیایی .

پووشکین ئەو هێزە کۆمەڵایەتی‌یەی پێ نەئەدۆزرایەوە کە ئەتوانێ ئەو « گۆڕینە مەزنانە » لـە ژیانی ڕووسیادا بهێنێتەدی ، کـە هـەمیشە بەش‌بەحاڵی ئەو ئاشکراو دیاربوو ئەبێ بێنەدی،وەك چۆن ڕۆژبەڕۆژیش زیاتر بۆی ڕوون‌ئەبوەوە کە سیاسەتی نیکۆڵای یەکەم شێوەیەکی چـەند دەبەنـگانەو چەند کۆنەپەرستانەی هەیە . پووشکین لە ساڵی ١٨٣٣دا پۆێمی « سوارچاکی مسین »ی نووسی . یەکێ لەو بیرانەی لەم پۆیێمەدا هاتوون ئەوەتە حوکمی بەربەرەڵڵا کـە لـە سەردەمی پیۆتێری مـەزندا دەورێـکی پێشـکەوتنخوازانەی لـە گەشـەکردنی ڕووسـیادا دی ، لـەم‌دوایی‌یەدا بووە بـە هێزێـکی کۆنەپەرستی دوژمـن بـە خواست‌و ئارەزووە نەتەوەیی‌یەکان‌و لەڕێی هێنانەدیی هەر بەرەوپێش‌چوونێکدا بووە بە کۆسپ . لە سەرێکی‌تریشەوە کۆمەڵـگای ڕووسی ئەو سەردەمە هیچ هێزێـکی ئەوتۆی تێـدا نەبوو بتوانێ لە ڕووی پاشایەتیی خودسەرانەدا بووەستێ‌و خۆی وەك جێ‌نشینی ئەو بێنێتە مەیدانەوە . دیسەمبەری‌یەکان

بــوون ، شــيتاڵ شــيتاڵ بووبــوون • وەچــەی نوێــی شۆڕشــگێڕە دیموکراتەکانیش کە لە دەرەوەی ڕیزی ڕەسەنزادەکانەوە پەیدابوون ، هێشتا پێك نەهاتبوون •

لە پایزی ساڵی ١٨٣٦دا گۆڤاری «تێلێسکۆپ» نامــەی فەلسەفی»ی بڵاوکردەوە کە بە قەڵەمی پ• یا • چادایێف نووسرابوو • چادایێف لەم نامەیەدا کە گێرتسێن واتەنی سەرانسەری ڕووسیای خاوەنبیری هەژاند، نووسیویە ئەڵێ : « گەلی ڕووس بێڕابــووردوو و بــێ دواڕۆژ ئــەژیو ئێستایەکی مردوویش گەمارۆیداوە » • پووشکین هاوبەشی ئەم بیــری ڕەشبینییەی چادایێف نەبوو ، نە لەبارەی ڕابووردووی مێژوویی‌و نــە لەبارەی سەرەنجامی دواڕۆژی ڕووسیاوە ، بەڵام لەبارەی هەڵسەنگاندنی سەردەمی هاوچەرخ‌و بۆڕوانینیەوە بە چاویلەیەکی ڕەش ، ئەوە لەگەڵی بوو • پووشکین بۆ ئەم دۆستە دێرینەی خۆی نووسی : « ناچارین دان بەوەدا بنێین کە بوونی کۆمەڵایەتیمان دیاردەیەکی وایە خەفەت ئەخاتــە دڵەوە • دیارنەبوونی ڕای گشتیی کۆمەڵایەتی‌و کەمتەرخەمی لەئاســت هەرچی کە بە پێویست‌و ڕاست‌و دادپەروەری دابنــرێ‌و ، گاڵتەکردنــی بێشــەرمانە بــە بیر‌و ئاکارەکــانی ئادمیزاد ، هــەموو ئەمانە لــەوانەن بەناچاری هەست بە نائومێدی لە دڵدا ئەبزوێنن • تۆ بەتەواوی لەســەر هەقی کە دەنگی ناڕەزایی لەدژی هەموو ئەم دیاردانە هەڵئەبڕی » •

پووشکین زۆر جار وای هەست‌ئەکرد کە دنیای لێ‌هاتووەتەیەك • « ••• خوایە گرفتاری دەردی شێتیم نەکەی » • ئەمە سەرەتای یەکێ لە چەکامەکانی ســاڵانی ســێی پووشکینە • لە لیریکەکانی ساڵانی ١٨٣٥ - ١٨٣٦یدا گــەلێ مۆتیفــی هــەست بەماندوویــەتی کــردن ( ی وەك « باوکــە دەست لەدنیاشتووەکــان‌و هاوســەرە داوێن‌پاکەکان » )و

ئارەزووی دەربازبوون لە ناکۆکی‌یەکانی واقیع هەیە کە لای‌وابوو لـە چارکردن نایەن ( وەك « لـە پیندیمۆنتـەوە » ) • بـەڵام دیسانەوەیش پووشکین هەر توانیویە سەر بەم میزاجە بەسروشتی ژیان ـ دۆست‌و بە باوەڕی ددان بەژیاندا گرتووی خۆی ـ نامۆیانە دابنەوێنێ • بۆیەیش بوو وێنەی وەچە لاوە داهاتووەکانی لەمەوپاشی ئەهاتە پێش‌چاو کە هەموو کاری دروستکەرانەی خۆی بۆ تەرخان‌کردبوون ، ئەو وەچانـەی کـە ئەیانـەوێ بژین‌و ئـەویش « بـیری بۆ ئـەوان ئەکردەوەو ئازاری بـۆ ئەوان ئەچەشت » •

لە دوادوایی ساڵـی ١٨٣٥دا پووشـکین ڕوخسەتـی دەرکردنـی گۆڤاری « سۆڤرێمێننیك »ی وەرگرت کە دەمێ‌بوو بیری لێ‌ئەکردەوە • ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە لە نیسانی ١٨٣٦دا دەرچوو • بەڵام بەهۆی ئەو گیروگرفتە نەبڕاوانەوە کە سانسۆر هەمیشە ئەیهێنانە ڕێی پووشکین، زەحمەت‌بوو بۆی لە دەرکردنی گۆڤارەکەیدا بەردەوام بێ • ئە • ڤ • نیکیتێنکۆیی سانسۆریست لە یادداشتە ڕۆژانەکـانی خۆیدا نووسـیویە : « سانسۆر قورسایی‌یەکی زۆر ئەخاتە سەر پووشکین • بەهۆی ڕێگادانی بڵاوکردنەوەی چەکامەی « ئەکفیلۆن »ەوە ئووڤارۆڤی وەزیری پێ‌خوێندن کە حەزی لە پووشکین نەبوو ، بەڕێوەبەری بەشی سانسۆری سەرکۆنـە کرد کە ئەبێ بزانێ « پووشکین خراوەتەژێر چاودێریی پۆلیسەوە چونکە کابرایەکە متمانەی‌پێ‌ناکرێ » •

پووشکین هەوڵێکی زۆری دا بۆئەوەی گۆڤـارەکەی سـەرکەوێ • گۆگۆل‌و ڤیازێمسکی‌و ئەدیـبی دەرکەوتـووی ساڵانـی سـی ڤ • ف • ئۆدۆیێڤسکیی بانگ‌کرد کەوا لە نووسینی « سۆڤرێمێننیك »دا بەشداری بکەن • لەگەڵ‌ئەوەیشدا گۆڤارەکە کەم‌جار وائەبوو بابەتی باشی تێدابێ •

بووشکین بەر لە مردنی ، بیری لەوە کردوە بانگی ئەو ئەدیبانەیش بکا کە لە وەچەی ڕەسەنزادەکان نین ، بێن لە نووسین بۆ « سۆڤرێمێنیک »دا بەشداری بکەن • ئەو هەر لە ساڵی ١٨٣٤ەوە هەستی بەوە کردبوو کەوا ئەو ئەدیبانە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر کارئەکەنە ئەدەبی ڕووسی • ئەوەبوو نووسیبووی : « ئەو بنووسانەمان کە ناچنەوە سەر چینی ڕەسەنزادەکان زۆر کەمن • بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵسووڕانو چالاکی یان هەموو مەیدانێکی هەڵسووڕانی ئەدەبیمانی گرتووەتەوە • ئەم ڕاستی یە نیشانەیەکی بایەخدارەو من دڵنیام ئەنجامی زۆری لێ ئەوەشێتەوە » • بووشکین ئەیویست بەر لە هەرکەس بێلینسکی ڕاکێشێ کە بەئاشکرا « بەهرەیەکی ئەوتۆ »ی تێدا بەدی ئەکرد کە « هیوایەکی زۆری پێ بکرێ » • هەموو بیری بووشکین بە دواڕۆژی دیموکراتانەی ڕووسیاوە خەریک بوو •

## (٧)

پووشکین لە شوباتی ١٨٣٣دا بۆ پ • ف • ناشۆکینی نووسیوە :
«ژیانم لە پ•ب• [پێتێربوورگ - س • پ •] نە ئەمەیەو نە ئەوە • دەردو مەینەتی ژیان مەیدانی ئەوەی بۆ نەهێشتوومەتەوە هەست بە بێزاری بکەم • کاتی زیادە هیچ شك نابەم • ژیانی ئازادی بێ ژن و ماڵیشم نی یە کە بۆ بنووس پێویستە • بەم جیهانەدا هەر خول ئەخۆم • ژنەکەیشم دوامۆدە نەبێ لەبەری ناکا • ئەمەیش هەمووی پارەی پێ ئەوێ • پارەیش بە فرمان کردن نەبێ دەسگیر نابێ • فرمانیش تەنهایی پێویستە » •
پووشکین نەیئەتوانی ئەوەندە کات بۆ خۆی فەراهەم بکا تاوێ بۆخۆی بەتەنها بێ • ژیانی خۆی و ژیانی ناو خێزانیشی بە مەرامی دڵی نەبوو • شێتانە ژنەکەیی خۆش ئەویست • بەڵام ئەوەی مێشکی ئەمی پێوە خەریك بوو ، زۆری جیابوو لەوەی مێشکی پووشکینی پێوە خەریك ئەبوو • سەرەڕای ئەوەیش کە نەیئەتوانی ببێ بە دۆستێکی گیانی بە گیانی و یارمەتی دەری مێردەکەی • ناتالیا نیکۆلایڤنا لە هەموو شتێ زیاتر ئەوەی مەبەست بوو ئەستێرەی لە کۆڕە بڵندپایەکاندا بدرەوشێتەوەو لەبەر ئەوە بێ هیچ جۆرە هەست بە مەترسی کردنێك جڵەوی خۆی بۆ ئەم جۆرە ژیانە شل کردبوو •

باری دارایی پووشکین خراپتر بوو • شێوە ژیانی ناو کۆڕی پایەبڵندەکان ئەرکێکی زۆری ئەخستە سەرشانی • خێزانەکەیشی فرە بووبوو • لە مایسی ساڵی ١٨٣٢دا کچێکیان بوو ناویان نا ماریا • پاشانیش دوو کوڕیان بوو ناویان نان ئەلێکساندرو گریگۆری • هەروا کچێکی تریشیان بوو ناویان نا ناتالیا• سەرەڕای ئەوە کە جووتە خوشکەکەی ناتالیا نیکۆلایڤنایش هاتنەلایان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمان بژین • ئیتر

وردەوردە پووشکین کەوتە ژێر باری قەرزی کۆمەڵێ خەڵك و بەتایبەتی هیی میری‌یەوە . تسار نیکۆلای یەکەم کە فەرمانی ئەدا قەرز لەدوای قەرز بە پووشکین بدەن ، بیری لەوە ئەکردەوە کە سەری پێ شۆڕبکاو بیکا بە شوێن‌کەوتەی خۆی .

پووشکین لە دواساڵەکانی ژیانیدا لە بارو دۆخێکی ناڕەحەتدا بوو . پێوەندی بە تسارەوە ئاڵۆزتر ئەبوو . کۆڕو کۆمەڵە دەسەڵاتدارەکانی ناو ئەریستۆکراتەکانی دەربارو تاقمە پایەبڵندەکانی پێتربوورگی بایەخێش زیاتر ئەکەوتنە دوژمنایەتی لەگەڵ‌کردنی .

لە دواڕۆژەکانی ساڵی ۱۸۳۳دا تسار نیکۆلای یەکەم پووشکینی لەناو ڕیزی دیوەخاندارانی دەرباردا دانا . تسار کە نازناوی « کامێر – یوونکێر »ی خەڵاتی پووشکین کردبوو کە داب‌وابوو بە لاوان ئەبەخشرا ، مەبەستی لەوە ئەوەبوو دەرگای کۆشکەکەی خۆی لە ڕووی ژنەکەی پووشکیندا بێ‌بکاتەوە کە سەرنجی ڕاکێشابوو . پووشکین هەقی‌بوو ئەم دانانەی خۆی لە ڕیزی دیوەخاندارانی دەرباردا وا دایەقەڵەم کە کردەوەیەکە بۆ سووك‌کردنی ئەو کراوە . بۆیە هیچ سڵی لەوە نەکردەوە کە ناڕەزایی خۆی لەم کردەوەیە دەربڕێ . کە پاشی ئەوەیش بە ماوەیەکی کەم زانی سانسۆر نامەکانی بۆ ژنەکەی ئەکاتەوەو تەنانەت تسار خۆیشی ئەیانخوێنێتەوە ، تووڕەبوو و دەستی خۆی لە کار کێشایەوە . تساریش فەرمانی‌دا ئیتر نەهێڵن کەڵك لە ئەرخیفی دەربار وەربگرێ . بەڵام پووشکین پاشان لەسەر قسەی زووکۆفسکیی شاعیر کە زراوی چووبوو ، ناچاربوو لە دەست لەکارکێشانەوەکەی پەشیمان بێتەوەو بگەڕێتەوە سەر کارەکەی .

پووشکین لەبارەی ئەم ڕووداوەوە لە دەفتەری یادداشتە

ڕۆژانەکانیدا نووسیویە : « تسار تووڕەیە چونکە بە زوبانی سوپاس‌و چاکە لە بەرچاوبوون باسی ئەو نازناوەی ناکەم کە « خەڵاتی کردووم » • من ئەتوانم شوێنی کەسێ بکەوم‌و بم بە کۆیلەی ، بەڵام هەرگیز قایل نابم بم بە خزمەتکارێکی سەرشۆڕ یا بە لۆتی تەنانەت بۆ تساری ئاسمانیش • لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمە چڵەیەکی بۆگەن کردنە ڕەوشتی دەوڵەتەکەمانی گەیشتووەتێ : پۆلیس نامەی مێرد بۆ ژنەکەی بکاتەوەو بیبا بۆ تسار بیخوێنێتەوەو ئەویش شەرمی لێ نەیێ ددان بەوەدا بنێ‌و پیلانیوا بنێتەوە شایانی کەسانی وەك ڤیدۆك‌و بوولگارین بێ ؟! » •

پووشکین ڕۆژبەڕۆژ ڕقی زیاتر لە کۆڕو کۆمەڵە پایەبڵندەکانی پێتێربوورگ هەڵئەستا کە ژنەکەی حەزی لێ بوو هات‌وچۆیان بکا • کە چاوێ بە یادداشتە ڕۆژانەکانی ساڵانی ١٨٣٣ - ١٨٣٥ی پووشکیندا ئەگێڕین ، ئەم دەستنانەسەرو دەستنیشان کردنە سەرسام کەرەی کۆڕە پایەبڵندەکانی ناو کۆمەڵگای ڕەسەنزادەکان‌و جیهانی دەربارمان لەڕوودا ڕائەپەڕێ • پووشکین لە دەفتەری یادداشتە ڕۆژانەکانیدا بەبۆنەی ئاهەنگە گەورەکانی میوانداری‌و دانسەوە کە زستانی ساڵە قاتی‌یەکەی ١٨٣٤ لە پێتێربوورگ ڕێکیان ئەخستن‌و خۆیان بۆ ئامادە ئەکردن ، ئاوای نووسیوە : «ئەم ئاهەنگانە ملیۆنەهایان تێ ئەچێ •جا ئەبێ ئەو گەلە چی‌بڵێ کە لەبرساندا ئەمرێ ؟ » • پووشکین هەمیشە خەوی بەوەوە ئەدی لە کۆت‌و زنجیری دەربار ڕزگاربێ‌و بەرەو ئازادی ڕێ بگرێتەبەرو تاڵ‌تاڵ ئەو داوانە بپسێنێ کە بەدەوریدا نرابوونەوەو ، بۆ یەگجاری ماڵاوایی لە جیهانی چەپەڵی « دووزمانی‌و قسەهێنان‌و بردن »و « تانەو تەشەر لێدان‌و فیتنەیی کردن » بکا • لە مایسی ١٨٣٤دا بۆ ژنەکەی نووسیوە : « لە خوا ئەپاڕێمەوە ئەو لوتفەم لەگەڵ بکا جارێکی تریش تۆو منداڵەکان ببینمەوەو هەمووتان ساغ‌و سەلامەت بن‌و ، تفێکیش لە پێتێربوورگ بکەم‌و

دەس لەکار بکێشمەوەو هەڵبێم بچم بۆ بۆڵدینۆ .. شوێن کەوتەیی شتێکی نایەسەندە ، بەتایبەتی بەش بەحاڵی کەسێك بیست ساڵ بێ فێری ئەوە بووبێ بە سەربەخۆیی بژی . تکام ئەوەیە ئەم قسەیەم وا نەدەیتەقەڵەم کە سەرزەنشتی تۆی پێ ئەکەم . من بێزاری لە باری دەروونی خۆم دەرئەبڕم » . هەرچی ئاواتی پووشکین بوو ئەوەبوو « لە سایەی سەری ئازادی‌یەوە تامی بەختەوەری بچێژێ » ، بەڵام هەرچی هەوڵێکیدا کە ڕێی بدەن پێتێربوورگ بەجێ بهێڵێ ، یا بۆ پشوویەکی درێژخایەنیش بێ ، هەمووی بەهیچ‌دەرچوو .

پووشکین لە پاییزی ساڵی ۱۸۳۵دا سەرێکی لە گوندی میخایلۆفسکی دا کە وەختی خۆی « دوو ساڵی بە دوورخراوەیی تێدا بەسەربردبوو وەك خەو بەسەرچوون » . هەروەها سەری لە تریگۆرسکیش دا ، بەڵام ئەم پاییزە ، وەك پاییزانی‌تر ، هیچ ئیلهامێکی شاکارنووسیی پێوە نەبوو . خەیاڵی شوێن کەوتوویی تسارو خەمو خەفەتی خێزان هەمیشە بەدوایەوە بوون ، لە نیعمەتی هەست بە ئارامی‌و متمانە کردن بێ‌بەشیان کردبوو . پووشکین لەبارەی ئەم پاییزەیەوە بۆ ناشۆکینی نووسیوە : « تا ئێستا هەرگیز پاییزی وا نەزۆکم نەدیوە . چۆن بۆم ڕێ‌بکەوێ وات بۆ ئەنووسم . سرووش دڵێکی ئارامی ئەوێ . دڵی منیش ئێستا وەك جاری‌جاران ئەم جۆرە ئارامی‌یە بەدی‌ناکا » .

شوێن کەوتوویی تسارو بێنکێندۆرفی سەرۆکی جەندرمەو گۆڕەوشاری سانسۆرو دەردو مەینەتی گەورەگەورەی نەدارایی‌و شڵەژانی باری ناو خێزان ، هەموو ئەم ناڕەحەتی‌یانە پووشکینیان ڕەتاندبوو ، ژیانیان لێ تاڵ کردبوو .

لە زستانی ساڵی۱۸۳۵دا ، لەناو گەورەپیاوانی کۆڕی ئەریستۆکراتەکانی پێتێربوورگدا ئەوانەی ناحەزی پووشکین بوون

دەستیان‌دایە نانەوەی پیلانێك لەدژی‌و بوختـانێکی سووکیان بۆ لەکەدار کردنی شـەرەفی ژنەکـەی ڕێکخست • ئەوەبوو پووشـکین نامـەیەکی بێ‌ئیمزای بۆ هات بەدگۆیی‌یەکی نامەردانەو پیس‌و سووکی تێدا بوو • نامەکە لەناو کۆڕی ئەو ئەریستۆکراتانەدا نووسرابوو کـە حـەزیان لە پووشکین نەئەکرد • تسار نیکۆلای یەکەم خۆیشی ئاگای لە ڕێکخستنی ئەم ئیلانە بوو • هەروا بارۆن گـێککێرێنی باڵیۆزی هۆڵەندەیش لە ڕووسیا لـە ڕێـگای دانتێسی زڕکوڕیەوە بەشداری‌یەکی کاریگەری تێدا کرد • دانتێس کۆچ‌کردوویەکی فەرەنسەیی بوو لە شۆڕشی فەرەنسە هەڵاتبوو هاتبوو بۆ ڕووسیا ، بێ‌حورمەتانە ئیستەرەمی ئەکرد کە هەر ئەبێ دڵداری لەگەڵ ژنەکەی پووشکین بکا • سەرەتا لە ڕێگەی بەشوودانی یێ • ن • گۆنچارۆڤای خوشکی ناتالیا نیکۆلایڤناوە بە دانتێس ، بەری پێکداهەڵشاخانی پووشکین‌و دانتێس گیرا • دۆست‌و برادەریش کەوتنە بەینەوەو تـکایان لـە پووشکین کرد کە شەڕەشیری لەگەڵ نەکا ، ئەویش بەگوێی‌کردن • دانتێسیش لەوکاتەدا بە پووشکین ئەڵێ : « من پادشای وڵاتەکەی خۆمم‌و ئەمەوێ لە هەرکوێ ناسرابم ناوم خاوێن‌و بێ‌گەرد بێ » • بەڵام کـە پاشان دەست‌ئەکاتەوە بە چاوبازی لەگەڵ ژنەکەی پووشکین ، پووشکین بڕیارئەدا بۆ هـەمیشە حیسابی خـۆی لەگـەڵ ببڕێتـەوە • نامـەیەکی سووکـایەتی‌پێ‌کردن بۆ گێککێرێن ئەنووسـێ ، بەونامـەیە مەسـەلە لەنێوانیاندا ئەگاتە ڕادەیەك شەڕەشیرەکـە ببێ بـە شتێـکی ناچـاری • هەروایش بوو • لە ۲۷ی کـانوونی دووهـەمی ۱۸۳۷دا لـە بەرچـاوی دانزاسی برادەری لـە سـەردەمی قوتابی‌یەتیی لیسێوەی پووشـکیندا ، سەڕەشیرەکە کرا •دانزاس لەم شەڕەشیرەدا سەرپشکی پووشکین بوو • پووشکین برینێکی کوشندەی لێ‌کرا ، شەوو ڕۆژێ بەئازاریەوە ناڵاندی • پزیشکەکان وتیان هیوای چاك‌بوونەوە لە پووشـکین ناکرێ • پووشکین گومـانی لەوەدا نەبوو کـە ئەمـرێ • کـە دالی برادەری ویستبـووی

دڵی بداتەوە ، پووشکین لە وەڵامدا پێی وتبوو : « نەء • من لێرە دەرفەتی ژیانم نی یە • وادیارە ئەوەی ڕووی دا ، هەر ئەوە ڕاستە » • چاوێك بە کتێبەکانیدا ئەگێڕێ و ئەڵێ : « برادەرینە ! مـاڵاوا •• » • هێز ئەداتـە بەرخۆی بۆئـەوەی چی بە پێویست ئەزانێ بیڵێ و بیـکا بـە ڕاسپێری خۆی • لەو دواسەعاتانەی ژیانیدا هەندێ لە دۆستە هەرەنزیکەکانی وەك ژووکـۆفسکی و ڤیازێمسکی و دانزاس و ئـە• ئی• توورگـێنێف بەدەوری جێگەکەیدا ئەبن • هەروەها خەڵکێکی زۆریش بەدەوری ئەو کۆشـکەدا خڕبووبوونەوە کە تیایدا ئەژیا • ژووکۆفسکی تاونەتاوێ هەواڵێکی **کورتی** لەبارەی باری ناساغی یەکەیەوە بە دەرگای ئاپارتمانەکەدا هەڵئەواسی •

لە ٢٩ی کانوونی دووهەم ( بەپێی ساڵنامەی نوێ ٩ی شوبات )ی ساڵی ١٣٨٧دا ، سەعات دوو و چل وپێنج دەقیقەی پاش نیوەڕۆ ، پووشکین دواهەناسەی دا •

سـەرەنجامی تراژیدیایی پوشـکین ڕووسیای لەم بـەڕیەوە تـا ئەوبەڕی هەژاند • یەکێ لەوانەی هاوچەرخی ئەو ڕووداوە بوون ، کە کچەکەی ن • م • کارامزینـە ، لەم ڕووەوە ئەم سەرنجەی نووسیوە : « بەدرێژایی سێ ڕۆژ کـە تەرمی کۆچ کردوو لە ماڵی خۆیان دانرابوو ، خەڵك لـە هەمـوو تەمـەن و پایەو پلەیـەك ، بەی دەربـەی بـەدەوری لاشەکەیدا کۆئەبوونەوە •ژن و منداڵ و پیر و قوتابی و خەڵکێکی سادەی زۆر لەوانەی کەوڵی گرانبەها یان سیاڵی شڕیان لەبەردابوو ، هەموو هاتبوون بۆ ماڵاوایی لێ کردنی تەرمی شاعیری خۆشەویستی سەرانسەری گەل » •

باڵیۆزی پرووسیا ڕاپۆرتێکی بۆ دەوڵەتەکـەی خۆی نارد تێیدا نووسی : « لێرە مەرگی پووشکین بـە زیانێـکی نیشتمانیی بێ هاوتاو بە مسیبەتێکی کۆمەڵایەتیی گەورە لەقەڵەم ئەدرێ • یەکێ لەوشتانەی بوون بـە هـۆی زیاتر وورووژانی هەستی نەتەوەیی خەلکەکە ئەوەبوو ئەوەی کوشتوویەتی

کابرایەکی بێگانەیە • من لام‌وایە ئەوانەی هاتن بۆئەوەی بۆ دواجار تەماشایەکی تەرمی شاعیری کۆچ کردوو بکەن،لەوکاتەوە کە گیانی‌سپاردو تا برا بۆ کلێسە ، لە پەنجا هەزار کەس پتر بوون لە هەموو کۆڕو کۆمەڵەکانی گەل • زۆر کۆمەڵەو یەکێتی‌و نەقابە داوایان کردبوو ڕێ‌یان بدرێ ئەوان تەرمەکە بگوێزنەوە • پێشنیهادێ خرابوە بەر لێ‌دوان کە گوایە عەرەبانەکەی تەرمەکەی تێدابوو لە ئەسپەکانی بکرێتەوەو ئەسپەکان بەرەڵلا بکرێن‌و خەڵك خۆیان تەرمە هەڵبگرن • سەرەنجام ئەو خۆپیشاندانەی بە هۆی مەرگی کەسێکەوە بەرپابوو کە بە بێ‌خوا ناسرابوو ، گەیشتە ڕادەیەکی وا بەربڵاوو بەدەرەتان ، دەوڵەت کە ترسابوو جڵەوی کاری لەدەست بترازێ ، ناچاربوو فەرمانی‌دا ئەو شوێنەی دایان‌نابوو تەرمەکەی لێوە بگوێزنەوە ، بیگۆڕن بە شوێنێکی‌ترو ، بە شەو لەو شوێنە تازەیەوە بیبەن بۆ کلێسە » •

حوکوومەتی تسار گەلێ هەنگاوی سەختی پۆلیسانەی نابوو نەوەك جەماوەر ڕاپەڕێ دەنگی ناڕەزاییی خۆی دەربڕێ •

پ • ئە • ڤیازێمسکی نووسیویە ئەڵێ : « ڕۆژێ پێش ئەوشەوەی دانرابوو تەرمەکەی تێدا بگوێزرێتەوە ، لەکاتێکدا کە دە کەسێ لە دۆست‌و برادەرانی نزیکی پووشکین کۆبووبونەوە دواقەزری سەرشانی خۆیان بەرانبەر بە پووشکین بدەنەوە ، لەپڕ تیپێکی تەواوی جەندرمە ڕژایە ئەو هۆڵە بچکۆلەی میوانەوە کە تێدا کۆبووبووینەوە • ئەتوانم بێ‌ئەوەی ترسی زیادەڕەوی کردنم بێ ، بڵێم وای‌لێ‌هات زوربەی ئەوانەی دەوری تەرمەکەیان دابوو لە دۆست‌و برادەرانی پووشکین نەبوون ، پۆلیس بوون • خۆ ئەو مەفرەزە سەربازانەی لە شەقامەکاندا پاسەوانی‌یان ئەکرد ئەوە با هەر باسیان نەکەین • بەڵام ئەم هەموو هێزە چەکدارە بۆچی‌بوو لە ماڵی کۆچ کردووەکەدا ، ئا لەوکاتەدا کە دە دوانزە کەسێ

لە دۆستو برادەران کۆبووبوونەوە دواقەرزی سەرشانی خۆیان بەرانبەر بە پووشکین بدەنەوە ؟ ئەم هەموو خەفیەیە بۆچی‌بوو کە هەرچەند خۆیشیان گۆڕیبوو ، هەموان هەر ئەیانناسینەوە ؟

ئەم هەموو کارە ترس‌لێ‌نیشتووانەیە ، لەدژی گەل ڕێکخرابوو .

ئەم پشێوە کۆمەلایەتی‌یە بەربلاوە ، وەك هاوچەرخەکانی شایەتی ئەدەن ، تەنها بە هۆی مەرگی پووشکینەوە نەبوو . بەلکو ، بەر لە هەرچی ، هی ئەوەبوو کە « پووشکین لەوانەیە بلێین ، تاقانە کۆلەکەو پشت‌وپەناو نوێنەری بێ‌هاوتای ئازادیی گەل بوو » . شەقامەکانی پێتێربوورگ لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی دیسەمبەری‌یەکانەوە ئەو جەماوەرە فرەیەی گەلیان بەخۆیانەوە نەدیبوو . لێرمۆنتوف بە چەکامەی « مەرگی شاعیرێك » مەینەت‌و بێزاریی سەرانسەری ڕووسیای خستەڕوو و لە پاداشی ئەوەدا فەرمانی دوورخرانەوەی خۆیی وەرگرت .

ڕۆژنامەی « پراڤدا » جارێکیان لە لاواندنەوەی پووشکیندا نووسیبووی : « شەڕەشیرو مەرگی پووشکینی ڕاوەدوونراوی حوکمی بەربەرەللاو دەرگاوانەکانی دۆزەخی ئەو حوکمە ، ئەنجامێکی تراژیدیایی ئەو خەباتە تال‌و سوێرەن کە ئەو لەدژی کۆنەپەرستیی ڕەسەنزادەکان‌و لەپێناوی ئەدەبی ڕووسدا ئەیکرد » .

تسار لە خۆپیشاندانی خەلك ئەترسا . شەوی سێی شوبات تابووتەکەی لاشەی پووشکینی تێدابوو خستیانە ناو عەرەبانەیەکی عادەتی‌یەوە لەوانەی بۆ مردووگواستنەوە دروست‌کراون‌و ، چەند جەندرمەیەك بەدزی‌یەوە بردیان بۆ گوندی میخایلۆفسکی . توورگێنێفی کۆنەدۆستیشی‌یان لەگەل بوو . لاشەی پووشکین لە گۆڕستانی خەلوەتخانەی سفیاتۆگۆر بەخاك‌سپێررا .

# (٨)

پووشکین شاعیرێکی نەتەوەپەروەری مـەزنی ڕووسـە • گۆگۆل لەبارەی پووشکینەوە نووسیویە ئەڵێ : « کـە ناوی پووشـکین ئەبرێ ، دەس بەجێ بیرێك لـەبارەی شاعیرێـکی نەتەوەپەروەری ڕووسەوە لـە مێشکدا تیشك ئەداتەوە • ڕاستەکەیشی شاعیریوامان نی یە لەو بەرزتر بێ • هەروەها هیچ شاعیرێکی تریش ناتوانێ لە نازناوی «نەتەوەپەروەر»دا بەربەرەکانێی لەگەڵ بـکا • ئەم مافە تەنها وەقفی سەر ئەوەو ئەو لەمەدا لە هەموان بەدەرە • فەرهەنـگی زمانی پووشکین ، هەرچی دەوڵەمەندیو هێزو ڕەسایی زمانەکەمان هەیە هەمووی تێدایە • پووشکین دیاردەیەکی بێهـاوتایە • لەوانەیـە تاقـانە دیاردەیەك بێ گیـانی ڕووسی بخـاتە قەوارەوە • پووشـکین ئەو مرۆ ڕووسـەیە ئـەو پلە هـەرە بەرزانەی گەشەکردنی بڕیوە ، مرۆیەك لە ماوەی دووسەد ساڵدا لەوانەبێ بیبڕێ • سروشتی ڕووسـانەو دەروونی ڕووسـانەو زمانی ڕووسیو کەسـایەتیی ڕووسانە ، هەمـوو ئەمانە بە بێگەردییەکی ئەوتـۆو بە جـوانییەکی بێلەکەی ئەوتۆ ڕەنگیان تێدا داوەتەوە ، وەك ئەوە کە جوانیی دیمەنێکی سروشت بەسـەر ڕووی شووشەیەکی قۆقزەوە ڕەنگ ئەداتەوە •• ژیانی پووشکین لەخۆیدا ژیانی ڕووسانەیە کە گەیشتێتە پلـەی پێـگەیشتنی تـەواو •• » •

پووشکین لە مەیدانی گەشەپێکردنی هوشیاریی نەتەوەییی گـەلی ڕووس و ئەدەب و کولتووری ڕووسـی و جووڵانەوەی ڕزگـاریبەخشی ڕووسیادا بایەخێکی زۆری هەیە •

بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « شـیعری پووشـکین ، سـروشـتی

ڕووسیای وێنەکێشابێ یا کەسانی ڕووس ، لەڕووی دەستپاکی‌یەوە لەگەڵ واقیع ، بنیادەم سەرسام ئەکا • هەر لەسەر بنەڕەتی ئەوەیشە بە یەك زمان بە شاعیرێکی نەتەوەپەروەرو بە شاعیرێکی میللی بانگی هەڵدراوە » • لە سایەی شاکارەکانی پووشکینەوە ، بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی بەربڵاو پەردە لە ڕووی واقیعی جیهانی ڕووس هەڵدراوەتەوەو سیمای نەتەوەیی ڕووس خراوەتەڕوو • دۆبرۆلیووبۆڤیش پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کەوا « پووشکین بە دەنگی هەرچی‌یەکەوە چووە کە شتێکی لە ژیانی ڕووس تێدا بووبێ • لە هەموو سەرێکی ئەم ژیانە وردبووەتەوەو ، لە هەموو قوناغەکانیدا لە کەلێنی هەموو وردە بابەتەکانیەوە شوێن‌پێی هەڵگرتووە » •

پووشکین وەك هونەرمەندێکی ڕەسەن‌و مەزن لە کارە ئەدەبی‌یەکانیدا لا گەوهەری‌یەکانی واقیعی ئەو چەرخە مێژوویی‌یەی ڕەنگ پێداوەتەوە کە تێیدا ژیاوە •

گێرتسێن پەنجەی بۆ ئەوە درێژکردووە کەوا «شەڕی ساڵی ١٨١٢ زۆر توند نەش‌ونومای بە هەستی هوشیاریی نیشتمان‌پەروەری‌و نیشتمان‌دۆستی کردو بۆ پێشەوەی برد » • پووشکین سەربەدەرەوەبووترینی ئەوانە بوو ئەم‌هەستەیان دەرئەبڕی • کاری مەردانەو دیاری گەلی ڕووس کە داکۆکیی لە سەربەخۆیی خۆی کردو پاشان گەلانی ئەورووپایشی ئازادکرد ، لە بیرو دڵی پووشکیندا تا مرد چەسپبوو و بووبوو بە سەرچاوەی نیشتمان پەروەری‌یەکی بڵێسەسەندووی ئەوتۆ ئیلهامی بە گیانی شاکارنووسینی ئەبەخشی • پووشکین شەڕی نیشتمانیی ساڵی ١٨١٢ ی بە « یەکێ لە ڕووداوە گەورەکانی مێژووی نوێ » دائەنا • ئەو چەرخەی بە کارە پرشان‌وشکۆکانی ساڵانی ١٨١٢ - ١٨١٤ دەستی‌پێ‌کردو بە تراژیدیاکەی

١٤ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٥ دوایی‌هات ، هونەرمەندی تایبەتی‌و گەوهەردەربڕی خۆی لە شەخسی پووشکیندا بەدی‌ئەکرد • گیانی چەرخ بەناخی شیعری پووشکیندا ڕۆچووبوو و بووبوو بە کەرەستەی سەرەکیی ئەو شتانەی ئەو بایەخی‌پێ‌ئەدان • پووشکین – وەك سالتیکۆف شێدرین بەڕاست دووبادی‌ئەکاتەوە – «هەوڵی‌ئەدا بەناخی گیانی چەرخدا ڕۆچێ»• هەروەك بێلینسکی‌یش دووبادی‌کردووەتەوە کەوا « دەربڕی هاوچەرخی گیانی سەردەمی خۆی بوو » • پووشکین « لە هیچ ڕووداوو بیرۆکەو دیاردەیەکی هاوچەرخ نەئەگەڕا بێ‌ئەوەی بەشە بایەخی خۆی بداتێ » • بێ‌گومان بێلینسکی [ کە ئەمە ئەڵێ ] بزووتنەوەی دیسەمبەری‌یەکانیشی ڕەچاوکردووە • پووشکین دۆستی دیسەمبەری‌یەکان بوو ، بە کارو کردەوەیاندای هەڵئەدا • پووشکین ، ڕاستو ڕەوان لەبەرئەوە کە ئیلهامی شیعرو ئەدەبی لە پێشکەوتووترین‌و شۆڕشگێڕانەترین بیروباوەڕی چەرخەکەی وەرئەگرت ، ئەو بیروباوەڕانەی کە میزاج‌و ئاواتەکانی گەلیان ئەخستەڕوو – ڕاستو ڕەوان لەبەرئەوە ، بووبوو بە شاعیرێکی مەزن‌و ، شاکارەکانی بووبوون بە هۆی ڕاستەقینەو بەهێزی گەشەکردنی گیانی نەتەوەو کولتووری پێشکەوتنخوازی نەتەوەپەروەر • هەستی سەربەرزیی نەتەوەیی کە تاڕادەیەکی زۆر تایبەتی بوو بە پووشکینەوە ، بووبوو بە سەرچاوەیەکی بەتینی ئیلهامی لە مەیدانی شاکارنووسیندا • پووشکین شانازی‌یەکی زۆری بە مێژووی پڕ لە قارەمانەتی‌و شان‌وشکۆی وڵاتەکەیەوە ئەکرد • کە پ • یا • چادایێف لە تاوێ لە تاوەکانی ناهومێدیدا ، کە لەوەوە هاتبوو باوەڕی‌وابوو دەسەڵاتی جەندرمەو دەرەبەگەکان لە سایەی سیستێمی زەوی‌بەندەیدا هەرگیز نابڕێتەوە ، ڕابوردووی ڕووسیای بەشێوەیەکی خراپ هەڵسەنگاند ، پووشکینی برادەری سەردەمی منالیی بەنیگەرانی‌یەکەوە وەڵامی‌دایەوە : « بە شەرەفی

خۆم سوێند ئەخۆم هەرگیز حەزم نەکردووە وڵاتەکەی خۆم بە هیچ شتێك لەم جیهانەدا بگۆڕمەوە • هەرگیز ئاواتی ئەوەم نەخواستووە لـە مێژووی پێشینانی خۆمان بەولاوە مێژوویەکی ترم بێ » • پووشکین شانازی یەکی زۆری بەودەورە مەزنەوە ئەکرد کە گەلی ڕووس گێڕاویە ، ئەودەورەی لە دیاری کردنی دوارۆژی مرۆڤایەتیدا بەشداربووە • پووشکین زۆر جوان لەوە گەیشتبوو کە ڕووسیا دوو جار گەلانی ئەورووپای لە نێڵەی کۆیلەیەتیی بێگانە ڕزگارکردووە • جارێکیان نووسیویە : « هێنانەدیی ئەرکێکی پیرۆز کەوتبوە ئەستوی ڕووسیا • ئەوەبوو دەشتە پان‌وبەرینەکانی ، هێزەکانـی مەغوولیان هەڵلووشی‌و هێرشەکانیانیان لەسەر سنووری ئەورووپادا ڕاگرت • کێوی یەکان نەیانتوانی ڕووسیای دیل کراو بە پاشەڵی خۆیانەوە بهێڵنەوە ، بۆیـە نـاچار گەڕانەوە بۆ دەشتەکانـی ڕۆژهەلاتـی خـۆیان • ڕاپەڕیـنی تازەلەدایك بـووی زانسـت لەسایـەی ڕووسـیای ئەنجن‌ئەنجـن کراوەوە ڕزگاربوو » • پووشکین هەروەهـا تێـکشکاندنی ناپلیۆن‌و ڕزگـاوکردنی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوای لە نێڵەی کۆیلەیەتیی ئەو ، بە « پەیامێـکی پیرۆز » ئەدایەقەڵەم کە گەلی ڕووس بە دەست‌پاکی‌یەوە گەیاندی‌و بە یەکێ لە نیشانەکانی ئازادی دۆستیی ئەم گەلەی دائەنا •

پووشکین لە مەیدانی ناڕەزایی‌دەربڕیندا لە هەڵوێستی کەمتەرخەمیی پیاوە بالاکانی کـۆڕی ڕەسەنزادە نەتەویستەکانی ، لەئاسـت نیشـتمان‌و لەئاست سـەرەڕای گەل ، پـتر لە جـارێ ئیشارەتـی بۆ پایـەی بەرزی کولتووری نەتەوەیی ڕووس‌و گیان فرەدەوڵەمەندی‌و هێزی گەلی ڕووس کردووە • هەروەها لەگەڵ هەستی ڕەزامەندیی قووڵدا سەرنجی‌داوە کەوا زمانـی ڕووسـیی سلاڤیانـی بەئاشـکرا بەسـەر هەمـوو زمانـە ئەورووپایی‌یەکانی‌تریدای هـەیە • پووشکین هەروەها سەرسامیی زۆری خۆی لە بلیمەتیی هەمووسەرێ - گرەوەی لۆمۆنۆسۆف دەربڕیوە کـە

نەپشتی کابرایەکی ماسی گر هاتووەتەخوارو لەجێی « زانکۆیەکی تەواو » بووە بۆخۆی • هەروەها زۆر بەرز فۆنڤیزینو دێرژاڤینو ڕادیشێڤو کریلۆڤی هەڵسەنگاندووە • پووشکین شانازی‌یەکی زۆری بەو ئازایەتی‌یە نیشتمانی‌یەوە دەربڕیوە کە کۆزما مینین پیشانی‌داوە کە یەکێ بووە لە نیشتەنی‌یانی شاری نیژنێ گۆرەد •

پووشکین شانازیی بە شانوشکۆی جەنگیی ڕووسیاوە کردووە • تابلۆیەکی مەزنی بۆ شەڕی پۆڵتاڤا وێنەکێشاوەو ، لە چەکامەی « بیرەوەری‌یەکانی تسارسکۆیێ‌سیلۆ »دا کە هێشتا قوتابیی لیسێ بووە داینواوە ، بە شانوباڵی ڕوومیانتسێڤو سووڤۆرۆڤیدا هەڵداوە • لەبارەی کوتووزۆڤیشەوە بە هەستێکی پڕ لە دەروون گەرمی‌یەوە نووسیویە : « شکۆی کوتووزۆڤ پێوەندێکی پتەوی بە شکۆی ڕووسیاوە هەیە • • تۆبڵێی بەش‌بەحاڵی ئێمە ئەوەندە بەس بێ بڵێین « پیرۆز » ؟ ئاخۆ لەسەر ئێمە ـ کە ڕووسین ـ پێویست نی‌یە شادمانیی ئەوە دەربڕین کە ئەم ناوە بە ئاوازێکی ڕووسی‌یەوە دەنگ‌ئەداتەوە ؟

ئەدەبی ڕووس بۆ یەکەمین جار لە کەلێنی کارە ئەدەبی‌یەکانی پووشکینەوە وێنەیەکی بە خۆشەویستی‌و سۆزەوە کێشراوی پووگاچێڤی شۆڕشگێڕ ئەخاتەڕوو • هەر پووشکینیش بوو ناوی ستێپان ڕازینی نا « سیمای شاعیرانەی مێژووی ڕووس » • پووشکین ڕووسیای لە کەلێنی ئەو سیمایەوە خۆش‌نەئەویست کە ڕژێمی تساری‌و دەرەبەگە کۆیلەدارەکان شێواندبوویان • خۆشەویستی ئەو ڕووسیای نیشتمانی دیسەمبەری‌یە ئازادی‌خوا‌کان بوو • ئەو ، ئەو وڵاتەی خۆش‌ئەویست کە ـ خۆی‌واتەنی ـ گەلێکی ئەوتۆی تیا ئەژی تەنانەت « سێبەری گیانی بە کۆیلەیی‌و ملکەچی گۆش‌کراو »یشی تێدا نی‌یە • هەرچی « ئازایەتی‌و زیرەکی » یشیەتی ،

ئەوە پێویستیان بەوە نی‌یە کەس وەبیریان بهێنێتەوە • پووشکین جارێکیان هاواری کردووە : « ئەبێ هەمووشتێ لەم ڕووسیایەدا •• لەم زمانی ڕووسی‌یەدا دابهێنرێ » •

ئەدەبی ڕووسی بۆ یەکەمین‌جار لە کەلێنی کارە ئەدەبی‌یەکانی پووشکینەوە توانی شاکاری ڕابوردووی مێژوویی گەلی ڕووس بە شێوەیەکی ڕیالیستی‌یانە دابهێنێتەوە •

لە کارە پڕ لە سۆزی نیشتمانی‌یەکانی پووشکیندا بایەخدارترین چەرخەکانی ژیانی گەلی ڕووس ، هەر لە ڕۆژەکانی ڕووسیای کۆنەوە تا ئەگاتە ڕۆژەکانی ئاگرتێ‌بەربوونەکەی مۆسکۆی سالی ١٨١٢و بزووتنەوەی دیسەمبەری‌یەکان ، هەمووی داڕێژراوەتەوە • هەروەها پێشانگایەکی تەواوی وێنە هونەری‌یەکانی پیاوە مەزنەکانی مێژووی ڕووسیا بە « سەرکردەکانی هێزە نیشتمان‌پەروەرەکانیشمانەوە کە شکۆی هێرشە پیرۆزەکەو بیرەوەری‌یە نەمرەکەی سالی ١٨١٢ ڕازاندوونیەتەوە ، کراوە بە تابلۆ •

پووشکین وا لە ڕابوردووی مێژوویی گەیشتبوو کە ئەو سەربەندەیە هەموو تالەکانی ژیانی هاوچەرخی ئەچێتەوەسەر • بۆیە سەرانسەری ئەو بابەتانەی پووشکین لە کارەکانیدا پێوەیان خەریك بووە ، ڕەنگدانەوەی باری سەردەمی خۆینی • ئەو دەستی بۆ گەشەکردنی مێژوویی ڕووسیاو هەلوێست بەرانبەر بە کولتووری ئەورووپای ڕۆژاواو ، باری ژیانی جووتیاران‌و پێوەندیان بە ڕەسەنزادەکانەوە بردووە • هەموو ئەو بابەتانە بەش‌بەحالی ڕابوردووی مێژوویی ڕووسیا بایەخدار بوون ، بەتایبەتی لە چەرخی پیۆتێری مەزنەوە • لە هەمان‌کاتیشدا بابەتی هەرە توندوتیژی ژیانی ڕووسیای سالانی سی بوون • لە باری سەرنجی پووشکینیشەوە

مێژو بووه به هاوچەرخێتیو هاوچەرخێتی‌یش بووه به مێژوو • ڕۆمانی « یێڤگێنی ئۆنێگین » که پووشکین له ساڵی ۱۸۲۳دا دەستی‌پێ کردووه ، له ساڵی ۱۸۳۰دا که بەشی تایبەتیی دیسەمبەری‌یەکانی نووسیوه ، بووه به ڕۆمانێکی مێژوویی • ئەم گۆڕانەیش بووه به ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی خودی ژیانی ڕووسی لە ساڵانی بیستدا • ڕۆمانەکە گەلێ مەبەستو ئامانجی‌وا دێنێتەئاراوه بتوانن چەند چەرخ بەشێوەیەکی ئورگانی بخەنەیەك : چەرخی پیۆتێری یەکەم ، یێکاتێرینای دووهەم، ساڵی ۱۸۱۲و، ساڵی ۱۸۳۵و ، ماوەی ساڵانی سی ، بۆئەوەی هەموویان بکا بەیەك دیاردەی هونەریی‌وا که یەکتری تەواوبکەن • پووشکین بەوپێ‌یە که نوماینده‌ی ڕاستەقینەی ڕیالیزمی کلاسیکی بووه ، هەوڵی‌داوه تێگەیشتنێکی‌وا لە ژیان بگا تەنها له یەك‌ڕووەوە نەبێ‌و ، لە گەلێنی کۆمەڵە تابلۆیەکی ئەوتۆوه وێنەی بکێشێ کە شتی مێژوویی تێکەڵی شتی شاعیرانەو ڕابووردوو تێکەڵی ئێستا بکا •

تابلۆی ژیانی گەلێ لە گەلەکانی ڕووسیا بەسەر لاپەڕەکانی کارە ئەدەبی‌یەکانی پووشکینەوە چاپ‌بووە • پووشکین وێنەی نەریتی قەرەجەکانو دانیشتووانی چیاکانی قەوقازو دابو سروشتەکانی دانیشتووانی گرووزیای بۆ وێنەکێشاوین •• چیرۆکی « کیژی کاپیتان » سەرەنجامی ئەو گەلانەمان بۆ دەرئەخا که ڕژێمی تساری لە سەردەمی ڕاپەڕینەکەی پووگاچێڤدا ئەیچەوساندنەوە • بیری دۆستایەتی لەنێو گەلاندا یەکێك‌بوو لەو بیرانەی پووشکین خۆی پێ‌یانەوە خەریك‌ئەکرد • پووشکین چاوی بڕیبوە ئەوڕۆژەی – خۆی‌واتەنی – گەلانی « لە خێزانێکی گەورەدا» تێدا «یەك‌بگرن‌و هەموو کینەو ناحەزی‌یەکیان لەبیرچووبێتەوە»• پووشکین وەك شاعیرێکی‌وا ئەیڕوانی‌یە خۆی که کارو بەرهەمەکانی

ڕێگای خۆیانیان بۆ ناو هەموو گەلانی ڕووسیای فرەنەتەوە گرتبێتەبەر •

**هەواڵم بە هەمووولایەکی ڕووسیای بەربڵاودا بڵاوئەبێتەوەو ،**
**هەموو زمانێکی ئەم وڵاتە ناومدێنێ •••**

بێلینسکی پووشکینی ناوناوە « ئەو بلیمەتەی ئەڵقەی بەدەوری هەموو جیهاندا داوە » • پووشکین خۆیشی لە ڕیزە بەرهەمێکیدا ، بە وردی یەکی سەرسام کەر ، پەردەی لە سیمای جیهانی کۆنی گریکی و ڕۆمانی و چەرخەکانی ناوەڕاست و چەرخی ڕاپەڕین و سەدەی هەژدەهەم و چەرخی شۆڕشی فەرەنسە لاداوە •

پووشکین بایەخێکی زۆری بە ژیان و کولتووری گەلە سلاڤی یە لە ڕووسیاوە نزیکەکان داوە • پێوەندی دۆستایەتیی لەگەڵ شاعیری مەزنی پۆلۆنیا ئادەم میتسکێڤیچ بەستبوو ، ئەوەی کەوا بەدەست ڕاوەدوونانی سیستێمی خودسەری نیکۆلاوە دەردو مەینەتێکی زۆری چەشت • پووشکین چەند بڕگەیەکی پۆێمی « کۆنراد ڤالێنرۆد » و چەکامەی « بوودریس و کوڕەکانی » و « ڤۆیێڤۆدا » ی میتسکێڤیچی وەرگێڕاوەتە سەر ڕووسی • بلیمەتیی پووشکین زۆر جوان بەناخی جیهانی ئەدەبی سلاڤیدا چووبووم خوار ، بۆنموونە « گۆرانی یەکانی سلاڤیایی یە ڕۆژاوایی یەکان »• وەك هەموان ئەزانن ، بنەڕەتی زوربەی گۆرانی یەکانی پووشکین چەکامەکانی پرۆسپێر مێریمێن کە بەپێی مۆتیفەکانی فۆلکلۆری سلاڤی نووسراون • پووشکینیش ، وەك میتسکێڤیچ ، چەکامەکانی مێریمێی زۆر لا پەسەندو بەدڵ بوو ، بەڵام ئەم توانی لە وەرگێڕانە ئازادەکەی ئەم چەکامانەی و لە کەڵێنی « ڕەنگی کەسانی تر »ەوە لە ئاوازە فەرەنسایی یەکاندا ، ڕەچەڵەکە سلاڤیایی یەکانی ئەو چەکامانە بدۆزێتەوەو کارێکیوا بکا خوێندەوار بتوانێ هەستیان پێ بکا • لە ڕێگای جۆربەجۆریی خۆ بەشیعرەوە خەریك کردنی

پووشكینەوە ، دەوڵەمەندیی جیهانی گیانیی گەلی ڕووس‌و بیرتیژیی ئـەم گەلەو توانای تێ‌گەیشتنی لە ژیان‌و پێویستی‌یەكانی گەلانی‌ترو بایەخدانی بە چارەنووسی مرۆڤایەتی - دەرئەكەوێ •

پووشكین لەبەر ڕووناكیی بیرە پێشكەوتووەكانی چەرخی خۆیـدا ژیانی ڕووسیاو ژیانی گەلانی‌تـری خستووەتـەڕوو • ئـەو بە شوێـن‌پێی ڕادیشێڤداو بۆ هاوئاوازی لەگەڵ دۆستە دیسەمبەری‌یەكانی ، هەوڵی‌داوە بۆئەوەی بیروباوەڕی ئازادی‌خواو بانگ‌ڕاهێڵی خەبات لەدژی حوكمی خودسەرانەو سیستێمی كۆیلەیی بێنێتە ناو ئەدەبی ڕووسی‌یەوە • ئێمـە ، ئەتوانین پشت بەو بنەڕەتانەی باوەڕی پووشكینیان لەسەر دامەزرابـوو ، بگەینە ئەو ئەنجامە كەوا بیری ئەم شاعیرە بیرێكی مەتریاڵی بووەو بۆچوونی ئەم بیرە مەتریاڵی‌یەیشی ئەگەڕێتەوە سەر ئەو فەلسەفە مەتریاڵی‌یەی لـە سەدەی هەژدەهەمدا باو بوو • شیعری پووشكین ، بەپێچەوانـەی هـیی كەسێـكی - بۆنموونـە - وەك ژووكۆڤسـكی‌یەوە ، هیـچ جـۆرە خەون‌كاری‌یەكی دەستكردو سۆفیەتی‌و نهێنی‌دۆستیی تێدا نەبوە • شیعری پووشكین تێراوی هەستی ڕیالیستی‌یانەیە • پووشكین هەمیشە بە زەوی‌یەوە پێوەند بووە • لە شیعرەكانیدا بە شان‌و باڵی خۆشـیی ژیان‌و كامەرانـی‌و بەختەوەریدا هەڵداوەو ، ئەوە نەبوە تەنها ڕابواردنێكی وشكی هەستی‌یان لێوە تێ‌بگا • خۆشی‌و كامەرانی‌و بەختەوەری لای ئەو ، لە پلەی یەكەمدا ، چالاكیی بیرو ژیانی گیانی‌و كاری بەبەرهەمیان ئەگەیاند • پووشكین لـە چەكامەی « بەستەیەكی باخۆشی »دا ، وەك هێزێكی مەزنی ئادەمیزاد بـە شان‌و باڵی فام‌و وێڵیدا هەڵداوە •

پووشكین یەكێـكە لە مەزنتریـن مرۆڤ پەروەرەكانـی زوو • بایەخدارترین شتێ كە پووشكینی وەك مرۆڤ‌پەروەرێ پێ جوێ ئەكرێتەوە ،

ڕێز گرتنی قووڵەتی لە کەسایەتیو بەهای ئادەمیزاد ، بێ گوێدانە پایەو پلەی کۆمەڵایەتیی ئەو ئەدەمیزادە •

ڕێبازی مرۆڤپەروەرانەی پووشکین لە سنوورێکی دیاریدا بوو ، واتــە لــە ناچارێتیو پێویستیی شۆڕشــی گەلو بەکارهێنانــی زۆری شۆڕشگێڕانە لەدژی گەلچەوسێنەوەکان نەگەیشتبوو • باری ســەرنجی سیاسی‌یشی لەم مەیدانەدا ، لە بیروباوەڕی ڕەسەنزادە بەرچاوڕوونــەکان تێنەپەڕیبوو • بەڵام بیروباوەڕە مرۆیانەکانی لەچاو بارو دۆخی ئەو چەرخە سەختەو ئەو واقیعە دەرەبەگیو کۆیلەیی‌یە بەسامەی کە ئەبوو ئەو لەژێر سایەیدا بژی ، بیروباوەڕێکی پێشکەوتخوازانە بوو • بایەخی مێژوویی کارەکانی پووشکین لەوەدایە کە ئەمیش ، هەروەك دیسەمبەری‌یــەکان ، ڕاستەوخۆ خەڵکی بۆ خەبات لەدژی حوکمی بەربەرەڵــڵا دەنگ ئــەدا • تەنانەت پاش تێکشکانی دیسەمبەری‌یەکانیش بەرهەمەکانی پووشکین هــەر سەرچاوەی بیری ئازادی‌خوازی بوون ، چونکە بیری پووشکین لەبارەی ئازادی‌خوازیو ڕێزلــێ گرتنی بەهــای ئادەمیزادو بانــگ بۆ مرۆڤایەتــی کردنو قەدرزانینی ویژو فامەوە ، لەگەڵ باری دەرەبەگانەو کۆیــلانەی ئەوڕۆژە یەك نەئەکەوت ، بەڵکو ئەیشبدایەدواوە• پووشکین دەست‌نیشانی کردووە کەوا گەورەیی ئەو لە بەرچاوی میللەتدا ، ڕاستوڕەوان لەبەر بەچاوی ڕێزەوە سەیر کردنی ئازادی‌خوازیو مرۆڤپەروەری‌یەتی :

**من تا ماوەیەکی دوور هەر خۆشەویستی گەل ئەبم ،**
**چونکە بە ئاوازی شمشاڵەکەم هەستی چاکەم بێدارکردووەتەوە ،**
**چونکە لەم چەرخە سەختەی خۆمدا ، بە شانوباڵی ئازادیمدا هەڵداوە**
**داوای بەزەیی‌هاتنەوەم بە کەچ‌بەختاندا کردووە •**

گێرتسێن ، کە خۆیشی پاش کوژرانــی دیسەمبەری‌یەکان ئــاڵای

مەسەلەکەی ئەوانی هەڵگرتبوو ، شوێنی مێژوویی پووشکینی لە بەرەوپێش بردنی بیری ئازادیخوازیدا پاش ئەوان ، بەوردی دیاری کردووە • لەبارەی دەستنیشانکردنی باری کۆمەڵایەتیی سەختی پاش ساڵانی سی یەوە نووسیویە : « کۆمەڵە خەڵکێ هەن هەموو هیوایان نەك ، لەسەر دواڕۆژ ، بەڵکو لەسەر گەڕانەوە بۆ ڕابووردوو بنیاتناوە • کەسانێکی کەیش هەن لە دواڕۆژدا تەنها کلۆڵیو شوومی بەدی ئەکەن • تەمێکی تاریکی خەفەتو خەم دەوارای بەسەر دڵو دەروونی هەموو خەڵکدا هەڵداوە • لە گۆرانی یە بەرفراوانو بولبولئاساکانی پووشکین بەولاوە هیچی تر نەماوە لە بیابانی کۆیلەیی و ئازاردا دەنگ بداتەوە • گۆرانی یەکانی پووشکین شوێن پێی ڕابووردوویان هەڵگرتووەو ئێستایان لە ئاوازی مەردایەتیو سەربەرزی پڕکردووەو دەنگی خۆیانیان گەیاندووەتە دواڕۆژی دوور » • شیعری سیاسیی پووشکین ، تەنانەت پاش مەرگی خۆیشی ، کاری خۆی هەر ئەکرد • ئیلهامبەخشی گەلێ لە ئازادیخوازانی ڕووسی لە چەشنی ئۆگاریۆفو گێرتسێنو شوێنکەوتووەکانی پێتراشێفسکی بوو •

پووشکین یەکێ بوو لە بەرچاوڕوونکەرەوەکان • ئەو بەگەرم داکۆکیی لە بەرچاوڕوونکردنەوە ئەکرد ، نەك هەر بە مەعنای گەشەپێدانی کولتوورو بەربڵاو کردنی پێخوێندنی گەلو ئیتر بەس ، بەڵکو گەشە پێدانی بەرچاوڕوونکردنەوەی بە یەکێ لە بایەخدارترین ڕێگا پێویستەکانی هێنانەدیی ئازادیی گەلیش ئەزانی • ئا ئەمەو هەر ئەمە بوو ئەوی لە ڕەسەنزادە بەرچاوڕوونەکانی تری وەك ڤیازێمسکی جوێ ئەکردەوە •

خەبات بۆ گەشەپێدانی کولتووری نەتەوەییو فرازیپێکردنی

بزووتنەوەی بێ‌خوێندن لەناو هەموو گەلدا ، بەش‌بەحاڵی پووشکین ، وەك زوربەی دیسەمبەری‌یەکان ، واتاو بەهایەکی سیاسیی ئازادی‌خوازانەی وەرگرتبوو • لە باری سەرنجی پووشکینەوە گەشەپێ‌دانی بێ‌خوێندنو کولتوور کارێ بوو ئەوەی لەباردا بێ بە ناچاری بکێشێتەوە بۆ هێنانەدیی ئازادی بۆ هەموو گەل ، واتە بەر لە هەرچی بکێشێتەوە بۆ ڕووخانی سیستێمی زەوی‌بەندەیی • بێ‌گومان ئەمە تارادەیەك یەکێ بوو لە دیمەنەکانی ئەو خەیاڵە بێ‌بنەڕەتانەی لە کەللەی ئەم شاعیرە مەزنەدا بوون • بەڵام ئەو بەتەواوی لەوەدا لەسەر هەقو ڕاستی بوو کە ئەم واتا ئازادی‌خوازی‌یەی ئەدا بە مەسەلەی گەشەپێ‌دانی بێ‌خوێندنو کولتووری نەتەوەیی لە ڕووسیای کەوتووە ژێرباری سیستێمی زەوی‌بەندەیی چەرخی نیکۆلای یەکەمدا ، نەك ئەو مەبەستە بێ‌دەرەتانو کولتووری‌یە تەسکەی پاشان لەلایەن هەموو دەستەو تاقمە جۆربەجۆرە لیبراڵی‌یەکانەوە کرایە بەری مەسەلەی بێ‌خوێندنی گەل • لینین کە لە بارو دۆخێکی مێژوویی نوێدا لەدژی ڕێبازی لیبراڵیی نیمچەبۆرژواو نیمچەدەرەبەگ تێ‌ئەکۆشا ، نووسیویە : « تا خوێندن لەناو ڕیزەکانی گەلدا زۆرتر بڵاوبێتەوە ، ڕۆژی سەرکەوتنی پرۆلیتاریا نزیکتر ئەکەوێتەوە(*) » •

لێکۆڵینەوە ئەدەبی‌یە لیبراڵی‌یە نیمچەدەرەبەگی‌یە نیمچەبۆرژواکان پتر لە جارێ هەوڵیان‌داوە پووشکین وا بخەنەڕوو کەوا گوایە « ڕۆژاوایی مەشرەب » بووەو ، ویستوویانە هەڵسووڕانی وا بدەنەقەڵەم کەوا خەباتە لەپێناوی ئەورووپایی‌یانەکردنی ژیانو ئەدەبی ڕووسدا • ئەمە یەکێك بووە لەو هەوڵو تەقەلایانەی دراون بۆ ئاوەژووکردنی سیماو بایەخی مێژوویی پووشکینو بۆ جوێ‌کردنەوەو تەریك‌خستنی ئەم شاعیرە مەزنەی ڕووسیا

(*) ف • ئی • لینین : سەرجەمی بەرهەمەکانی ، بەرگی چوارەم ، چاپی سێهەم ، ل ٣٥٤ ( بە ڕووسی ) •

لەو زەمینە نەتەوەیی و نیشتمانی یەی کە شاکارە ئەدەبی یەکانی تیدا پێگەیشتوون و نەش و نومایان تێدا کردووە • بەڵێ، پووشکین لای وابووە ڕێگای مێژوویی گەشەپێدانی کولتووری ڕووس لەو ڕێگایە ئەچێ کە ئەورووپا گرتیەبەر ، بەڵام مەبەستی لەوە تەنها ئەوە بووە ئەبێ سیستێمی دەرەبەگی و زەوی بەندەیی لە ڕووسیا هەڵوەشێنرێتەوە • لەگەڵ ئەوەیشدا پووشکین پتر لە جارێ ئیشارەتی بۆ تایبەتێتیی ڕێگای مێژوویی ڕووسیا کردووە • پووشکین کە دەمەتەقێی لەگەڵ ن • پۆلێڤۆی کردووە کە ئەیویست «دەسکاریی ڕێگای مێژوونووسە نوێکان بکا تا بۆ ڕووسیایش دەستبدا»، نووسیویە : « مێژووی ڕووسیا پێویستی بە جۆرە بیرێکی‌تر و بە شێوەیەکی‌تری جیا لەو بیرو شێوەیەیە کە گیزۆت لە مێژووی ڕۆژاوای مەسیحیی هەڵئەهێنجێ » •

پووشکینیش ، هەروەك برادەرە دیسەمبەری یەکانی ، بە چاوی سووکەوە ڕوانیویەتیە کۆزمۆپۆلیتیزمی ئەریستۆکراتە ڕەسەنزادەکان و ، لەدژی «گیانی چەپەڵ»ی «چاولێ کەریی کوێرانەو بێ ناوك و سەرشۆڕانە»ی کۆمەڵەی ئەو ڕەسەنزادانە تێکۆشاوە کە هەر ئەوەندە شتێ هیی بێگانە بوایە ، چاویان لێ ئەکردو لاسایی یان ئەکردەوە •

ڤ • ئی • لینین کە لە دەوری چین و کۆمەڵە جیاجیاکان لە گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادی‌خوای ڕووسیادا کۆڵیوەتەوە، نووسیویە : « لە چەرخی زەوی بەندەیی ( ۱۸۲۷ - ۱۸٤٦ )دا دەسەڵاتی بەرەڵلاو بێ‌سنوور بەدەست چینی ڕەسەنزادەکانەوە بوو • ئەم چەرخە لە دیسەمبەری یەکانەوە دەست پێ ئەکاو بە گیرتسێن دوایی دێ • ڕووسیا لە چەرخی زەوی بەندەییدا سەربڕاوو ئیفلیج بوو • دەنگی بێزاری تەنها لەلایەن کەمێکی ناچیزی بێ‌دەسەڵات و لە پشتگیریی گەل - بێ‌بەشی

ڕەسەنزادەکانەوە نەبێ ، دەرنەئەچوو • بەڵام پیاوەباشەکانی ناو ڕەسەنزادەکان توانییان گەل وریاکەنەوە (*) » •

پووشکین ئەچێتەوە سەر ئەم پیاوە باشانە • شیعری پووشکین توانی گەل وشیارکاتەوەو ئاگری خەباتی لەپێناوی ئازادیدا - تیژ بکا •

هێزی ڕەوشتو بەپێزیو دڵگریی شەخسیەتی پووشکین بەئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە • چێرنیشێفسکی لەبارەی پووشکینەوە نووسیویە ، ئەڵێ : « بزێوی ، گەرمی ، هەست ، توانای سۆزنواندنو سۆزبزواندن ، تینی دڵی تینووی خۆشەویستیو دۆستایەتیو توانای بەسران بە مرۆوە بە هەموو هێزێکی گیان ، سروشتێکی بورکاناوییوا خەڵك بانگ کا بۆ ڕووکردنە ژینو کۆمەڵو هەرچی خۆشی هەیە لە ژیاندا ، ڕەوشتساغییەکی ئەوتۆ تێریو ڕازاوەیی بەسەر هەموو گفتو ئارەزوویەکدا بڕێژێو هەرچی شتێکی ناساغو نەخۆشانە هەیە تەنانەت لە هەڵوێستە زۆر لاپەڕگرتووەکانیشی لابداو نەهێڵێو هەرچی شتی بەزۆردروست کراوو ناعادەتی‌یە تەنانەت لە ئارەزووبازی‌یە زۆرەکانی سەردەمی منالیشی ، هەمووی وەلاخا ، ڕەوشتساغییەکی ئەوتۆ کە سەرەنجام هەرچی حەزێکی یەکسەرەی تێدا بووبێ هەمووی بەزاندبێ - ئەمانە هەموو سیمایەکی ڕوونو ئاشکران لای هەرکەس شیعری پووشکین بخوێنێتەوەو لای هەرکەس تەنانەت شتێکی زۆر سادەیشی لەبارەی ژیانی پووشکینەوە بەخەیاڵدابێ » •

ئە • م • گۆرکی‌یش ئیشارەتی بۆ ئەوە کردووە کەوا « ئەوەی کارەکانی پووشکین ئەخوێنێتەوە تێکەڵی‌یەکی جوانی بابەتی دڵو بابەتی

---

(*) ف • ئی • لینین : سەرجەمی بەرهەمەکانی ، بەرگی شازدەهەم ، چاپی سێهەم ، ل ٥٧٥ ( بە ڕووسی ) •

مێشك ، هیی خۆشویستنێکی دڵڕفێنی ژیانو تاوانبارکردنێکی توندوتیژی هەرچی شتێکی هیچوپووچ هەیە لە ژیاندا ـ هەستپێئەکا » • ناسکیی پڕسۆزی کارەکانی پووشکین لە پێکەنینێکی بە مەبەستی گاڵتەپێکردن ناترسێ • بەکورتی پووشکین ، سەرتاپای ، موعجیزەیە » •

پووشکین لە لیریکەکانیدا ئازادیخوازیو هەستی نیشتمانپەروەریی خۆیو ، باوەڕی بە دواڕۆژی نیشتمانو ، ئازارو ژانە تاڵو سەختەکانی ژیانیو ، باری سەرنجی بۆ ئەدەبو هونەرو ، نموونەی بەرزی مرۆی ڕێکوپێكو ، پاش هەموو ئەمانەیش بیروباوەڕی خۆیی لەبارەی دۆستایەتیو خۆشەویستییەوە ـ دەربڕیوە •

بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « هەستی پووشکین هەمیشە شتێکی بەتایبەتی ڕەسەن ، هێدی ، ناسك ، بۆنخۆشو شۆخی تێدایە • تۆ کە بەرهەمەکانی پووشکین ئەخوێنیتەوە ، ئەتوانی لەم ڕووەوە لە دەروونی خۆتدا مرۆ پەروەردەبکەی • ئەمجۆرە خوێندنەوەیە بەتایبەتی بۆ لاوانی لە چەشنی ئەو خۆی ، زۆر بەبایەخە • هیچ شاعیرێکی ڕووس ناتوانێ وەك پووشکین لاوان پەروەردەبکاو هەستی لاوانەیان پاگژبکاتەوە •یەکێ لە نیشانە تایبەتییەکانی شیعری پووشکین ئەوەیە کە ئەتوانێ هەست بە شتی جوانو مرۆیانە ، پڕبەپێستی مەبەستی وشەی « مرۆیانە » لە واتای ڕێزلێگرتنی بەهرەی مرۆ وەك مرۆ ، لە دەروونی خەڵکدا گەشەپێبدا» •

ئەو وێنانەی سروشت کە پووشکین کێشاونی ، سەرەڕای شاعیرانەییان ، سادەییەکی بێهاوتایشیان تێدایە • پووشکین بە نووکە شاپەڕی شیعری خۆی گەلێ تابلۆی جوانی بۆ سروشتی قەوقازو کریمو دیمەنە سروشتییە جوانەکانی ئۆکراینا کێشاوە •

پووشکین بە سۆزێکی بەتینو تایبەتییەوە سروشتی ڕووسیاو دیمەنە

سروشتی یەکانی لادێی ڕووسیای وێنەکێشاوە • هاوین‌و پایـز ، زستان‌و بەهار ، هەرکام لەمانە نیگارکێشێکی وردو خاوەن‌شاکاری لە پووشکیندا دەسگیر بووە •

پووشکین یەکێکە لە باڵاترین هونەرمەندەکانی وشە • هەروەها لە ڕووی باری سەرنجیشیەوە دەربـارەی هونەر مرۆیـەکی پێشکەوتخواز بووە • پووشکین لای‌وایە پێویستە لەسەر هونەر باری ڕاستەقینەی ژیان بخاتەڕوو • ئەیشبێ نەتەوەپەروەر بێ‌و خۆراکی لە خاکی نیشتمانەکەی وەرگرێ‌و پێوەندێکی زگماکیی قووڵی بە شاکارەکانی شـیعری گەلەوە هەبـێ •

پاش مەرگی پووشکین ڕەخنەی ستاتیکیی دەرەبەگی ویستی پووشکین وا بداتەقەڵەم کەوا گوایە لایەنگری « هونەر بۆ هونەر »ەو گوێ بـۆ داخوازی‌و پێویستی‌یەکانی ژیانـی کۆمـەڵایەتی شل‌نـاکاو لایەنـگری هونەری ئایدیالی‌یە •

تەقەلای بەساختەدەرکردنی کەلەپووری پووشـکین‌و بەربەرەکانێ کردنی بە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی گۆگۆل ، تەقەلایەکی پووچ‌و بێ‌بەر بوو • هەرچی بەرهـەم‌و بیری پووشـکین هەیە دەربارەی ئەرکەکانـی سەرشانی شیعر ، هەموو باسی ئەوە ئەکەن کـە ئەو داکۆکیی لـەو ڕایانە کردووە کە ئەڵێن هونەرو ئەدەب ئەبێ لە خزمەتی کۆمەڵدا بن • شاعیر ئەبێ وەکوو پێغەمبەر بەکردەوە گڕبەربداتە دڵی خەڵك • پووشکین کـە داوای لە ئەدیبی خاوەن‌شاکار ئەکرد لەڕووی هونەری‌یەوە تەواو بـێ‌و ئەوەی ئەخستە ئەستۆی خۆیشی کە هونەرمەندێـکی تا ڕادەی ئەوپـەڕ باڵادەس بێ ، لایشی‌وابوو کە بیرو ڕایە « ژیانی ڕاستەقینە » ئەکا بەبەری کاری ئەدەبیدا •

پووشکین لە یەکێ لە سەرنجە ڕەخنەکاری یەکانیدا ، لە کەلێنی نموونەهێنانەوەوە بە دوان لە شاعیرە فەرەنسەیی یە کۆنەکان ، زیانی ڕێبازی دیمەن پەرستیو هەژاریی ئایدیۆلۆژیی کاری هونەریی خستووەتە بەرچاو • پووشکین لەم مەیدانەدا نووسیویە ئەڵێ : « ئیتر وا ئێستا پەردەی لەبیرچوونەوە بەسەر مالێربدا دراوە ، وەك چۆن بەسەر ڕۆنساریشدا دراوە • ئەم دوو خاوەن بەهرەیە هەرچی هێزیان هەبوو هەموویان لە خەباتدا بۆ ڕێکیو ڕازاندنەوەی هۆنراوە دانا • ئەمە سەرەنجامی هەموو ئەو بنووساتەیە کە زیاتر لەوەی بایەخ بە بیر بدەن کە ژیانی ڕاستەقینەی زمانە ، بایەخ بە میکانیزمی زمان ئەدەن » • تێراوبوونی ئەدەبی ڕووسیی سەدەی نۆزدەهەم بە بەهای ئایدیۆلۆژی ، وەك نەریتێك لە پووشکینو دیسەمبەری یەکانو ڕادیشێڤەوە دەست پێ ئەکا •

پووشکین داوای لە شاعیرو هونەرمەندان کردووە کەوا کارەکانیان سادەو ڕوونو شێوەگونجاو بن چونکە ئەمشتانە داخوازیی سەرەکیی هونەرن • پووشکین بۆ یەکێ لە دۆستانی نووسیوە ئەڵێ : « لەبارەی زمانیشەوە ، ئەوە تا سادەتر بێ باشترە • شتی بایەخدارو سەرەکی بریتی یە لە ڕاستیو ڕاستگۆیی » • نیشانەی ڕاستەقینەی کاری هونەریشی لە « دروستیی بیرو ڕاستیی هەستو وردیی دەربڕینو چەشو ڕۆشنیو هێزی دارشتن »دا بەدی کردووە • کاری هونەری نابێ « هیچ شتێکی سەرلێدەرنەچوو و مەتەڵشێوەو ناپێویستو باسی ساختەو هەستی بەزۆر دروستکراو »ی تێدابێ • ڕاستەکەیشی کارەکانی پووشکین خۆی ئەم مەرجانەیان تێدا هاتوەتەدی کە باسی کردوون •

بێلینسکی پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کەوا بایەخدارترین شتێ شیعری پووشکینی پێ هەڵاوێردرێ لە شیعری کەسانیتر ، پڕمانایی و پێکەڵیو

سفتیو پتەویـی داڕشتنە • لە سەنـگو تەرازووی شـیعردا ، شـیعری پووشکین بەم نیشانانەدا لە شیعری شاعیرانی قوتابخانە پێشینەکان بەسەنگتر بووە • تۆ هەرگیز لە شیعری پووشکیندا شتێکی زیاد لە پێویست بەدی ناکەی • هەموو شتێ لە چوارچێوەی سنووری خۆیو لە شوێنی خۆیدایە • سەرەنجامو سەرەتا پێکەوە گونجاوو جۆرن • تۆ کە پارچەیەك شیعری پووشکین ئەخوێنیتەوە ، وا هەستئەکەی لەتوانادا نی‌یە شتێکی بخەیتە سەر یا شتێکی لێ لابەری •

بێلینسکی هەروەها « وردیی هونەریشی خستووەتە پاڵ ئەو کۆمەڵە نیشانانەی خاسیەتی شیعری پووشکینن • گۆگۆلیش بەش‌بەحاڵی خۆی لە مەیدانی دەست‌نیشان‌کردنی لیریکی پووشکیندا باسی سادەیی هونەریو توندیی شێوەی کردووە : « لێرەدا شیعری ڕووت هەیە • هیچ هێمایەك بۆ شتێکی دەرەکی نی‌یە • هەرچی هەیە سادەو چاکە • هەموو شتێك پڕە لە ڕازاوەیی ناوخۆ • ئەو ڕازاوەیی‌یە ناوخۆیی‌یەیش لەپڕ دیاری‌نادا • هەرچی ئەگری تا ڕادەیەکی زۆر کورتو پوختە ، وەك شیعر کە هەمیشە هەر وا ئەبێ • وشەکان زۆر نین ، بەڵام ئەوەندە وردن هەموو ئەو واتایە ئـەدەن بەدەسـتەوە کە بـۆی خراونەتـەکار • هەر وشەیـەك بـگری قووڵایی‌یەکی بێ‌بڕانەوەو دەرەتانێکی ئەوتۆی هەیە کەس پەیی‌پێ‌نابا ، وەك شاعیر خۆی » • پووشکین هەتاهەتایە مامۆستایەکی مەزنو نموونەی ناو مامۆستایانی شیعرەو ، یەکێکە لە فێرکەرانی هونەری ناوەرۆك‌قووڵو دەوڵەمەندو ، شۆخیو جوانی لێشاوکردوو •

پووشکین بنیاتنەری ڕیالیزمە لە ئەدەبی سەدەی نۆزدەهەمدا • وێنەی ژیانی ڕووسیای بەدرێژایی کاری گەشەکردنی بەردەوامی لـە کارەکانیدا کێشاوە • ئەو وێنەیەی واقیع کە پووشکین ئەیکێشێ ، ژیانی

گەلمان لە کەلێنی تایبەتێتیی مێژوویی‌و نەتەوەیی‌یەوە ئەخاتە بەردەست • کە وێنەی واقیعی ژیان ئەکێشێ ، بایەخێکی تایبەتی بەو پێوەندە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یانەی ژیان ئەدا کە لەو سەردەمەدا لەناو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵدا باوبوون • پێوەندی ژیان‌و ڕەوشتی خەڵکی بە پێوەندێکی ئێجگار بەتینەوە لەگەڵ داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتی‌و پەروەرشت‌و ، وەك بەم داب‌و نەریت‌و پەروەرشتەو بەکێشەی بیرەوە بەسرابن ، وا پیشان‌داوە• پووشکین لە نموونەکانی قارەمانەکانیدا نیشانە عادەتی‌یەکانیان ئەخاتەڕوو • ڕیالیزمی پووشکین لە دواقۆناغی ژیانی هونەریدا ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی ئەگرێتەخۆی‌و پووشکین زۆر لەو بیرە نزیك‌ئەکەوێتەوە کە ئەڵێ بـاری ژیانی ڕووسیای سەردەمی ئەو بەدەست گەلێ ناکۆکیی توندوتیژی نێوان چینی فەرمانڕەوای ڕەسەنزادەکان‌و چینی جووتیارە بەکۆیلەکراوەکانەوە ئەیناڵانـد •

شیعری پووشکین پێوەندێکی پتەوی بە فۆلکلۆرەوە هەیە • هەروەها پڕیشە لە بابەتەکانی شیعری میللی • لە شیعری پووشکیندا « جارێکیان بەدمەستیی نەترسانەو جارێکی کە بەزارە ڕەنگی‌داوەتەوە » کە هەردوکیان بە ڕای ئەو خۆی دوو نیشانـەی سەرەکیی شیعری میللین • پووشـکین زۆر بەرز شاکاری میللی‌و گۆرانی‌و شیعرو ڕازو پەندی پێشینانی ڕووسیی هەڵسەنگاندووە • جارێکیان بەسەرسووڕمانەوە لەبارەی پەندی پێشینانەوە وتوویە : « چۆن شان‌و شکۆیەك ! چۆن واتایەك ! چۆن ناوەرۆکێك لـە هەر پەندێکی پێشینانماندا هەیە ! ئـای چۆن زێڕێـکە ! » • پووشـکین شاعیرو بنووسەکانی بانگ‌ئەکرد کە خەریکی لێکۆڵینـەوەی فۆلکلۆرو ، زمانی شیعری میللی بن • جیهانی ڕازی ڕووسی زۆر بە بەرفراوانی لـە شاکارەکانی پووشکیندا ڕەنگی‌داوەتەوە ، وەك لە ڕازی « لەبارەی ماسی‌و ماسیگرەوە »و « لەبارەی تسار ساڵتانەوە »و « لەبارەی قەشەو خزمەتکارە

نەفامەکەیەوە »دا . لە هەموو ئەم ڕازانەدا وێڵو کەماڵی گەلو بۆچوونی
لەبارەی سروشتو چاکەو خراپەوە کەوتووەتەڕوو . بە قسەی ئە . م .
گۆرکی « پووشکین یەکەمین بنووسی ڕووسە سەرنجی خەڵکی بۆ لای
شاکاری میللی ڕاکێشابێو خستبێتیە ناو ئەدەبەوە ، بێ ئەوەی بیشێوێنێ ».

بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « پووشکین ڕاستکەرەوەیەکی مەزنی
ئەدەبی ڕووسی یە » . پووشکین کە بەڕوونی لە ئاسۆی مێژوویی
گەشەکردنی ئەدەبی ڕووسی گەیشتووە ، توانیویە بە شێوەیەکی
دروستکەرانە هەموو جۆرێکی ئەم ئەدەبە ڕێك بخاتەوە . ئەو بوو ڕۆمانی
ڕیالیستیی داهێناو لە کەلێنی ئەم جۆرە ڕۆمانەوە وێنەیەکی ڕاستی قووڵو
پڕواتای ژیانی کێشا . پێڕەوە سەرەکی یەکانی پووشکین لە ڕۆمانی
« یێڤگێنی ئۆنێگین »دا لە هەر بەرهەمێکی تری ڕۆشنتر خراوەتەڕوو .
پووشکین توانیویە درامای ڕووسی لەو بنەڕەتە کلاسیکی یانەی ڕزگاربکا
کە کۆتیان کردبوو . هەروەها توانیویە وێنەگرتنی سەرەنجامە گەلی یەکان
بە شێوەیەکی ڕیالیستانە بخاتە ناو بنەڕەتی ئەرکەکانی سەرشانی دراما .
هەر ئەویش بوو بنەمای پەخشانی ڕووسیی داناو ، ئەو زمانە کورتە،
پوختە ، ڕوونە ، بێڕووکەشی ڕەوانبێژیو وەسفکردنەی بۆ پێکەوەنا .
پووشکین جارێکیان بەبۆنەی قسەکردنەوە لە « چیرۆکەکانی بێلکین ،
نووسیویە ئەڵێ : « ئەبێ چیرۆك بەشێوەیەکی سادەو کورتو ڕوون
بنووسرێ » . چاکەی دەستکردن بە نووسینی ڕۆمانی مێژوویی ڕووسی
لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەگەڕێتەوە بۆ پووشکین . پووشکین لای وابووە
ئەرکی سەرەکیی سەرشانی ڕۆمانی مێژوویی بەکورتی بریتی یە لە
« زیاندنەوەی چەرخە ڕابووردووەکان بە هەموو ئەو ڕاستی یەوە کە
تیایاندایە » . سەنگو تەرازووی ڕاستیی مێژوویی بەلای پووشکینەوە
شتێکی بنەڕەتیو هەمووشتوەلاخەر بوو . پێویست بوو لەسەر پووشکین کە

وێنەی شەخسیەتێکی مێژوویی دروست‌ئەکاتەوە ، لە کەلێنی ئەو دروست کردنەوەوە گەشەیشی پێ‌بداو پەردە لەڕووی سروشتی تایبەتیی ئەو شەخسیەتە لابدا بەوپێیە کە دەربڕی چەرخی خۆیەتی . هەروەها پێویست‌بوو لەسەری دەوری مێژوویشی دەرخا .

هۆنراوەی هونەریی پووشکین شۆڕشێکی ڕاستەقینەی لە شیعری ڕووسیدا بەرپاکرد . بێلینسکی ڕۆژێ‌لەڕۆژان سەرسامیی خۆی لە هۆنراوەی پووشکین دەربڕیوەو وتوویە : « هۆنراوەیەکی چەند سەیرە ! هارمۆنیی گریکی‌و سادەیی توندو ئاوازی دڵڕفێنی قافیەی ڕۆمانتیکیی تێدا تێکەڵی یەك بووە . هەرچی دەوڵەمەندی‌و هێزی زمانی ڕووسی‌یە بە تێری‌یەکی سەرسام‌کەرەوە ڕەنگی تێدا داوەتەوە » .

وەنەبێ کارە هونەری‌یە مەزنەکانی پووشکین تەنها بەهرەی بلیمەتی‌و کولتووری قووڵی‌و بەپیتیی لە ژیان شارەزایەتی‌یەکەی بووبن‌و بەس،بەڵکو هەروەها بەهرەی تەقەلای بێ‌وچانیشینی . لیف تۆڵستۆی جارێکیان ئیشارەتێکی ڕاستی بۆ ئەمە کردووەو نووسیویە : « سرووش [ واتە : ئیلهامی شیعر - و . ك . ] تا ڕووتر بێ ، هەوڵدانی زۆرتری پێ‌ئەوێ بۆ داڕشتنی . ئێمە شیعری‌وای پووشکین ئەخوێنینەوە ئەوەندە سادەو تەختە وامان بەبیردا دێ هەر بەئامادەیی بەوجۆرە بۆی‌هاتووە ، بەڵام نازانین ئەو چەندی ڕەنج‌داوە تا شیعرەکەی بەو سادەیی‌و تەختی‌یە بووە ». پووشکین قەدری « ئەو تەقەلا بێ‌وچانە » ی زانیوە کە « بێ ئەو هیچ شتێکی بەڕاستی مەزن دەسگیر نابێ »و سەنگی خۆی داوەتێ . ڤیازێمسکی جارێکیان لەبارەی پووشکینەوە وتوویە : «کاری بەلاوە شتێکی پیرۆز بوو».

پووشکین وەنەبێ هەر ئەوکەسە بێ کە ئەدەبی ڕووسیی نوێی داهێناو ئیتر بەس ، بەڵکو دروست‌کەری زمانی ئەدەبیی ڕووسیشە .

زمانی ڕووسیی میللیی زۆر بەزۆری بەکارهێناوەو « دیالێکتی سادەی میللی » ی لە زمانی کۆمەڵەی خوێندەوار نزیك خستووەتەوە• زمانی ئەدەبیی ڕووسی ، هەر لە سەردەمی پووشکینەوە ، بە زمانی ژیانی ڕۆژانەی گەل موتوربەکراوە• لە سەرنجێکی گۆرکییەوە وا دەرئەکەوێ کەوا پووشکین یەکەم کەسە ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەبێ چۆن کەڵك لەو کەرەستە زمانییە وەربگیرێ کە گەل بەکاری ئەهێنێو چۆن ئەبێ خەریکی بن و گەشەی پێبدەن • لە سایەی زمانی پووشکینەوە بوو سەنگو ترازووی نەتەوەییی گشتیی زمانی ئەدەبیی ڕووسی بەشێوەیەکی ورد دیاری کرا • پووشکین بوو ئەو زمانە بەهێزو مەزنەی داهێنا کە ف• ئی• لینین حەزی لێ ئەکردو پێی خۆش بوو •

پووشکین ، لەو هونەرە بێهاوتایەدا کە بەتایبەتی بۆ ڕیالیزمی کلاسیکیی خۆدروست کردووی داهێنابوو ، هەموو ئەو دەستکەوتانەی خڕکردەوە کە ئەدەبی ڕووسو جیهان دەستیان خستبوو و گەشەیشی پێدان •

پووشکین میراتگرو ئەنجامخڕکەرەوەی هەرچی شتێکی گرانبەهایە لە سەدەی هەژدەهەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا داهێنراوە • بێلینسکی لەمڕووەوە ئەڵێ : « پێشینانی پووشکین ئەگەر لەگەڵ ئەمیان بەراوردبکەین ، وەك ئەو جۆگەو چەمو زێیانە دێنەبەرچاو بەراوردیان لەگەڵ دەریایەك بکرێ کە لە تێڕژانی ئەوان خۆراك وەربگرێ » • شیعری پووشکین ، لەچاو هەموو ئەدەبی ڕووسیی پاش خۆیدا ، وەك کانیاوێکی خاوێنی ئەوتۆ وایە هەرگیز وشکاوی نەیەت • پووشکین سەرچاوەی گوزمی پڕو بەهێزی هەموو ئەدەبی ڕووسیی پاش خۆیەتی • پووشکین ئەوکەسەیە ئەدەبی ڕووسیی نوێی داهێنا • زوربەی

بوسانی ڕووسی سەدەی نۆزدەهەم کارتێ‌کردنی سەمەربەخشی ئەویان لەخۆیاندا تاقی‌کردووەتەوە • لە ژیانی پووشکین خۆیدا کۆمەڵەیەکی تەواو **لە** شاعیرانی خاوەن‌بەهرەی ساڵانی بیست‌و سیی وەك بۆراتینسکی‌و ڕیلییێف‌و یازیکۆڤ‌و ڤێنێڤیتینۆڤ‌و دێلڤیگ لەدەوری خڕبووبوونەوە• زۆر لەوانە باش لە بایەخی پووشکین گەیشتبوون‌و بەوچاوە سەیریان‌ئەکرد کە دەربڕی بلیمەتی هێزە گیانی‌یەکانی ڕووسیایەو ئەو شاعیرەیە کە کارەکانی ناووبانگ‌و شان‌وشکۆیان بۆ نیشتمان پەیدا کردووە • بۆراتینسکی بەم‌هاوارە هاواری‌کردووەتە پووشکین‌و ڕووی دەمی تێ‌کردووە : «پلەی ئەدەبی ڕووس لەناو ئەدەبی هەموو گەلاندا بگەیێنەرە ئەو پلەیەی پێوتێری مەزن ڕووسیای لەناو هەموو دەوڵەتاندا گەیاندێ » •

ڕاستیی ژیانی‌یانەو قووڵی شاکارەکانی گۆگۆل‌و بلیمەتیی نارەزایی دەربڕینی لێرمۆنتۆف لە قوتابخانەی ڕیالیستانەی پووشکین دەرچوون • گۆگۆل‌و لێرمۆنتۆف هەردوکیان بە جێ‌نشینی ڕاستەوخۆی پووشکین‌و درێژەپێ‌دەری جووڵانەوە بەگوێرەی داب‌ونەریتی ئەو دائەنرێن • گۆگۆل وتوویە : « هەرچی‌یەکی چاکم هەبێ ، قەرزاری ئەو [ واتە قەرزاری پووشکین ـ و • ك • ] م تێیدا » • توورگێنێف‌و گۆنچارۆف‌و ئۆستڕۆڤسکی‌و نێکراسۆف‌و تۆلستۆی‌و چێخۆف‌و گۆرکی‌و مایاکۆڤسکی، ئەمانە هەموو هەستیان بە کارتێ‌کردنی مەزنی داب‌ونەریتی پووشکین کردووە لەخۆیاندا •

توورگێنێف وا باسی خۆی ئەکا کە « لە بەرمەمکانەوە » قوتابیی پووشکینە• لێف تۆلستۆیش لە نامەیەکیدا کە لە نیسانی ١٨٧٣ دا بۆ پ• د • گۆلۆخفاستۆڤی نووسیوە هەستی بەوە کردووە کە بەخشانی پووشکین کارێکی چەند چاکی تێ‌کردووە • ئەوەتە لەم نامەیەدا ئەڵێ : « لەمێژە

پەخشانی پووشکینت نەخوێندووەتەوە ؟ بەناوی دۆستایەتی‌یەوە تکات لێ ئەکەم سەرەتا هەموو چیرۆکەکانی بێلکین بخوێنیتەوە • پێویستە لەسەر هەموو ئەدیبێ لێیان بکۆڵێتەوەو بکۆڵێتەوە • من تەنها چەند ڕۆژێکە خوێندوومنەتەوە • ناتوانم بۆت باس‌بکەم ئەم خوێندنەوەیە کارێکی چەند سوودمەندی کردە دەروونم » •

گۆرکی کاریگەریی پووشکین لەم سەرنجەیدا دەرئەخا ئەڵێ : « ( قزی قەرە )و ( دووبرۆڤسکی )و ( چاوەشی ئیسگە )و ئەوانەی کە بناغەی پەخشانی نوێی ڕووسی‌یان دانا » •

پووشکین کارێکی گەورەی کردووەتە ژیانی شاکارنووسیی تەنانەت گەلەکانی‌تری ڕووسیایش • شاعیری ئۆکراینایی شێڤچێنکۆو نوێنەرانی سەربەدەرەوەبووی ئەدەبی گروزیای وەك چاڤچاڤادزێو تسێرێتێلیو تووکایی بناغەدانەری ئەدەبی تاتاریو زۆری کەی‌تریش هەموو کارتێ‌کردنی سەمەربەخشی ئەدەبی پووشکینیان لەخۆیاندا تاقی‌کردووەتەوە •

ڕەخنەگرە شۆڕشگێڕە دیموکراتە ڕووسە مەزنەکانی وەك بێلینسکیو چێرنیشێڤسکیو دۆبرۆلیووبۆف بە قووڵیو وردی‌یەکی زۆرەوە گەوهەری ئەدەبی پووشکینو بایەخی‌یان بۆ ئەدەبی ڕووسیو گەشەکردنی دەروونیی ڕووسیا دەربڕیوە • بێلینسکی لە وتارە بەناووبانگەکانیدا لەبارەی پووشکینەوە ، لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕێبازی شاکارنووسیی پووشکینو خاسیەتەکانی ئەدەبی پووشکینی پێشکەش‌کردووە • لیڤ تۆلستۆی کە لە خوێندنەوەی وتارەکانی بێلینسکی بووەتەوە ، لە دەفتەری یادداشتە ڕۆژانەکانیدا نووسیویە : «بەڕاستی جوانە ! ئا ئێستا لە پووشکین ئەگەم!» •

چێرنیشێڤسکی‌یش نووسیویه : پووشکین « یەکەم کەسە پلەی ئەدەبی لای ئێمە بەرزکردەوەو گەیاندیە پلەی مەسەلە نەتەوەیی‌یەکان ، کەچی لەوەپێش ، وەك یەکێك لە گۆڤارەکان نووسیبووی ، « هۆیەکی خۆش‌و سوودمەندی کات بەسەربردن » ی ژمارەیەکی کەم بوو لە بەهرەمەندان . پووشکین یەکەمین شاعیرە کە لەپێش چاوی کۆمەڵەی ڕووساندا ئەو پایەبەرزەی بێ کە پێویستە شاعیرێك لە وڵاتەکەی خۆیدا بیبێ . هەموو توانایەکی گەشەکردنی لەوەپاشی ئەدەبی ڕووسی ، بەهۆی پووشکینەوە ڕێی بۆ خۆش‌کراوە » . دۆبرۆلیووبۆڤیش پەنجەی بۆ ئەو دەورە مەزنە درێژکردووە کە پووشکین لە مێژووی بیرڕوونکردنەوەی ڕووسیاو کولتووری ڕووسدا دیویەو بایەخی پووشکینی ، پلەی یەکەم ، لەوەدا دەست‌نیشان‌کردووە کە « بیری گەلی خستووەتە سەر ئەو باسانەی ئەبێ مێشکی پێ‌یانەوە خەریك‌بکا » ، سەر ڕێی ژیانی ڕاستەقینەی .

پووشکین کارێکی گەورەی کردووەتە تەنانەت مەیدانەکانی‌تری کولتووری ڕووسیش . ئی . ئە . گۆنچارۆڤ لەمڕووەوە سەرنجی داوەو بەڕاستی‌یش باشی بۆ چووە ، ئەڵێ : « هەرچی ئەو ڕیشەو بنەتۆوانە هەیە کە پاشان هەموو جۆرە جیاجیاکانی هونەری سەرجەمی هونەرمەندەکانمانیان لێوە پەیدابوو و پێگەیشت ، هەموو لە ناخی پووشکیندا خۆیان حەشاردابوو . تێم‌و مۆتیف‌و وێنە پووشکینی‌یەکان تاڕادەیەکی زۆر لە هونەری وێنەکێشانی ڕووسیدا ڕەنگیان‌داوەتەوەو گەشەیان تێدا کردووە . هەروەها لەو کارە مۆسیقایی‌یانەیشدا کە مۆسیقارە مەزنەکانی وەك گلینکاو مووسۆرگسکی‌و چایکۆفسکی‌و ڕیمسکی کۆرساکۆف دایان‌ناون . ڕیالیزمی پووشکینی وەنەبێ هەر ئەدەبی دەوڵەمەند کردبێ ، هەموو هونەری ڕووسیی دەوڵەمەند کردووە .

پووشکین یەکێ بوو لەوانەی کولتووری نەتەوەیی پێشکەوتخوازی ڕووسی‌یان داناو، گۆرکی واتەنی، « سەرەتای هەموو سەرەتاکان بوو ».

بێلینسکی نووسیویە ئەڵێ : « پووشکین ئەچێتەوە سەر ئەو دیاردە زیندووە بزووتووانەی لەئاستی ئەو شوێنەدا ناوەستن کە مردنیان لەوێدا ئەگاتێ، بەڵکو لەناو هۆشی کۆمەڵدا هەر خەریکی کاری گەشەپێ‌کردن ئەبن. هەر چەرخێ قسەی خۆیان لەبارەوە ئەکا. هەرچەندیش تێگەیشتنی ئەم چەرخە یا ئەو چەرخە لەو دیاردانە ورد بێ ، هەمیشە هەر شتێکی تازەترو وردتر بۆ چەرخی پاشەوە ئەمێنێتەوە لەبارەیانەوە بیڵێ » .

تەنها لە چەرخی سۆڤیەتدا بە قووڵی بایەخی نەتەوەیی‌و جیهانیی پووشکین ، وەك شاعیرێکی مەزنی ئەو گەلە خرایەڕوو کە ئێستا بووە بە پێشەنگی سەرانسەری مرۆڤایەتیی پێشکەوتخواز ، ئەو گەلەی کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بارێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەی‌وای هێنایەدی مەیدانی ئەو ئادەمیزادە بدا کە پووشکین خەونی‌پێوەئەدی ، بەشێوەیەکی ئازادو هاوئاواز گەشەبکاو بۆپێشەوە بچێ . لە ئەدەبی پووشکیندا کە وەك گۆرکی ئەڵێ « دەربڕینی هەرە پڕبەپێستی هێزە گیانی‌یەکانی ڕووسیایە » ، ڕەسەنترین نیشانە باشەکانی گەلی ڕووس کە ئازادی‌خوازی‌و مرۆڤایەتی‌و دیموکراسی‌و ڕێزگرتن لە خوێندەواری‌و کولتوورو هەوڵی بێ‌ماندووبوونە بۆ دەرخستنی ڕاستیی کۆمەڵایەتی - ڕەنگی‌داوەتەوە . پووشکین هەر لەوکاتەدا کە لەپێش ئەدیبە هاوچەرخەکانی ئەورووپای ڕۆژاوای - خۆیەوە بووە ، دەوری گرانبەهای خۆیشی لە گەشەپێدانی ئەدەبی جیهاندا لە ڕێگای ڕیالیزمەوە ، بینیوە .

پووشکین هێشتا لەدنیادەرنەچووبوو وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانە جیهانی‌یەکان دەستی‌پێ‌کرد . لە سالانی سەدەی نۆزدەهەمدا

ناووبانگی بەرهەمەکانی پووشکین بە هەموولایەکی جیهاندا بڵاوبووبووەوە. مارکس و ئینگلز ئاگایان لە کارەکانی پووشکین بووەو گران هەڵیانسەنگاندوون(*) .

گەلە سلاڤی یەکان بەگەرم سۆزی دەروونی خۆیانیان بەرانبەر بە پووشکین پیشاندا . لە ساڵانی بیست و سیی سەدەی نۆزدەهەمدا ، ناوی پووشکین لای پۆلۆنیایی یەکان و چیکی یەکان و ڕۆژاوایی یەکان دیارو ناسراو بوو . لیکۆڵەرەوەیەکی کەرواتی نووسیویە ئەڵێ : « بلیمەتە مەزنەکان تەنها بۆ خۆیان و بۆ گەلەکانیان نازین . ئەوان ، بە سامانی کارەکانیان ، هەموو گەلان دەوڵەمەندئەکەن . پووشکین زۆری پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووەو لە دواڕۆژیشدا زۆرتری پێشکەش ئەکا . ئیمەی کەرواتی ، نەك تەنها وەك شاعیرێکی مەزن ، بەڵکو وەك سلاڤی یەکی مەزنیش سەری قەدرزانینی بۆ نەوی ئەکەین و ڕیزی لێ ئەگرین . ناوی پووشکین لای هەموو کەسێکی سلاڤی پیرۆزە » . هەروەها شاعیری بولگاریایی ئیڤان ڤیازۆڤیش کە ژیانی ئەدەبی خۆی لەگەڵ بەرەبەیانی بەرپابوونی بزووتنەوەی ئازادیبەخشی نیشتمانیی بولگاریادا دەست پێ کردووە ، لەو کەسانەیە کە پووشکین کاری تێ کردوون . هەر کە وەرگێڕانەکانی ڤیندێلیش بڵاوبوونەوە ، پووشکین لە دڵی چیکەکانیشدا بوو بە شاعیرێکی خۆشەویست .

گەلی سۆڤیەت یادی پووشکین بە شان و شکۆوە ڕائەگرێ . شۆڕشی سۆشیالیستیی ئوکتۆبەرو دەسەڵاتی سۆڤیەتی ، پووشکینیان کرد بە موڵکی ملیۆنەها ڕەنجکێش و « ناووبانگێکی میللیی ڕاستەقینەی ئەوتۆ » یان بۆ پێکەوەنا « شایانی شاعیرێکی نەتەوەپەروەر بێ ،

---

(*) ك . مارکس ؛ ف . ئینگلز : لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٣٧ ، ل ٣٢٥ ، ٦٦٢ ، ٦٦٨ ( بە ڕووسی ) .

ناووبانگی شاعیرێکی مەزنی گەلانی وڵاتانی سۆڤیەت » ( پراڤدا ) •

کارەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی ڕووس لەو دەسکاریو شێواندنانە خاوێن کراونەتەوەکە سانسۆری تساری بەسەریانیدا هێنابوو • هەروەها لەبەر ڕووناکیی مارکسیزم - لینینیزمدا ، بەشێوەیەکی زانستی‌یانە لە شاکارەکانی کۆڵراوەتەوە •

لە ساڵی **١٩٣٧** دا سەرانسەری مرۆڤایەتیی پێشکەوتخواز لە ڕێزلێ‌گرتنی یادی سەد ساڵەی کوشتنی پووشکیندا لەگەڵ گەلانی ئێمە هاوبەشی‌یان کرد • ڕێزلێ‌گرتنی یادی ئەم شاعیرە مەزنەی ڕووس سەرکەوتنێ بوو بۆ کولتووری ئێمەو ددان‌نان‌بوو بەو بایەخە جیهانی‌یە مەزنەدا کە هەیەتی • دیموکراتە ناودارو سەربەدەرەوەبووەکانی وڵاتانی بێگانە لەو ڕێزلێ‌گرتنەدا وەك یەکێك لە باوکە گیانی‌یەکانی مرۆڤایەتی لە پووشکین دوان • بنووسی ئەمەریکایی تیۆدۆر درایزێر وتی : پووشکین « یەکەم کەس بوو پێشبینیی ڕووسیای ئێستای کردو ، یەکەم‌کەس بوو لە توانای شارراوەی فرەی ئەو مەودا ڕەوشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یە گەیشت کە لە میللەتی مەزنی ڕووسدایەو ئەمڕۆ گەشەی کردووە •• » • خوێندەواری دیموکراتی بێگانە لە کارەکانی پووشکیندا ڕەنگدانەوەی گەورەیی گیان‌و سروشتی گەلی ڕووس بەدی‌ئەکا کە ئەرکی پێشەنگایەتیی خەباتی مرۆڤایەتیی لەدژی فاشیزم‌و کۆنەپەرستی لە هەموو سووچێکی جیهاندا گرتووەتەئەستۆ • پووشکین یەکێکە لە مەزنترین ئەوانەی پێشبینیی ئایدیای بەرزی مرۆی ئازادو گونجاویان کردووە ، ئەو ئایدیا بەرزەی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە کۆمەڵەی سۆشیالیستی ئێمەدا هاتووەتەدی :

**ئازیزەکەم ! دەرە با جوانترین خولیای دڵ‌و دەروون**
**بۆ ماوای باوباپیرانمان تەرخان‌بکەین ••**

ئەمە ئەوەیە کە پووشکین لە سەرەتای هەڵسووڕانی شاکارنووسـیدا نووسیویە • پووشکین تا ما بۆ ئەم بانگەوازی سەردەمی لاوی‌یەی بـەوەفا بوو • پووشـکین بۆیـە لە دڵی ئێمەدا خۆشەویستە ، چونکە بەسۆزەوە نیشتمانەکەی خۆی خۆش‌ئەویست‌و هەر ئەو خۆشەویستی‌یەیش بوو بۆی بوو.بوو بە ئیلهام‌بەخشی نووسینی ئەو هەموو شاکارانەی• هەروەها بۆیە لە دڵماندا خۆشەویستە چونکە شاعیرێـکی بلیمەت بوو ڕێزی لە نیشتمانەکەی ئەگرت‌و بە شـان‌وشـکۆیدا هەڵئـەدا • ئەدەبی پووشـکین بەهـۆی ئـەو ئازادی‌خوازی‌یەیەوە کە شـانیشـانەی سـیمای نەتـەوەیی گەلی ڕووسـ دەرئەخاو ، بەهۆی ئەو گەشـبینی‌یە قووڵەی‌و ئـەو ژیان‌دۆسـتی‌یەیەوە ، بەتەواوی لەگەڵ ئەم چەرخە مەزنەی ئێمەدا ئەگونجێ • پووشـکین لـە کارەکانیدا هەستی خۆشویستن‌و ڕێزلێ‌گرتنی شەخسـیەتی ئادەمیـزادو ، باوەڕ بە هێزی نەبەزی ئەقڵی ئادەمیزادو ، هەموو ئەو « هەستە خێرخوازانە» دووبادئەکاتەوە کە لەو « چەرخە سەختە » دا ئەوی تێدا ئەژیا ، هـەناسەی چنرابوو • بەڵام ئەمڕۆ لە ژیانی خەڵکی سۆڤیەت‌و باری سۆشیالیستانـەی ئێستاماندا لێشاوئەکا •

لاوانی سۆڤیەت کە هەر لە منداڵی‌یەوە بە خوێندنـەوەو خـۆشویستنی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە مەزنە دەست‌پێ‌ئەکەن ، بـە خۆشـەویستیی پووشکین‌و ئەدەبی پووشکین پەروەردەئەبن کە بە سەرچاوەیەکی وشـکاو نەهاتووی هەست‌و بیری خۆشەویستی‌و دۆستایەتی دائەنرێ •

خۆشەویستیی ئەدەب‌و هونەر شتێکە لە ژیانی پـڕ لە بەختـەوەری‌و سۆزو دڵ‌خۆش‌کەر جیانابێتەوەو ، ژیانی سۆڤیەتی‌یەکان‌و لاوانی سۆڤیەتیش لەم جۆرە ژیانەیە • ئـەو خولیاو ئـاواتو خۆبێوەخەریـك‌کردنانەیش کە مۆرکی کارەکانی پووشکین‌و ، ئەو هەوڵە بێ‌وچانەی ئەو ئەیدا بۆ گەیشتنە

لووتکە بڵندەکانی کولتوورو خوێندەواریی‌و ئەو ژیانە گیانی‌یە بەهێزەی ئەو ئەژیاو ، ئەو نیشتمانپەروەری‌یە گڕگرتووەی لە دڵیدا بوو ، ئەوانە هەموو لە دڵی خەڵکی سۆڤیەتدا ئازیزو خۆشەویستن • ئەدەبی سۆڤیەتی میراتگری ڕاستەوخۆی پووشکینە •

ئەمڕۆ لەم سەردەمەی ئێمەدا پێشبینی‌یەکەی بێلینسکی هاتووەتەدی کە پێشبینیی کردبوو : « ڕۆژێ دێ پووشکین بۆ ڕووسیا ئەبێ بە شاعیرێکی کلاسیك‌و بەرهەمەکانی نەك هەر هەستی ستاتیکی ، بەڵکو هەستی ڕەوشتیش لە دەروونی خەڵکدا پێ ئەگەیەنن‌و گەشەپێ ئەدەن » •

کارەکانی پووشکین کە پڕن لە ڕەخنەلێ گرتن‌و دانە دواوەی هەست‌و لێکدانەوەی سووك‌و خۆیی‌و ڕەوشتی خۆپەرستی‌و دووڕوویی‌و دووزمانی ، هۆیەکی کاریگەرن لە ڕەوتی خەباتماندا لەدژی پاشماوەکانی ڕابوردوو لە مێشك‌و هۆشی خەڵکدا • پووشکین کە یەکێکە لە سەربەدەرەوەبووترین شەخسیەتە کولتووری‌یەکانی جیهان‌و کە بەرهەمەکانی وەرگێڕاونەتە سەر پتر لە ٧٦ زمان (★)، هاوپەیمانێکی بەهێزی گەلی سۆڤیەتە لە خەباتدا بۆ کولتوورێکی دژ بە جانەوەرایەتی‌و لەپێناوی هەڵوێستی مرۆڤانەی ڕاستەقینەدا ، هەڵوێستی‌وا کە دژی هێزە تاریکی‌خوازو کۆنەپەرستەکانی ڕۆژاوای بۆرژوازیی ئەمپریالیستی بێ ، ئەو هێزانەی بە هۆی ئەدەبی بەرەڵڵای خۆیانەوە هەستی دژی مرۆڤایەتی ئەبووژێننەوەو فرازی بە ڕەوشتی دڕوندانە ئەکەن • ئێستایش هێشتا بلیمەتیی پووشکین لە بەرەی هێزە پێشکەوتخوازەکانی جیهاندایە کە لەدژی جەنگ‌و لەدژی دوژمنانی کولتوورو پێشکەوتن‌و لەپێناوی ئازادی‌و بەختەوەریی مرۆڤایەتیدا تێ ئەکۆشن •

(★) ئەم قسەیە لە سالی ١٩٤٩ دا کراوە – وەرگێڕی کوردی •

# پاشبەند

## چەند نموونەیەکی شیعری پووشکین

**عەبدوڵڵا پەشێو**

لە ڕووسییەوە وەرگێڕاوە

**د . جەمشید حەیدەری**

لەگەڵ تێکستە ڕووسییەکەی بەراوردکردووە

**محمدی مەلاکریم**

پێیداچووەتەوەو دایڕشتووەتەوە

# بیرەوەری یەکانی تسارسکۆییّ سیّلۆ

ئەم چەکامەیە یەکەمینجار لە گۆڤاری « ڕۆسیسکی مووزیئۆم = مووزەی ڕووسی »دا بلاّوکراوەتەوە لە سالّی ۱۸۱۵داو ئـەم سەرنجەیـشی لەگـەلّ بلاّوکرابـوەوە : « سوپاسی کەسوکاری شاعیری لاو ئەکەین بەرانبەر بەم دیاری‌یە بەنرخە ، ئەو شاعیرە لاوەی مژدەی بەرهەمێکی زۆر بەدەم بەهرەیەوەیەتی » . ئەم چەکامەیـە یـەکەمین چەکامەی پووشکینە بلاّوی‌کردووەتەوەو ئیمزای تەواوی خۆی : « ئەلێکساندر پووشکین »ی لەبنەوە داناوە .

ئەم چەکامەیە لەسەر پێشنیهادی پرۆفیسۆر گالیچ دانراوە بەبۆنەی ئەزموونی پەڕینەوەوە لە قۆناغی یەکەمی لیسێ بۆ قۆناغی پێشکەوتووی . شاعیری لاو لە ئاهەنگی پاش ئەزمـوونی دەمیـدا خوێندیـەوە لە ۸ ی کانـوونی دووهـەمی ۱۸۱۵ دا لـە بـەردەم میوانێـکی زۆردا کـە یەکـێکیان شاعیری پیر دێرژاڤینی سەرۆکی شـاعیرانی ئەو سەردەمەی ڕووسیا بوو .

لەبەر درێژیی چەکامەکە ، وامان بەباش‌زانی تەنهـا چەند بڕگەیـەکی لێ وەرگـێڕین کـە هـەمـوو خولـگە هونەری‌یە جۆربەجۆرەکانی ناو چەکامەکە ئەگرنەوە .

ئەمەیش ئەو بڕگانـە :

دلّ تونـدی‌یەکی گران
تاقی ئاسمانی وەنەوزبردووەوەی داپۆشیوە :
دۆلّو بێشەکان لە کۆشی بێدەنگیدا کپن ،
پیرە تەمومژ دارستانی دووری گرتووەتەوە .
جۆگە ، کە بەرەو سایەی جوغوردو لێڕ مل‌ئەنێ ، بەئاستەم هاژەی‌دێ .
بای نووستووی سەر گەلاّی داران ، بەئاستەم هەناسەئەدا .
مانگیش ، وەك قوویەکی بەشکۆ ،
لەناو هەوری زیوینێدا مەلەئەکا .

★ ★ ★

تاڤگە ، وەك ڕووبارێکی مووروو
لە هەورازی بەردەئەستێ‌یی‌یەوە
سەربەرەو خوار دێ .
لەوێ ، لە دەریاچەی کش‌وماتدا ،
خواژنەکانی دەریا شڵپ‌و هووڕیانە ،
یاری بە شەپۆلی تەوەزەل ئەکەن .
لەولایش ، لە کۆشی ئارامیدا
کۆشك‌و تەلاری گەورەگەورەو بە ئاسمان پشت‌ئەستوور ،
ڕووەو هەور هەڵئەبەزن‌و دائەبەزن .
بشێ خواوەندانی زەوی
ڕۆژانی شادیی خۆیان ئا لێرانە بەسەرنەبردبێ ؟
بشێ پەرستگای مینێرڤای ڕووس (★)
ئا لێرانە نەبووبێ ؟

**بڕگەیەکی‌کەی چەکامەکە :**

لە سێبەری دارکاژی خەمگیندا
پەیکەرێکی سادە قنج‌بووەتەوە
ئەم پەیمانە بۆ کەناری کاگوول (★★) چەند لەکەدارەو
بۆ نیشتمانی منیش چەند ئازیزە !

★ ★ ★

(★) خوا ژنی وێڵ‌و کەماڵ لای ڕووسەکان . لێرەدا مەبەست لە شاژنە یێکاتێرینایە کە بایەخێکی زۆری بە ڕووناکبیرانی گەل داوە – **وەرگێڕی کوردی** .

(★★) کاگوول : جۆگایەکە لە جۆگاکانی ڕووباری دانۆب ، شەڕی ساڵی ١٧٧٠ی ڕووس‌و عوسمانی کە بە سەرکەوتنی ڕووسەکان بڕایەوە لە قەراخی ئەم جۆگایەدا ڕووی‌دا – **وەرگێڕی عەرەبی** .

ئێوە هەرگیز نامرن ، ئەی پاڵەوانە ڕووسەکان
ئێوە لەناو جەنگەی شەڕدا چاوتان‌هەڵێناوە .
ئەی هاوکارەکانی پێکاتێرینا
باسی جوامێریی ئێوە لە پشتێکەوە بۆ پشتێ ئەڕوا .

**بڕگەیەکی‌کەی چەکامەکە :**

خاکت بەسەر ئەی لەشکری دوژمن !
وا ڕۆڵەکانی ڕووسیا وەخۆکەوتوون .
وا پیرو جوان ڕاپەڕیون‌و
هەڵمەت بۆسەر شەڕفرۆشان ئەبەن
بڵێسەی ئاگری تـۆڵەیان لە دڵـدا ئەگرێ

★ ★ ★

بلەرزە ئەی ستەمکار !
ساتی کەوتنت نزیکە ،
هەر چەکدارێکمان پاڵەوانێکە
ئامانج یا سەرکەوتنە ، یا گلانی ناو تۆزی مەیدان
لەپێناوی ڕووسیا ،
لەپێناوی میحرابی پیرۆزدا .

★ ★ ★

ئەسپی خۆشبەز بۆ جەنگ کەوتوونە چەپۆکان .
جەنگاوەران دۆڵیان داپۆشیوە .
ڕیز لەدوای ڕیز هەڵمەت‌ئەبەن
هەموویان تۆڵەخوازن ، بەخیان ئەوێ‌و
سنگیان پڕبووە لە ئازایەتی

بۆ ئاهەنگی مەرگ ئەفڕن ؟
بەدوای نێچیردا ئەگەڕێن بۆ شیرەکانیان •

★ ★ ★

گەرمەی شەڕە
لەسەر گردان گرمەی تۆپ دێ •
لەناو هەوای دووکەڵاویدا ،
شان‌بەشانی شیر ، گیزەی تیر دێ •
بۆ ڕووی مەتاڵ ، خوێن بازرەقە ئەبەستێ •

**بڕگەیەکی کەی چەکامەکە :**

هۆ مۆسکۆ ، مۆسکۆی ئازیز !
ئەی ئەو جێیەی لە تەمەنی گوڵدا
ژیانی زێڕینی بێ‌پەروایم تێدا بەسەربرد
نە ئەشکەنجەم تێدا دی ، نە ماڵوێرانی
تۆ بە چاوی خۆت دوژمنانی نیشتمانت دی •
خوێن کردتی بە ئەرخەوان‌و بڵێسە هەڵی‌لووشیت !
کەچی من هەر بە ئاگری قین ئەتلامەوە
نە تۆڵەم‌کردیتەوەو ،
نە ژیانی خۆیشم بەقوربان کردیت •

# بۆ لیتسینی

ئەم چەکامەیە یەکەمین جار لە گۆڤاری « ڕۆسیسکی مووزیئووم » دا بلاوکراوەتەوە • بەلام پووشکین پاشان کە لە سالانی ١٨١٨ - ١٨١٩ دا خۆی بۆ بلاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەلە شیعری ئامادە ئەکرد، هەندێ دەسکاریی تێکستە ئەسلی یەکەی کرد • پاشتریش خستیە ئەو شیعرە هەلبژاردانەیەوە کە لە سالی ١٨٢٦ دا بلاوی کردنەوە • ئەمجارەیش وردە دەسکارییەکی تری تێدا کرد •

هۆ لیتسینی ! تۆ ئاگات لێ یە
چۆن ڤیتوولیی هەرزەکار ،
بە خۆی و بە تاجە گولینەی سەریەوە ،
بە خۆی و بە کالای ئەرخەوانی یەوە ،
لە گالیسکە تیژڕەوەکەدا پالی لێ داوەتەوەو
دڕ بە ئاپۆرەی خەلک ئەدا ؟

★ ★ ★

بڕوانە ، چەند بە ئاسانی هەموو بۆی ئەنووشتێنەوە !
بڕوانە ، چۆن پاسەوانان جەماوەری چەوساوە ڕاوئەنێن !
ڕیزی درێژی زمانلووس و
سیناتۆرو سۆزانی بەدوایەوەن و ؛
بە کرووزانەوە چاویان تێ بڕیوە ،
بە دلەکوتەوە چاوەڕوانی زەردەخەنەیەک ••
چاوتروو کاندنێکن ،
وەک بلێی چاوەڕوانی ڕەحمەتێکی خواوەندە بێ هاوتاکان بن •

★ ★ ★

چ منالی بچووك ، چ پیری سەرسپی ،
هەموو لە بەردەمی بتدا بێدەنگ ، سەرکز ، لە کوڕنووشدان :
بۆ کەسانیوا ، تەنانەت شوێنەواری
لە چڵپاودا بەجێماوی پێچکەی گالیسکەیش
جۆرە پەیکەرێکی پیرۆزە •

★ ★ ★

ئەی گەلی ڕۆما !
پێم بڵێ لەمێژە ئێوە نوشوشتیتان هێناوە ؟
کێ ئێوەی کردە کۆیلەو زنجیری کردن ؟
وا ڕۆماییە سەربەرزەکان پشتیان لەژێر نیڵەدا کووڕە ؟
ئەرێ ئاسمان ! پێم بڵێ کێ کردنی بە بەندەی خۆی ؟
( پێتان بڵێم ؟ ) ڤیتوولی !
ئەی شەرمەزار خۆت ، نیشتمانەکەم !
هەرزەکارێکی داوێنپیس بووەتە سەرۆکی دیوانت !
ئەنجومەنی پیرانت کەوتووەتە ژێردەستی نازدارەکەی خوونکار
کە ڕۆمای لە قەفە کێشاوەو
ئابڕووی نیشتمانی بردووە •

★ ★ ★

ڤیتوولی بوو بە تساری ڕۆماییان !
ئای لەو ئابڕووچوونە ! وای لەو ڕۆژگارە !
تۆ بڵێی گەردوون ڕوو لە وەرگەڕان بێ ؟

★ ★ ★

چاو هەڵبڕە ، بزانە ئەو ڕێبوارە ،
گۆچانبەدەستە ، باڵتۆدڕاوە کێیە

که لە بەرهەیوانەگە سەری خۆی گزگردووەو
بە ڕووترشی بەناو ئەو ڕەشەخەڵکەدا ڕەتئەبێ ؟
« ئەی ( دامێت )ی زیر ، هاوڕێی هەق ، ئاوارە ،
بۆ کوێ ئەچیت ؟ »
« بۆ کوێ - خۆیشم نازانم !
دەمێکە بێدەنگم‌و کەچی هەموو شتێکیش ئەبینم .
وا هەتا هەتایە ڕۆما جێ‌ئەهێڵم .
من ڕقم لە ژێردەستی‌یە » .

★ ★ ★

لیتسینی ! هۆ هاوڕێی میهرەبان !
چاکتر نی‌یە کوڕنووش بۆ خەون‌و فۆرتۆن (★) بەرین‌و ،
لەو پیرە گاڵتە بەدنیاکەرە دەرزێك فێربین ؟
چاکتر نی‌یە ماڵ‌ئاوایی لەو شارە سووك‌و چرووکە بکەین
کە هەموو شتێکی تێدا ئەفرۆشرێ :
قانوون ، داد ، کونسوڵ ، میحراب ، شەرەف ، جوانی ؟
دە لێ‌گەڕێ با گلیتسێرییای (★★) شۆخ‌و شەنگ
کە بۆ هەموان وەك بادەی کۆڕ حەڵاڵە ،
هەر خەڵکی بێ‌ئەزموون بخاتە تۆڕی خۆیەوە !

★ ★ ★

شوورەیی‌یە بۆ ئێمەمانانێك
کە چرچ‌و لۆچمان کەوتۆتە ڕوخسار ، بترسین .
با دەست لە ورشەی شادمانیی
خۆبەزل‌زانینی لاویەتی هەڵگرین .

---

(★) خوا ژنی چارەنووس - **وەرگێڕی کوردی .**
(★★) بە زاراوەی شیعر ، ئافرەتی خۆفرۆش - **وەرگێڕی عەرەبی .**

با ( کلیت )ی ئابڕووتکاوو ( کۆرنێل )ی نۆکەری خانەدانان
بۆ خۆیان هەر بازرگانی بە تەرەسی‌یەوە بکەن‌و
بە ڕووقایمی لە ماڵی خانەدانێکەوە
بۆ ماڵی خانەدانێکی‌تر لەپەوڕوو بخشێن •
من بەدڵ ڕۆماییم •
ئازادی لە سنگمدا ئەکوڵێ ،
لە مندا گیانی ئەو گەلە مەزنە هەرگیز خەونایباتەوە •

**پاشان پووشکین چەکامەکەی بەم کۆپلەیە دوایی‌دێنێ :**

ڕۆما ! ئەی شارە سەربەرزەکەی داوێن‌تەڕی‌و خراپەکاری !
ڕۆژی ڕەش دێ ، ڕۆژی تۆڵە ، ڕۆژی سزا •
ها ، وا هەست بە کۆتایی ستەمکاریی بەسام ئەکەم :
تاجی گەردوون سەراوبن‌ئەبێ‌و بەعەرزدا ئەچێ •
گەلانی تازەهەڵچوو ،
کوڕانی بە جەنگەی شەڕ فرچک‌گرتوو ،
دەستە شیرلێ‌هەڵکێشاوەکانت لێ ڕاست‌ئەکەنەوە
چیاو زەریا جێ‌ئەهێڵن ،
وەك ڕووبارێکی خوڕ ڕووەو تۆ دێن •
ڕۆما ون‌ئەبێ‌و تاریکیی ئەنگوستەچاو دائەپۆشێ •
ئینجا دانا ئاوارەکە
چاوئەبڕێتە کەلاوەکانت ،
بیری خەماوی دائەگرێ‌و ئەڵێ :
« ڕۆما بە ئازادی گەشایەوەو ،
بە کۆیلەیی لەناوچوو » •

# ناپلیۆن لە ئێلبا

ئەم چەکامەیە لە سالّی ١٨١٥دا بلاّوکراوەتەوە . شیعری ڕۆژە پێشینەکانی ماوەی « سەد ڕۆژەکە » یە . ناپلیۆن لە ٢٦ی شوباتی ١٨١٥ دا «ئێلبا»ی جێ‌هێشت لە یەکی مارتدا لە خاکی فەرەنسە پێی نایە زەوی. لە ١٣ی مارتدا سوپای فەرەنسە دایە پال ناپلیۆن . لە ٢٣یشیدا لویسی هەژدەهەم‌و هەموو شازادەکانی بنەمالّەی بۆربۆن پاریسیان جێ‌هێشت .

بەرە بەرە ، زەردەپەڕی ئێوارە
لە بنیدەریادا ئەکوژایەوە .
بێدەنگی بالّی خۆی بەسەر ئێلبای خەفەتباردا کێشابوو .
مانگی تەماوییش ،
بەناو پەلّەهەوری ڕەنگ‌پەڕیودا ڕای‌ئەکرد
لە ڕۆژاوایش ئاسۆی تاریک‌و ئاوی شین تێکەلّ‌ئەبوون .
لە شەوەزەنگێکی ئا وادا ،
ناپلیۆن لەسەر زنارێك ، تەنیا ، دانیشتبوو .
بیری ڕەش لە سەری ئەو خوێنڕێژەدا ئەخولایەوە .
کۆت‌و بەندی تازەی بۆ ئەورووپا ڕێك‌ئەخست .

★ ★ ★

نیگایەکی خەمگینی بڕی‌یە کەناری دوورو ،
داخ‌لەدلاّنە لەبەرخۆیەوە وتی :
هەمووشتێ بەدەورمدا خەوبردوویەتیەوە
گێژاوی شەپۆلە هارەکانیش
لە باوەشی تاریکیدا ڕاکشاون .

نه شرە بەلەمێك زاتی ئەوە ئەکا
خۆی بخاتە ناو دەریاوە ،
نە درندەیەکی برسییش بەدیار گۆڕێکەوە ئەلوورێنێ •
هەر منم بە خۆمو بە سەری پڕ سەرێچیمەوە •

★ ★ ★

تۆ بڵێی بەمزووانە بەلەمێك
دەریای ئارام لە خەو هەڵنەسێنێ ؟
تۆ بڵێی شەپۆلێکی گوێقوڵاخ شڵپەی بێو
لەژێر زەبری سەوڵدا کەفبچەرێنێ ؟
ئەی شەو ! با لێشاوت بگاتە گابەردەکانی ئیلبا ،
تۆیش ، ئەی مانگ ، پتر خۆت بخەرە پەنای پەڵەهەوران !

★ ★ ★

وا لەوبەر ، جەنگاوەرە چاونەترسەکان چاوەڕێمن
وا یەکیان گرتووە ، ڕیزیان بەستووە •
وا جیهان دەستبەزنجیر لە بەرێمدایە !
ئەوا دێم ، بەناو گێژاوی ڕەشدا دێمە لاتان
دیسان وەك هەورە تریشقەیەکی بەسام ئەگرمێنم •

★ ★ ★

شەڕ گەرم ئەبێ
سەرکەوتن دەستەوشیر ، بەدوای بازە
فەرەنسایی‌یەکاندا باڵ ئەگرێتەوە
شەتاوی خوێن لە دۆڵاندا دێتەکوڵ ،
تۆپ ئاگر ئەدەمو

تەخت‌وبەختی شاهان ژێروژوور ئەکەم‌و
زرێی بێ‌هاوتای ئەورووپا پەل‌پەل ئەکەم !

★ ★ ★

بەڵام هەمووشتێ بەدەورمدا لەخەودایە .
گێژاوی شەپۆلە هارەکانیش ،
لە باوەشی تەم‌ومژدا نووستوون .
نە شرە بەلەمێك بەم ناوەختە
خۆی ئەخاتە ناو دەریاوە ،
نە دڕندەیەکیش بەدیار گۆڕێکەوە ئەلوورێنێ .
هەر منم بە خۆم‌و بە سەری پڕ سەرپێچیمەوە .

★ ★ ★

هۆ بەختەوەری ، ئەی لەخشتەبەری شەڕاوی !
تەنانەت تۆیش ، وەك خەونێکی شیرین ، جێت‌هێشتووم .
ئەی ئەو دایەنە دڵسۆزەی
هەر لە منالی‌یەوە بەخێوت‌کردم !
ئەی ئەو پارێزگارە نهێنی‌یەی لە زریانت ئەپاراستم !
چما هێندە لەمێژە تۆ دەستت‌گرتم‌و
بە تووولەڕێ‌یەکی نهێنیدا بەرەو تەخت بردم‌و
بە دەستە ئازاکانت
تاجەگوڵینەی شکۆت لەسەر نام ؟
چما هێندە لەمێژە گەلان
لەترسان ئازادیی خۆیان بەدیاری بۆ ئەهێنام‌و
بەیداخی شەرەفیان بۆ دائەنەواندم ؟

چما هێندە لەمێژە کە بەدەورمدا
تۆپ ئەیگرماند ، ناووبانگو شکۆی ورشەدار
بە باڵی خۆی دایئەپۆشیم ؟

★ ★ ★

بەڵام پەڵەهەورێکی بەهەڕەشە
ئاسمانی مۆسکۆی تەنیو
هەورەتریشقەی تۆڵە گرماندی !

★ ★ ★

ئەی تسارە لاوەکەی باکوور (★)
کە تۆ لەشکرت خستەڕێو
مەرگ بەیداخە خوێناوی یەکانی ئێمەی ڕاونا ،
تێشکانی زل دەنگیدایەوە ،
ئاشتی بۆ زەوی ، بەختیاری بۆ ئاسمان گەڕایەوە ،
منیش هەر شوورەیی‌و دەستبەسەریم بۆ مایەوە !

★ ★ ★

زرێ بە پڵپڵە زرنگەدارەکەم هەلاهەلا بووە •
خوودەکەم لە مەیدانی شەڕدا نابرێسکێتەوە
لەناو دەغڵودانی قەراخیشدا وا شیرەکەم
بەجێماوەو لەناو تەمومژدا ژەنگ‌هەڵدێنێ •

★ ★ ★

دەورووپشتم کڕوکپە •
بەم شەوە کڕە ، خۆڕا لوورەی مەرگو

(★) مەبەست ئەلێکساندری یەکەمە کە لە سەردەمی شەڕەکەی ساڵی ١٨١٢ی ناپلیۆندا تساری ڕووسیا بوو - وەرگێڕی عەرەبی •

زرینگەی شیری ورشەدارو
ناڵەی داخدارانەی ئەنگێوراوان ئەبیسم .
ئەوەتا تەنیا شلپوهوورِی پێلی دەریام
دێتە بەر گوێی تامەزرۆ .

★ ★ ★

قاووقیژی ئاشنای شەرِ بەسەرچووەو
گرمەگرمی دوژمنایەتیی خوێناوی کپ‌بووەتەوە .
چاوگی تۆڵە کوژاوەتەوە .

★ ★ ★

هێندەی نەماوە ، کاتی چارەنووس نزیك‌بووەتەوە !
ئەوەتا وا ئەو کەشتی‌یە هات
کە تەختە بەسامەکەمی تێدا شاردراوەتەوە
هاورِێ یاخی‌یەکانی بەم شەوەزەنگە بۆ هەڵگرتووم .
کە چاویان ئاورینگی مەرگی لێ‌ئەبێتەوە .

★ ★ ★

« ئینجا بۆکوێ ئەچی فەرەنسا ، ئەورووپا ، تۆڵە .. تۆڵە !
بگرین بۆخۆتان ، قامچی‌یەکەم
دیسان بەسەرتانەوەیە .
هەرچیم بێتەرِێ دیسان نوغرۆی ئەکەم .
هەمووشتێ ئەبێ بمرێ ،
تا لەناو کەلاوەو دارو پەردووەکانتدا
خۆم بمە شای تابووتەکانت » .

★ ★ ★

ناپلیۆن مات‌بوو • سێبەری تار ئاسمانی گرت •
مانگ پەڵەهەورە دوورەکانی جێ ئەهێشت‌و
بە لەرزەلەرز ، تریفەی لاوازی خۆی
بەسەر ڕۆژاوادا پەخش ئەکرد •
ئەستێرەی زوهرەیش لەناو زەریادا کەوتبوە دەست‌گەمە •
کەشتی‌یە ڕازاوەکە دەرکەوت‌و ،
بەناو تەم‌ومژی کەناردا
زنارەکانی ئێلبای ئەبڕی •

★ ★ ★

ئەی گۆشت‌خۆرەکە ، وا دیسان فەرەنسا
خستیتیەوە ژێر سایەی خۆی ،
ئەو شایانەی بە ڕەوایی تەختیان وەرگرتبوو
تۆقین‌و لە دەست‌ هەڵاتن •

★ ★ ★

بەڵام ئەبینی ؟ وا ڕۆژ ئاوابوو
تاریکی بەڕووی زەردەپەڕدا هەڵڕژا ،
ئارامی زەریای تەماویی داپۆشیوە
هەورەتریشقە لە ئاسمانی تاردا خۆی حەشارداوە •
هەمووشتێ کپ‌و بێ‌دەنگە •• بلەرزە !
مردن بەسەر سەرتەوەیەو چارەنووست نادیارە !

# نامەیەك بۆ یوودین

ئـەم چەکامەیـە لە ژیانی پووشـکین خۆیـدا بڵاونەکراوەتەوە . بۆ پاڤیل میخایلۆڤیچ یوودین ( ١٧٩٨ – ١٨٥٢ )ی دۆستی سەردەمی لیسێی خۆیی داناوە . پووشکین لەم چەکامەیەدا وەسفی گونـدی زاخارۆڤـۆی نزیکی مۆسـکۆ ئەکا کە لە ساڵانـی ١٨٠٦ – ١٨١٠دا هاوینی لەوێ بەسەرئەبردو هیی ماریا ئەلێکسێیێڤنا گانیبالـسکای نەنکی بوو .

هاوڕێی شیرین ! تۆ ئەتەوێ
ئاگاداری خەون و ئاوات و ئامانجم بیت و
بە بزەیەکی هاوڕێیانەوە
گوێ بۆ بلوێری ساکارم هەڵخەی .
بەڵام ، ئایا ئەشێ شاعیرێکی هوشیار ،
لاوێکی دیلی ئەندێشە ،
ئەو هەموو شتانەی خەیاڵ لە هەڕەتی زێڕینی لاویدا
پیشانی ئەدان ، دەریان بڕێ و
بۆ جیهانیان بخاتە ناو تابلۆیەکی زیندووەوە ؟

★ ★ ★

ئێستا تەمەڵی خزاندوومیەتە
سێبەرێکی لاتەریك و
هەست و نەستی زنجیر کردووم .
ژینم وەك ڕۆژی ڕووناك هێمنە .
کە سەیری زنجە نەخەملیوەکەی خۆم ئەکەم ،
کەرەستەیەکی جوانی تێدا نابینم و

بەزەییم بە خەملینی دەوڵەمەندانی کلۆڵدا دێتەوەو
خۆم بە بەختیار ئەزانم
کە نە چاوم لە چیای زیوەو ،
نە باکم لە سبەینێ‌یەو ، نە دەربەستی دوێنێم •
دڵم بە چارەنووسی خۆم خۆشە
بیر لەوە ئەکەمەوە :
« شاعیران ئەڵماس‌و یاقووت‌و ئاقیقیان بۆچی‌یە ؟
بۆچی‌یانە گوڵدانی بۆش‌و نەخشین‌و ،
بووکەشووشەی بەهاداری لە سووچی ماڵدا ڕیزکراو ؟
چ لە شاڵی (ئاڵبیۆن)و (⋆)
سەرتەخت‌و سەرمێزی مۆدەو ڕازاوەی شاری لیۆن‌و
چەرچەفی ئاوریشم ئەکەن ؟
چی‌یان‌داوە لە ئاوێنە ؟
چاکتر نی‌یە لە گوندێکی لاچەپدا ،
لە شارۆچکەیەکی کپدا ،
دوور لە پێتەخت ، لە سەرقاڵی‌و گرمەگرم ،
بژین لە کونجێکی ئاسوودەو دوور لە خۆخەملاندن ،
وەك لە جەژندا ، بای باڵی خۆیان بدەن ؟ » •

⋆ ⋆ ⋆

ئای خۆزگە ڕۆژێ ئەبوو
شاعیر ئەگەیشتە کامی دڵ !
تۆ بڵێی شاعیریش نەتوانێ

---

(⋆) مەبەست ئەنگلتەرایە - وەرگێڕی کوردی •

تامی تەنیایی بچێژێ ؟!

★ ★ ★

ئەوەتا گوندی زاخارۆڤۆی خۆم لێ دیارە
تانووکۆ و پردو بێشەڵانە سایەدارەکانی
لە ئاوێنەی ئاوی ڕووباری گڵوازەداردا خۆ ئەنوێنن •
خانیلەکەم بەسەر گردێکەوەیەو
ئەتوانم لە شانشینەکەیەوە
بۆ ناو باخچە پڕبەزم و ڕەزمەکەی دابەزم •
لەوێ (فلۆرا)و (پۆمۆنا) (★)
گوڵ و میوەم پێشکەش ئەکەن •
لەوێ ڕیزە کاژی چڕ
بەرەو تاقی ئاسمان هەڵچووەو
سپیدار بەئاستەم خشپەی دێ •
بەیانی یان ، بەهەڵەداوان ، خاکەنازبەدەست
بۆ ناو باخچەکە شۆڕ ئەبمەوەو
لەناو چیمەناندا ڕێچکۆڵەی تازە ئەکەمەوە ،
لالەو گوڵەباخ ئاو ئەدەم •
کارو فرمانی سبەینان دڵخۆشم ئەکا •
لەژێر داربەڕوویەکی لق و پۆپ شۆڕدا دائەنیشم ،
شیعری ( هۆراس ) و ( لافۆنتێن ) ئەخوێنمەوەو ،
خۆم نوقمی خەونی شیرین ئەکەم •

★ ★ ★

---

(★) خوا ژنی بەهارو گوڵ و سەوزی و میوە لە ئەفسانەکانی ڕۆمانەکاندا — وەرگێڕی عەرەبی •

لەنزیکمەوە جۆگەلە هاژەی دێ ،
لەنێوان کەنارە شێدارەکاندا هەڵئەبەزێو ڕائەکا ،
وردە شەپۆلی ڕوونی خۆی
لە مێرگ‌و بێشەلاندا ئەشارێتەوە .

★ ★ ★

نیوەڕۆیە .
لە هۆڵێکی ڕووناکدا خوان ئامادەیە :
نان‌و نمەك لەسەر مێزێکی پاك دانراوە
شۆربای سەوزە هەڵمی لێ هەڵئەستێ
پێك لە بادە کەیلە
ماسی لەسەر مێزە .

★ ★ ★

دراوسێ‌یان دەستەدەستە
بەدەم هەراوە خۆیان‌کرد بەژووردا
داوی بێ‌دەنگی‌یان پساند .
جا کە دانیشتن‌و زڕەی پیالە هات ،
ئەکەونە پێداهەڵدانی باخوس‌و پۆمۆن‌و
بەهاری خەملیو .

★ ★ ★

ئەمەیش ژووری تەنیای خۆم
دوای کفت‌بوونی مۆسکۆ ،
دوور لە جوانانی تەفرەدەر ،
دوور لە هەڵپەی سەرشێوێن ،

دوور لەو جادووگەرە فێڵبازەی
فوو بە کەڕەنادا ئەکاو
گەردوون ئەخاتە چەرخە ،
کە - وەك لەیادم بێ - پێی ئەڵێن : شکۆ
لێرە لەگەڵ سروشتی سادەدا ئەژیم ،
لەگەڵ خۆخافڵاندنی فەیلەسووفانەو
خوازنی شۆخ‌و بێداری شیعردا ئەژیم ٠

★ ★ ★

ئەمەیش کوورە ٠
کە ئێـوارە دادێ‌و ڕەشەبای پایز هەڵـئەکا
حەزئەکەم لەسایەیدا هەلکورمێم ،
لە بەردەمیدا خەون‌ببینم ٠
(ڤۆلتێر)و (ڤیلاند) بخوێنمەوە ٠
یا ئەگەر ئیلهامم بۆ هات ،
چەند چوارخشتەکی‌یەك بخەمە سەر کاغەزو
پاشانیش فڕێی‌دەمە ناو ئاگرەکەوە ٠

★ ★ ★

ئا لێرانە ٠٠
بەڵام خەونی باڵدار
کە لە چرای ئەفسووناوی پەیدائەبێ ،
بەسەر پەردەی سپی‌یەوە ئەلەرێتەوە ٠
خەونێك دێ ، یەکێك ئەڕوا ،
وەك تارو ڕوونی بەیانی ٠

★ ★ ★

جار هەیە کە لە قەڵەندەرخانە بێدەنگەکەی خۆمدا ،
ئەبمە دیلی ئەندێشەی قووڵو بێ‌بن
بە دەستی تەمەڵو بێ‌پەروا
پاشبەندێك لێرە دائەنێم ، یەکێك لەوێ
گوێم لە خرمەی ناڵو حیلەی ئەسپان ئەبێ .

★ ★ ★

سوارێکی خوودە بەسەر ،
دەستەجلێکی بریسکەدار لەبەر ،
بە بەر پەنجەرەکەمدا ڕابوورد .

★ ★ ★

ئێوە لەکوێن
ئەی تابلۆیانی سادەو جوانی لادێ ؟

★ ★ ★

بە باڵی خەیاڵ ئەفڕم ،
خۆم ئەگەیەنمە مەیدانی شەڕ ،
ئەبینم ئاگری دەوارەکانی ئۆردووگا دامرکاوە .
لەوێ ، لەگەڵ پیرە کەزاکێکی
باڵتۆلەبەری سمێڵ‌بابڕ
پاڵ‌ئەدەمەوە .
لەدوورەوە پرشنگی نێزەی
جەنگاوەران ئەبینم .
ئەسپی خورت ئەحیلێنێو
لغاوەکەی خۆی ئەکرۆژێو

ناوەناوەیش گرمەی تۆپ
لە هەورازەکانەوە دێ ..

★ ★ ★

کە پرشنگی شیر لەچاوم ئەدا ،
ئارەزووی شەڕ ئاگر لەسنگمدا ئەکاتەوە .
نیگام ئاورینگی ایێ ئەبێتەوەو
ڕووەو دوژمن هەڵمەت ئەبەم .

# خەو

ئەم پارچەیە لە ژیانی پووشکین خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە . لێکۆڵەرەوان لایانوایە بڕگەیەکە لە چیرۆکە شیعرێك شاعیر ڕۆژێ‌لەڕۆژان بیری لە نووسینی کردووەتەوە .

لە شاعیران گەڕێن ،
با بە خۆو بەخووردانی خواستەمەنی‌یەوە
بەدوای کامەرانی‌و ناووبانگدا ڕاکەن
من لە کۆمەڵی خانەدانان تۆقیوم ،
فەرامۆش کراوم‌و
ژیانم بە توولەڕێ‌یەکی کوێربووەوەدا ئەڕوا ؛
لێ گەڕێن ، با بەستەخوانان
بۆ خۆیان هەر بەشان‌وباڵی
نیمچەخوا نەمرەکاندا هەڵدەن .

★ ★ ★

دەنگم کپەو نامەوێ
بە تەلی ئاوازەدارم بێ‌دەنگی لێڵ کەم .
لێ گەڕێن ، با خەڵکی‌تر بەستەی
دڵداری بۆ (ئەڤدیا) بڵێن
ئەوەی ئارامی لە من بڕیوە ئەو نی‌یە ،
(سیتێرا)یە .

★ ★ ★

خواوەندەکانی دڵداری
چیی‌دی ڕۆژی شادیم لێ‌ناکەنەوە :

من بۆ خەو بەستەئەڵێم
کە دیاریی بەنرخی (مۆرفیۆس)ە (*)
خەڵك فێرئەکەم
کە بتوانن کپ‌بنو خەوی قورسیان لێ‌بکەوێ •

★ ★ ★

وەرە ئەی تەمەڵی !
وەرە ناو چۆڵاییی ژیانم
لێرە کزەبای فێنكو ئارامی بانگت‌ئەکەن •
هەر تۆ خواوەندمیو من هەر تۆ ئەبینم ،
وەرە ، هەمووشتێ بۆ میوانە لاوەکەم ئامادەیە •
هەر چواردەورم کڕوکپی‌یە •
هەراوهوریای وەڕزکەر
ماڵەکەی بەجێ‌هێشتووم •
پەردەی تەنك بەسەرپەنجەرەی ڕووناکما داکشاوە •
تیشکی ڕۆژ بە پێ‌دزە
ئەخزێتە ناو ژووری نووستنمەوە •
فەرموو ئەوە تەختە خەوەکەم ،
وەرە خۆت بکە بەم‌ژوورەدا
کە سەری تێدا حەساوەیە •
وەرە بە شاژنو دیلەکەت منم •
هەرچی هەیە هەمووم هیی تۆیە :
هانێ ئەوە ڕەنگەکانم ، فڵچەکەم ، تەلی گیتارەکەم !

---

(*) مۆرفیۆس : خواژنی خەو - وەرگێڕی کوردی •

فێرم کە ، دەستم بگرە .

* * *

ئێوەیش ، ئەی هاوڕێیانی خوای نازداری شیعرم !
ئەی ئەوانەی دۆستایەتیتان لەیاد کردووەو
شکۆو ناووبانگی زەویتان
کردووەتە قوربانی خەونێکی خۆش ،
ئەی دانایان !
پێتان دڵخۆشم ،
بۆ ئێوەیە ، من تەختی مۆرفیۆس
بە گوڵ ئەڕازێنمەوە .
بۆ ئێوەیە ، من بە شادیدا هەڵئەڵێم
دە ئێوەیش بە زەردەخەنەیەکی کەمتەرخەمانەوە
گوێ لە شیعرەکانم بگرن
کە دەرزی دڵخۆشی دائەدەن !

# ئـاوات

هۆن‌هۆن فرمێسك دائەبارێنم ،
فرمێسك ئارامیم بۆ ئەهێنێ ٠
بێ‌دەنگ ئەبم ، ورتەم لێوە نایێ ،
خەفەت گیانم لەئامێز ئەگرێ ٠

★ ★ ★

ئەی خەوی زیان بفڕە !
من ئاخت بۆ هەڵناکێشم ٠
لەناو تاریکیدا ون‌بە
ئەی ئەندێشەی بۆش‌و بەتاڵ ٠

★ ★ ★

من ئازاری ئەوینم لا پیرۆزە ٠
با هەر بمرم ٠ بەڵام کە مردیشم ،
با هەر بە دڵداری‌یەوە بمرم !

# بۆ هاوڕێیان

ئێوه هێشتا لەو ڕۆژە زێڕین و
شەوە زێڕینانەتان ماوە ،
کە خواوەندەکان پێیان بەخشیون •
ئێوه هێشتا شایانی ئەوەن کچانی شۆخ
بەوردی چاوتان تێ ببڕن •
یاری بکەن ، بچن ، هاوڕێیانم !
شەوانی کورت بەبادەن ،
منیش لە کەلێنی فرمێسکمەوە
خۆشبەختیی بێبەروای ئێوه ئەبینم و بزە ئەمگرێ •

# چەند ستانسێك(*)

ئەم چەکامەیە لە سەردەمی ژیانی پووشکین خۆیدا بلاونەکراوەتەوە • بە وەرگێڕانێکی ئازادی چەکامەی « بۆ سیدیفیل (**) » ی ڤۆلتێر دائەنرێ •

تۆ ئەتەوێ گیانی من گڕبسێنێ :
کەواتە ، بێنە ڕۆژانی بەسەرچووم بدەرەوە ،
سپیدەی بەیانیو
زەردەپەڕی ئێوارەی ژیانم پێك بگەیەنە •

★ ★ ★

ژیانم ، بەرەبەرە ، بەسەرئەچێ •
ڕۆژگار دەستی گرتوومو
وای لێم ئەوێ
دەست لە کۆڕی بەزمو دڵداری هەڵگرم •

★ ★ ★

با ئارەزووی گومڕایی
بۆ لاوە خۆشبەختو بێدارەکان جێبێڵین •
لەم ژیانەدا دوو تاومان هەیە
با یەکێکیان پێشکەشی هۆشو فام کەین •

★ ★ ★

---

(*) *Stances* وشەیەکی فەرەنسەییە • بە چەکامەیەك ئەڵێن لە چەند بڕگەیەك پێکهاتبێ هەر بڕگەیەکیان بیرۆکەیەکی نانەواو بگەیەنێ — **وەرگێڕی عەرەبی** •

(**) سەرەتای چەکامە باسکراوەکەی ڤۆلتێرە• ئەمەیش وەرگێڕانەکەی : « ئەگەر بمەوێ جارێکی تر دڵداری بکەم » — **وەرگێڕی عەرەبی** •

هۆ ئەوین ! ئاواتی ڕۆژانی زوو ..
ئەی خەفەتە بەتامەکانی
ژیانی کورتی لاویم .
بشێ یەکجاری دەستبەردارتان ببم ؟

★ ★ ★

دوو جار مردنمان لە ناوچاوان نووسراوە :
ماڵاوایی‌کردن لە خەونی شیرین
ئەمەیان مردنێکە پڕ ئەشکەنجە .
ئەگەر وا نەبێ پاش هەناسەبڕان مردن چی‌یە ؟

★ ★ ★

ئاخ ! لە زەردەپەڕی تەڵخی ژیندا
کە تاریکاییی ئێوارە دنیا دائەپۆشێ ،
چەند ئاخ‌وداخم هەڵکێشاوە بۆ ون‌بوونی ،
بۆ خەونی شیرینی دەستخەڕۆبوون .

★ ★ ★

ئەوسا لە وەڵامی دەنگی نائومێدیم
هاوڕێ‌یەتی دەستی خۆی بۆ درێژکردم
ئەمیش هەر میهرەبانی‌یەکەی تێدابوو
کە لە خۆشەویستەکەم بچێ .

★ ★ ★

بۆ هاوڕێیەتی ، گوڵەباخی ژاکاوی
ڕۆژانی خۆشی هەرزەکاریم چنین •
شوێنی کەوتم ، بەڵام ئۆف !
بەشم هەر فرمێسك بوو •
چونکە ئەوەی توانیم شوێنی کەوم
هەر ئەو بوو !

# سەرفرازی

ئەم چەکامەیە لە سەردەمی پووشکین خۆیدا بلاونەکراوەتەوە ، بەلام لە ڕێگای ڕوونووس لەبەر گرتنەوەوە لەناو خوێندەواراندا زۆر باو بووە. کە کەوتیشە دەستی میری ، کردی بە بیانوو بۆ دوورخستنەوەی پووشکین بۆ باشوور . لە دوادواییی سالی ١٨١٧ دا دانراوە لە پانسیۆنەکەی برایانی توورگینێفدا . باری سەرنجی سیاسیی سەردەمی لاویی پووشکین دەرئەخا .

ڕاکە ، لە چاوان ونبە ،
ئەی شاژنە بێدەسەلاتەکەی دوورگەی سیتێرا (★)
لەکوێی ، لەکوێی هەورەتریشقەی پادشایان ،
ئەی خۆشخوانە نەفس‌بەرزەکەی سەرفرازی ؟

★ ★ ★

وەرە ، تاجە گولینەکەم لە سەر کەوە ،
گیتارە ناسکەکەم وردو خاش کە ...
من ئەمەوێ بەستەی سەرفرازی بۆ جیهان بلێم ،
عەیب‌و عاری تەختی شاهان ڕسواکەم .

★ ★ ★

ڕچەی ڕێی چاکەم بۆ بشکێنە
با شوێن‌پێی گالی‌یە (★★) مەزنەکە هەلگرم ،

---

(★) ناوی لاتینیی دوورگەی کیفێری ئەیوونی‌یە کە داب‌ونەریتی پەرستنی خواژنە ئەفرۆدیت لەوێ جێ‌بەجێ ئەکرا - **وەرگێڕی عەرەبی .**

(★★) مەبەست لە شاعیری شۆڕشگێڕی فەرەنسە ئیکۆشار تیبرینە کە لە ١٧٢٩ دا هاتووەتە دنیاوەو لە ١٨٠٧ دا کۆچی دوایی کردووە - **وەرگێڕی عەرەبی .**

ئەوەی خۆت لە ڕۆژانی ڕەشدا ،
سروودی ئازایەتیت خستە سەر زاری .

★ ★ ★

ئەی ستەمکارانی دنیا ،
ئەی ئەوانەی چارەنووسی کوێر گەورەیی پێ بەخشیون ،
بلەرزن !
ئێوەیش ئەی بەندە پشتچەماوەکان ،
دەماری پیاوەتیتان بێتەوەبەر ،
گوێ هەڵخەن ، ڕاپەڕن !

★ ★ ★

داخەکەم ، چاو ئەبڕمە هەرکوێ
هەر قامچییە ، هەر کۆتو بەندە ،
هەر لەکەی بکوژی قانوونە ،
هەر فرمێسکی بێدەسەڵاتانەی ژێردەستییە .

★ ★ ★

هێزی بێدادی
کە تاریکیی لە خۆی پێچاوەو تاجی لەسەرناوە (★) ،
لەبەر تامەزرۆییی بەخۆو ناووبانگی خۆی
کۆیلەیەتیی لە ناوچاوانی ئێمە نووسیوە .

★ ★ ★

تەنیا لە شوێنێکدا ئازاری گەل
لە سەری تساردا خولناخواتەوە

---

(★) ئیشارەتە لە پووشکینەوە بۆ یەکگرتنی دەوڵەتو کلێسە — **وەرگێڕی عەرەبی .**

که سەرفرازیی پیرۆزو قانوون
چووبنە پاڵ یەك ، تێکخزابن •
لە شوێنێکدا کە زرێی ئازادیو قانوون
هەموولایەك بپارێزن •
لە شوێنێکدا کە شیر بەدەست گەلەوە بێو
بێجیاوازی بەسەر هەموانەوە بێو
بە داوەشانێکی ڕەوا
تاوانی فەرمانڕەوایان بدا بەئەرزدا •
لە شوێنێکدا کە قانوون
نە بە نەوس ، نە بە ترس نەیەتەکڕین •

★ ★ ★

ئەی حوکمڕانان !
قانوون تاجو تەختی بە ئێوە بەخشیوە ، نەك سروشت :
ئەگەر ئێوە لە سەرووی گەلەوەن ،
قانوون لە سەرووی ئێوەوەیە •

★ ★ ★

هەی خاك بەسەر ئەو گەلەی
کە بێپەروا قانوونی لە خەودایە !
هەی خاك بەسەر ئەو جێیەی
کە قانوونی تێدا بەدەست گەلەوەیە ، یا خوونکار

★ ★ ★

وەرە ، من ئەمەوێ تۆ بکەم بە شایەت
ئەی شەهیدێ لە هەراوهوریایەکدا ،

لەپێناوی هەڵەی زلی باوو باپیرانتدا (*) ،
سەرە تاجدارەکەی خۆت دانا •

**پووشکین پاش ئەوەی باسی جێبەجێ کردنی بڕیاری مل‌پەڕاندنی لویسی شانزەهەمی پادشای فەرەنسەو کوشتنی پاڤیلی یەکەمی تساری ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا ئەکا ، چەکامەکەی بەم بڕگەیە دوایی دێنێ :**

ئەی تسارەکان !
ئێستایش نەچوە بچێ •• پەندێ وەرگرن •
چاك بزانن نە جەزرەبە ، نە خەڵات
نە بن‌میچی بەندیخانە ، نە میحراب
ناتوانن بتانپارێزن •
وەرن ، پێش هەموان
سەر بۆ سێبەری هیوابەخشی قانوون بنەوێنن •
با سەرفرازیو ئازادیی گەلان
پاسەوانی هەمیشەی تاجو تەختتان بێ •

(*) ئیشارەتە بۆ لویسی شانزەهەم کە شۆڕشی فەرەنسە لەسەر تەختی لاداو بڕیاری مل‌پەڕاندنی دا – **وەرگێڕی عەرەبی** •

# ڕاز

پووشکین ئەم چەکامەی بەدگۆیی‌یەی لەسەر شێوەی گۆرانی‌یە فەرەنسەیی‌یەکانی جەژنی هاتنەدنیای عیسا نووسیوەو ، بە بۆچوونی لێکۆلەرەوەکان لە کانوونی یەکەمی ١٨١٨ دا داینـاوە . لەم جۆرە چەکامانەدا ڕووداوەکانی سالی ڕابوردوو ئەهێنرێنەوە بەرچاو . پووشکینیش لەم چەکامەیەدا ئیشارەت بۆ کردنەوەی پارلەمانی پۆلۆنیا ئەکا لە ١٥ ی مارتی ١٨١٨ دا کە ئەوەبوو تسار ئەلێکساندر وتارێکیدا گفتی تێدا دا کەوا دابونەریتی حوکمڕانی بەپێی دەستوور لە هەموو لایەکی ڕووسیادا بلاوبکاتەوە . لە ئەیلوولی هەمان‌سالیشدا کۆنگرەی ( ئەکس‌لاشابل ) گیرا کە ئەلێکساندری تساری ڕووسیاو ئەمپەراتووری نەمساو پادشای پرووسیا تێیدا بەشدار بوونو دوایی بەوە هات بەیاننامەیەکیان لەبارەی سیاسەتی لەوەوپاشیانەوە دەرکرد کە ئەبێ لەگەل « یەکێتیی پیرۆز » بگونجێو ، ئەبێ پشتی ڕژێمە فەرمانڕەواکان بگرنو ، گەلان لەوە بپارێزن کە « کەلـکەلە » ی هیچ‌شتێکیان بکەوێتە کەللە ! ئەم چەکامەیە لەو سەردەمەدا بلاونەکراوەتەوە ، بەلام لەڕێی دەسنووسەوە گەیشتبوە دەستی خەلك .

ئووڕا ! وا ستەمکارێکی کۆچەر
بەسواری بەرەو ڕووسیا مل‌ئەنێ .
سپاسیتێل (★) ئەگری
گەلیش پێکڕا بۆی‌ئەسینێتەوە .
مریەم تەنگەتاو ئەبێو چاووڕاو لە ساواکەی خۆی ئەکا :
« مەگری ، ڕۆلە ! مەگری ، گەورەم !

(★) مەبەست عیسایە . سپاسیتێل واتە ڕزگارکەر . عیسایی‌یەکان بە عیسا ئەلێن ( ڕزگارکەر ) - **وەرگێڕی کوردی** .

گووگه هات ، گووگه ـ تساری ڕووسان ! »
تسار خۆی ئەکا بەژووورداو هەڵئەداتێ :
« ئەی گەلی ڕووسیا ،
ئەو شتە باش بزانە
کە سەرانسەری جیهان ئەیزانێ :
من دەستەجلێکی پرووسیایی‌و نەمسایم
بۆ خۆم داوە بە دروون .
دڵخۆش‌بە ، ئەی گەل ، من تێرم .
تەندروستیم گڤەی‌دێ ، قەڵەوم .
تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکیش هەڵی‌داوم .
نۆشم‌کرد ، خواردم ، بەڵێنم هەڵڕشت
خۆیشم بە کارو فرمان سەغڵەت ناکەم .

★ ★ ★

هێشتا قسەم ماوە ، گوێ‌بگرن .
بزانن پاشان چی‌ئەکەم :
(لاڤرۆڤ) (★) خانەنشین ئەکەم‌و
(سۆتس )یش (★★) لە شێت‌خانە توندئەکم .
تۆیش ئەی (گۆرگۆلی) (★★★) خۆشت‌بێ‌و ترشت‌بێ

---

(★) لاڤرۆڤ : بەڕێوەبەری بەشی کارڕاپەڕاندن بووە لە وەزارەتی پۆلیسی ئەو سەردەمەدا ـ **وەرگێڕی عەرەبی** .

(★★) سۆتس : سکرتێری بەشی ڕووسی بووە لە دەزگای سانسۆری سەر بە وەزارەتی پۆلیسی ئەو سەردەمەدا ـ **وەرگێڕی عەرەبی** .

(★★★) گۆرگۆلی : بەڕێوەبەری پۆلیسی پێتێربوورگ بووە ـ **وەرگێڕی عەرەبی** .

قانوون جێگیر ئەکەمو
لە چاکەی خۆم بە دڵفراوانی‌یەکی پادشایانە
مافی مرۆ ئەدەمە مرۆ » .
لەخۆشی یان ، ساواکە
لەناو پێخەفەکەی خۆی دەرپەڕی :
« تۆ بڵێی ئەوە ڕاست بێ ؟
تۆ بڵێی گاڵتە نەبێ ؟ »
دایکەیش وەڵامی‌دایەوە :
« لای‌لایە .. ڕۆڵە لای‌لایە !
باش ئەوەی گوێت لە ڕازی بابە تسار بوو
چاوت لێک‌نێ ،
شەو دەرنگە بنوو » .

# بۆ چادایێف

ئـەم چەکامەیە بەهـۆی ڕوونووسلەبەرگرتنەوەوە یەجگار زۆر بڵاوبووەتەوە . لە سـاڵی ١٨٢٩ یشـدا بێ ڕەزامـەندیی پووشـکین خـۆی ، بە شـێوەیـەکی دەستکـاری کراو ، بڵاویان کردووەتـەوە . یەکـێکە لـە بەناووبانگترین چەکامە سـیاسییەکانی پووشـکین کـە دەورێکی زۆریان لە پڕۆپاگەندەی ناو دیسەمبەرییەکاندا بینیـوە .

ئەڵێن گوایە ئەم چەکامەیـە لە سـاڵی ١٨١٨ دا دانراوە . ڕێیشی تێ ئەچێ بەهۆی ئەو دەمەقاڵە سیاسییە گەرمەوە دانرابێ کە لەئەنجامی ئەوەوە بەرپابوو تسـار ئەلێکساندەر لە وتارەکەی ١٥ ی مارتی ١٨١٨ ی پەرلەمانی پۆلۆنیایدا گفتی دانانی دەستووری بۆ وڵات دابـوو . بەڵام پووشکین نە باوەڕی بە گفتی ئەلێـکساندەر هەبوو، نە بەوەیش کە ڕێی تێ بچێ حوکمڕانیی ڕووسیا بە ڕێـی ئاشتیدا وای لێ بێ بەپێی دەستوور بێ .

خۆشەویستی ، هیوا ، شکۆی بێ جەنجاڵ
بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەڵیان نەفریواندین ،
ڕابواردنی لاویمان ، وەکوو خەون ،
وەکوو تەمی بەیانی بەسەرچوو .
بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا
هێشتا ئاگری ئومێدمان تێدا ئەسووتێ .
هێشتا بە گیانێـکی ئۆقرەلێ بڕاوەوە ،
لە ژێر باری سەنگینی ستەمی لەچارەنووسراودا ،
گوێ بۆ بانگی نیشتمان هەڵئەخەین و
کەنەفتی چاوەنواڕیی
تاوی ئازادیی پیرۆزین ،

هەروەك چۆن دڵدارێكی لاو
چاوەڕوانیی تاوی ژوانێكی مسۆگەر ئەكا .

★ ★ ★

مادەم ئێمە بە ئاگری ئازادی‌یەوە ئەسووتێین ،
مادەم دڵان بۆ شەرەف لێ ئەدەن ،
هاوڕێم ، با ساتە شیرینەكانی گیان
پێشكەشی نیشتمان بكەین .

★ ★ ★

هەڤاڵ ! باوەڕبكە :
ئەستێرەی دڵگیری بەختیاری هەڵدێ ،
ڕووسیا لە خەو هەڵئەستێ ،
ئەوسا لەسەر كەلاوەكانی كۆشكی زۆرداری
ناوی ئێمە تۆمارئەكەن .

# گوند

نیوەی یەکەمی ئەم چەکامەیە کە بە بەیتی « بیری داهێنانەتان لە قووڵاییی گیانمدا چاکتر پێ ئەگا » دوایی‌دێ ، بە ناوونیشانی « گۆشەگیری » لەناو شیعرە هەڵبژاردەکانی پووشکیندا بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵی ١٨٢٦ دا لەچاپ‌دراوە · بەڵام تێکستی تەواوی بەهۆی ڕوونووس‌لەبەرگرتنەوەوە لەناو خەڵکدا یەجگار زۆر باو بووە · پووشکین ئەم چەکامەیەی لە ساڵی ١٨١٩دا لە گوندی میخایلۆڤسکۆیێ داناوە · چەکامەکە ئەوە دووبادئەکاتەوە کە سیستێمی زەوی‌بەندەیی هەر ئەبێ هەڵوەشێنرێتەوە · ئەم باوەڕە چەسپاوەیشە پووشکین‌و دیسەمبەری‌یەکان پێکەوە کۆئەکاتەوە ·

ڕۆژ باش ! ئەی مەڵبەندە لاپەڕەکە ،
ئەی کونجی ئارامی‌و کارو ئیلهام ،
ئەی ئەو شوێنەی لەکۆشیدا
بەختەوەری‌و فەرامۆشی‌و
چەمی پەنهانی ڕۆژانی ژینم تێئەپەڕێ ·

* * *

من هیی تۆم :
ئەوکەسەم کە کۆشك‌و تەلاری لەکەداری
شاژنانی تسیرتسیا(*) ، خوانی ڕازاوە ،
ڕابواردن ، گومڕاهیم گۆڕی‌یەوە
بە خشبەی لێڕ ، کپیی کێڵگە ،
دەست‌بەتاڵیی ئازادانەی دەستەخوشکی بیرکردنەوە ·

* * *

(*) ئەو ژنە جادووگەرەیە جادووی لە دەست‌و پێوەندەکانی ئۆدیسیۆس کردو کردنی بە بەراز – **وەرگێڕی عەرەبی** ·

من هیی تۆم
باخە تاریك‌و فێنك‌و
پڕ گوڵاڵەکانتم خۆش ئەوێ .
مێرگی پڕ گیشە گیای بۆنخۆشتم خۆش ئەوێ .
کە جۆگەلەی زوڵاڵی تێدا
بەناو تووترکدا بەخوڕ ئەڕوا .

★ ★ ★

تەماشای هەر لایەکت ئەکەم
تابلۆی زیندووە :
ئەوەتەن دوو دەریاچەی شینی ئاسمانی ،
بڕوانە چۆن بایەوانی ماسیگران
بەسەریانەوە سپی ئەچێتەوەو
پشتیشیان ڕیزە گردە قەرسیل‌و شیناوەردە ،
لە ئاسۆی دووریش ئەوەتان :
خانیلکەی لێرەو لەوێ پەرش‌وبڵاو .
لە کەناری پاراودا مێــگەل ئەلەوەڕێ
عەماری دووکەڵاوی‌و ئاشەبا دیارن
سەرنج ئەدەیتە هەر لایەك هەر هاتەو هەر کار .

★ ★ ★

لێرە ، لە زنجیری بێنەوبەرە ئازادم .
فێر ئەبم چۆن لەڕاستیدا خۆش‌بەختی بدۆزمەوە ،
بە گیانێکی بێ‌پەرواوە
کوڕنووش بۆ قانوون بەرم

گوێ‌نەدەمە پڕۆتێستی ڕەشەخەڵکی ناڕووناکبیر ،
فێر ئەبم دڵی ئەو کەسانە بدەمەوە
کە بەشەرمەوە ئەکڕووزێنەوە .
بەخیلیش بە بەشی شەڕخوازو دەبەنگان
نەبەم ، کە چاویان بڕیوەتە
گەورەیی‌یەکی خۆڕا .

★ ★ ★

ئەی فاڵگرەوەکان !
هەر پرسیارێکم هەبێ لێرە لێتان ئەکەم .
لێرە ، لەم تەنیایی‌یەدا ،
دەنگی دڵشادکەری ئێوە ڕوونتر دێتە گوێ‌و
چاکتر خەوی خەماویی تەوەزەلی ڕاوئەنێ‌و
بۆ داهێنانی کڕ هانم ئەداو
بیری داهێنانەتان
لە قووڵاییی گیانمدا چاکتر پێ‌ئەگا .

★ ★ ★

بەڵام لێرە ، بیرێکی ترسناك دڵم ئەگوشێ :
لەناو قەرسیلی پاراوو کەژو کێوەکانتدا ،
ئەوەی مامەخەمە بێ ، بە چاوی خەماوی‌یەوە ،
لە هەموو جێ‌یەك ،
خەوشی بکوژی نەخوێندەواری بەدی‌ئەکا .
لێرە ، ئاغاو بەگلەری دڕندە ، ئەوانەی
چارەنووس بۆ گەورەیی هەڵی‌بژاردوون ،

بێ‌بەزەیی‌یانە ، بێ ئەوەی گوێ‌بدەنە قانوون ،
خەریکی زەلام‌کوژین‌و
بە زەبری حەیزەران کارو ماڵ‌و کاتی جووتیاران ئەبەن •
کۆیلەی لەڕو لاوازیش :
سەر بۆ قامچی دائەنەوێنێ
خۆی بەسەر دەستەندووی کەسێکی‌تردا ئەنووشتێنێتەوەو
بەناو وەردی خاوەن‌زەویدا
قاچ بەدوای خۆیدا بەکێش‌ئەکا •

★ ★ ★

لێرە نێڵەی بەندایەتی هەموان بەرەو مەرگ ئەبا ،
کەس زاتی ئەوە ناکا ئومێدێك بخاتە بەر گیانی خۆی ،
لێرە کچانی گوڵ‌ئاسا
بۆ سووکە ڕابواردنی زۆرداران ئەگەشێنەوە •
کوڕانیش پشت‌و پەنای بابیان‌و
دۆستی کارو فرمانن ،
لە زنجەکانیان دەرئەچن ، ڕوو لە کۆشك ئەکەن ،
تا ئاپۆرەی بەندە ستەمدیدەکان چڕوپڕتر بێ •

★ ★ ★

ئاخ ، خۆزگە دەنگی من ئەیتوانی
دڵان بەجۆش‌بێنێ •
تێ‌ناگەم ئەم ئاگرە نەزۆکە چی‌یە ،
لە سنگمدا وا بە تاو نێڵەنێڵ ئەکا !
نازانم بۆچی بەهرەی پێشبینی‌کردنم نەدراوەتێ ؟

★ ★ ★

هاوڕێیان ! بشێ ڕۆژێ بێ
ئەم گەلە بەئازادی ببینم‌و
بە فەرمانێکی تسار کۆیلەیەتی لاچێ‌و .
گزنگی بەرەبەیانی نازدار
لە نیشتمانێــکی سەرفرازدا هەڵبێ ؟

# چرای ڕۆژ کوژایەوە

ئـەم چەکامەیـە لـە ساڵـی ١٨٢٠دا بێ ئیمزا بلاوکراوەتەوە . ئەم تێبینییەیش لەداوێنییەوە نووسرابوو « دەریای ڕەش ، ئەیلـوولی ١٨٢٠ » . پووشکین کـە خەریك بوو خۆی بـۆ بلاوکردنـەوەی کۆمەڵە شـیعرەکەی ساڵی ١٨٢٥ی ئامادەئەکرد ، نیازیوابوو ئەم بەیتەی بنەوە بکا بە سەرەنای ئەم چەکامەیە :

*" Good Night my Native Land ".*
*Byron*

چرای ڕۆژ کوژایەوە ،
تەمو مژی ئێوارە زەریای شینی پۆشی ،
بسیرێنە ، بسیرێنە ئەی بایەوانی گوێدێر ،
شەپۆل بدە ، شەپۆل بدە لەبنما دەریای ڕوومۆن .

★ ★ ★

چاوم بڕیوەتە کەنارێـکی دوور ،
خاکی ئەفسووناویی باشوورم لێ دیارە :
پەشۆکاو ، خەمگین ، مەستی یادگار ،
بەرەو ئەوێ تەکان ئەدەم ...
هەست ئەکەم : دیسان چاوم فرمێسکی تێزاوەتەوە
گیانم دێتەکوڵو ساردئەبێتەوە
خەونێکی ئاشنا لەدەورەمدا کەوتووەتە باڵەفڕێ ،
هەرچی ئازاری ئەدام ،
هەرچی خۆشەویستیی شێتانەی ساڵانی ڕابوردووە

ئەو هەموو ئاوات و ئارەزووە فریودەرانەی
شەکەتیان ئەکردم ، هەمووم بیر کەوتەوە .

* * *

بسیرێنە ، بسیرێنە ، ئەی بایەوانی گوێدێر .
شەپۆل بدە ، شەپۆل بدە لەبنما ، دەریای ڕوومۆن .
تۆیش باڵ بگرەوە ئەی کەشتی یەکە ،
بۆ سنوورە دوورەکانم هەڵگرە .
جڵەوی خۆت بدەرە دەست ئارەزووی بێ ئامانی دەریا ؛
بەڵام نەکەی ڕووبکەیتە
کەنارە خەمگینەکانی نیشتمانە تەماوی یەکەم :
لەوێ بوو بۆ یەکەمجار
ئاگری ئارەزوو لە هەستم بەربوو
لەوێ بوو خواژنی ناسکی شیعر
بەدزی یەوە بزەی بۆ کردم .
لەوێ بوو ، هەر زوو لە زریاندا
گوڵی لەدەستچووی لاویم ژاکا .
لەوێ بوو کامەرانی وەك باڵدارێکی سرك ،
ناپاکیی لەگەڵ کردم و
دڵی ساردبووەوەی بەئەشکەنجە سپاردم .
من بەدوای بیری نوێدا وێڵم ،
لەدەست تۆیە هەڵاتووم ، ئەی مەڵبەندی باب و باپیران .
لەدەست ئێوەیە هەڵاتووم ، ئەی نەوە لەلەزەت کەوتووەکان .

* * *

ئەی هاوڕێیانی بێ وەفای تەمەنی کورتی لاویم :
بگرە ئێوەیشم لەبیر کردووە ، ئەی کچە هاوڕازەکانی

گومڕاییی پڕشووره‌یم •
ئه‌ی ئه‌وانه‌ی بێخۆشه‌ویستی ،
قوربانیم بۆ دان به خۆم ، به ئارامیو ناووبانگ ،
به ئازادیی گیانم
ئێوه‌یشم له‌بیر کردووه ، ئه‌ی ئه‌و ئافره‌ته شۆخانه‌ی
ناپاکیتان له‌گه‌ڵ کردم ،
ئه‌ی کچه هاوڕێ زێڕینه نهێنیی‌یه‌کانی به‌هارم
به‌ڵێ ، ئێوه‌یشم له‌بیر کردووه •••
به‌ڵام کۆنه زامه‌کانی دڵ ،
زامه قووڵه‌کانی ئه‌وین ، هیچ شتێك چاره‌ی‌نه‌کردوون

* * *

بسیرێنه ، بسیرێنه ، ئه‌ی بایه‌وانی گوێدێر
شه‌پۆل‌بده ، شه‌پۆل‌بده له‌بنما ، ده‌ریای ڕووموٚن •

# خەنجەر

ئـەم چەکامەیـە لە ژیانـی پووشـکین خۆیـدا بڵاونەکراوەتەوە ، هەرچەند لە ڕێگای ڕوونووس کردنەوە یەجگار زۆر باو بووە • بـەڵام بە فەرەنسەیـی ، سالـی ١٨٢٧ لە پاریس لە کتێبەکەی ئەنسالۆدا « شەش مانگ لە ڕووسیا » لەچاپدراوە •

(لێمنۆس)ی(★) خواوەند
بۆ دەستی نەمری (ئێمێزیدا)ی دروست کردووی •
تۆ پاسەوانی نادیاری ئازادیت ،
ئەی خەنجەری دوژمن بەزێن ،
ئەی دواداوەری شوورەیی و ئازار •

★ ★ ★

لە هەرکوێ هەورەتریشقەی (زیۆس) بێدەنگ بێ
لە هەرکوێ شیری قانوون وەنەوزبردبێتەوە
تۆی گوێ لە لەعنەت و هیوای خەڵك ئەگری ،
تۆ لە سێبەری هەموو عەرشێکدای
تۆ لەژێر بریقەی جلی ئاڵ و واڵادای •
ئەی تیغی لاڵ ،
تۆ وەك تیرێژی ئاگری دۆزەخ ،
وەك برووسکەی خواوەندان ،
لەڕووی شەڕخوازاندا بریقەت دێ
هەر شەڕخوازێ تۆ ببینێ

---

(★) دوورگەیەکە لە دەریای ئێجەدا • هـەر ئـەو دوورگەیەیشـ بـوو زیـۆس ، هیفیستی خوای ئاگرو کانی ، بەردەستـی خـۆیی ، لـە لووتکەکانی ئۆلۆمپەوە تێدابەزاند — **وەرگێڕی عەرەبی** •

لە کۆڕی بەزمیشدا بێ ئەتۆقێ .
بچێتە هەرکوێ :
لە وشکایی ، لە زەریا ، لە پەرستگا ، لەژێر دەواردا ،
لە پەنا کۆشکی پڕنهێنی ،
لە پێخەفی نووستندا ، لە باوەشی خێزاندا ،
تۆ ئەیدۆزیتەوە .

★ ★ ★

لەژێر پێی قەیسەردا(★) ، ڕووباری پیرۆزی (ڕۆبیکۆن) هاژەی دێ
ڕۆمای مەزن خۆی بەدەستەوەدا ، قانوون سەری نەوی کرد .
بەڵام (برووت)ی ئازادیخوا ڕاستبووەوە
تۆ بووی ، خەنجەر ، ( چێزار ) ت لەتلەت کرد
ئەویش دەست لە ملی پەیکەری بەفیزی
مەڕمەڕی (پۆمپێی)دا گیانی خۆی سپارد .

★ ★ ★

فرزەندی یاخیگەری دەنگی شوومی خۆی هەڵئەبڕێ
زەلامکوژێکی گێڕووێڕ ،
نامەرد ، ڕووتاڵ ، دەستبەخوێن ،
بەسەر لاشەی بێسەری ئازادییەوە دیارە

★ ★ ★

پێغەمبەری مەرگ ( ئیزرائیل ) (★★)

---

(★) مەبەست لە یۆلیۆس قەیسەرە کە لە ساڵی ٤٨ ی پ. ز. دا کاتێ کە لە وڵاتی گاڵ ( فەرەنسە ) بوو ، بە لەشکرەوە لە ڕووباری ڕۆبیکۆن پەڕییەوەو شەڕێکی ناوخۆییی لەدژی پۆمپێی دەست پێکردو سەرەنجام تیایدا زاڵبوو بەسەریدا – **وەرگێڕی عەرەبی** .

(★★) کینایەیە لە مارا کە یەکێکە لە پێشەوا بەناووبانگەکانی شۆڕشی فەرەنسە – **وەرگێڕی عەرەبی** .

هەر بە پەنجە ئەوانەی دەستنیشان ئەکرد
کە ئەبوایە بچن بۆ (ئاید)
بەڵام دادگای هەرەباڵا تۆو
(ئیقمێدیدا)ی خوازنی تۆڵەی(★) بۆ ناردن •

★ ★ ★

ئەی خواناسی لاو ، ئەی هەڵبژاردەی چارەنووس
ئەی (زاند) (★★) ، تۆ ژیانی خۆت بەسەر تەختەی تەورەوە دانا •
بەڵام کرداری پیرۆزی تۆ
هێشتا لە لاشەی بێسەرتدا دەنگ ئەداتەوە •

★ ★ ★

تۆ بوویت بە سێبەرێکی جاویدانی بۆ ئەڵمانیا ،
بوویت بە ترس ولەرز بۆ هێزی تاوان •
لەسەر گۆڕی ڕووناکت
تا هەتایە ، خەنجەرێکی بێ نەخش و نیگار
هەر ئەچریسکێتەوە •

---

(★) کینایەیە لە شارلۆتا کۆردێ ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

(★★) قوتابی یەکی ئەڵمانیایی یە ، لە ١٨١٩ دا کۆتسیبای بنووسی کۆنەپەرستی کوشت • ئەم کردەوەیە بە کارێکی نیشتمانپەروەزانەو شۆڕشگێڕانە دانرا • پاشان دادگا بڕیاری کوشتنەوەی زاندی دا ـ **وەرگێڕی عەرەبی** •

## بەستەیەک لەبارەی ئۆلێگی غەیبزانەوە

وا ئۆلێگی غەیبزان خۆی ئامادە ئەکا ،
بەسەر خەزارە بێهۆشەکاندا بدا •
لە تۆڵەی شالاوە دڕندانەکەیاندا ،
گوندو مێرگیان بداتە دەست شیرو ئاگر •
لەگەڵ چەکدارەکانیدا ، شازادە
زرێـی قوستەنتەنی یەی لەبەردایـەو
بەسواریی ئەسپە دڵسۆزەکەی خۆی دەشتایی تەی ئەکا •

★ ★ ★

لە دارستانی تاریکەوە
جادووگەرێکی دڵئاوەدانی بەپیرەوە هات ،
ئەم پاشەڕۆژناسە لە (پێروون)(★) بترازێ
کەس دەستی بەسەردا نەئەشکا ،
هەموو ژیانی خۆی لە دواڕۆژ خوێندنەوەو
نزاکردندا بەسەربردبوو •
یەکێك بەسواری خۆی گەیاندە لای پیری دانا :
«ئەی ئەستێرەناس ، خۆشەویستی خواکان !
پێم بڵێ ، لە ژیانی ماومدا چیم بەسەردێ ؟
تـۆبڵـێی بەمزووانە چاوی دوژمنە
دراوسێکان بە مردنم ڕوون بێتەوە ؟

---

(★) خوای خوایان لای سلاڤی یە ڕۆژهەڵاتی یە کۆنەکان ، هەروەها خـوای برووسکەو هەورەگرمە – **وەرگـێڕی عەرەبی** •

ڕاستی چۆنه ، وام پێ بڵێ ، لێم مەترسە :
کام ئەسپت مراز بێ پێشکەشت ئەکەم » .

★ ★ ★

«جادووگەران ، باکی شاهانی بەزەبروزەنگیان نی یە ،
خەڵاتی شازادانیان ناوێ ،
زمانیان ڕاستە ، ئازادەو
بە هێزی ئاسمانی پشت ئەستوورە .
هەرچەند دوارۆژ لە شەوەزەنگدایە ،
بەڵام بەختەکەت لە ناوچەوانی نوورانیتدا دیارە .

★ ★ ★

ئێستا ، گوێ بگرەو قسەکانم لەبیرمەکە :
بەخ بۆ جەنگاوەر شادی یە ،
سەرئەکەویتو ناووبانگت ئەڕوا .
مەتاڵەکەت بە دەروازەکانی قوستەنتەنی یەوە (★) ئەکرێ .
دەریاو زەوی ئەڵقەلەگوێت ئەبن ،
دژمنان بەخیلی بە بەختی بێ هاوتات ئەبەن .

★ ★ ★

ساڵەهای ساڵ
نه شەپۆلی فێڵاویی زەریای شین
نه بەرداوێژ ، نه تیر ، نه خەنجەری سەربەگۆبەند ،
لەگەڵ تۆدا هیچیان پێ ناکرێ ...

---

(★) دابی پێشینان وابووە سەرلەشکری سەرکەوتوو چەکەکەی خۆی بە دەروازەی شارە داگیرکراوەکاندا هەڵئەواسی ـ **وەرگێڕی عەرەبی** .

له جەنگەی شەڕدا قەت زامدار نابیت •
خوا بازیبەندێکی نادیاری پێ بەخشیوی •

★ ★ ★

ئەسپەکەت لە ئەرکی پڕسام ناپرینگێتەوە ،
ئەو لە شۆڕەسواری خۆی ئەگا •
یا ئارام‌ئارام لەڕووی تیربارانی دوژمندا ئەوەستێ •
یا لە مەیدانی جەنگدا هەڵمەت ئەبا ،
سەرماو شەڕەشیری لا پەشمە •••
بەڵام مەرگی تۆ هەر لە ئەسپەکەتەوە دێ » •

★ ★ ★

هەرچەند ئۆلێگ لە قاقای پێکەنینی دا ، بەڵام
ناوچاوی گرژبوو ، نیگای خەمی لێ‌نیشت •
بێ‌دەنگ ، ڕووتاڵ ، لە ئەسپەکەی خۆی دابەزی ،
دەستی بە ملی ئەسپەکەدا هێناو لاواندیەوە :

★ ★ ★

«خواحافیز ، هاوڕێم ، ئەی پێش‌خزمەتە دڵسۆزەکەم •
وەختی ئەوە هاتووە لێك جیابینەوە •
پشووبدە ! چیی‌تر
قاچم ناکەم بە ئاوزەنگی‌یە زێـڕکفتەکەتدا ،
خواحافیز ! دڵتەنگ مەبە • لەبیریشم‌مەکە •
ئێوەیش وەرن ببەن ، ئەی هاوڕێیانی هەرزەکارم •

★ ★ ★

مافوورێکی کوڵکنی لێ‌کەن ،
جڵەوی بگرن‌و ببەنە ناو چیمەنەکەی خۆم ،

بشۆن ، ئالیکی‌دەن بە خاوێنترین دەغڵودان ،
بیبەنە سەر کانیاوان ، ئاوی‌دەن .
هەرزەکارەکان یەکسەر ئەسپەکەیان ڕاپێچاو ،
ئەسپێکی‌تریان بۆ میر هێنا .

★ ★ ★

ئۆلێگی غەیبزان لەگەڵ جەنگاوەرەکانیدا
لە کۆڕی بەزم‌وڕەزمدایە ، زرەی پیاڵەیە .
قژی لوولی سپی‌یان ، وەك بەفری بەیانی
بەسەر چاڵە گۆڕی پڕشکۆوە ،
بیری ڕۆژانی پێشین‌و ئەو شەڕانەیان ئەکردەوە
کە پێکڕا کردبوویان ...

★ ★ ★

ئۆلێگ گوتی :
«کوا هاوڕێکەم ؟
پێم‌بڵێن ، کوا ئەسپە بەلەسەبووەکەم ؟
هێشتا ساغە ؟ وەك جاران خۆشبەزە ؟
ئێستایش هەر خورت‌و قۆشمەیە ؟ »
وەڵامیان‌دایەوە :
«زۆر لەمێژە ، لەسەر تۆقەڵەی گردێك ،
یەکجاری چاوی لێك‌ناوە » .

★ ★ ★

ئۆلێگی بەزەبروزەنگ سەری خۆی نووشتاندەوەو
لە دڵی خۆیدا گوتی :
« ئەی کوا پێشبینیی غەیبزانەکە ؟

ئەی جادووگەر ، تۆ درۆزنی ، پیرێکی خلەفاوی !
ئەگەر گاڵتەم بە قسەکانت بهاتایە ،
ئێستاش ئەسپەکەم هەر یاوەرم ئەبوو » .
لەپڕ بڕیارئەدا سەرێك لە ئێسکی ئەسپەکەی بدا .

★ ★ ★

ئەوەتان ، ئۆلیگی بەزەبروزەنگ و
(ئیگۆر)ی کوڕی و میوانە پیرەکانی
هەموو کۆشك و تەلاریان بەجێ هێشت .
لەسەر گردێکی لێواری زێی (دنێپر) ،
ئێسکی ئەسپی ڕەسەنیان دۆزییەوە
دیبان باران ئەیشواتەوە ، تۆزو گەردی لێ ئەنیشێ
گەردەلوول قنگلاشکی بەسەردا خل ئەکاتەوە .

★ ★ ★

شازادە ، بەهێمنی پێی لەسەر کاسە سەری ئەسپەکە دانا ،
پێی وت : «هاوڕێی تەنیام ! بنوو
وا تۆ پیرە خاوەنەکەی خۆت بەجێ هێشت ،
لە ماتەمی مندا ـ کە نزیکە ـ
تۆ نەماوی تا سەری خۆت بخەیتە ژێر تەورو
بە خوێنی گەرمی خۆت پاشماوەی لاشەکەم ئاودەی (★) !

★ ★ ★

---

(★) دابی میرەکانی کییێف وابووە کە سوارێکیان ئەمرد ، ئەسپەکەیشیان لەگەڵ لاشەکەیدا ئەخستە گۆڕ – وەرگێڕی عەرەبی .

ئەوەتا ، ئەو جێیەی
مەرگی پەنهانیم خۆی تێدا حەشارداوەو
ئێستە هەڕەشەی مەرگم لێ ئەکا ! »

* * *

مارێکی سەرقەبران ، بە فیشکەفیشك ،
وەك قەیتانێکی ڕەش ،
لە کاسەسەری ئەسپی تۆپیوەوە سەری خۆی دەرهێناو
لە قاچی ئالا ،
لەپڕ شازادەی مارگەستە زریکاندی •

* * *

لە پرسەی خەمگینی ئۆلێگدا
کۆتکە شەرابی کۆڕ ، کەفئەچەرێنن و
کزەکز ئەکەن :
شازادە ( ئیگۆر ) و ( ئۆلگا ) ی دایکی
لەسەر گردەکە هەڵترووشکاون
لەشکر لە کەناری ڕووبار لە بەزمورەزمی خۆیدایە •
جەنگاوەرانیش یادی ڕۆژانی کۆن و
ئەو هەموو شەڕانە ئەکەنەوە کە پێکرا کردوویانە ••

# ئەهریمەن

ئـەم چەکامەیـە یـەکەمجـار لە سـالّی ١٨٢٤ دا بلاّوکراوەتەوە .

لە ڕۆژانێکدا کە هەمووشتێ لەمژیانەدا بۆ من تازە بوو ،
چاوی کیژان ، خشپەی لێڕەواران ،
خوێندنی شەوانەی بولبول ـ

★ ★ ★

لەکاتێکدا ، هەستی بەرز ،
ئازادی ، شکۆو ئەوین ،
هونەری زادەی ئیلهام ،
بەتاو خوێنیان بەجۆش ئەهێنام ـ

★ ★ ★

ئەوسا بلیمەتێکی بەدکردار
دەستی کرد بە هاتوچۆکردنمو ،
تاوەکانی هیواو هەوەسی
لێ پڕکردم لە دڵتوندیی ناکاو .

★ ★ ★

پێک گەیشتنەکانمان خەماوی بوون :
زەردەخەنەی ، نیگای ئاشنای ،
قسە ڕەقەکانی ،
زەهری ساردیان ئەکردە ناو گیانم .
بە بوختانی لەبن نەهاتووی

بەگژ شاکارەکانی خوادا ئەچوو ،
بە جوانیی ئەگوت خەون ،
گاڵتەی بە ئیلهام ئەکرد ،
نە بڕوای بە خۆشەویستی هەبوو ، نە بە ئازادی :
بە چاوی تەوسەوە سەیری ژیانی ئەکرد
لەم سروشتە بێبنەدا ،
نە ئەیویست هیچ شتێ بەرخوردار کا .

# دەروێشی ئازادیچێن

« ئەوەتا تۆوداچێن ، دەرچوو تۆو داچێنێ »
( ئینجیلی مەتتی )
- پێخوێندن بە پەندی پێشینان -

ئەم چەکامەیە لە تەشرینی دووهەمی سالی ۱۸۲۳دا دانـراوە . لـە سەردەمـی ژیانـی پووشـکین خـۆیدا بلاونەکراوەتەوە . بەبۆنەی بەزینی شۆڕشی ئیسـپانیاوە داینراوە کە سوپای فەرەنسـە سەرکوتـی کرد . ڕسـتە خواستەمەنی یەکەی سەرەوەیش لە لاپەڕەی سێهەمی بەشی سیازدەهەمی وەرگێڕراوی ڕووسیی ئینجیلی مەتتی یـەوە وەرگیراوە .

پێـش ئەوەی ئەستێرەی بەیان هەلبێ ،
زوو منی دەروێشی ئازادی چێن بۆی دەرچووم
بە دەستی پاکو تاوان نەدیوم ،
تۆوی ژیانبەخشم
بە شێوەردی کۆیلەیەیدا وەرکرد .
بەلام داخەکەم - بێهوودە کاتم لەکیس چوو .
بیری چاکو کردەوەی چاکم بەبادا ...

★ ★ ★

دە هەر بلەوەڕێن ، گەلانی بێوەی ،
هاواری شەرەف ناتوانێ لە خەوتان هەلسێنێ ،
مێگەل چییداوە لە خەلاتی ئازادی ؟
ئێـوە هەر بۆئەوەن سەرببڕێن ، جەوبکرێن .
ئێلەی زەنگولدارو قامچیتان ،
پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە .

# گفتوگۆی کتێبفرۆشو شاعیر

ئەم چەکامەیە بۆ یەکەمجار بە شێوەی سەرەتای بەشی یەکەمی ڕۆمانی «یێڤگێنی ئۆنێگین» بلاوکراوەتەوە لە ساڵی ١٨٢٥دا • لە شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٨٢٤یشدا دانراوە •

**کتێب فرۆش :**

شیعر ، بۆ ئێوەمانان ، گەمەیەو بەس ،
هەر ئەوەندە کەمێ بۆی دانیشن
ئیتر ناووبانگستان هەواڵی خۆش
بە هەموو ڕاستێکدا بلاوئەکاتەوە :
ئەڵێن بەیتەکە ، بەروبووی بیرکردنەوەتان ،
تەواوبووە •
دەسا بێژە ، چاوەڕێی بڕیارم ،
خۆتان نرخێکی بۆ دانێن ،
هێندە بلێی یەکو دوو ،
بەرهەمی ئازیزانی خوازنی شیعر
ئەگۆڕین بە ڕووبلو کاغەزی نووسینتان
بۆ ئەکەینە سەفتەی چەکو پارەی کاش •
چی‌یە ؟ بۆچی هەناسە هەڵئەکێشی ،
ئەشێ بزانین بۆ ؟

**شـــاعیر :**

لێرە نەبووم ،
ئەو سەردەمانەم هاتنەوە بەرچاو

که بە ئومێد دەوڵەمەند بووم ،
ئەوسا شاعیرێك بووم ، بێ بەروا ،
بۆ ئیلهام ، نەك بۆ پارە ، ئەمنووسی .
دیسان ئەو زنارانەم هاتنەوەبیر کە داڵدەم بوون ،
بنمیچی قەڵەندەرخانەی تاریك ، ئەو شوێنەی
کە تێیدا ، خەیاڵ بەدەنگ بانگ‌هێشتنمەوە ئەهات .
لەوێ دەنگم زوڵاڵتر ئەزرینگایەوە ،
لەوێ ، زیندەخەوی خۆش ،
بە جوانی‌یەك کە باس‌ناکرێ ،
لە کاتی ئیلهام‌بۆهاتندا خولیان‌ئەداو
بەسەرمەوە ئەکەوتنە باڵەفڕێ .
ئەوسا هەموو شتێ دڵی ئەشێواندم :
چیمەنی پاراو ، تریفەی مانگ ،
گوێ‌گرتن لە لوورەی زریان لە گومەزێکی نابووتدا ،
ڕازی بەتامی داپیرە .
ئەوسا ئەهریمەنێك
دەستی بەسەر گەمەو دەست‌بەتاڵیمدا گرتبوو .
بۆ هەرکوێ ئەچووم بەدوامدا باڵی‌ئەگرتەوە ،
ئاوازی بێ‌هاوتای بەگوێمدا ئەچرپاند ،
سەرم گرانەتایەکی دژواری تێدا ئەسووتا ،
پڕ ئەبوو لە خەونی ئەفسووناوی .
وشە ئەڵقەلەگوێکانم
لە چوارچێوەی کێشی ڕێك‌وپێکدا یەکگیر ئەبوون ،
بە قافیەی زرینگەدار کۆتایی‌یان بەخۆ ئەهێنا .

له هارمۆنیی دەنگدا
مەگەر تەنیا خشپەی دارستانان ، ڕەشەبای هار ،
خوێندنی پڕزیندەگیی زەردەك (*) ،
هاژەی دووری شەوانی دەریا ،
چپەی ڕەوتی لەسەرخۆی ڕووبار شانیان لەشان بدامایە .
ئەوسا کە بە ئیش‌وکاری بێ‌دەنگی خۆمەوە خەریك‌ئەبووم ،
ئامادە نەبووم سەرسامیی ئاگرینی خۆم ،
لەگەڵ ڕەشەخەڵکدا دابەش‌بکەم .
دیاریی شیرینی خوای ئیلهام
سووك‌نەئەکردو نەمئەخستە بازاڕی پڕشوورەیی ،
ڕژدانە ئەمپاراستن .
بە خۆم‌و بە نەفسی بەرزمەوە
لە دڵدارێکی دوودڵ ئەچووم
کە دیاری‌کراوی شۆخی خۆی
لە نیگای خەڵکی دووڕوو بشارێتەوە .

**کتێب فرۆش :**

بەڵام خۆ ناووبانگ
جێگای لەزەتی خەیاڵی ئەفسووناویی بۆ گرتوویتەوە .
لەکاتێکدا شیعرو پەخشانی خەڵکی‌تر ،
کەڕوویان هەڵێناوەو تۆزیان لێ‌نیشتووەو
بێهوودە چاوەڕوانی کەسێکن بی‌یانخوێنێتەوەو

---

(*) باڵدارێکە لە دەم زۆنگاودا ئەخوێنێ – **وەرگێڕی کوردی** .

حوکمێکی سەر گەرمانەیان بەسەردا بدا ،
شیعری تۆ ئەقۆزرێتەوە .

**شاعیر :**

بەختیارە ، ئەوکەسەی شاکارە بەرزەکانی خۆی شاردەوەو ،
چاوەڕوانی پاداشی هەستی خۆی لە خەڵك نەکرد ،
وەك چاوەڕوانی هیچ لە گۆڕستانان ناکا .
بەختیارە ئەوکەسەی
شاعیرێکی بێدەنگ بوو و
تاجە دڕکینەی شکۆی لەسەر نا :
ئاپۆرەی بێزراوی خەڵك لەبیریان کردو
بێناو ئەم جیهانەی بەجێهێشت !
شکۆ ، کە لە هیوای خەیاڵاوی ساختەترە ، چییە ؟
چەی خوێندەوارە ؟
ڕاکردنە بەدوای ئافەرینی نەخوێندەوارێکدا ؟
یا سەرسامیی پیاوێکی دەبەنگە ؟

**کتێب فرۆش :**

لۆرد بایرۆنیش هەر لەم بڕوایەی تۆدا بوو
ژووکۆڤسکی‌یش هەر وای‌ئەوت !
بەڵام کۆڕی ڕەسەنزادان توانی
شاکارە نەغمەخۆشەکانیان بخوێنێتەوەو بکڕێ .
بەڕاستی چارەنووسی ئێوە بەخیلیی پێ‌ئەبرێ :
شاعیر ئەتوانێ سێدارە هەڵخا ، تاج بنێتە سەران

به گیزەی تیرێکی جاویدانی
خراپەکارانی نەوە داهاتووەکانیش بپێکێ .
دڵی پاڵەوانان ئەداتەوە ،
شۆخە خۆشەویستەکەی خۆی لەگەڵ کۆرینتا
ئەباتە سەر تەختی دوورگەی کیفێر
بۆ ئێوەی شاعیر ، پێداهەڵدان ئاوازێکە بێزاری دێنێ
بەڵام دڵی ئافرەتان بەدوای ناووبانگدا وێڵە
هیچ نەبێ بۆ ئەوان بنووسە .
ئەوان زمانلووسیی ( ئاناکریون ) (*) یان لێ خـۆش دێ
لە ساڵانی لاویدا گوڵەباخێك
لە تاجە گوڵینەی سەری گیلیکۆن (**) بەهادارترە .

**شــــاعیر :**

ئەی ئاواتە بەنازەکان !
هاودەنگەکانی سەرگەرمی لاویم !
منیش سەردەمێ لەناو گێژەڵووکەی ئەم ژیانە جەنجاڵەدا
بەدوای سەرنجی شۆڕەژناندا ئەگەڕام .
بە زردەخەنەی خۆشەویستی‌یەوە
چاوی جوان شیعریان ئەخوێندمەوە .

---

(*) شاعیرێکی بەناووبانگی گریکی‌یە ، پێنج سەدەیەك پێش هاتنە دنیای عیسا ژیاوە ، شیعرەکانی بۆ پێدا هەڵدانی مەی‌و دڵداری تەرخان کردووە . تا ئەمڕۆیش ئەم جۆرە شیعرانە لە ئەورووپادا هەر بە ناوی ئەوەوە ناوئەبرێن – **وەرگێڕی عەرەبی** .

(**) بەگوێرەی ئەوەی لە ئەفسانە گریکی‌یەکاندا باوە چیایەکە ئەپۆللۆو خواژنەکانی شیعر لەوێ ئەژین – **وەرگێڕی عەرەبی** .

لێوی ئەفسووناوی ، بەچپە
دەنگی ئیلهامیان ئەڕژاندە گوێم ،
بەڵام بەسی بێ ، منی سەوداسەر
چیی‌تر ئازادیی خۆم بەقوربانی ئەوان ناکەم ،
لێ گەڕێ ، با هەرزەکارێك
کە نازداری سروشت بێ ،
بەستەیان بۆ بڵێ .
من چیم‌داوە لەمانە ؟
وا من ژینم لە تەنیایی‌و بێ‌دەنگیدا بەسەر ئەچێ .
لەرەی تەلی گیتارە دڵسۆزەکەم
چیی‌تر کار لە گیانی دەم‌دەمی‌و بێ‌باریان ناکا .
خەیاڵیان خاوێن نی‌یە :
لە ئێمـەمانان ناگەن ،
نیشانەی ئاسمان ـ ئیلهام ـ
لە بەرچاویان ئاشنایە ، گاڵتەیان‌پێ‌دێ .
کە جارجار بێ‌خوایشت ،
ئیلهامی شیعرێکم بەخەیاڵدا دێنن ،
ئاگرم لێ‌ئەبێتەوە ، دڵم ژان‌ئەکا :
شەرم لە بتەکانی خۆم ئەکەم . کڵـۆڵ خۆم
بۆچی وا تەکانم‌دا ؟
لە بەردەمی کێدا بوو سەری بەرزی خۆم دانەواند ؟
کێ بوو ، بێ‌شەرمانە ، بە بیری چاك
بەرزم کردەوەو ، پەرستم ؟

**کتێب فرۆش :**

ڕقەکەتم پێ خۆشە ، شاعیران وان !
نازانم هۆی ئەم دڵتەنگی یەتان چی یە ؟
تۆبڵێی نەکرێ خانمانی شۆخ لەحسێبیان دەرهاوێژن ؟
تۆبڵێی یەکێکیان تێدا نەبێ
بتوانێ ئیلهام ببەخشێ و ئارەزوو بجووڵێنێ و
جوانی یە بەتواناکەی خۆی بکا بە هەوێنی بەستەکانتان ؟
چی یە ، بێدەنگن ؟

**شـــاعیر :**

جا ، بۆ شاعیر دڵی خۆی پڕ کا لە خەون و خەیاڵ ؟
بێهوودە سەری خۆی ئەشێوێنێ
ئینجا چی ؟ کۆمەڵ چیی لەمە داوە ؟
من لەمانە هەموو نامۆم ، چی یانە لەوەی
وێنەی جوانێکی لەبیرنەکراو لەگیانمدایە ؟
خۆشەویستیی ئاسمانیم دیوە ؟
بیری کەسێك ئەکەم ،
یا هەرگیز فرمێسکی خۆم بەبێدەنگی ئەشارمەوە ؟
کوا ئەویان کە چاوەکانی وەك ئاسمان
بۆم پێئەکەنن ؟
ژیان هەمووی شەوێکە ... یا دوو شەو ؟

★ ★ ★

ئینجا چی ؟ لالانەوەی وەڕسکەری دڵداری و
وشەکانم وەك بۆڵەبۆڵی شتێکی ڕەمەکی

خۆ ئەنوێنن •
دڵی ئافرەتان تەنیا لە شتێك ئەگا
ئەویش بە مووچڕکێکی خەماوی‌یەوە •
چارەنووس وای کردووە •
ئاخ ! شۆخێکی گیانژاکاو هەیە ،
یادێکی ئەو بەسە بۆئەوەی لاویم ببووژێنێتەوە •
شیعری پڕخەونی جارانم بۆ بگێڕێتەوە •
تەنیا ئەو لەوانەیە
لە شیعرە تەماوی‌یەکانم بگا
هەر ئەو ئەتوانێ
چرای ڕووناکی دڵداری لەدڵمدا داگیرسێنێ !
بەڵام ئاخ ! بێهوودە ئەڵها ئەکەم •
ئەویش ڕۆیشت ، گوێی‌نەدایە پاڕانەوەم ،
لالانەوەم ، خەفەتی گیانم :
شۆخێکی ئاسمانی‌یەو
گوێ بە بەختیاریی ئەم زەمینە نادا !

**کتێب فرۆش :**

ئا بەمجۆرە ، خۆشەویستی ماندووی کردووی ،
چیەچیی کۆمەڵانی خەڵك وەڕزی کردووی •
پێشوەخت تۆ وازت لە گیتاری ئیلهام هێنا •
ئێستایش دوای‌ئەوەی دەست‌بەرداری
کۆڕی گەرمی دیوەخان ، خواژنی شیعر ،
مۆدەی دەمدەمی بووی ،
چی هەڵئەبژێری ؟

**شـــاعیر :**

ئازادی .

**کتێب فرۆشـ :**

ڕەندە . فەرموو ئەمە ئامۆژگاری :
گوێ لە دەنگی ڕاستیی بەسوود بگرە :
ئەم ڕۆژگارە ، بازرگانە .
لەم ڕۆژگارە ئاسنینەدا
پارەت نەبێ ، ئازادیشت نی‌یە .
ناووبانگ چی‌یە ؟ پینەیەکی بێ‌ڕەنگ‌و ڕووە
لە پەلاسی ونجڕونجڕی بەستەخوانان ئەدرێ .
ئێمە زێڕمان ئەوێ ، زێر ، زێڕ ، زێڕ !
تا ماون هەر زێڕ پاشەکەوت کەن !
هەر لەئێستاوە ئەزانم تۆ بەمە قایل‌نابی ،
بەڵام من ئێـوەی گەلی شاعیران ئەناسم :
هەر هەتا لەسەر ئاگری کارکردن
خەیاڵـتان ئەکوڵێ‌و بڵق‌ئەدا ،
بەرهەمی خۆتان لا بەنرخە .
بەڵام هەر ساردئەبێتەوە . کە ساردیش‌بووەوە ،
ئەوسا خۆتان بێزتان لێی ئەبێتەوە .
با من ڕاستی‌یەك بنێمە مشتتان :
ئیلهام نافرۆشرێ ، بەڵام دەستنووسەکەی ئەفرۆشرێ .
بۆ وا لەسەرخۆن ؟ خوێندەواران سەبریان سواوەو
سەریان کردوومە سەر ،

ڕۆژنامەنووس لەدەوری دووکانەکەم ئەسووڕێنەوە
پاش ئەوانیش گۆرانیبێژە بوودەڵەکان دێن :
یەکێ خۆراکی بۆ بەدگۆیی ئەوێ ،
یەکێ بۆ گیان ، یەکێ بۆ قەڵەمەکەی .
ددانی پێدا ئەنێم .
منیش کەڵکێکی زۆرتان لێ چاوەڕێ ئەکەم .

**شاعیر :**

دەمخۆش ! وا پێکهاتین .
فەرموون ئەوەیش دەسنووسەکەم .

# بۆ دەریـا

ئەم چەکامەیە لـە بەرگی چوارەمی سـاڵنامـەی ئـەدەبیـی « منێمـۆزینـا » ی سـاڵـی ١٨٢٤ دا بڵاوکراوەتـەوە کـە لە تەشرینـی دووهـەمی ١٨٢٥دا دەرچووە . ئەوکاتە لە بڕگەی سیازدەهەمی تەنهـا بەیـتی « دنیا چۆڵە ... » بڵاوکرایـەوەو لەبریتیی ئەوی تـری خاڵ ڕیزکرابوو . بـەڵام تێـکستی تەواوی چەکامـەکە بەدەسنووس لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە . بۆئەوەی کـە پووشـکین خـۆی تووشی هێنـانو بـردن نەبێ ، لـە داوێنی چاپکراوی پاشانی چەکامەکەوە ئـەم تێبینیـیـە نووسرابوو : « خاوەنی شیعرەکە خۆی لێرەدا سێ دێڕو نیوی بە خاڵ پڕکردووەتەوە ، بەڵام ئێمەی بڵاوکەرەوە تێکستی تەواویمان بەهۆی شازادە پ. م. ڤیازێمسکییەوە دەسگیر بووە . ئێمە لێرەدا چەکامەکە ، دەق ، بەوجۆرە بڵاوئەکەینەوە کە پووشکین خۆی نووسیویەتەوە . وەك سەرنجمان‌داوە هەندێ لە نوسخە دەسنووسەکانی کـە لەناو شاردا بڵاوبوونەتەوە بەهۆی لێ‌زیادکردنی هەندێ شتی بێ‌ماناوە شێوێنراون » .

خواحافیز ، ئەی زادەی سروشتی سەرئازاد !
دواجارە تۆ لە بەردەمما
شەپۆلی ئاسمان خل‌ئەکەیتەوەو
بە جوانیی پڕشکۆی خۆت ئەبریسکێنیتەوە .

* * *

بۆ دواجار گوێم لە هاژەی
خەماوی‌و پڕبانگەوازت بوو
وەك بۆڵەبۆڵی دڵتەنگانەی هاوڕێیەك ،
وەك گازێك لە ساتی لێك‌دابڕاندا ، وابوو .

* * *

ئەی، ئەو شوێنەی گیان ئارەزووی ئەکا
چەند زووزوو بەکرێ،
بیرتەماوی و ماندوو بە لێکدانەوەی شیرین (٭)،
بە کەنارەکانتدا هات‌وچۆم کرد.

★ ★ ★

ئای چەند هەڵکشان و داکشانی تۆم خۆش ئەویست.
ئاوازی پڕنهێنیت، دەنگی قووڵایت،
ئارامیی دەمەدەمی ئێوارانت،
سروشتی سەرشێتانەی بێبارت!

★ ★ ★

بایەوانی هێمنی ماسیگران،
کە بەسایەی تۆوە پارێزراوە،
چالاکانە دڕ بە وردە شەپۆلەکانت ئەدا،
کەچی هەر تۆیشی، جارجار، گەرداو هەڵئەکەیت و
ڕەوە کەشتی‌یان سەراوبن ئەکەی.

★ ★ ★

بۆم نەلوا هەتاهەتایە
کەناری چەسپاو و بێ‌هەوەست جێ‌بهێڵم
بە سەرسامی‌یەوە سکاڵات بۆ هەڵڕێژم و
بەهرەی شاعیرانەم
بە زنجیرە گردی شەپۆلەکانتدا تل‌بکەمەوە.

★ ★ ★

---

(٭) پووشکین کەلکەڵەی هەڵاتنی لە ئۆدێسسا لەکەللەدا بووە، بەڵام جێ‌بەجێی نەکردووە ــ وەرگێڕی عەرەبی.

تۆ چاوەڕێت کردم ، گازت کردم .. من سندم کرابووم ،
گیانم ، بێهوودە خۆی ڕاپسکاند :
مێ بەر تەوژمی خەوش کەوتوو
بە تاقی تەنیا لەکەنارتدا مامەوە .

★ ★ ★

داخ بۆچی ئەخۆم ؟ ئێستا ڕووبکەمە
کام ڕێگای بە خەم ئازاد ؟
لە بیابانی شینی تۆدا تاکە شتێك هەیە ،
هەر ئەو ئەتوانێ گیانم وێڵ کا .

★ ★ ★

گابەردێکە (★) تابووتی ناووبانگ و شکۆیە
لەوێ ، لەسایەی ئەودا
بیرەوەری‌یە مەزنەکان کەوتنە خەوی مەرگ :
لەوێ چرای ناپلیۆن کوژایەوە .

★ ★ ★

لەوێ ، لە باوەشی ئازارەکانی خۆیدا چاوی لێک‌نا .
دوای ئەویش وەك گفەگفی زریان ،
بلیمەتێکی‌تر ، شاهێکی‌تری بیرو هۆشمان (★) ،
هەر بۆئەوێ سەری خۆی هەڵگرت .

★ ★ ★

---

(★) مەبەست لە دوورگەی (سانت هێلانە)یە کە ناپلیۆن لەوێ نێژراوە ــ وەرگێڕی کوردی .

(★) مەبەست لە لۆرد بایرۆنە کە بە خنکان لە ئاوی دەریادا چووە ــ وەرگێڕی عەرەبی .

سەری خۆی هەڵگرت • ئازادی ، شینی بۆ گێڕا ،
تاجە گوڵینەی سەری خۆی بۆ جیهان بەجێ‌هێشت •
بهاژێنە ، ئاسمان پڕ کە لە هەوری ڕەش ،
ئەی دەریا ، ئەو بەستەخوانی تۆ بوو •

★ ★ ★

ئەو شێوەی تۆی هەڵگرتبوو ،
ئەو گیانی تۆی تێدابوو :
وەك تۆ بەهێز بوو ، قووڵ بوو ، گرژ بوو ،
وەك تۆ بە هیچ کەسێك کەوی‌نەئەبوو •

★ ★ ★

دنیا چۆڵە ••• ئێستا بۆکوێم ئەبەی دەریا ؟
چارەنووسی ئەم جیهانە
لە هەموو شوێنێکدا وەك یەك وایە :
هەر جێ‌یەك دڵۆپێك چاکەی تێدابێ ،
لەوێ ، یا ڕووناکبیرێ ،
یا خوونکارێ ئێشك ئەگرێ (★)

★ ★ ★

خواحافیز ، دەریا !
من هەرگیز جوانیی پڕشکۆی تۆ لەبیرناکەم •

---

(★) چەرخی ڕوونکاری ، لە ئەورووپا بەگشتی‌و لە ڕووسیا بەتایبەتی زەبروزەنگێکی زۆری حوکمڕانە خودسەرەکانی بەخۆیەوەدی‌و ، هەمووجۆرە ئازادی‌یەکی خەڵکی تێدا دەمکوت‌کرابوو • پووشکین لەم‌بەیتەدا پەنجە بۆ ئەوە درێژ ئەکا - وەرگێڕی عەرەبی •

تا عەیامێکی دوور ، ئێواران ،
هاژەهاژی تۆم ، لەگوێدا ئەزرنگێتەوە .

★ ★ ★

کیانی خۆمت لێ پڕئەکەم .
گابەردەکانت ، کەنداوەکانت ،
بریقەت ، سێبەرت ،
گفتوگۆی شەپۆلەکانت ،
هەموویان لەگەڵ خۆم هەڵئەگرم و
بۆ دارستانان ، بۆ بیابانانی کڕوکپیان ئەبەم .

# بای باکوور

ئەم چەکامەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۸۳۷دا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام مێژووی ساڵی ۱۸۲٤ی لەبنەوە دانرابوو .

بیری سەرەکیی چەکامەکە لەسەر خولگەیەکی هونەری دامەزراوە پێشتر لافۆنتێنیش لە ڕازە باوەکەیدا « نەیچەو داربەڕوو » خۆی پێوە خەریك کردووە ، بەڵام پووشکین واتایەکی ڕەمزیی داوەتێ . پووشکین ، تەنانەت لە نوسخە دەسنووسەکەی ساڵی ۱۸۳۰یشیدا ، مێژووی ساڵی ۱۸۲٤ی بۆ دانانی ئەم چەکامەیە داناوە ، بەڵام لێکۆڵەرەوە بۆیهەیە بڵێ ئەم مێژووە بۆ شوێنەگومکێی ئەو هێمایانە دانراوە کە لە چەکامەکەدا هەن . بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان چەکامەکە لە ساڵی ۱۸۲۵دا دانراوە پاش گەیشتنی هەواڵی مەرگی تسار ئەلێکساندری یەکەم .

هۆ بای باکوور ! لەبەرچی نەیچەی گوێئاوان
ئەچەمێنیتەوەو سەری ئەکەیتە زەوی ؟
بۆ وا ئەوەندە تووڕەو بەقینەوە
پەڵەهەور لە ئاسۆی دوورەوە ڕائەدەی ؟

* * *

زۆر لەمێژ نەبوو میچی ئاسمانت
بە لەشکری هەوری ڕەش داپۆشی ،
زۆر لەمێژ نەبوو داربەڕوو بەرەندیی پردەعیەو فیزیەوە
بە هەورازەکانەوە ئەشەکایەوە ...

* * *

بەڵام تۆ بەربووی ، هێرشت هێنا ،
لوورەی زریان‌و شکۆت هات .
هەورەلوولێکت لەپێش خۆتەوە ڕاپێچا
داربەڕووی بەفیزت دابەزەویدا .

★ ★ ★

لێ گەڕێ با تیشکی جوانی ڕۆژ
هەر لەئێستاوە بەختەوەری بتریسکێنێتەوە
لێ گەڕێ با شنەی شەماڵ لەگەڵ هەوردا بکەوێتە گەمە
با نەیجەی نەیجەلان بە شیرینی‌یەکەوە کەروێشکە بکا ..

# نامەی سووتاو

ئەم چەکامەیە ، بۆ یەکەمین جار لەنـاو کۆمەڵـە شیعرێکی لاواندنەوەدا بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵی١٨٢٦دا لەچاپدراوە . لێکۆڵەرەوان پتر وایبۆچوون باس لـەو نامانە ئەکا کە ئی . ك . ڤۆرۆنتسۆڤا لە ئۆدێسساوە بۆ پووشکینی ناردبوون .

ماڵاوا ، ئەی نامەی دڵداری
ماڵاوا ، یار خۆی فەرمانیداوە .
ئای چەند خۆم خلافاند !
چەند دامامو دەستم نەچوێ
شادمانیی خۆم فرێدەمە ناو ئاگر !
بەڵام بەسە ، وەختی هاتووە ، گربگرە ،
ئەی نامەی دڵداری .
ئامادەم ، گیانم دەربەستی هیچ نی‌یە .
بڵێسەی چڵێس هەر ئێستا پەڕەکانت قووت‌ئەدا
نەکەی ! کڵپەیان سەند ، گڕیان گرت ،
تەنکە دووکەڵ ، پێچ‌پێچ ، لەگەڵ پاڕانەوەی مندا ون‌ئەبێ .
مۆری نقێمی ئەنگوستیلەی گوێدێر ،
ئەوا وردەوردە ئەتوێتەوە .
سەرمۆری مۆمەکە هاتووەتەکوڵ .
ئاخ پێشبینی‌یەکەم هاتەدی
وا کاغەزی ڕەش
بەسەر خۆڵەمێشی تەنکەوە لوول‌ئەخواو

سیمای سپی هەڵئەگەڕێ ...
دڵم گوشرا .
ئەی خۆڵەمێشە نازدارەکە !
ئەی تاکە خۆشیی ناو ژیانی پڕچارەڕەشیم ،
دە ها ئەوە سنگی پڕ خەفەتم ،
هەتاهەتایە لەسەری بحەسێوە ...

# بـۆ ٠٠

ئەم چەکامەیە لە ساڵی ١٨٢٧دا بڵاوکراوەتەوە ٠ لە ١٩ی تەمووزی ١٨٢٥دا ، ئەوڕۆژەی ئاننا پێترۆڤنا کێرن تریگۆرسکیی بەجێهێشت ، پووشکین دایە دەستی ٠ پووشکین ئەوکاتە لە گوندی میخایلۆفسکۆیێ ئەژیا کە ئەکەوێتە نزیکی تریگۆرسکییەوە ٠ لەوێ دوورخراوە بوو ٠

هێشتا ئەو دەمە خۆشەم هەر لەیادە
کە تۆم تێدا دی ،
وەك خەونێکی تیژڕەو ،
وەك خواوەندی جوانییەکی بێ گەرد
هاتییە بەرچاوم ٠

★ ★ ★

لە هەڵپەی خەفەتی نائومێدانەمدا ،
لە تێکەولێکەی ژیانی پڕهەرامدا
عەیامێکی زۆر دەنگی ناسکت لەگوێمدا زرنگایەوەو
ئادگاری بەدەوتم لەخەودا دی ٠

★ ★ ★

ساڵان هاتن‌و بەسەرچوون ٠٠ تەوژمی زریانی تووش
هەر خەونێکی بەلایەکدا بردم ،
دەنگی ناسك‌و ،
ئادگاری ئاسمانیتم فەرامۆش کرد ٠

★ ★ ★

له کونجێکی فەرامۆش کراودا ، له تاریکیی زینداندا :
ڕۆژانی ژینم بەکزی بەسەرچوون .
بێ خوا ، بێ ئیلهام ،
بێ فرمێسك ، بێ ژین ، بێ ئەوین .

* * *

وا دیسان گیانم بووژایەوە :
ئەوەتای تۆ له بەردەممدا
وەك خەونێکی تیژڕەو
وەك خواوەندی جوانی یەکی بێ گەرد .

* * *

وا دڵ لێ ئەداو بەستە ئەڵێ
دووبارە بۆی بووژانەوە :
خوا ، ئیلهام ،
ژین ، فرمێسك ، ئەوین .

# بەستەیەکی باخۆسی

ئەم چەکامەیە لەناو ئەو کۆمەڵە شیعرەی پووشکیندا بڵاوکراوەتەوە کە لە ساڵی ١٨٢٦دا لەچاپدراوە ·

چییە ، بۆچی دەنگی بەزم کزە ؟
با نەغمەی باخۆسی (★) هەر دەنگی بێ !

★ ★ ★

هەر بژی کچی شۆخ ،
ژنی گەنج ، ئەوانەی خۆشیانئەوێن
پیاڵەکان بڕتر کەن !
ئەنگوستیلەی پیرۆز باوێنە ناو بادەوەو
با بکەوێتە بنی پیاڵە !
پێك هەڵبڕن ، لێکیاندەن تێکڕا !
بژین خوازنەکانی شیعر ! بژی هۆش‌و فام !
تۆیش ئەی ڕۆژی پیرۆز ، تیشك‌بدەوە !
وەك چۆن ئەم چرایە ، لە بەردەمی
گزنگی ڕۆژی بەیانیدا ڕەنگ‌زەردە ،
داناییی ساختەیش ئاوا لەبەر ڕۆژی
نەمری هۆشدا کزکز ئەسووتێ ·
هەر بژی ڕۆژ ! چارەی ونبێ تاریکی !

---

(★) باخۆس : خوای مەی‌و ڕابواردن · ڕووی دەمی پووشکین ، لێرەدا ، لە ئەرینا ڕۆدیۆنۆڤنای دایەنیەتی – **وەرگێڕی عەرەبی ·**

# ئێوارەیەکی زستان

ئەم چەکامەیە لە ساڵی ١٨٣٠دا بڵاوکراوەتەوە .

زریانێك ڕووی ئاسمانی تاریك کردووە .
گێژەڵووکەی بەفر لوول ئەدا .
دەمێ وەك دڕندە ئەلوورێنێ ،
دەمێ وەك مناڵێ ئەگری ،
دەمێ لەسەر بانی داتەپیو
خشبە لە قەسەڵەوە دێنێ .
دەمێ ، ڕێبواری ناوەخت ئاسا ،
لە پەنجەرە ئەدا .

★ ★ ★

زنجە شڕەکەمان
هەم خەمبارە ، هەم تاریك .
ئەوە تۆ چیتە ، داپیرە گیان
وا لە بەر پەنجەرە هەڵترووشکاوی ؟
چیتە ، هاوڕێکەم ،
وژەی زریان هەراسانی کردووی ،
یا لە خشەی تەشی‌یەکەی خۆت
خەوەنووچکە ئەتباتەوە ؟
وەرە با پێکێ هەڵدەین
ئەی هاوڕێی میهرەبانی ڕۆژانی وشکەلاویم ،
با لەداخی خەفەتی دنیا بخۆینەوە ،

دە کوا بادە ؟
با کەمێ دڵ ئۆخەی بکا •

★ ★ ★

دە بەستەیەکم بۆ بڵێ ، باسی ئەو باڵندەیەم بۆ بکە
کە لەودیو دەریا بەئارامی ئەژیا •
دە بەستەیەکم بۆ بڵێ ،
باسی ئەو کیژۆڵەم بۆ بکە
کە بەیانی‌یان ئەچوە سەر کانی •

★ ★ ★

زریانێك ڕووی ئاسمانی تاریك کردووە •
گێژەڵووکەی بەفر لوول ئەدا •
دەمێ وەك دڕندە ئەلوورێنێ ،
دەمێ لەسەر بانی داتەپیو
خشپە لە قەسەڵەوە دێنێ •
دەمێ ، ڕێبواری ناوەخت ئاسا ،
لە پەنجەرە ئەدا •

# پێغەمبەر

ئەم چەکامەیە لە ٨ی ئەیلوولی ١٨٢٦دا دانراوەو لە ساڵی ١٨٢٨دا بڵاوکراوەتەوە · لێکۆڵەرەوان پەنجەیان بۆ ئەوە درێژکردووە کەوا پووشکین گەلێ لە مۆتیفەکانی ئەم چەکامەیەی لە کتێبی پیرۆز وەرگرتووە ، بەڵام زۆریش لە کتێبێ پیرۆز بەولاوەتر چووەو بەشێوەیەکی مەجازی ئەرکی سەرشانی شاعیری تێدا دەربڕیوە کە شوبهاندوویەتی بە ئەرکی سەرشانی پێغەمبەران · بەڵگە زۆرە کەوا چەکامەی « پێغەمبەر »یش ئەچێتە ڕیزی ئەو ئەو چەکامانەی پووشکینەوە کە شێوەیەکی سیاسی‌یان هەیە ، بەڵام ئێمە چەکامەی‌تری لەمچەشنەیمان نەکەوتووەتەدەست ·

گیانم لەتینووان ئەتلایەوە ،
لە دەشتێکی چۆڵ‌وهۆڵدا ·
قاچم بەدوای خۆمدا بەکێش‌ئەکرد ·
لە دووڕیانێکدا فریشتەیەکی شەش‌باڵم لە بەردەمدا قوت‌بووەوە ·

★ ★ ★

پەنجەی وەك خەو سووکی
بە بیبیلەی چاومدا هێنا
چاوەکانم ، وەك هیی هەڵۆ ، کرانەوە ·
دەستێکی بەگوێدا هێنام
پڕی‌کرد لە زاق‌وزووق‌و زرینگە :
هەستم بە لەرەلەری ئاسمان‌و ،
فڕینی بەرزی فریشتەو ،
گیانەوەری بنی‌دەریاو ،

کرِوەستانی چووزەی مێوی دۆڵان کرد •
ئینجا دەستێکی بەلێومدا هێنا
زمانی بەدگۆو لووسی لە بنڕا دەرهێنام‌و
بە دەستی خوێناویی دەمی کردمەوەو
زمانی ماری دانای لەجێی‌دانا •
بە شیر سنگی دووڵەت کردم
دڵی ترسنۆکی لە ڕیشە دەرهێنام‌و
پشکۆ ئاگرێکی گەشی خستە شوێنەکەی •

★ ★ ★

وەك لاشەیەك لە بیاباندا ڕاکشابووم ،
لەپڕ گوێم لە بانگەوازی خودا بوو :
« هەڵسە ئەی پێغەمبەر !
بە فەرمانی من چاوبکەرەوە ، گوێ هەڵخە ،
دەریاو زەوی سەروبن کە ،
بە زمانی خۆت ئاگر لە خەڵك بەردە » •

# چەند ستانسێك

ئەم چەکامەیە لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٦دا دانراوە لە مۆسکۆو لە ساڵی ١٨٢٨دا بڵاوکراوەتەوە ٠

پووشـــکین بەوچاوە سەیری ئـــەم چەکامەیەی کردووە کە بەرنامەی ئەو سیاسەتە پێشکەوتخوازە بێ کە ئەیویست تسار نیکۆلای یەکەم لەسەری بڕواو ، لە دوا دێڕیشیدا هیوای ئەوە دەرئەبڕێ کە دیسەمبەریی‌یەکان لە سیبیر بگەڕێنەوە ٠ لەگەڵ ئەوەیشدا کۆڕو کۆمەڵە لـە پووشکینەوە نزیـکەکان بە پاشـگەزبوونەیـەکی‌یان لـە بیروباوەڕەکانی جارانی دایەقەڵەمو بە جـۆرە ماسـتاو کردنێکیان بۆ تسار دانا ٠ ئا بەهۆی ئەم بۆچوونەوە بوو پووشکین چەکامەی « بۆ هاوڕێیان »ی دانا کە ئەویشمان لەم هەڵبژاردانەدا هەروا وەرگێڕاوە ٠

بێ‌ترس‌ولەرز ، بەهیوای
شکۆو چاکەوە سەیری دوارۆژ ئەکەم
ڕاستە یاخیگەری‌و سێدارە
ڕۆژانی گەشی پێشینی (پیۆتێر)یان کردە شەوەزەنگ ،

★ ★ ★

بەڵام پیۆتێر بە ڕاستگۆیی خۆی ،
دڵی هەموانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا ٠٠
ئەو بوو بە زانست بەسەر ڕەفتاری توندی هەمواندا زاڵ‌بوو ٠
(دۆلگۆڕووکی) تیرهاوێژێکی سەربزێو بوو ،
کەچی لای ئەو بوو بە خاوەنی جێ‌وڕێ ٠

★ ★ ★

بە دەستی پڕ زەبروزەنگی خۆی
مەردانە تۆوی خوێندەواریی داچاند ٠

هەرگیز بە چاوی سووك سەیری نیشتمانی نەکرد ،
ئەیزانی چ‌پایەیەکی لە چارە نووسراوە •

★ ★ ★

بە گیانی فراوانەوە
لەسەر تەختی جاویدانیی خۆی کرێکار بوو •
جارێ ئەکادێمیك ، جارێ جەنگاوەر ،
جارێ دەریاوان ، جارێ دارتاش بوو •
بنازە بەوەی کە تۆیش لەو کەوتوویتەوە
لە هەموو شتێکدا شوێن‌پێی باپیرت هەڵگرە :
وەك ئەو خۆڕاگر بە ،
وەك ئەویش کینە لە کەس مەگرە دڵ •

# نامەیەك بۆ سیبیر

ئەم چەکامەیە لە سەردەمی ژیانی پووشکین خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە ، بەڵام وەك چەکامەکانی تری لەڕێگای ڕوونووس لەبەرگرتنەوەوە لەناو خەڵکدا باو بووە . پووشکین داویەتە دەستی ئی . گ . مۆراڤییێڤا کە مۆسکۆی بەجێ‌هێشتووەو چووە بۆ سیبیر بۆ لای مێردەکەی کە حوکمی کاری قورسی درابوو بەسەرداو لەگەڵ هاوڕێ دیسەمبەرییەکانی لەوێ ماوەی حوکمەکەی بەسەرئەبرد . ئەمەیش لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٢٧دا بوو .

لە ناخەکانی سیبیر ،
مەردانە ، ئارامبگرن .
کرداری پڕقوربانیو
خرۆشانی بیری بەرزی ئێوە بەفیڕۆ ناچێ .

★ ★ ★

لە بن‌زەویی تاریكو نووتەکدا
ئومێد دەستەخوشکی دڵسۆزی نەهاتە .
شادی بەزمتان بۆ دێنێ
ڕۆژی ڕووناکیش هاکا هەڵات

★ ★ ★

لە دەلاقەی دەرگای زیندانەکانیشەوە بێ ،
خۆشەویستیو دۆستایەتی هەر ئەتانگەنێ
هەروەك چۆن دەنگی سەرفرازی من
ئەگاتە ئەو چاڵانەی بێگاریان تێدا ئەکەن .

★ ★ ★

کۆت و بەند ئەشکێن •
بەندیخانە کاول ئەبن •
ئازادی تا بەردەرگا بەپیرتانەوە دێ •
براکانیشتان شیرتان بۆ دێنن (★) •

★ ★ ★

ئاوازی ئاگراویی تەلی پێشبینیت
گەیشتە بەر گوێمان •
دەستمان بۆ شیر درێژکردو
تووشی کەلەپچە بوو •

★ ★ ★

بەڵام ، ئەی شاعیر ، دڵنیابە
کەوا ئێمە بە زنجیری دەست و پێمانەوە ئەنازین ،
لەودیو دەروازەی کڵۆمداری بەندیخانەکانەوە ،
بە ڕیشی تسارەکان پێئەکەنین •

★ ★ ★

بەڵێ ، کردەوەی گیانبازانەی ئێمە بەفیڕۆ ناچێ ،
بڵێسە لە پریشکە ئاگرەوە بەرزئەبێتەوە •
ئەوسا گەلە ڕووناکبیرەکەمان ،
لەژێر ئاڵای پیرۆزدا کۆئەبێتەوە •

★ ★ ★

---

(★) ئۆدۆیێڤسکیی شاعیریش لە ناخی زیندانەکانی سیبیرەوە بەم چەکامەیە وەڵامی پووشکینی داوەتەوە :

لە کۆت و پێوەند شیر دروست ئەکەین ،
دیسان ئاگری ئازادی ئەکەینەوە •
دەنگی سەرفرازی گوێی نساران کاس ئەکا .
گەلیش هەوای کامەرانی هەڵئەمژێ •

# سێ کانی

ئەم چەکامەیە لە سەردەمی ژیانی پووشکین خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە . لە ١٨ی حوزەیرانی ١٨٢٧ یشدا دانراوە لە پێتێربوورگ .

لە بیابانی پڕخەفەت و بێ‌بنی ئەم جیهانەدا
بە شێوەیەکی ئەفسانەیی سێ کانی تەقین :
کانیی هەرزەکاری ، بەخوڕ ، سەربزێو
ئەکوڵێ ، تیژ ئەڕوا ، ئەبریسکێتەوەو ، هاژەی‌دێ .

★ ★ ★

کانیی دووهەم هیی بەخشینە ، پڕشەپۆلی ئیلهام ،
لە بیابانی جیهاندا سەرگەردانان تێرئاو ئەکا .
دواکانییش کانیی ساردی فەرامۆشی‌یە ،
ئەمەیان لە هەموان شیرینترە ،
تینوێتیی دڵ ئەشکێنێ .

# ئاریـۆن

ئەم چەکامەیە لە ١٦ ی تەمووزی ١٨٢٧ دا دانراوەو لە ساڵی ١٨٢٨ دا بڵاوکراوەتەوە ·

پووشکین لەم چەکامەیەدا زۆر لە شێوەی بـاوی ئەفسانەکەی ئاریـۆن دوورکەوتووەتەوە کە ئەڵێ دۆڵفین بەشێوەیەکی سەیر ڕزگاری کردووە لە خنـکان · نـاوی ئاریۆن زۆر پێویست بوو بۆ پووشکین بۆئەوەی واتای ڕاسـتەقینەی چەکامەکـەی بشارێتەوە کە سەرەنجامی شاعیر خۆیو چارەنووسی دۆسـتە دیسـەمبەری یەکانی تێدا ئەخاتەڕوو ·

زۆر بووین لەناو پاپۆڕێکدا ·
هەندێك بایەوانیان ئەکردەوە ،
هەندێك سەوڵیان لە جەرگی ئاو گیرئەکرد ·
ناخودا هۆشمەندە کەیشمان ،
خۆی بەسەر دەستاژۆی پاپۆڕەکەدا دابوو ،
بە هێمنی پاپۆڕی بارگرانی دەئاژوا ·
منیش دڵپڕبڕوا ، بێ پەروا
سترانم بۆ دەریاوانەکان ئەگوت ·

★ ★ ★

لەپڕ گەردلوێـکی بە لوورەلوور هەڵی کردو
ڕووی شەپۆلەکانی گرژکرد ،
ناخوداو دەریاوانەکان هەموو خنکان !
هەر منی بەستەخوانی ئەفسووناوی ،
هەورەتریشقەیەك هەڵی دامە کەنار

تا ئێستایش هەر سروودەکانی جاران ئەخوێنم
لە پەنا گابەردێکدا ،
عابا ڕەشەکەی خۆم لەبەر ڕۆژ
هەڵئەخەمو وشکی ئەکەمەوە .

# تەلیسم

ئەم چەکامەیە لە شەوی ٦ ی تەشرینی دووهەمی سالّی ۱۸۲۷دا دانراوەو لە سالّی ۱۸۲۸ دا بلاوکراوەتەوە.

لەوشوێنەدا کە دەریا شلّپوهوور
لە دێرزەمانەوە خۆی بە تاشەبەردەکانی لاپەڕی کەناردا ئەدا ،
لەوشوێنەدا کە لە تاریکایی شیرینی ئێوارەوەختاندا
تریفەی مانگ گەرمتر ئەبێ ،
لەوشوێنەدا کە موسوڵمانان
لە حەرەمدا بە خۆشی ڕۆژانیان بەسەرئەبەن ،
لەوێ ، ژنێکی جادووگەر لاواندمیەوەو
تەلیسمێکی پێ بەخشیم .

★ ★ ★

بە میهرەبانی‌یەکەوە گوتی :
تەلیسمەکەم بپارێزە
هێزێکی پڕنهێنیی تێدایە :
خۆشەویستی پێی بەخشیوی .
لە نەخۆشی ، لە گۆڕ
لە زریان ، لە گەردەلوولی ترسناك ،
ئازیزەکەم !
تەلیسمەکەم سەری تۆی پێ ناپارێزرێ .
تەلیسمەکەم ، نە گەنجینەکانی ڕۆژهەلاتت بە خەلات ئەداتێ ،
نە لایەنگرانی پێغەمبەرت

بۆ دێنێته سەر ڕێ
نە لە غەریبیی پڕخەفەتی هەندەراندا ،
لە باشوورەوە
بۆ باکووری نیشتمانت ،
بۆ باوەشی هاوڕێیانت ئەگوێزێتەوە .

* * *

بەڵام کە چاوی فیلاوی
لەپڕ دیلیان کردی ،
کە شەوێکی تاریك ، بێ خۆشەویستی ،
دەمت خرایە ناودەم ،
هاوڕێی خۆشەویستم ، لە تاوان ،
لە زامی تازەی دڵ ،
لە ناپاکی ، لە فەرامۆشی ،
تەلیسمەکەم ئەتپارێزێ ...

# بۆ هاوڕێیان

که چەکامەی « چەند ستانسێك » بڵاوبووەوە کە سەرەتاکەی بەم بەیتە دەستپێ ئەکا : « بێترس ولەرز ، بە هیوای شکۆو چاکەوە سەیری دواڕۆژ ئەکەم » ، خەڵکی دەوروبەری پووشکین لە دۆستو لە دوژمن چون یەك ، بە پووشکینیان ئەوت کەوا بەو چەکامەیەی ماستاوی بۆ تسار کردووەو شانی بۆ تەکاندووە . پووشکینیش لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەدا ئەم چەکامەی « بۆ هاوڕێیان »ەی داناو پێشکەشی تساری کرد تا ڕای خۆی تێدا دەربڕێ . پووشکین بەهۆی بێنکێندۆرفی بەڕێوەبەری پۆلیسەوە ئەم وەڵامەی لە تسارەوە بۆ هات : « لەبارەی چەکامەکەیشتانەوە کە بە ناوونیشانی ( بۆ هاوڕێیان )ە، ئەوە خاوەن شکۆ زۆری پێخۆش بوو ، بەڵام حەزناکەن لەچاپی بدەیت » . ڕاستەکەیشی بیرۆکەی چەکامەکە لەو بەرنامە سیاسییەدایە کە ئەتوانرێ لەم سێ بڕگەیەدا بەکورتی بخرێتە پێش چاو کە پووشکین یەك نەکەوتنی تەواوی نێوان خۆیو ماستاوکەرەکانی تێدا ئەخاتەڕوو : ئاسۆ تەسکیی دەسەڵاتی بەربەرەڵلا ، داکۆکی کردن لە مافی گەل لە بڵاوکردنەوەی پێخوێندنو ، داوای مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین . هەر ئەمەیش بوو نیکۆلای وا لێکرد نەهێڵێ پووشکین چەکامەکەی بڵاوبکاتەوە .

نەخێر ، من زمانلووس نیم ،<br>
کە من سەربەستانە بە تساردا هەڵئەڵێم :<br>
ئازایانە بیری خۆم دەرئەبڕم ،<br>
بە زمانی دڵ دێمەگۆ .

★ ★ ★

بەکورتی خۆشم ئەوێ :<br>
چالاکانە ، دڵسۆزانە ، ڕێنموونیمان ئەکا ،

لەپڕێك بە جەنگ ، بە هیوا ، بە کار ،
ڕووسیای بۆمان ژیاندەوە •

★ ★ ★

نا ، نەخێر ، گەرچی ئەو پڕە لە کەف‌وکوڵی لاوێتی ،
گیانی شاهانەی بەزەبروزەنگی تێدا نی‌یە •
کاتێ یەکێك ، لە بەرچاوان ، سزائەدا ،
لە دڵی خۆیدا لێی‌ئەبوورێ •

★ ★ ★

ژیانم لە دەربەدەریدا بەسەرچوو •
عەیامێکی دوور دەردی
دووریی یارانم چەشت ،
کەچی ئەو دەستی شاهانەی خۆی
بۆ درێژکردم ،
ئەوەتام دیسان لەگەڵ ئێوەدا •

★ ★ ★

ئەو بوو ڕێزی بەهرەو توانای گرتم ،
بیری گیرۆدەی ئازادکردم ،
کەچی ئەتانەوێ سەرەڕای ئەوەیش
بەدڵ بەسەریدا هەڵنەڵێم ؟

★ ★ ★

من زمان‌لووس نیم ، نەخێر ؛ برایان ، زمان‌لووس فێڵبازە
ئەو قوڕ بۆ سەری تسار ئەگرێتەوە

١

لەو هەموو چاکەیەی تسار ئەیکا ،
زمانلووس تەنها بەخششی مەبەستە .

★ ★ ★

بە تسار ئەڵێ : بە چاوی سووك بڕوانەرە گەل ،
دەنگی ناسکی سروشت کپ کە ،
پێی ئەڵێ : بەری خوێندەواری
هەر هیمی ئەهریمەنانەو داوێن پیسی یە .

★ ★ ★

خاك بەسەر ئەو وڵاتەی
کە تەنیا کۆیلەو زمانلووسی لە تەختی شاهی یەوە تێدا نزیکە ،
کەچی بەستەخوانی هەڵبژاردەی ئاسمانیش
چاوبەرەوژێر بێ و دەمی لێك نابێ .

# بیرەوەری

ئەم چەکامەیە لە ١٩ ی مایسی ١٨٢٨ دا دانراوەو
لە ساڵی ١٨٢٩ دا بڵاوکراوەتەوە .

کاتێ ڕۆژی پڕهەراوهوریا لە مرۆڤ بەسەرئەچێو
سێبەری تارو ڕوونی شەو
بەسەر مەیدانە کەڕەکانی شاردا ڕائەکشێ ،
کاتێ خەو ئەبێتە خەڵاتی کاری ڕۆژانەمان ،
لەوکاتەدا ، کە دنیا کپە ، سەعاتی دژواری بێداری لە من دادێ .
لە شەوانی دەستبەتاڵیدا ،
بڵێسەی ئاگر ، چاکتر ، وەك مار گاز لە ویژدانم گیرئەکا .
ئاواتەکانم جۆش ئەسێنن ،
لە سەری ژێر باری خەفەتمدا ،
وردە بیر ئەکەونە پاڵەپەستۆ ،
بێدەنگ ، بیرەوەری لە بەردەممدا
تۆماری درێژی ڕۆژانی کۆن ئەکاتەوە :
بەقێزەوە ژیانی خۆم ئەخوێنمەوە ،
لەترسان ئەلەرزم ، نەفرەت لە خۆم ئەکەم ،
ئەکەومە لالانەوە ، فرمێسك ئەڕێژم ،
بەڵام فرمێسك ناتوانێ
دێڕە خەمگینەکانی تۆمارەکە بسڕێتەوە .

ئەمە ئەو تێکستەی ئەم چەکامەیەیە کە لە سەردەمی پووشکین خۆیدا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام دەسنووسەکەی کە لە دەفتەرو ڕەشنووسەکانیدایە ، لەم ئاستەدا نابڕێتەوە ، بەڵکو هەر لەسەری ئەڕوا :

ئەو ساڵانەمم لە پێش چاوە
بە بێ کاریو لە ئاهەنگی پڕهەراوزەنادا بەسەرچوون ..
لە دێوانەییی سەربەستیی کوشندەدا ،
لە کۆیلەیەتیدا ، لە هەژاریو ، دوورخرانەوەو ، دەربەدەریدا
بەسەرچوون ..
وا سەرلەنوێ گوێم لە سڵاوی ناپاکانەی دۆستانە
لە کۆڕەکانی باخۆس و ئەفرۆدیتدا .
وا دیسان کۆمەڵی ساردوسڕ
دڵم ئەداتەوە بەر تێغی ئازارگەیێن ..
بە دەوروبەرمدا گوێم لەویزەویزی بوختانە ...
گوێم لە بڕیاری دەبەنگیی فێڵبازانەیە ..
گوێم لە پچەی تیرەییو سەرکۆنەی
تێکەڵ بە سروشتی کینەلەدڵی گاڵتەی سووکەو ،
سەبووری یەکیش ناگا بە دڵم .
لەپڕ ، دوو تاپۆی لاو ،
دوو خەیاڵی ناسك ، دوو فریشتە ،
بە هەموو هێمنیو ئارامی یەك لە پێشمدا ڕاست ئەبنەوە .
بەختی ڕۆژانی ڕابوردووم ناردوونی بۆم .
هەردوك باڵەکانیان ئەکەنەوە ،
شیری ئاگرین لە کالان دەرئەکێشن .
ئەمانە بەجووت پاسەوانی منن ،
تۆڵەی من ئەسێننەوە .
ئەمانە هەردوو ، بە زمانی مەرگ
ڕازی بەختەوەریو گۆڕم بۆ ئەگێڕنەوە ..

# خەڵاتی بێهوودە
# یـــا
# ٢٦ی مایسی ١٨٢٨

ئەم چەکامەیە لە ساڵی ١٨٣٠ دا بلاوکراوەتەوەو ، دیارە لە ٢٦ی مایسی ١٨٢٨ یشدا دانراوە · ٢٦ ی مایس ڕۆژی لەدایکبوونی پووشکینە ·

ئەی ژیانەکەم ، ئەی خەڵاتی بێهوودە ،
ئەی خەڵاتی بەڕێکەوت ،
تۆ بۆ درایتە من ؟
ئەی ، چارەنووسی نهێنی
تۆی بۆچی بۆ مەرگ دانا ؟

★ ★ ★

چدەسەڵاتێکی زۆردار بوو
منی لە هیچەوە هێنایەکایە ،
گیانی پڕکردم لە هەوەس ،
هۆشی گێژ کردم بە گومان ؟

★ ★ ★

هیچ ئامانجێك لە بەردەمی خۆمدا نابینم :
دڵم بۆشە ، هۆشم بێ‌کارەیە ،
هەرای یەکدنگی ژیان
بە خەفەت کەنەفتم ئەکا .

# داری ژاڵـه

ئەم چەکامەیە لە ٩ ی تەشرینی دووهەمی ساڵی ١٨٢٨ دا دانراوەو لە ساڵی ١٨٣٢ دا بڵاوکراوەتەوە · نوسخە دەسنووسەکەی ئەم چەکامەیە ئەم ڕستە خوازراوەی پێوەیە کە پووشکین کردوویەتی بە سەرەتای چەکامەکەی · ڕستەکە لە دوو بەیت شیعر پێکهاتووە لە تراژیدیای «تۆبە»ی کۆلێرژدان · دوو بەیتەکە ئەمانەن:

*It is Poison - Tree that Pierced to the iumost weeps oniy Tears of Poison. Coleridge.*

لە بیابانێکی وشك‌و کرکدا
لەسەر زەویی وەك پەرەنگ سوورەوەبوو ،
دار ژاڵەیەك ،
وەك پاسەوانێـکی سامناك ،
تەنیا ، لە چەقیَ گەردووندا وەستاوە ·

★ ★ ★

ڕۆژێك بوو کینە دنیای تەنیبوو
کە سروشتی بیابانی تینوو هێنایە دنیا ·
بە ژار سەوزاییی مردووی
چڵ‌و ڕەگەکانی ئاودا ·

★ ★ ★

ژار لە توێـکڵەوە ئەتکێ
تا نیوەڕۆ لەگەرمان ئەتوێتەوە ،
بۆ ئێوارە ساردئەبێتەوە ،
کەتیرەیێـکی خەستی لێ دەرئەچێ ·

★ ★ ★

نە باڵدار بەلایدا ئەچێ ،
نە پڵنگ توخنی ئەکەوێ
تەنیا ڕەشەبا
بەسەر درەختی مەرگدا ڕائەبووری
خۆی ژاراوی ئەکاو بۆی دەرئەچێ .

★ ★ ★

ئەگەر بێتو پەڵەهەورێکی گومڕا
شەونم بخاتە سەر گەڵا چرەکانی ،
بارانی ژار دائەکاتە سەر لمی داخ‌بوو ..

★ ★ ★

بەڵام مرۆیەکی دەست‌ڕۆیشتوو
فەرمانی دا پیاوێکی خۆی بچێتە لای دار ژاڵە ،
ئەمیش ناچار سەری کز کرد ، ملی ڕێی گرت ،
بۆ بەیانی بەکۆڵێ ژارەوە گەڕایەوە .

★ ★ ★

کەتیرەی مەرگ‌و
چڵەدارێکی گەڵا سیسی هێنا ،
ئارەقەیش وەك جۆگەلەی سارد ،
بە ناوچەوانی ڕەنگ‌پەڕیویدا دائەچۆڕا .

★ ★ ★

ئەمانەی هێنا ، لەشی خاوبووەوە ،
لەسەر توێکڵە داری ژێر کەپرەکە ڕاکشا .

بەندەی چارەڕەش ،
لە بەرپێی خانەخوێی جیهانگیردا مرد .

★ ★ ★

تساریش سەری هەموو ڕەمە گوێدێرەکانی خۆی
لە ژار هەڵێنا (★) ،
بۆ هەر سنووری تیرێکی بهاویشتایە ،
مەرگی بۆ دراوسێیان لەگەڵ خۆیدا ئەبرد .

(★) هەندێ لە خوێندەوازان وا لە وشەی « دار ژاڵـە » گەیشـتبوون کەوا ئیشارەتە بۆ دەستوورو « تیر » یشیان وا مەعنالێدابووەوە کەوا هێمایە بۆ حوکمڕانیی بەرەڵڵا . ئەمەیش بووبوو بە مایـەی شڵەژانی پووشکین لە بەردەم دەوڵەتدا ، بۆیـە ناچاربـووبوو بـۆ داکۆکی کردن لە خۆی ، نامەیەك لە ٧ ی شوباتی ١٨٣٢ دا بنووسێ بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس - **وەرگێڕی عەرەبی .**

# شاعیرو جەماوەر

ئەم چەکامەیە ، یەکەمجار ، لە سالی ۱۸۲۹ دا لەژێر ناوونیشانی « ڕەشەخەڵك » دا بلاوکراوەتەوە . ئەم ناوونیشانەی ئێستایشی پووشکین خۆی لە سالی ۱۸۲٦ دا بۆی داناوە ، کاتێ کە خەریك‌بوو خۆی بۆ بلاوکردنەوەی چاپێکی نوێی چەکامەکانی ئامادە ئەکرد ، بەلام مەرگ دەرفەتی نەدا ئەم ئارەزووەی بێنێتەدی .

ئەم چەکامەیە وەلامی ئەوکەسانەیە داوایان لە پووشکین ئەکرد شیعر بۆ ئامۆژگاری‌کردن‌و ڕێ‌پیشاندانی خەلك بەکاربهێنێ . ئەوەبوو لە سالی ۱۸۲۸ ەوە لە لاپەڕەکانی گۆڤاری « مۆسکۆڤسکی ڤێستنیك » دا کە پووشکین ئەو سەردەمە لەگەل دەستەی بنووسانی هاوکاریی ئەکرد ، هەندێ سەرنج ئەخرایە بەرچاو بۆ ئامۆژگاری‌کردنی پووشکین کەوا « دەرزی ڕەوشت بلێتەوە » . وەك چۆن هەست بەوەیش ئەکرا کە کۆڕو کۆمەلە ڕەسمی‌یەکانیش هەولی ئەوەیانە قەلەمەکەی پووشکین بە ڕێگای خزمەت‌کردنی ئامانج‌و سوودی دوور لەو ئایدیایانەدا ببرێ کە پووشکین لە شیعرەکانی خۆیدا ڕای‌ئەگەیاندن . بۆیە زۆر هەلەیە یەکێ وای‌بۆبچێ کەوا ئەم چەکامەیە بۆ خزمەتی تیووریی « هونەر بۆ هونەر » ە . سەرجەمی کاری پووشکین بەتەواوی دژی ئەم جۆرە هەلوێستەیە .

*Procul Este, Protani* (*)

*Vergilins*

---

(★) ڕستەیەکی لاتینی‌یە [ واتە : لاچن نەخوێندەواران ـ و. ك.] لە گۆرانیی شەشەمی ئیلیازەی ڤێرگیلی . زیاتر لەوە ئەچی بەشێ بێ لە شیعرێ کە ئەمە مەعناکەیەتی : « دەروازە زلەکانمان بۆ تاماوەیەك نەبێ ، هەروا لە بەردەمی تۆدا لەسەرپشت نابێ » . الالیاذة ، وەرگێڕانی کەمال مەمدووح حەمدی‌و کەسانی‌تر ، بەرگی ۱ ، ل ۲۸۰ ـ **وەرگێڕی عەرەبی** .

**چەکامەکە :**

شاعیر ، دەستی بێبەروای
بە تەلی گیتاری ئیلهامدا ئەهێنا .
بەستەی ئەوت . خەڵکی دڵساردو لووتبەرزو ،
نەخوێندەواریش دەوریان دابوو ،
بێئەوەی لێی تێبگەن ، گوێیان لێ گرتبوو .

★ ★ ★

خەڵکە ڕەمەکییەکە لێکیان ئەدایەوە :
« بۆچی هێندە بەسۆز گۆرانی ئەڵێ ؟
بۆ کام مەبەست ڕێنموونیمان ئەکا ،
وا خۆڕا گوێمان سەرسام ئەکا ؟
ئەو نەغمەیە چییە ، چیمان فێر ئەکا ؟
بۆچی وەك جادووگەرێکی سەرئازاد
دڵمان ئەشێوێنێ ئازاری ئەدا ؟
بەستەکانی سەربەستن ، وەك با ،
وەك بایش نەزۆکن :
ئاخۆ چیمان لەو بەستانەی دەستئەکەوێ ؟

**شـــاعیر :**

دەمت لێك نێ ئەی گەلی نەفام ،
پاڵە ، بەندەی پێداویستیو سەرقاڵی !
من لەڕاست چەنەدانی سەربزێوانەی تۆ خۆم بێ ناگیرێ
تۆ کرمی زەویت ، نەك فرزەندی ئاسمان .
ئەتەوێ لە هەر شتێك کەڵکێك وەرگری
تەنانەت ، نرخی پەیکەرەکەی خواوەند ئەپۆللۆیش

هەر ئەوەندەی سەنگی خۆی لە ترازوودا دائەنێی ،
چونکە هیچ قازانجێکی تێدا بەدی ناکەی ، قازانج •
کەچی ئەو پەیکەرە مەڕمەڕینە ، خواژنە ، خواژن •
ئینجا چی ؟
بە لای تۆوە گڵێنەیەک لەو بەهادارترە ،
ئەو ، هەر هیچ نەبێ ، چێشتی تێدا لێ ئەنێی •

**جەماوەر :**

نا ، ئەگەر هەڵبژاردەی ئاسمانی
ئەگەر پەیامی خوایانەت پێیە ،
بەهرەکەی خۆت بۆ خۆشیی ئێمە بەکاربێنە :
دڵی هاوخوێنانمان بۆ نەرم بکە •
ئێمە بێوورەین ، تەڵەکەبازین ،
بێشەرمین ، شەڕاویین ، بەدنمەکین •
ئێمە دڵمان خەسێنراوە ،
دووزمانین ، بەندەین ، دەبەنگین •
گوناه هێلانەی تێدا کردووین •
تۆ کە هاوڕێ نزیکەکانی خۆت خۆش ئەوێ ،
ئەتوانی ، ئازایانە ، دەرزی ئێمەیش دادەی ،
ئێمەیش ، ئەوسا ، گوێت لێ ئەگرین •

**شـــاعیر :**

لێم گەڕێن ، شاعیری بێوەی
چیی لە ئێوە داوە !

هەر سوور بن لەسەر بەدکرداری ٠
دەنگی تەلی گیتار ئێوەی پێ نابووژێتەوە ٠
گیان لێتان بێزارە ، وەك لە تابووت ٠
تا ئەمڕۆ لەبەر گەوجیو خراپەکاریتان
هەر قامچی ، زیندان ، تەورتان بەسەرەوە بووە ٠
بەسیە ، ئەی بەندە بێهۆشەکان !
ئەتانەوێ کاهینەکان کاری خۆیان لەبیرکەن ،
واز لە میحرابو قوربانیهێنان بێننو ،
دەستدەنە گەسك ،
زبڵو زاری شەقامی پڕی شارەکانتان بۆ بماڵن ؟

★ ★ ★

ئێمە بۆ مشوورخواردنی ژیان ،
بۆ چاولەدوویی ، بۆ جەنگ نەهاتووینە دنیا ،
ئێمە بۆ ئیلهام ، بۆ ئاوازی شیرین ،
بۆ نوێژکردن لەدایکبووین ٠

# خۆشم ویستی

ئەم چەکامەیە لە ساڵی ١٨٣٠ دا بڵاوکراوەتەوە ۰
هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە بەوردی مێژووی
دانانیمان پیشان بدا ۰

خۆشم ویستی ، ڕەنگ بێ هێشتایش بڵێسەی ئەو ئەشقە
لە گیانمدا کەف و کوڵی نەنیشتبێتەوە ۰
بەڵام لێی گەڕێ ، با چیی تر نیگەرانت نەکا ،
من نامەوێ هەرگیز بە هیچ خەمگینت کەم ۰

★ ★ ★

خۆشم ویستی ، بێ دەنگ ، بێ هیوا ،
دەمێ ترس ، دەمێ بەدگومانی ئەیتلاندمەوە ۰

★ ★ ★

خۆشم ویستی ، هێند بەمیهرەبانی ، بەپاکی
خودا بکا خەڵکی تریش ئاوا وەك من خۆشیان بوێ (★)

---

(★) ئەگێڕنەوە لێرمۆنتۆف کە پاش پووشکین بوو بە پێشەنگی بزووتنەوەی شیعری ڕووسی ، جارێکیان گوێی لە یەکێ لە خانمە گۆرانی بێژە بەناووبانگەکانی ئەو سەردەمە ئەبێ ، لەسەر شانۆ ئەم شیعرەی پووشکین بە گۆرانی ئەڵێ ۰ کە ئەگاتە ئەم بەیتە ، ئەو لەجێی خۆیەوە ئەم هاوارەی لێ ئەکا کە پاشان لەناو خەڵکدا بوو بە باو : « مەسەلەکە پێوەندی بە منەوە بووایە ، بەم جۆرە دڵداریم نەئەکرد » - وەرگێڕی عەرەبی ۰

# که به شەقامە جەنجاڵەکاندا ئەخولێمەوە

ئەم چەکامەیە لە ٢٦ ی کانوونی یەکەمی ١٨٢٩دا
دانراوەو لە ساڵی ١٨٣٠ دا بڵاوکراوەتەوە ۰

که به شەقامە جەنجاڵەکاندا ئەخولێمەوە ،
که ئەچمە ناو پەرستگا قەرەباڵغەکان ،
که لە کۆڕی هەرزەکارانی سەوداسەردا دائەنیشم ،
هەمیشە هەر خۆم ئەدەمە دەست زیندەخەوەکانم •

★ ★ ★

لە دڵی خۆمدا ئەڵێم : ساڵ ڕائەبوورن ،
ئێمە لەم دنیایەدا هەرچەندە زۆر بین ،
دوامەنزڵمان هەر خەونی جاویدانی‌یە •
هەر ئەوەندە ئەزانی سەعاتو ڕۆژی یەکێکمان هات •

★ ★ ★

که سەرنجی داربەڕووی تەنیا ئەدەم ،
بیر ئەکەمەوە : سەرخێڵی دارستانان
دوای منیش هەر ئەمێنێ ،
هەروەك دوای باوكو باپیرانیشم ما •

★ ★ ★

که دەست به سەری کۆرپەیەکدا ئەهێنم ،
لە دڵی خۆمدا پێی ئەڵێم : لێم‌ببوورە !
وا شوێنەکەی خۆمت بۆ بەجێ ئەهێڵم :
وەختی ئەوە هاتووە
من دابرزێم‌و ، تۆیش بپشکوێیت

★ ★ ★

لێ ڕاهاتووم ،
هەموو ڕۆژێ ، دەقیقەیەك
لەگەڵ بیرکردنەوەدا بەسەربەرم •
هەوڵئەدەم ، تێیاندا
دەمو ساتی مەرگی خۆم پێشبینی کەم •

★ ★ ★

ئاخۆ مەرگم لەکوێ بە نسیب ئەبێ ؟
لە شەڕدا ، لە ڕەهندەییدا ،
یا لەنێو شەپۆلاندا ؟
یا ئەو نشێوە نزیکە
لاشەی ساردم ئەگرێتە باوەش ؟

★ ★ ★

ئەگەرچی بۆ لەشێکی گیان تێدا نەماو ،
هەمووی وەك یەکە
لە هەرکوێدا بڕزێ ،
بەڵام ، لەگەڵ ئەوەیشدا ،
من ئارەزوو ئەکەم
لە نزیك سنووری نیشتمانی خۆشەویستدا بنێژرێم •

★ ★ ★

ئەوسا لە لاسەری گۆڕەکەمدا
با ژینی تەڕوبڕ خۆ بنوێنێ •
با سروشتی خەمساردیش
تیشکی جوانیی نەمر پەخش بکا •

# بۆ شاعیر

پووشکین ئەم چەکامەیەی لە ٧ ی تەمووزی ساڵی ١٨٣٠ دا داناوە بۆ بەرپەرچدانەوەی چەند وتارێ کە هێرشیان تێدا برابوەسەری ٠ ئەو وتارانە لە چەند گۆڤارێکدا بڵاوکرابوونەوە کە پێشتر بەشانوباڵی یاندا هەڵئەدا ٠ چەکامەکە یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣١ دا بڵاوکراوەتەوە ٠

ئەی شاعیر ! هەرگیز بە خۆشەویستیی جەماوەر مەنازە ٠
دەنگەدەنگی پیاداهەڵدان ، شاگەشکەبوون تا سەر نی‌یە ٠
گوێت لە دادگای پیاوی دەبەنگ‌و قاقای کۆمەڵی دڵسارد نەبێ
بەڵکو ، لەکاتیوادا ، ددان بەخۆتدا بگرە ، هێمن‌و سەنگین بە ٠

★ ★ ★

تۆ تساری ، تەنیا بژی ، بەڕێی سەرفرازیدا بڕۆ ٠
بیری ئازاد بۆکوێت ببا ، شوێنی‌کەوە ٠
کە بیرە شیرینەکەت بەروبووی پێ گەیشت ،
لەبری کرداری پیاوانەت ، چاوەڕێی خەڵات مەبە ٠

★ ★ ★

تۆ خۆت خەڵاتیت ، هەر خۆت دادگای هەرەباڵای ،
لە هەموان توندتر خۆت کرداری خۆت هەڵئەسەنگێنی ٠
وردبەرەوە ، بزانە ، کارەکەت ڕەنگینە ، بەدڵتە ؟
ئەی هونەرمەندە دەستڕەنگینەکە !

★ ★ ★

بەدڵتە ؟ دە کەواتە ، با ڕەشەخەڵك هەر جنێوی بۆ بژێرن
با ، بە چەتوونی‌یەکی منالانە ،
هەر تف بۆ ئەو میحرابە هەڵدەن کە ئاگری تۆی تێدا ئەگرێ ٠

# پەیـــکەر

ئەم چەکامەیــە لە ٢١ی ئـابی سـاڵی ١٨٣٦ دا دانراوەو لە ژیانی پووشکین خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە . پووشکین لـەم چــەکامەیــەیدا ، وەك لە گــەڵێ چەکامەی تریدا ، داوای هێنانەوەی دیســەمبەری یەکان ئەکا لە سیبیر .

پەیکەرێکم بۆ خۆم چەقاندووە بە دەست دروستنەکراوە ،
ئەو ڕێگایەی خەڵکی پێدا دێنە سەری ، هەرگیز گیای لێ ناڕوێ .
سەری پەیکەرەکەم هێندە بەرز ئەبێ ،
ستوونی ئەلێکساندریشی ناگاتێ .

★ ★ ★

نەخێر ، من هەرگیز بەتەواوی نامرم .
پاش مردنیشم گیانم هەر زیندووەو ،
لە تەلی گیتاری پیرۆزەوە هەر ئەمێنێ .
هەمیشە هەر سەروەر ئەبم ،
تا شاعیرێك لەبەر تیشکی مانگدا مابێ .

★ ★ ★

ناووبانگم سەرانسەری ڕووسیا ئەگرێتەوە .
بە زمانی هەموو گەلەکانی ناوم دێ .
نەوەی سەربەرزی سلاڤی یەکان ،
فەنلەندەیی یەکان ، تونگوسی یە هێشتا کێوی یەکان ،
کاڵمێکی یە بیاباندۆستەکان ،
تا عەیامێکی دوور گەل ڕێزم لێ ئەگرن ،

چونکە لە ڕۆژگارێکی دژواردا ،
هەستی چاکم بە شیعر بزواند ،
بە ئازادیمدا هەڵگوت ،
داوای بەزەییم کرد بۆ لێقەوماوان (★) .

★ ★ ★

هەی خواژنی شیعر ، بە فەرمانی خوا گوێم بۆ شل کە .
لە سزا مەپرینگێوە ، تاجە گوڵینەت نەوێ ،
بە خوێن ساردی یەوە ، تەماشای هەڵدان و سووک بێژی بکەو
لەگەڵ گەوجەپیاواندا قەت پێدامەچۆ .

---

(★) پووشکین لێرەدا ئیشارەت بۆ دیسەمبەری یەکان ئەکا کە زۆر لەوانەیان کە نەکوژرابوون ، ماوەی حوکمی گرانیان لە سیبیر بەسەرئەبرد - وەرگێڕی عەرەبی .

# ڕازی ئـەم کتێبـە

وەختێ خۆی کە دەزگای لەچاپدانو بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی ، وەرگێڕانی ئەم کتێبەی لە عەرەبی‌یەوە بۆ کوردی پێ سپاردم ، زۆر بەوە شادمان بووم ، چونکە بە مایەی سەربەرزیی ئەزانم بۆ خـۆم شاعیرێکی مەزنی وەك پووشکینی سـەرداری شاعیرانی ڕووس ، زیاتر لەوەی کـە تائێستا لـە کوردستانا ناسراوە ، بـە گـەلی کورد بناسێنمو ئەدەبی کورد بە چەردەیەك لە بەرهەمی ئەم شاعیرە مەزنە پێوەند بکەم • بۆیـــە بەڕاستی خۆم پێوە خەریك‌کردو تێـکستە ڕووسی‌یەکـەی کتێبەکەشم پەیداکرد هەموو ناوە ڕووسی‌یەکانی ناویم ، وەك بەڕووسی ئەنووسرێن ، بەکوردی لە ڕوو نووسی‌یەوەو ، لـە هەرلایەکدا هـەستم بە هـەڵەیەکی چـاپ یا پەڕینی وشـەیەك کردبێ یا بۆنەهاتنێـکی واتای وەرگێڕراوە عەرەبی‌یەکەم هاتبێتەڕێ ، لەگەڵ تێـکستە ڕووسی‌یەکەم بەراوردکردووەو ڕاستم‌کردووەتەوە •

بۆ پاشبەندی کتێبەکەش کە چەند پارچە شیعرێـکی پووشکین یا چەند کۆپلەیەکی چەند پارچە شیعرێکیەتی دوکتۆر جەمیل نصەیف لـە سـەرچاوەی‌ترەوە وەری‌گـێڕاونو لە تێـکستی کـتێبەکەی س• م• پێترۆڤدا نین ، وام‌بەباش‌زانی ڕاستەوخۆ لە ڕووسی‌یەکـەوە بـکرێن بەکوردی • بۆ ئەمـە سەفـەری تەشرینی دووەم ـ کـانوونی یەکـەمی ١٩٨١ی مۆسکۆمم بە هەل زانی ، بـە دۆستی خۆشـەویستم عەبدوڵڵا

بەشێوی قوتابیی دوکتۆرای ئەدەبی ئەنیستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتم سپارد ئەو ئەم کارە لەئەستۆ بگرێ چونکە ڕووسی‌یەکی باش ئەزانێ‌و شاعیرێکی باڵایشەو سەرەڕای ئەوە دۆستێکی بەسۆزی شیعری پووشکینیشەو زۆری لێ وەرگێڕاوەتە سەر کوردی • دوایش بەراوردکردنەوەی وەرگێڕانەکەی پەشێوم لەگەڵ تێکستە ڕووسی‌یەکەی پووشکین ، بە دۆستی خۆشەویستم دوکتۆر جەمشید حەیدەری سپارد کە ئەویش پسپۆڕی ئەدەبی ڕووسی‌یەو ڕووسی‌یەکی باشیش ئەزانێ‌و خوێندنی باڵای لە بەشی لێنینگرادی هەمان ئەنیستیتووت تەواوکردووە کە پەشێو لە مۆسکۆ تیا ئەخوێنێ • خۆیشم بە وەرگێڕان‌و بەراوردکردنەکەی پەشێوو حەیدەریدا چوومەوەو لەگەڵ وەرگێڕانەکەی دوکتۆر جەمیل بەقەد یەکم گرتن‌و ، لە هەندێ شوێندا لە بەر ڕووناکیی وەرگێڕانەکەی دوکتۆر جەمیل‌و بۆچوونی خۆمدا وردە دەسکاری‌یەکم کردو ، بەرهەمی ڕەنجی هەموان ئەمەبوو کە ئێستا لە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیزدایە •

کەچی ، بەداخەوە ، کە لێ‌بوومەوەو کتێبەکەم بە پوختەیی‌و ئامادەیی پێشکەشی دەزگای لەچاپ‌دان‌و بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی کرد ، دەزگای ناوبراو هەر ئەوەندەی کرد پارەی کرێی وەرگێڕانەکەی دامێ‌و مەسەلەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی پشت‌گوێ خست ، گوایە فۆرمەکانی لەوەندە زیاتریان لێ دەرئەچێ کە لە پلانی بڵاوکردنەوەدا بۆ هەر کتێبێکی داناوە • بەڵام من کتێبم بۆ کرێی وەرگێڕان وەرنەگێڕابوو • مەبەستی من بڵاوکردنەوە بوو • لەبەرئەوە کەوتمە هەوڵ‌و تەقەلادان لای دەزگای ناوبراو ، بەڵکو ئەمە خوایە هەرچۆن بووە بڵاوی‌بکاتەوە • تەنانەت ئامادە بووم ئەو پارەی

داومیانەتێ بی‌یاندەمەوە بەمەرجێ ئەوانیش کتێبەکەم بدەنەوە تا خۆم لەسەر ئەرکی خۆم لەچاپی بدەم • سەرەنجام لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین کتێبەکەم بدەنەوە لەسەر ئەرکی خۆم لەچاپی بدەمو ئەو ئەندازە پارەیەش کە ئەوان وەختی خۆی لەباتیی وەرگێڕانی دابوومیانێ ، بە ( یارمەتیی لەچاپ‌دان ) دابنرێ ، بەمەرجێ منیش لە بەرگی کتێبەکە بنووسم « بەیارمەتیی دەزگای لەچاپ‌دانو بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردی لەچاپ‌دراوە » وەك ئێستا ئەیبینن •

هەرچۆن بێ ئەوەی من مەبەستم‌بوو لەچاپ‌دانی کتێبەکە بوو ، ئیتر چش با لە قاقەزی سپی نەبێ ، لە قاقەزی بۆر بێو ، چاپەکەی زۆر جوان نەبێ ، مام‌ناوەندی بێ •• سوپاسی زۆریش بۆ دەزگای ناوبراو کە هەرچۆن‌بێ نەیهێشت بەری ڕەنجی شەوو ڕۆژی حەوت مانگی ڕەبەقم لە دۆڵابەکانیا ڕاگیرێو نەگاتە بەرچاوی خوێندەوارانی دڵسۆزو پێشکەوتنخوازی کورد ، کە خۆم بەگوێرەی تواناو وزەم بە سەربازی ڕێگای گەشەپێدانی بیرو مێشکی ئەوان ئەزانم •

دواوشەم لەم مەیدانەدا ئەوەیە هیوادارم ئەم کارە هاوبەشی‌یەی منو پەشێوو حەیدەری ، جێی شایانی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێو ، دەزگای لەچاپ‌دانو بڵاوکردنەوەی کولتووری کوردیش گەلێ کاری باشی‌تری لەم‌چەشنە بەتەواوی بەئەنجام بگەیەنێ •

**محمدی مەلا کریم**

# فەرهەنگۆکی وشەو زاراوە

( ئـ )

نادگار : سیما .
ئاست : بەرانبەر . مستوی .
ئاهۆ : طاعـون .
ئەریستۆکرات : پیاوماقوولان .
ئێپیکوورانە : لەسـەر شێوەی ئـەبیقـووری فەیلەسـووفی یۆنـانی .
ئێرەیی : حسـد .
ئێکلیرۆس : ئەوانەی بە کاروباری ئایینییەوە خەریکن ( لە ئایینی مەسیحیدا ) .

( ب )

بنکەی بڵاوکردنەوە : دارالنشر .
بنووسخانە : ئۆفیس ، مکتب .
بنەبڕکەر : حاسم .
بوردەباری : باربردن ، صبر .
بەدگۆیی : فڕاوێتن ، هجو .
بەڕاست : جدی .
بەرەڵڵا : مطلق .
بەربەرەڵڵا : مطلق .
بێخوایی : الحاد .
بیـۆگرافیا : سیرة ذاتیة .

( پ )

پرۆتستۆ : بێزاری دەربـڕین ، احتجاج .
پەرەنگ : ڕەنگی تیشکی خۆر .
پەنسیۆن : شقە .
پێشبینی : تنبؤ .

( ت )

تاکایەتی : فردیة .
تریبوون : منبر .
تسار : قیصر .
تەنهایەتی : فردیة .
تێم : بابەت ، موضوع .

( چ )

چاك کاری : اصـلاح ، اعمـال اصلاحیة .
چەرخی ڕوونکاری : عصر التنویر .
چەکامە : پارچە شیعر ، قصیدة .
چەمەرگە : جێگای شینو زاری .
چیرۆکەشیعر : قصة شعریة .

( خ )

خاچپارێزان : صلیبیون .
خامە : قلم .
خواژن : الاهة .
خواسایی : اعتیادی .
خودسەرانە : استبدادی .
خودسەری : استبداد .
خۆزگەبازی : طوباویة .
خولگە : محور .
خوێندنی ئامادەکاری : الدراسـة الاعدادیة .
خەفیە : جاسوس .
خەفیەکارانە : تجسسی .
خەلوەتخانە : دیر .

( د )

دوورخرانگە : منفی .
دەروونکۆڵی : تحلیل نفسي .
دەرەکی : خارجي .
دەستازۆ : سکان (هیی ئۆتۆمۆبێل یا هەر شتێکی لەوچەشنە ) .
دەکوومێنت : بەڵـگە ، وثیقە .

( ڕ )

ڕامانانە : تصوري ٠
ڕووکەشانە : سطحی ٠
ڕەبەن : بێژن ، راهب ٠
ڕەبەنی : بێژنو ماڵی ٠
ڕەسەنزادە : نبیل ٠
ڕەشنووس : مسودە ٠
ڕەوایەتی : الشرعیة ٠
ڕیفۆرم : اصلاح ٠

( ز )

زانستکاری : العلمیة ٠
زەوی‌بەندەداران : مالکو الاقنان٠
زەوی‌بەندەیی : القنانة ٠

( ژ )

ژانگرتن : معاناة ٠

( س )

سان : مستوی ٠
سانسۆر : رقابة ٠
سۆزپەروەر : عاطفي ٠
سەرچڵ : طائش ٠
سەرەڕۆ : مغامر ٠
سیبیر : سیبیریا ٠

( ش )

شاربەدەست : محافظ المدینة
شاکارنووسی : ابداع ٠
شانۆکار : مسرحي (شخص) ٠
شەڕەشیر : مبارزة ٠
شیفتە : شەیدا ٠

( ف )

فراژی : نەش‌ونوما ٠

( ق )

قوو : پەلەوەرێکە پەڕەکەی زۆر بەنرخە ٠

( ک )

کرێم : قەرم ( نیمچە دوورگەیەکە لە باشووری یەکێتیی سۆڤیەت ) ٠
کۆڕی پایەبڵند : المجتمع الراقي ٠

( گ )

گرووزیا : گورجستان (جیۆرجیا) ٠
گریمانانە : فرضی (لە «گریمان»ەوە)
گەلێتی : شعبیة ٠
گەوهەری : جوهري ٠

( ل )

لۆجیکی : مەنطیقی ٠
لۆدەکا : چەشنە ژوورێکی تایبەتی‌یە بۆ کاتێ‌کردنی دروستەکەن ٠
لەلە : حاضنة
لێڕ : دارستان ٠
لیریك : غنائي ٠

( م )

مۆتیف : بابەت ٠
میحراب: مەبەست (مذبح)ی کڵێسەی عیسایی‌یەکانە ٠

( ن )

ناتۆراڵی : اصلی ، طبیعي ٠
ناخودا : کەشتی‌یەوان ٠
نیشتەنی : ساکن ، مقیم ٠

( ه )

هارمۆنی : هاوئاوازی ٠
هەڵزەقینەوە : رد الفعل ٠
هەڵمشتن : هەڵمژین ، استیعاب ٠ امتصاص ٠
هێم : بناغە ٠

# چەوت و ڕاست

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵێکی زۆرم دا بۆئەوەی ئەم کتێبە بێ هەڵە دەرچێ ، هەندێ هەڵە هەر ڕووی دا . وا لێرەدا ئەو هەڵانە ڕاست ئەکەمەوە کە لە دوا خوێندنەوەدا بەرچاوم کەوتوون ، هەرچەند گەلێکیشیان بایەخێکی ئەوتۆیان نی یە .

| لاپەڕە | دێر | چەوت | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ١٠ | ١ | بولگارین | بوولگارین |
| ١١ | ١٦ | نەم | ئەم |
| ١٣ | ٢٢ | فەیلەسووف » | « فەیلەسووف » |
| ٢٠ | ٥ | پیتێر بوورگ | پێتێر بوورگ |
| ٢٠ | ٨ | مووراڤییێڤ | مووراڤیێڤ |
| ٢٣ | ١١ | ٨ چەتەوڵە | چەتەوڵە |
| ٢٣ | ١١ | خودسەری یان | خودسەریی |
| ٢٣ | ٢٤ | وەرگێر | وەرگێڕی |
| ٢٦ | ٤ | هەواری | هەوای |
| ٣٤ | ١ | ئێکەنین | پێکەنین |
| ٣٥ | ٦ | ئابووری و | ئابووریی ئەوو |
| ٣٥ | ٦ | قانوون دانان و | قانوون دانانی و |
| ٤٠ | ١٠ | ئۆدۆیێڤسکی | ئۆدۆیێڤسکیی |
| ٤١ | ١٨ | . | ، |
| ٤٢ | ٢١ | دەربڕین و ، | دەربڕین و |
| ٤٣ | ٢٢ | ڕاستی | ڕاستی یە |
| ٤٣ | ٢٤ | . | ، |
| ٤٩ | ٩ | بایەخیکی | بایەخێکی |
| ٥٠ | ٧ | بێ | پێ |
| ٥٢ | ١٥ | تەنیایی .... | تەنیایی یەکی |
| ٥٥ | ٣ | وەك بلیی | وەك بلێی |
| ٦١ | ١٤ | مۆتیڤی | مۆتیڤی |
| ٦٧ | ٢٣ | کۆمەڵەدا | کۆمەڵدا |
| ٦٨ | ١٧ | ڕووس و | ڕووسی و |
| ٧٢ | ١٨ | ڕیلییێڤ | ڕیلییێڤو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٣ | ٢٣ | پێوتێری | پیۆتێری |
| ٨٤ | ٢،٧،١٠،٢٢ | « | « |
| ٨٥ | ١ | « | « |
| ٨٥ | ٢٣ | بەوەوپێش | بەرەوپێش |
| ٨٧ | ١٣ | بۆیێمی | پـۆیێمی |
| ٩٨ | ٦ | پییێ نەنەکرا | پێی نەئەکرا |
| ٩٩ | ٨ | پێسکەوتخوازەکانی | پێشکەوتخوازەکانی |
| ١٠١ | ١٨ | میژووی | مێژووی |
| ١١٣ | ٥ | لێکهەڵپراژانە | لێکهەڵپرژانە |
| ١٢٧ | ٢٢ | ئارەزووباری‌یەکی | ئارەزووبازی‌یەکی |
| ١٤٤ | ١٠ | بێ بەعناو | بـێ مەعناو |
| ١٤٦ | ١٣ | ئەچیژن | ئەچێژن |
| ١٤٨ | ٤ | نامەی | « نامەی |
| ١٥٥ | ٦ | ئیلانـە | پیـلانە |
| ١٥٦ | ١١ | ١٣٨٧ دا | ١٨٣٧ دا |
| ١٥٧ | ٧ | تەرمـە | تەرمەکە |
| ١٥٨ | ١٠ | لێرمۆنتوف | لێرمۆنتۆف |
| ١٥٨ | ٢٣ | سفیاتۆگۆر | سفیاتۆگۆرسکی |
| ١٦٢ | ٨ | ئەستوی | ئەستۆی |
| ١٦٣ | ١٢ | ئیمـە | ئێمـە |
| ١٦٨ | ٢ | ئەدەمیزادە | ئادەمیزادە |
| ١٦٩ | ٤ | نەك ، | ، نـەك |
| ١٧٥ | ٨ | بنووساتەیە | بنووسانەیە |
| ١٩٩ | ٤ | جێ هێشت | جێ هێشتو |
| ٢١٠ | ٧ | دەستەجلیکی | دەستەجلێکی |
| ٢١٧ | ١٨ | نانەواو | ناتەواو |
| ٢٢١ | ٨ | کوێ | گـوێ |
| ٢٣٩ | ١٦ | نیشتمانپەروەزانەو | نیشتمانپەروەرانەو |
| ٢٧٣ | ١٠ | ئـەو | ——— |
| ٢٩٥ | ١٣ | ئەشێوێنێ | ئەشێوێنێو |

لە لاپەڕە ٢٧٨ یشدا دوو دێڕە پەراوێزەکە ئەگوێزرێنەوە بۆ پاش دێڕی چوارەم ٠

جاروباریش ، لەبـەر کـۆنیی تیپـەکانی چاپخانـە ، لە هەنـدێ شوێندا نوختـەیەك یا نیشانەیەکی تیپێـك شـکاوە ٠ داوای لێ بـووردن ئەکـەم ٠

# پێڕستی چەکامەکان

| چەکامەکان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بیرەوەرییەکانی تسارسکۆیێ سێلۆ | ١٩١ |
| بۆ لیتسینی | ١٩٥ |
| ناپلیۆن لە ئیلبا | ١٩٩ |
| نامەیەك بۆ یوودین | ٢٠٥ |
| خەو | ٢١٢ |
| ئاوات | ٢١٥ |
| بۆ هاوڕێیان | ٢١٦ |
| چەند ستانسێك | ٢١٧ |
| سەرفرازی | ٢٢٠ |
| ڕاز | ٢٢٤ |
| بۆ چاداییڤ | ٢٢٧ |
| گوند | ٢٢٩ |
| چرای ڕۆژ کوژایەوە | ٢٣٤ |
| خەنجەر | ٢٣٧ |
| بەستەیەك لەبارەی تۆلیگی غەیبزانەوە | ٢٤٠ |
| ئەهریمەن | ٢٤٦ |
| دەروێشی ئازادی چێن | ٢٤٨ |
| گفتوگۆی کتێبفرۆش و شاعیر | ٢٤٩ |
| بۆ دەریا | ٢٥٩ |
| بای باکوور | ٢٦٤ |
| نامەی سووتاو | ٢٦٦ |

| چەکامەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| بـۆ .... | ٢٦٨ |
| بەستەیەکی باخۆسی | ٢٧٠ |
| ئێوارەیەکی زستان | ٢٧١ |
| پێغەمبەر | ٢٧٣ |
| چەند ستانسێك | ٢٧٥ |
| نامەیەك بۆ سیبیر | ٢٧٧ |
| سێ کانی | ٢٨٠ |
| ئاریۆن | ٢٨١ |
| تەلیسم | ٢٨٣ |
| بۆ هاوڕێیان | ٢٨٥ |
| بیرەوەری | ٢٨٨ |
| خەڵاتی بێهوودە ، یا ٢٦ ی مایسی ١٨٢٨ | ٢٩٠ |
| داری ژاڵە | ٢٩١ |
| شاعیرو جەماوەر | ٢٩٤ |
| خۆشم‌ویستی | ٢٩٨ |
| کە بە شەقامە جەنجاڵەکاندا ئەخولێمەوە | ٢٩٩ |
| بۆ شاعیر | ٣٠١ |
| پەیکەر | ٣٠٢ |

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا
ژمارە ١٣٧٢ ی ساڵی ١٩٨٣ ی دراوەتێ

٤٨٦

س. م. پيتروف

# أ. س. بوشكين

## "حياته وابداعه"

ترجمه من الروسية الى العربية

الدكتور جميل نصيف

وترجمه من العربية الى الكردية

محمد الملا عبد الكريم

ساعدت دار الثقافة والنشر الكردية بوزارة الاعلام على نشره

بغداد - ١٩٨٣

---

С. М. ПЕТРОВ

# А. С. ПУШКИН

## ЖИЗНЬ И ТВОРЧЕСТВО

С ПЕРЕВОДАМИ ИЗБРАННЫХ СТИХОТВОРЕНИИ

ПЕРЕВЕЛ

МУХАММАД МУЛЛА КАРИМ

СТИХОТВОРЕНИЯ ПЕРЕВЕЛ С РУССКОГО

АБДУЛЛА ПАШЕУ

БАГДАД 1983

دانەی بە دینارو نیوێکە

چاپخانەی ( الحوادث ) - بەغدا